شرکة نفط الهلال
Crescent Petroleum
پتر لە چل ساڵ
بەشداری کردن لە پرۆسەی گەشەپێدانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست


## مام جەلال پێش جەژنی قوربان دەگەڕێتەوە



**تایبەت بە رووداو**

بڕیاربوو 15ی ئەم مانگە مام جەلال بگەڕێتەوە سلێمانی بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی نێوخۆی یەکێتی و دانیشتن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، بەڵام سەرچاوەیەکی بەرپرس لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند مام جەلال "پێش جەژنی قوربان دێتەوە سلێمانی". ئەو سەرچاوەیە هەروەها گوتیشی کە دوێنێ 11/16 ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی چوونەتە بەغدا بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەوە.

## کوردێک کچێکی پۆڵەندی دەکوژێت



**لیدز -بەریتانیا**

ئەبوبەکر جەباری، 39ساڵ، کە کوردێکی باشووری کوردستانە و لە شاری لیدزی بەریتانیا، کچێکی پۆڵەندی تەمەن 19 ساڵی بە نێوی لیدیا مۆتیلسکا کوشت . دوای ئەوەی ئەبوبەکر دانی بە تاوانی کوشتنی ئەو کچە دانا، دادگای شیڤیلد بە زیندانی هەتاهەتایی حوکمیدا. لە ئەنجامی لێکۆلینەوەدا دادگا بۆی دەرکەوت کە ئەبوبەکر نەیویستووە، لیدیا پێوەندی لەگەڵ ئەژینی برادەری ئەودا هەبێت کە پێکەوە لە یەک شوقەدا دەژیان. لیدیا دوو هەفتە پێش کوژرانی هەستی دەکرد کە سکپڕە، بۆیەش ئەبوبەکر دوای خنکاندنی لیدیا، سکیشی هەڵدڕیوە .

**لاپەڕەی تاراوگە**


# رووداو Rûdaw

ژمارە (32)
دوو شەممە 2008/11/17
26ی گەلاڕێزانی 2708
(750) دینار
www.rudaw.net
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


### فەرەیدوون عەبدولقادر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# سلێمانی دەستێوەردانی زۆر ناشیرینی تێدایە و بووەتە نیمچە لادێ

**تایبەت بە رووداو**

فەرەیدوون عەبدولقادر، کە پارێزگارێکی پێشووی سلێمانییە، لەبارەی بارودۆخی ئێستای سلێمانی دەڵێ " سلێمانی دەستێوەردانی زۆر ناشیرینی تێدایە"، هەروەها دەڵێ شارستانێتی شارەکە کراوەتە قوربانی دەنگەکانی هەڵبژاردن و "سلێمانی بەبێ بوونی ماستەرپلان گەشە دەکات".

فەرەیدوون عەبدولقادر،ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە ئێستا خەریکی کاروباری بازرگانییە، ساڵی 2005 دەستی لەکارکێشایەوە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)دا دەڵێ "من یەکەم کەسم لە یەکێتیدا ئیستیقالە بکەم". ئەو کە بازرگانی کەلوپەل و خۆراک دەکات، دەڵێ تاوەکو ئێستا یەک پرۆژەی ئاواکاری لەحکومەت وەرنەگرتووەو لەبەر ئەوەی لە دامودەزگاکانی حکومەتیش "ناوێرن" بەرتیلی لێوەربگرن "رەنگە ئەوە یەکێک لەموشکیلەکانیشم بێت کە باش ئیشوکارم بۆ ناچێتە پێشەوە". هەروەها دەڵێ لەبواری بازرگانی و پرۆژەکانی حکومەتیشدا، هەموو شتێک لەکۆنترۆلی کۆمپانیاکانی سەر "بەولا" و "بەملا"ن و دەڵێ "چ ئیشێک هەیە کە بتوانی بەبێ هاوکاری دەستی ئەوان بیکەیت؟"، هەرەها دەڵێ "ئێستا کرێچی کۆمپانیای نۆکانم"،وەک خۆی دەڵێ هوتێلێکی لەکۆمپانیای نۆکان بەکرێ گرتووە،بەڵام ئەوە رەتدەکاتەوە کە هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە هەبێت.

فەرەیدوون عەبدولقادر، دەڵێ دوای دەست لەکارکێشانەوەی لە ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی و دەستکردنی بە کاری بازرگانی، مام جەلال هەندێ پارەی بە قەرز داوەتێ "بەسەرمایەیەکی کەم دەستم پێکرد، یەکەم سەرمایەشم بەرێز مام جەلال یارمەتیدام، سەرمایەیەکی نەقدی بە قەرز پێدام و کاسبیم پێکرد".

فەرەیدوون عەبدولقادر لەساڵی 1996 کرایە پارێزگاری سلێمانی، بەڵام دەڵێ "کاتێک هەستمکرد دەستم خەریکە دەبەسترێت"، دەستی لەو پۆستە کێشایەوە. ئەو کە خۆی بە خاوەن پەیوەندییەکی زۆر فراوان لە سلێمانی دادەنێ دەڵێ گەڕەکەکانی وەک شێخ عەباس و هۆمەرەکوێرو کانی کوردەو کانی سپیکە "بەزۆر بەسەر سلێمانیدا فەرزکراون"، ئەوەش سیمای شارستانی سلێمانیان ونکردووە و دەڵێ "وەرگێڕانی رووی سلێمانی لەشارەوە بۆ نیمچە لادێیەک، لەپێناوی بەدەستهێنانی دەنگ بووە لەهەڵبژاردن".

فەرەیدوون عەبدولقادر، کە لەساڵی 1974 بووەتە ئەندامی کۆمەڵە، هەست بەزیانی ئەو ململانێیەی ئێستای ناوخۆی یەکێتی دەکات و دەڵێ باشترین چارەسەر ئەوەیە هاوڕێیەکانی گفتوگۆبکەن و کێشەکە چارەسەر بکەن، چونکە "زەرەر لەو ململانێیە دەکەن و یەکێتیش لەناو خەڵک دادەبەزێت".

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (9) دا بخوێنەوە**

## "زۆر عەیبە بۆ پارتی و یەکێتی کتێب بۆ خائینان چاپ دەکەن"... ل 3



ئەنوەری حاجی عوسمان، خالید خولەسوور بەوە تۆمەتبار دەکات کە بەڵگەنامەیەکی ساختەی پەیوەندیکردنی ئەوی بە ئیستیخباراتەوە دروستکردووە وخالیدیش رەتیدەکاتەوە

## مالیکی لەدروستکردنی ئەنجوومەنی ئیسناد لەکەرکووک پەشیمان دەبێتەوە

**رووداو-کەرکووک**

پارێزگاری کەرکووک رایگەیاند کە راوێژکاری مالیکی بۆ کاروباری عەشایری پێی راگەیاندوون، نوری مالیکی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد لەکەرکووک دانامەزرێنێت.

مانگی رابردوو، نووسینگەی نوری مالیکی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پەیوەندی بە چەند سەرۆک عەشیرەتێکی کەرکووکەوە کرد بۆ دروستکردنی ئەنجوومەنی ئیسناد وهەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتیش لەبەیاننامەیەکدا کە لە 2008/11/10 دەریانکرد دامەرزاندنی ئەوئەنجوومەنانەیان بە"پێچەوانەی دەستووری عێراق" و "زیندوو کردنەوەی جاشایەتی" ناو برد. هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش گوتی دروستکردنی ئەو ئەنجوومەنانە لەو ناوچانەی چارەنووسیان یەکلایی نەکراوەتەوە "یاریکردنە بە ئاگر".

عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکووک وێڕای خستنەڕووی هەڵوێستی خۆیان کەدژی دروستکردنی ئەنجوومەنی ئیسنادن، بە (رووداو)یشی راگەیاند "لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئەمنی کەرکووک زۆرباشەو پێویست بەهیچ ئەنجوومەنێکی ئیسناد ناکات، لە هەفتەی رابردوو لەبەغدا ئەم بابەتەمان لەگەڵ حاجی فارس، راوێژکاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کاروباری عەشائیر تاوتوێ کرد، ئەویش رەتیکردەوە کە بەنیاز بن ئەنجوومەنی ئیسناد لەکەرکووک دروستبکەن".

پارێزگاری کەرکووک ئەوەشی بە (رووداو) راگەیاند کە"رۆژی 2008/11/13 دوو پەیوەندیمان لەلایەن راوێژکاری مالیکی بۆکاروباری عەشایریەوە بۆ هات و جەختی لەوە کردەوە کە ئەنجوومەنی ئیسناد لە کەرکووک دانامەزرێنن".

نەجات حەسەن، بەرپرسی لقی سێی پارتی لەکەرکووک لەو باوەڕدایە دروستکردنی ئەو ئەنجوومەنانە لەکەرکووک سەر ناگرێت و بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو هەوڵانەی کە لەبەغداوە درابوون بۆ دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد تا ئەندازەیەک کاڵ بوونەتەوە".

### د. مستەفا زەڵمی :

## نەمگوتووە وەزیری ئەوقاف جاهیلە



**تایبەت بە رووداو**

پسپۆری یاسا و شەریعەتی ئیسلامی د. مستەفا زەڵمی گوتی نەمگوتووە وەزیری ئەوقاف جاهیلە و گوتی "وەزیری ئەوقاف توانای دە وەزیری هەیەو کەسێکی زۆر لێهاتووە و بەمانای وشەش رۆشنبیرە".

دوای بڵاوبوونەوەی هەڤپەیڤینێکی د.مستەفا زەڵمی سەرۆکی لێژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی، لەگەڵ گۆڤاری (رێگا) دا لە ژێر نێونیشانی "وەزیری ئەوقاف جاهیلە و شەهادەی شەشی سەرەتایی هەیە". وەزارەتی ئەوقاف روونکردنەوەیەکی، لەسەر زمانی وتەبێژەکەی، بڵاوکردەوەو تێیدا باسی خوێندن و کارە رووناکبیرییەکانی شێخ محەممەد شاکەلی وەزیری ئەوقافی کرد و بەتوندیش رەخنەی لە د.مستەفا زەڵمی گرت و بەوە تۆمەتباری کرد کە لەکاتی خەباتی وەزیر و مەلایەکانی کوردستاندا "مستەفا زەڵمی زۆر موریدانە لەکۆلیژ و دامودەزگاکانی رژێمە داپڵۆسێنەر و ئەنفالچییەکانی عیراقدا خزمەتی دەکرد".

د.مستەفا زەڵمی، لە هەڤپەیڤێنێکدا لەگەڵ (رووداو)دا ئەوەی رەتکردەوە کە ئەو قسانەی کردبن و گوتیشی "کوڕێکم تەحقیقی کرد و دەرکەوت ئەوە پیلان و موئامەرەیەک بوو لەلایەن جەماعەتێکەوە لەدژی من کراوە". د.زەڵمی کە ئەو "جەماعەت"ەی ئاشکرا نەکرد، گوتیشی ئەو دەمێکە وەزیری ئەوقاف دەناسێ و"پەیوەندییەکی روحی هەیە لەنێوانمان و ئەو زۆر رێزی من دەگرێ و منیش زۆر رێزی ئەو دەگرم".

هەر لەو هەڤپەیڤینەدا، د.مستەفا زەڵمی باسی ئەوە دەکات کە چۆن کاتی خۆی لەگەڵ چەند مەلایەکی دیکە نامەی مەلا مستەفا بارزانی گەیاندووەتە مەرجەعی شیعە موحسین حەکیم بۆ رازینەبوون بە دەرکردنی فتوای جیهاد دژی کورد، هەروەها باس لەمانەوەی چەند ساڵەی خۆی لەبەغدا و دیاریکردنی ناوەکەی لەلایەن سەدام بۆ خەڵاتکردن دەکات.

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (7)دا بخوێنەوە**

## هاووڵاتیانی کوردستان دەتوانن بچنە ئەمریکا

### 2008/12/1 دوا مۆڵەتی پڕکردنەوەی فۆرمی کۆچکردنە بۆ ئەمریکا

**تایبەت بە رووداو**

وتەبێژی تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی PRT لە کوردستان کە سەر بە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا رایگەیاند کە هاووڵاتیانی کوردستان دەتوانن فۆرمی کۆچکردن بۆ ئەمەریکا پڕبکەنەوە.



جۆناتان سێبرا وتەبێژی تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق لە لێدوانێکی تایبەتدا بە (رووداو)ی راگەیاند کە هاووڵاتیانی کوردستان دەتوانن فۆرمی کۆچکردن بۆ ئەمەریکا پڕبکەنەوەو دواتریش بە رێگەی ئینتەرنێت بینێرنەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، دوامۆڵەتیش 2008/12/1 ە.

ئەمەریکا لە چوارچێوەی ڤیزەی فرەنەتەوەیی بۆ ئەمەریکا، ساڵانە لەرێگەی تیروپشکەوە 50 هەزار کەس وەردەگرێت، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش فۆرمی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە داناوە، ئۆفیسی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە هەولێر رێنمایی تایبەت بە چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆرم بڵاودەکاتەوە و داوا لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات بە وریایی زانیارییەکانیان بنووسن، پڕکردنەوەی فۆرمیش بە خۆڕاییە نەک بەپارە.

**وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (2) بخوێنەوە**

## کچێک دەکرێتە قوربانی سوڵحێکی عەشایری

**تایبەت بە رووداو**

کچێکی 16 ساڵی، لە ئەنجامی کردەوەیەکی برایەکەی لە شارۆچکەیەکی قەزای چۆمانی سەر بە پارێزگەی هەولێر دەرفێندرێ و دواتر لە دەرەوەی دادگا لە ئەنجامی سوڵحێکی عەشایریدا لە پیاوێک مارە دەکرێت و برایەکەی دەڵێ مارەکردنەکەی لە ژێر فشاردا ئەنجامدراوە.

دوای ئەوەی لەسەرەتای ئەو مانگەدا، هەشت چەکدار بەناوی ئاسایشەوە،کاژێر 2ی شەو بەسەرماڵێکی شارۆکەی قەسرێیاندا داو ئەو کوڕەی گوایە تەلەفۆنی بۆ ژنی خزمێکی ئەوان کردووە لەگەڵ خوشکەکەی دەرفێنن و کوڕەکە دوای لێدانێکی زۆر لەسەر پردی حافیز فرێدەدەن و کچەکەش دەبەنە گوندی وەرتێ. لەکاتێکدا تاوەکو ئێستاش ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەو ژن و کوڕە نەسەلمێندراوەو هەردوولا رەتیدەکەنەوە.

لەکاتێکدا، کە کچەکە هێشتا وەک بارمتە لە وەرتێ دەست بەسەر بووە، لە سوڵحێکی عەشایری دوور لە دادگا، کچە 16 ساڵییەکە لە مێردی ژنەکە مارەکراو، ژنەکەیشی دوای تەڵاقدان لە کوڕەکەی قەسرێ مارەکرا. دانیشتوویەکی گوندی وەرتێ، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی راگەیاند نە کچەکە رازیبوو لە پیاوەکە مارە بکرێت و نە کوڕەکەش رازیبوو ژنە تەڵاقدراوەکە مارەبکات "بەڵام شتەکەیان بە فشار قبوڵکرد".

ئەو سوڵحە عەشایرییەش هاوکات بوو لەگەڵ پەسەندکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی لە پەرلەمانی کوردستان، کەبەپێی ئەو هەموارکردنە کە هێشتا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەرکەسێک ئافرەتێک بە زۆر مارەبکات یاخود لە دەرەوەی دادگا مارەی بکات سزا دەدرێت.

یەکێک لە برایەکانی ئەو کچە 16 ساڵییە داخباری خۆی بەو زۆرداریکردنە لە خوشکەکەی خۆی بۆ (رووداو) دەربڕی و گوتی، ئەگەر ئەو تۆمەتەی ئەو پیاوەی وەرتێ باسیدەکات راستیش بێت، ئەوا خوشکەکەی هیچ پەیوەندی پێوەنییە و گوتیشی خوشکەکەی "پێدەچێ ئەو ماوەیەی لەلای ئەوان دەستبەسەر بووە هەڕەشەیان لێکردبێ کە کەسوکاری دەکوژن بۆیە رازیبووە".

**وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە (13)دا بخوێنەوە**

# راپۆرتە هەواڵ

پارێزگای موسڵ :

## نابمەوە پارێزگار



رووداو-موسڵ

◆ دورێد کەشمولە، پارێزگاری موسڵ لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند " خۆم بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ناپاڵێوم، من لە کاتێکی زۆر دژواردا هاتم و ئەرکی خۆم بەجێگەیاند و رێ بۆ هاتنی کەسێکی دیکە بۆ ئەو پۆستە چۆڵ دەکەم". کەشمولە زۆر بەتووندی رەخنەی لەوانە گرت کە لێدوانی "ئاگرین دەدەن بەمەبەستی دەنگ بەدەستهێنان" و، وەک ئاماژەدانێکی بێ ناوهێنان بە کەسانی وەک ئوسامە نجێفی گوتی " ئەوانە لەکاتی رووداوەکانی 2004 و 2005 دا لە کوێ بوون".

### مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

# ئامادەین ئەمەریکا بکەینە کڕیاری سەرەکی نەوتی کوردستان



مەسعود بارزانی (فۆتۆ:AFP)

**رووداو-واشنتن**

لەمیانەی سەردانەکەی بۆ واشنتن، رۆژی 2008/10/30سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاوڕێ لەگەڵ جەی گارنەر فەرماندەی گشتیی پێشووی ئیدارەی ئەمەریکا لە عێراق سەردانی گۆڤاری (National Journal)ی ئەمەریکی کرد وگۆڤارەکەش، چاوپێکەوتنێکی هاوبەشی لەگەڵ بارزانی و گارنەرکرد.

لە چاوپێکەوتنەکەدا باس لە چەند مەسەلەی وەکو رێککەوتنی ستراتیژی نێوان عێراق و ئەمەریکا و PKK و حکوومەتەکەی مالیکی کراوە.

بارزانی لە بارەی رێککەوتننامە ستراتیژییەکەی نێوان ئەمەریکا و عێراق دەڵێ" مۆرکردنی رێککەوتننامەی ستراتیژی لە نێوان ئەمەریکا و عێراقدا لەبەرژەوەندی هەموو لایەکە و هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ مۆرکردنی رێککەوتننامەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەندێ ئاستەنگ لەبەردەمماندا هەیە و نادڵنیاییەک لەئارادایە کە رەنگە رێککەوتننامەکە مۆر نەکرێت، یاخود دوابکەوێت. بەدڵنیاییەوە رێککەوتنامەکە زۆر باشترە لەوەی نەبێت. ئیمزانەکردنی رێککەوتنەکە دەرئەنجامی خراپی دەبێ ".

لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا نیگەران نین بە پلانی کشانەوەکەی ئۆباما؟ بارزانی گوتی" ئێمە دەزانین ئۆباما پلانێکی هەیە بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە ماوەی 16 مانگی داهاتوودا، بەڵام ئەو ماوەیە زۆر گرینگە بۆ خەڵکی عێراق، لەبەرئەوەی لە عێراقیش لەوماوەیە هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت و گۆڕانکاری روودەدات، بۆیە پێویستە عێراقییەکان بۆ خۆیان کێشەکان چارەسەر بکەن و وڵاتەکەیان بەڕێوەبەرن و نابێ چاوەڕێی ئەوەبن سوپای ئەمەریکا بۆ هەتاهەتایە لەعێراق بمێنێتەوە، راستە بۆ ئەمەریکا کشانەوەی هێزەکانی تا کۆتایی 2011 ئاسان نییە، بەڵام رووداوەکانی داهاتووی عێراق کاتی کشانەوەی هێزەکان دیاری دەکات" .لەبارەی مەترسی دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بارزانی گوتی "ئەو مەترسییە لە ئارادایە".

ئەگەر لەداهاتوودا ئەو ئەستەنگانە نەمان کەلەبواری نەوت دەرهێنان وفرۆشتندا لەنێوان حکومەتی بەغداو حکومەتی کوردستاندا هەن، ئایا کوردستان ئامادەیە نەوتەکەی خۆی بە ئەمەریکا بفرۆشێت؟ بارزانی لە وەڵامدا گوتی"بەدڵنیاییەوە ئەمەریکا کڕیاری لەپێشینەوموفەزەلمان دەبێ".

حکوومەتی تورکیا چەندین جار حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بەوە تۆمەتبار کردووە کە پارێزگاری لە PKK دەکا لەهەرێمی کوردستان. بارزانی ئەو تۆمەتانەی رەتکردەوە و گوتی" ئێمە ئەو تۆمەتانە رەتدەکەینەوە و تەحەدداش دەکەین هەر بەڵگەیەک هەبێت بیسەلمێنێت ئێمە پارێزگاری لەو گرووپە دەکەین، کێشەی PKK، کێشەیەکی ناوخۆی تورکیایە ".

بارزانی رایگەیاند کە هیچ پێوەندییەکیان بە کردەوەکانی PKKەوە نییە، لەبەرئەوەی ئەوان لە ناوچەیەکدان، کەلە ژێرکۆنترۆڵی هەرێمی کوردستاندا نییە، بارزانی گوتی" کاتێک قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەین، دەبێ تەماشای جوگرافیای ناوچەکە بکەین، ئێمە ئێستا لەبارەی کەرتێکی سەر سنووریی قسە دەکەین، سێگۆشەیەکی سنووری نێوان عێراق، تورکیا و ئێران هەیە و ئەو ناوچەیەش ناوچەیەکی سەخت و شاخاوییە، زۆرینەی چەکدارانی PKK لە خاکی تورکیادان، هەندێکیشیان لە نێو ئەو کەرتەدان و ئێمەش هیچ هێزێکمان لەو ناوچەیە نییە. PKK لە هیچ گوندێکی ئاوەدانکرا و شارێکی کوردستاندا نییە".

لەم دواییەدا، بەهۆی هەندێ کێشەوە پێوەندی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی بەغدا بەرەو خراپی دەچێت، بارزانی راشکاوانە باسی شێوەی بەڕێوەبردنی حکوومەتەکەی مالیکی دەکات و دەڵێ"بارودۆخی عێراق بارودۆخێکی ئاڵۆزە، لە راستیدا ئێمە خۆشحاڵ نین بەکارەکانی حکوومەتەکەی مالیکی و لە شێوەی کارکردنەکەی رازی نین، بەڵام لە هەمانکاتیشدا بەرامبەر کارەکانی خۆشمان رازی نین، بەڵام ئەمەش بۆ شەخسی مالیکی ناگەڕێتەوە، راستە کە بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام ئێمە لەو بروایەداین کە ئەگەر دەستوور هەبێت پێویستە بەپێی دەستوور کاربکەین، بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان".

### بەرپرسی لقی سلێمانی رێکخراوی کادیر و دەستەبژێرە عێراقییەکانی سەر بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق:

# ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لەگەڵ ئەوەدایە کەرکووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان

**بیلال سەعید**
**رووداو-سلێمانی**

بەرپرسی لقی سلێمانی، رێکخراوی کادیر و دەستەبژێرەکانی عێراقی سەر بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق رەتیکردەوە پارەیان دابێتە خەڵکی کورد بۆ بوونە لایەنگری حیزبەکەیان" بەڵام یارمەتی خەڵکی هەژار دەدەین ئەگەر پێویستیان بەئێمە بێت".

ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق، بەسەرۆکایەتی عەبدولعەزیز حەکیم، لەچەند باڵێک پێکهاتووە. بەپێی قسەی محەممەد رەسول رەحیم، کە کوردێکی سوننەیە و ماوەی شەش مانگە پێوەندی بەورێکخراوە کردووە،ئێستا بەرپرسی لقی سلێمانی رێکخراوی کادیر ودەستەبژێرەکانی عێراقە، ئەوان باڵی شەشەمی ئەو حیزبەن کە کاتی خۆی وەک بەرەیەکی کۆکەرەوەی لایەنە بەرهەڵستکارە شیعەکانی عێراق بەسەرۆکایەتی محەممەد باقر حەکیم دروستبوو. محەممەد رەسول دەڵێ کاری ئەوان رێکخستن و بەستنی پەیوەندییە لەگەڵ حیزبەکانی دیکە. هەروەها دەڵێت "ئامانجێکی دیکەمان پاڵپشتیکردنی مافی مرۆڤ و مافی ژنانە".

ئەو رێکخراوە، کە تا ئێستا 45 بارەگا و نووسینگەی لە شار و شارۆچکەکانی عێراق هەیە، رۆژی هەینی بارەگای لقی سلێمانی کرایەوە. لقی کەرکووکی ئەو رێکخراوە سەرپەرشتی هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان دەکات و بەنیازیشن بەم نزیکانە چەند لقێکی دیکە لەکەلار و خانەقین و دیالە بکەنەوە. هەروەها لەهەولێر و دهۆک بەرپرسی لقەکانیان دیاریکردووە، بەڵام تا ئێستا بارەگایان نەکردووەتەوە.محەممەد رەسول گوتی ئەحمەد حەمەخان بە بەرپرسی لقی هەولێر دیاریکراوەو، بەگشتی نزیکەی 1000ئەندامیان لە کوردستان هەیە (700 لە کەرکووک، 80 لە کەلار و 40 ئەندامیش لە سلێمانی".

سەبارەت بە بڕیارو مەبەستی کردنەوەی لق و نووسینگە لە کوردستان، محەممەد رەسول گوتی "لەسەر بڕیاری ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق، دوای رەزامەندی پارتی و یەکێتی بڕیاری کردنەوەی ئەو نووسینگانەماندا، وەک چۆن یەکێتی و پارتی بارەگایان لە شارەکانی نێوەڕاست و باشوور هەیە ئێمەش حەزمان کرد بارەگا لە سەرجەم شارەکانی کوردستان بیکەینەوە، مەبەستیشمان خزمەتکردنی خەڵکی کوردستانە بە هەموو نەتەوەو ئاینەکانییەوە".

هەرچەندە ئەوان حیزبێکی شیعەن، بەڵام محەممەد رەسول بەشتێکی ئاسایی دەزانێت کە بارەگایان لەشارە سوننە نشینەکانی کوردستانیش هەبێ "چونکە سووننەش بۆیان هەیە وەک من ببنە ئەندام لە حیزبەکەمان و، تەنانەت مەسیحی و تورکمانیش دەتوانن ببنە ئەندام لەحیزبەکەمان".

گوتیشی مەبەستی ئەوان لە کردنەوەی ئەو بارەگایانە تەنیا زیادکردنی ئەندام نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری عەرەب هاتوونەتە شارەکانی کوردستان و بارو گوزەرانیان باش نییە "ئێمە دەمانەوێت هاوکارییان بکەین".

نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، رۆژی 2008/11/8 لە کۆنگرەی رێکخراوەکەیاندا کە گوتی"بەبێ بوونی حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز هەرێم و پارێزگای فیدرالی بوونیان نابێت"، کوردی لەچارەنووسی فیدرالی لەعێراق نیگەران کردەوەو بەرپرسانی کوردیش بەتووندی وەڵامی مالکییان دایەوە.

بەپێی هەواڵێکی سایتی جەماوەر نیوز، رێکخراوی ناوبراو لەسلێمانی و دەربەندیخان داوای لەخەڵک کردووە پەیوەندی بە رێکخستنەکانی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقەوە بکەن و لەبەرامبەریشدا ئەنجوومەن پارەیەکی خەیاڵیان دەداتێ، بەڵام بەرپرسی لقی سلێمانی رێکخراوی هەڵبژاردەی کادیرەکانی عێراق ئەو هەواڵەی رەتکردەوەو رایگەیاند "شتی وانییە، تا ئێستا دینارێکمان نەداوەتە کەس، تا ئێستا تەعیناتمان نییە، تەنها پارە دەدەینە ئەوانەی لەناو بارەگاکانمان کاردەکەن، بەڵام دەتوانین یارمەتی ئەوانە بدەین کە لەرووی داراییەوە هەژارن ئەگینا وەک ئەوەی هەرکەس بیەوێت ببێتە ئەندام و پارەی بدەینێ، شتی وا نییە".

ئارمی ئەو رێکخراوە کە بریتییە لە نەخشەی سیاسی عێراق و دارخورمایەک، پرۆگرامەکەشی لە دروشمی پابەندبوون بە یەکپارچەیی خاکی عێراق و دانانی قورئان بە بنچینەی دانانی هەموو یاساکان کورتکراوەتەوە.

سەبارەت بەتێڕوانینی ئەوان بۆ مەسەلەی کەرکووک محەممەد رەسول گوتی "دەستوور چۆن کێشەکە چارەسەر دەکات ئێمەش پێیەوە پابەندین". لەبارەی رای ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق سەبارەت بە گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان ناوبراو گوتی"ئێمە لەگەڵ ئەوەین کەرکووک بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، چونکە کەرکووک هەر لەبنچینەدا شارێکی کوردییە، ئێمە وەکو حیزب ئامادەی هەموو هاوکارییەکین بۆ ئەوەی کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان".

لەماوەی رابردوودا نوری مالیکی بڕیاری کردنەوەی ئەنجوومەنەکانی ئیسنادی دا بۆ سەرۆک عەشیرەتەکان، چەند سەرۆک عەشیرەتێک ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ ئەو مەبەستە لە کەرکووک بەمەرجێک پارتی و یەکێتی رازیبن، بەڵام هەردوو حیزب بەبەیاننامەیەک ئەوەیان رەتکردەوەو بە ژیاندنەوەی جاشەیەتیان ناونا. محەممەد رەسول لەبارەی کردنەوەی ئەو ئەنجوومەنانەی ئیسناد گوتی " هەر حیزب و لایەنێک و بەهەر شێوەیەک بێت کێشە بۆ کورد دروست بکات ئێمە دژی دەوەستین".



محەممەد رەسول

# ئەمریکا مافی چوونە وڵاتەکەی دەداتە هاووڵاتیانی کوردستان



**تایبەت بە رووداو**

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەرێگەی تیروپشک 50 هەزار کەس وەردەگرێت، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش فۆڕمی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە داناوە، ئۆ فیسی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە هەولێر رێنمایی تایبەت بە چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆرم بڵاودەکاتەوە و داوا لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات بە وریایی زانیارییەکانیان بخەنەڕوو، پڕکردنەوەی فۆڕمیش بە خۆڕاییە نەک بەپارە، بەڵام هەندێ کۆمپانیا بازرگانی بەم کارەوە دەکەن. جۆناسان سێبرا وتەبێژی تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی PRT لە هەرێمی کوردستان کە سەر بە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق روونی کردەوە و گوتی" ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵانە لە رێگای تیروپشکەوە 50هەزار کەس لە وڵاتانی دیکە وەردەگرێت و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش دەتوانن ئەو فۆڕمە پڕ بکەنەوەو لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای بنێرن".

بەپێی قسەی سێبرا پرۆگرامەکە ناوی ڤیزەی فرەنەتەوەیە بۆ ئەمریکا Diversity Visa Program، حکوومەتی ئەمریکا لێی بەرپرسیارە و بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکە تەنیا هێڵی ئینتەرنێتی پێویستە و هەموو کەسیش بۆی هەیە فۆرمەکە پڕبکاتەوە، بەڵام ئەو کەسانەی هەڵگری بڕوانامەن چانسیان زیاترە.

لەم بارەیەوە جۆناسان سێبرا گوتی لە ساڵی 1990 کۆنگرێسی ئەمەریکا ئەم ڤیزا فرەنەتەوەیەی پەسەند کرد، ئەمەش بەمەبەستی زیاتر فرەنەتەوەیی کردنی ئەمەریکایە. لەرێگای ئەو ڤیزەیەشەوە ساڵانە 50 هەزار کەس وەردەگیرێت لەو وڵاتانەی کە ژمارەی پەنابەریان لە ئەمەریکا کەمە.

لەبارەی چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو پرۆسەیە و وەرگرتنی پەنابەران، جۆنتان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی" هەموو ساڵێک تیروپشک ئەنجام دەدرێت و 50 هەزار ناو دەست نیشان دەکرێت. پاش دەست نیشانکردنی ئەوکەسانە، لەرێگەی نامەی دەستی، وەزارەتی دەرەوە ئەو کەسانە ئاگادار دەکاتەوە و پێیان رادەگەیەنێت کە دەست نیشان کراون. پاشان ئەو کەسانە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت و چاوەڕێ دەکەن هەتا بڕیارەکەیان بۆ دەردەچێت".

سێبرا مەرجەکانی ئەم ڤیزەیەی بۆ خوێنەرانی (رووداو) روونکردەوەو گوتی کە ئەو کەسەی فۆڕمەکە پڕ دەکاتەوە پێویستە بڕوانامەی هەبێت، بەڵام هیچ جیاوازییەک لەنێوان جۆری بڕوانامەکاندا نییە، هەروەها ئەو کەسە دەبێ رابردووی پاک بێت و تاوانبار نەبێت، کە فۆرمەکەش پڕدەکاتەوە، پێویستە وێنەی خۆی لەگەڵدا بێت و پڕکردنەوەی فۆڕمەکەش بە خۆڕاییە.

دوا رۆژ بۆ پڕکردنەوەی ئەم فۆڕمە، 2008/12/1 فۆڕمەکەش لە ماڵپەڕی www. dvlottry. state. gov دەست دەکەوێت.

جۆناتان سێبرا، خەڵک ئاگادار دەکاتەوە کە هەندێ کۆمپانیا بەناوی حکوومەتی ئەمەریکاوە بە هەمان شێوە، فۆرم بەئیمێل بۆ خەڵک دەنێرن و پێیان دەڵێن ئەگەر دەتەوێ بچیتە ئەمەریکا ئەو فۆرمە پڕ بکەرەوە و برە پارەیەکیش بدە، بەڵام لە راستیدا ئەوانە هیچ پێوەندییەکیان بە حکوومەتی ئەمەریکاوە نییە و تەنیا دەست بڕینی خەڵکە. سێبرا هۆشداری بە خەڵکەکەدا زۆر بە وردی تێبینییەکانی ئەو بەرنامەیە بخوێننەوە پێش ئەوەی فۆڕمەکە پڕ بکەنەوە، هەروەها تەنیا یەک جار فۆرم پڕبکەنەوە، ئەگەر نا لە تیروپشکەکە بێ بەش دەکرێن. ناوبراو ئەوەشی درکاند کە دوای دەست نیشانکردنی کەسەکان، کاتی چاوپێکەوتن لە مانگی دەی ساڵی داهاتوو دەست پێ دەکات. بۆ هاووڵاتیانی عێراقیش چاوپێکەوتنەکە لە وڵاتێکی دراوسێ دەبێت وەک ئوردن و تورکیا نەک لە بەغدا.



## هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆکۆچکردن بۆ ئەمەریکا دەتوانن فۆڕم پڕبکەنەوەو دوا مۆڵەتیش 2008/12/1 ە

وتەبێژی تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا



دیمەنێک لە شاری نیویۆرک

ڕیپۆرتاژ

## دەست لەکارکێشانەوەی کاکەیی نەگەیشتووە



تایبەت بە رووداو

◆ تامان شاکر، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی رۆشنبیری بە(رووداو)ی راگەیاند "فەلەکەدین کاکەیی، بڕیاریداوە دەست لە پۆستی وەزیری رۆشنبیری هەڵبگرێت و دەست لەکارکێشانەوەکەی بداتە ئەنجوومەنی وەزیران". هۆکاری ئەو دەست لەکارکێشانەوەیەشی گەڕاندووە بۆ ئەوەی کە فەلەکەدین کاکەیی بڕیاریداوە لە مەودوا خۆی بۆ کاروباری سیاسی تەرخان بکات. بەڵام د.محەممەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران گوتی "تا ئێستا هیچ دەست لەکارکێشانەوەیەکی فەلەکەدین کاکەیی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران نەهاتووە".

# بریکاری وەزیری پێشمەرگە ساختەیی بەڵگەنامەی ئیستیخباراتیی خۆی رووندەکاتەوە

**عەلی حەمەساڵح**
**رووداو-هەولێر**

ئەنوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزیری پێشمەرگە، باسی کێشەی نێوان خۆی وخالیدی خولە سوور دەکات، کە بەڵگەنامەیەکی لەسەر ئەنوەری حاجی عوسمان بڵاوکردووەتەوە و باس لە پەیوەندی ئەو لەگەڵ ئیستیخباراتی عێراق دەکات.

ئەنوەری حاجی عوسمان، مێژووی کێشەی خۆی و خالیدی خولە سوور دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان" خالید تا ساڵی 1977 پێشمەرگەی یەکێتی بوو، پاشان تەسلیم بووەوەو، بووە مەفرەزە خاسە، خوا هەڵناگرێت تەقسیری لەکورد کوشتن نەکرد، لەچوارچێوەی ئەو کورد کوشتنەشدا لەشەوی 16ی ئابی 1983 دا 16 فەرماندەی پارتی شەهید کرد کە یەکێک لە فەرماندەکان شەهید ئەبوبەکری برای من بوو".

لە دوای راپەڕینی 1991، خالید خولە سوور وەک هەموو موستەشار و چەکدارانی رژێم لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە بەخشرا، چەندین کەس هەوڵی ئاشتکردنەوەو سوڵحکردنی لەنێوان هەردوولادا، بەڵام ئەنوەری حاجی عوسمان ئامادە نەبوو لەگەڵ خالید دانیشێت.

ئەنوەری حاجی عوسمان دەڵێت" لە ساڵی 1991 خالید ئەگەرچی زیندانیکرا، بەڵام وەک هەموو سەرۆک جاشێک عەفوکرا، هەوڵی زۆریدەدا لەگەڵم دانیشێ و سوڵح بکات، بەڵام سوڵحکردن لەسەر خوێنی شەهید هیچ مانایەکی تێدانییە".

لەدوای راپەڕینەوە، خالید خولە سوور وەک کەسایەتییەک لای یەکێتی و پارتی بایەخی پێدرا وە، پاشان وەک کەسێکی ناسراو یاداشتەکانی خۆی نووسییەوە، کە تائێستا دووبەرگ لەو یاداشتانەی دەرچووە، لەبەرگی یەکەمدا وەک کەسێکی شۆڕشگێڕوو لەبەرگی دووەمیشدا وەک سیخوڕێکی بەعس باسی ئەنوەری حاجی عوسمان دەکات.

ئەنوەری حاجی عوسمان دەڵێ، خالیدی خولە سوور لە ساڵی 2005ەوە پەیوەندی بەدەزگای زانیاریەوە نەماو بەڵێنی بەپاراستن دابوو کە لە گەڵیان کار بکات"لەچوارچێوەی ئەو رێککەوتنەی دا لەساڵی 2005 کتێبێکیان بۆ چاپکرد".

هەرچەندە خالیدی خولە سوور لە لاپەڕە 166ی ئەو کتێبەدا بەباشی باسی ئەنوەری حاجی عوسمان دەکات و دەڵێت ئەنوەری حاجی عوسمان مافی خۆی پێنەدراوەو دەبوایە ئێستا پلەو پایەی بەرزتر هەبووایە لەلای پارتی، بەڵام ئەنوەری حاجی عوسمان ئەوە بەکتێب دانانێت و دەڵێ" هەمووی جنێوە بە نامووسی قیادەی سیاسی کورد، بەمام جەلال و پارتی، وتم تۆ خائینی و پێمخۆش نییە خەبات و مێژووی من لەلایەن پیاوێکی خائینی وەکو تۆ باسبکرێت و پێویستم بەپێداهەڵدانی تۆ نییە و مەتحی تۆ بۆ من جنێوە".

بەپێچەوانەی بەرگی یەکەمی کتێبەکەوە،ئەنوەری حاجی عوسمان دەڵێ، خالید لەبەرگی دووەمی کتێبەکەیدا دەڵێت ئەنوەری حاجی عوسمان ئیستیخبارات و خائین بووەو، فایلەکەی بڵاو دەکەمەوە.

ئەنورەی حاجی عوسمان، رەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگرێت کە لەبەر ململانێی یەکتری کتێب بۆ خالید چاپدەکەن" ئەوە کتێب نییە، بەس پارتی و یەکێتی لەبەر دژایەتیکردنی یەکتری هەرچی بێتە بەردەمیان چاپی دەکەن، لەهەمووی قۆڕتر دەڵێت 182 هەزار ئەنفال ئەسڵ و ئەساسی نییەو قیادەی کوردی بەس بۆ پارەدزین دەڵێن 182 هەزار کەس ئەنفالکراوە، دەڵێ هەڵەبجە بەکیمیاوی حکومەتی عێراقی وای لێنەهاتووە، هی ئێران بووەو پاسدار بەفیتی پێشمەرگە لێیداوە".

ئەنوەری حاجی عوسمان، سوورە لەسەر ئەوەی یەکێتی و پارتی کتێبەکەیان چاپکردووەو ئەمەش بە"عەیب " ناودەبات و دەڵێ "بەراستی عەیبە قیادەی سیاسی کورد مەجال بدەنە کابرایەکی خائین و خۆفرۆش کە تامۆخ و ئێسقانی خائینە، ئەنفالچییە، 12 مەدالیای نەوتولشەجاعەی بەعسی هەبێت و دەزگای زانیاری لەدژی پارتی وپاراستنیش لەدژی یەکێتی کتێبی بۆ چاپ بکات".

ئەنوەری حاجی عوسمان، ئاماژە بەوەدەدات کە دەزگای پاراستن ساڵی 2005 بەرگی یەکەمیان بۆچاپکردو دەزگای زانیاریش لە 2007دا بەرگی دووەمیان بۆ چاپکرد، بۆ پاڵپشتی قسەکانیشی دەڵێت"چل بەڵگەم هەیە کە پاراستن ئەو کتێبەیان چاپکردووە، دەزگای پاراستن واتە من،بەڵام ئەگەر هەڵەی کرد دەڵێم هەڵەی کردو بەرگی دووەمیش دەزگای زانیاری چاپیکرد بۆ ئەوانیش زۆر عەیبە".

ئەنوەری حاجی عوسمان، رەخنەی ئەوە لەپارتی و یەکێتی دەگرێت کە" تەنها لەبەرئەوەی جنێودانی بەیەکتر تێدایە هەردوولامان چاپمان کرد، زانیاری بەرگی دووەمی کتێبەکەی بۆ چاپکرد ئەگەرچی باسی شەخسی مام جەلال و 1966 و 31ئابیش دەکات، سەرۆک جاشێک بڵێت دامەزرێنەری کۆمەڵەبووم و دەزگای زانیاریش کتێبەکەی بۆ چاپ بکات ئەمە کارەساتە".

ئەنوەر هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووە پارتی کتێب بۆ خالیدی خولەسوور چاپ بکات "6 سەرکردەی ئێمەی شەهیدکردن کە وەک فرەنسۆ هەریری بوون، شەهیدان رێبین، دلێر، جەمال، جەعفەر، جەلال، کاوە، حەمەمین، وەلید هەورامی، جەعفەرە ریشە، تۆفیق چاوجوان، جەمالی برا خاس یەک بەیەک دەزانم لەکوێ شەهیدی کردوون"، ئەنوەری حاجی عوسمان دەڵێ خالیدی خولە سوور هاوڕێی وای شەهیدکردوون ئەگەر ئێستا بمابان سەرکردەی زۆر گەورە دەبوون.

لەگەڵ ئەوەی خالید گوتویەتی ئەوکاتەی موستەشار بووە، پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیدا هەبووە، بەڵام ئەنوەری حاجی عوسمان، دەڵێت"پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی هەبووە بەس بۆ کوشتنی پارتی، دەیگوت خوێنی قیادە موەقەتە دەدەم بە ژن، راستیشی کرد، گەنجێک نە پارتی بوو نە یەکێتی ناوی محەممەد بوو، رۆیشت دوو جاشی نارد کۆمەڵێک رومانەیان خستە ژێر ئۆتۆمبیلەکەی و وتیان بمانبە بۆ شەقڵاوە، خالید چوو لەئەمن خەبەری لێدا و، لەموسڵ ئەو گەنجەیان لەسێدارەداو ژنەکەی مارەکرد".

هەر لەبارەی ئەو کتێبەوە، خالید خولەسووریش، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) لەبارەی هۆکاری ئەوەی کە بەدووشێوەی جیاواز باسی ئەنوەری حاجی عوسمان دەکات، دەڵێت"وەکو قەومێک و خزمێک باسم کردبوو ئەویش رازی نەبوو بەو باسەی من کە بە چاک باسمکردبوو، منیش گوتم ئەو پیاوە دەڵێت راستییەکان بڵێ، راستییەکانیش کەبیزانم تەنها جاسوسییەکەیەتی".

لەبەرگی دووەمی کتێبەکەیدا، خالیدی خولەسوور، دەڵێت ئەنوەری حاجی عوسمان جاسوس بووەو سێ ئامر هێزی پارتی کوشتووە و فایلی هەیە.

ئەنوەری حاجی عوسمان،لەوبارەوە دەڵێت"چووم سکاڵام لەسەری تۆمارکرد، بەڵام بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ هاوکارییەکی نەکردم، بیرم لەوەکردەوە کە بە هێزەوە بچمە سەری بۆ سلێمانی و بیکەمە شەڕە ئاربیجی، وتم ئەوکات دەبمە جاسوسی راستەقینە و نەمکرد، سوێندم بەپەروەردگار خوارد نە خیانەتم لە کورد کردووە و نە جاسوسیشم بۆ هیچ دوژمنێکی کورد و پارتی کردووە".

ئەنوەری حاجی عوسمان لەرێگەی رۆژنامەی (رووداو) باسی ئەو بەڵگەنامە "ساختەیە" ئاشکرا دەکات کە باس لەپەیوەندی نێوان ئەو و حیزبی بەعس دەکات و، دەڵێ ئەو بەشێوەیەک دەستی کەوتووە و خالید خولە سوور بەنیازە لە دژی ئەو بڵاوی بکاتەوە. ئەنوەر لەبارەی نووسراوەکەوە دەڵێت "خالید هەستاوە بەڵگەنامەیەکی ئیستیخباراتی دروستکردووە، گوایە من پەیوەندیم بە ئیستیخباراتی سەربازییەوە هەبووەو لەمانگی ئاداری 1986دا شەش کلاشینکۆفم وەرگرتووە".

ئەنوەری حاجی عوسمان، کە ئێستا بریکاری وەزیری پێشمەرگەیە لە هەولێر چەندین بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەو بەڵگەنامەیە ساختەیە"بەڵگەنامەکە بەو فۆنتانەی زانست نووسراوە کەلە کۆمپیوتەردا هەیە، باشە خەڵکینە فۆنتی زانست لە ساڵی 1986دا هەبوو؟، هەر سەیر بکرێت دەزاندرێت تەزویرە".

بریکاری وەزیری پێشمەرگە بەڵگەیەکی دیکە بۆ ساختەیی ئەو بەڵگەنامەیە دێنێتەوەو دەڵێت "خۆشبەختانە لەمانگی 10ی1985 هەتاوەکو مانگی 1ی 1987 لەنەخۆشخانەی ساسان بووم لەتاران و شەخسی سەرۆک مەسعود بارزانی چاودێری کاروباری چارەسەرکردنەکەی دەکردم و پارەی تێچوونەکەی دەدا و شەهید ئیدریس بارزانی سێ جار هاتووەتە لام، کاک نێچیرڤان و کاک سەرباز هەورامی مانگی جارێک لای من بوون، هەردوو دەست و قاچم شکابوو".سەبارەت بە هۆکاری ئەو برینداربوونەشی گوتی " لە شەوی 1985/10/5 بەچالاکییەک لەشارەزوور دەگەڕاینەوە 9کەس بووین کەوتینە بازنەی ئەلغام و هەر 8 هەڤاڵەکەم شەهیدبوون، خۆشم سێ شەو و سێ رۆژ لەناو ئەلغامدا بووم".

خالید خولە سوور ئەوە رەتدەکاتەوە کە هیچ بەڵگەنامەیەکی لەسەر ئەنوەری حاجی عوسمان دروستکردبێت و دەڵێت ئاگام لە هیچ نییە" نەک بەڵگەنامەم دروستنەکردووە، بەڵکو ئاگام لەهیچ بەڵگەنامەیەکیش نییە لەسەر ئەنوەری حاجی عوسمان، بەڵام ئەو جاسوسەو، ئەوەی بیری لێنەکەمەوە کاک ئەنوەرە".

خالیدی خولەسوور و ئەنوەری حاجی عوسمان هەردووکیان لە عەشیرەتی غەوارەن، کە یەکێکە لەعەشیرەتە گەورەکانی شارەزوور. خالید دەڵێ " ئێستا سەرۆکی قەبیلەی غەوارەم کەلە 142 هۆز و 45 عەشیرەت پێکدێت و هەموو بەڵگەیەکیشم هەیە".

بەڵام ئەنوەری حاجی عوسمان، ئەوە رەتدەکاتەوە خالید سەرۆک عەشیرەتی غەوارە بێت ئەوەش دەخاتەڕوو کە غەوارە، پێنج تیرەیە، قەویلەیی میرزا فارس سەرۆکیەتی، چوچانی مەلا فایق سەرۆکیەتی، بێسەری فارسی عەزە بەرە سەرۆکیەتی، پەرەخی حاجی نادر سەرۆکیەتی، هۆزی سەنی کە خالیدی خولەسوور لەو هۆزەیە و حەمەی کوێخا فەرج سەرۆکیەتی کەنوێنەری مام جالالە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی"خالید سەرۆک جاشی غەوارەبوو، کەس دانی پێدانانێت چونکە 9 لەو کادیرانەی ئەو شەهیدی کردوون غەوارەیین".

خالیدخولەسوور،ئێستاسەرمایەدارێکی گەورییەو لەبەغدا دادەنیشێت، بەپێی گوتەی خۆی"کۆمپانیای سوورێنم هەیە کە شەریکەیەکی مومتازەو تایبەتە بەخزمەتگوزاری نەوت و گواستنەوەی گشتی، شەریکەی خالیدیشم هەیە کە پلەیەکە بۆبەڵێندەرایەتی و تەجهیزات و گواستنەوەی گشتی". خالید، لەسەرەتای ئەمساڵدا سەردانی جامیعەی عەرەبی کردو لەگەڵ عەمرو موسادا کۆبووەوە.

ئەنوەری حاجی عوسمان، دەڵێت"بەدڵنیاییەو هەر ئەم دووحیزبە هاوکاریان کرد کۆمپانیا دابنێ و دەوڵەمەند ببێ، خۆی دەڵێ یەکێتی و پارتیم دۆشیوە وەک مانگا"، هەروەها گوتیشی"خالید کە لە جامیعەی عەرەبی چووە لای عەمروموسا، ئیلا یان پارتی ناردی یان یەکێتی، لەوێش گوتبووی مادەی 140 کۆمەڵێک دزی قیادەی کورد دایاننـاوە ئەگەرنا میللەتی کورد مادەی 140ی ناوێت".

لەگەڵ ئەوەی ئەنوەری حاجی عوسمان پێشمەرگەیەکی دێرین و دڵسۆزی پارتییە بەڵام دەڵێت" ئەگەر پارتیش داوام لێبکات لەگەڵ خالید ئاشت نابمەوە، من نوێنەری شەهیدان نیم و خالید شەهیدی کردوون پارتی خاوەنی ئەو شەهیدانەیە و قیادەی کوردی عەفوی کردوون".

خالیدی خولە سوور بە (رووداو)ی راگەیاند بەم زووانە بەرگی سێیەمی کتێبەکەی لە هەولێر چاپ دەکات و گوتیشی"بەرگی سێیەمی کتێبەکەم باسی کاک ئەنوەریشی تێدایە بەدرێژی و بەخراپیش باسی تێدایە و ئێستا لەژێر چاپدایەو لەوانەیە مانگێک تاوەکو 40 رۆژیتر بکەوێتە بازاڕەوەو لەهەولێریش چاپدەکرێت".

ئەنوەری حاجی عوسمان، رەخنە لە چاپکردنی ئەو پەرتووکە لە هەولێر دەگرێت و دەڵێت "بەڕاستی عەیبە ئەو کتێبەی بۆ چاپ دەکەن کە 30 ملیۆن دیناری تێدەچێت".

لەگەڵ ئەوەی ئەنوەری حاجی عوسمان جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو بەڵگەنامەیەی باسی پەیوەندی ئەو و رژێمی بەعس دەکات ساختەیە و خالیدی خولە سوور دروستی کردووە، بەڵام ئامادەش نییە سکاڵای لەسەر تۆمار بکات "باوەڕم نییە کورد هیچ لێپێچینەوەیەک بکات، شکات لەکوێ بکەم، باوەڕم بە ئیجرائاتی خۆمە نەک حکومەتی کوردستان و پارتی".



### بەڕاستی عەیبە پارتی و یەکێتی لە دژی یەکتری کتێبی جاشێکی وەک خالید چاپ دەکەن

**ئەنوەری حاجی عوسمان**

- لەساڵی 1966 لەشارەزوور لەدایکبووە.
- لە 1978ەوە پێشمەرگەی پارتییە.
- لەساڵی 1992بووەتە ئامرلیوای سوپای یەکگرتووی کوردستان.
- فەرماندەی فەرماندەیی سوپای شەش و هەڵگورد بووە.
- 14 جار بریندار بووەو گورچیلەیەکی نەماوە، دەستێکی قرتاوە.
- ئێستا بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەیە .
- تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە.



### بەرگی سێیەمی کتێبەکەشم باسی کاک ئەنوەری تێدایە و لە هەولێریش چاپدەکرێت

**خالید خولە سوور**

- لەساڵی 1956 لە گوندی بانی بنۆکی بناری سوورێن لەدایکبووە.
- چەند ساڵێک موستەشاربووە.
- ئێستا خاوەنی کۆمپانیای سوورێن-ە.
- تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە.



بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

يرجى الاشارة الى الرقم والتاريخ

سري للغاية وشخصي
العدد : ١٠ / ش٣ / ق٢ / ٩ ـ ٨٠٩
التاريخ : ١١ آذار ١٩٨٦

الى / مديرية استخبارات الفيلق الاول

الموضوع / معلومات

بعد ان اطلعنا المعتمد ( انور عثمان قويلي ) احد القادة العسكريين لزمرة المخربين المتواجدين في مناطق حدود الفيلق الاول- بمعلومات دقيقة عن مكان تواجد مفارز المخربين ومقراتهم و مناطق تجوالهم وهو مستمر بارتباطه معنا لذلك زودناه بعدد ستة من قطع سلاح نوع ( كلاشينكوف ) مع ( 5000 ) قطع عتاد واربعة مسدسات من نوع طارق للعلم والاطلاع .

( ١ ـ ١٥ )
سري للغاية وشخصي

وێنەی ئەو بەڵگەنامەیەی کە ئەنوەری حاجی عوسمان دەڵێت خالیدی خولە سوور لە دژی ئەو دروستی کردووە

# ئیستخباراتی عێراق زانیاریی لەسەر کوردی قەرەتەپە کۆ دەکاتەوە

**بیلال سەعید**
**رووداو-قەرەتەپە**

بارودۆخی قەرەتەپە بەرەو هێور بوونەوە دەچێت و بەرپرسانی سوپای عێراقیش سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری ئیستخباراتین لەسەر بەرپرس و ماڵە کوردەکانی قەرەتەپە و کوردیش لەلای ئەمریکییەکان شکات لەسوپای عێراق دەکات.

ناحیەی قەرەتەپە، سەر بەقەزای کفری دەکەوێتە خوارووی قەزاکە و ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە 30 هەزار کەس دەبێت و کە 10%ی دانیشتووانەکەی کوردن، یەکە ئیدارییەکانی ناحیەکەش بەدەست کوردەوەن.

دوای هەفتەیەک بارگرژی لەنێوان چەکدارە توندڕەوەکان و هێزەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانان لەقەرەتەپە ئێستا بارودوخی ئەمنی قەرەتەپە بەرەو باشتر دەچێت و سوپای عێراق هێشتا لەنێوان قەرەتەپە و جەبارە جێگرین.

کورد زۆر ناڕازییە لەهەڵسوکەوتی سوپای عێراق لە ناوچەکە، بۆیە رۆژی 11/15 یاداشتێکیان دایە هێزەکانی ئەمریکا سەبارەت بەو هەڵسوکەوتانەی سوپا لەناحیەکە ئەنجامیدەدەن، لە یاداشتەکە فەوجی یەکی لیوای 4ی سوپای عێراق تۆمەتبار دەکەن، کە رۆژانە ئیهانەی هاووڵاتییانی کورد دەکەن.

پێدەچێت کورد لەقەرەتەپە گورزێکی کوشندەی بەر کەوێت لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، چونکە وەک مستەفا وادی، بەرپرسی ناوچەی پارتی لەقەرەتەپە دەڵێت "کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رایگەیاندووە، ئەوانەی تا 2008/4/15 فۆرمی خۆراکیان نەگەڕاندووەتەوە قەرەتەپە مافی دەنگدانیان نابێت، ئەگەر بەمشێوەیە بێت، دەنگی 1200 خێزانی کورد دەفەوتێت".

لەلایەکی دیکەوە ئیستخباراتی عێراقی لەقەرەتەپە خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری ئیستخباراتییە لەسەر بەرپرسانی کورد، سەرچاوەیەکی ئەمنی لەقەرەتەپە، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئیستخباراتی عێراقی بەسەرپەرشتی نەقیب عەلی، دەستی داوەتە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بەرپرسانی کوردی ناحیەکە".

هەر لەو بارەیەوە نائیب خەلیفە، بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی لەقەرەتەپە بە (رووداو)ی راگەیاند "سوپای عیراق لەلایەن چەند ئەفسەرێکی ئیستخباراتەوە هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاریی دەدەن لەسەر ماڵە کوردەکان و بەرپرسە کوردەکان و وتەنانەت چاودێریان خستووەتە سەر ئەو عەرەبانەی کە دێنە بارەگا کوردییەکان، ئەگەری ئەوە هەیە ئازاریشیان بدەن".

هەر چەندە سوپای عێراق بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەوان بارودۆخی ئەمنیان بۆ قەرەتەپە گەڕاندووەتەوە، بەڵام بەرپرسانی کورد دەڵێن ئەمریکییەکان قەرەتەپەیان لەچەکدارە توندڕەوەکان پاک کردەوە.

مستەفا وادی، گوتی "هێزەکانی ئەمریکا لەماوەی چەند رۆژدا توانیویانە 2 ئەمیرو 20 ئەندامی قاعیدە دەستگیر بکەن، بەڵام سوپای عێراق تا ئێستا یەک هەڵمەتیان ئەنجامنەداوە، لەکاتێکدا گوندەکانی دەوروبەری قەرەتەپە ژمارەیەکی زۆر لەچەکداری قاعیدەی تێدایە".

## ریپۆرتاژ



پەرلەمانتارێکی بەسرا:
### فیدرالی بۆ بەسرا باشە

تایبەت بە رووداو
◆ وائیل عەبدوللەتیف، ئەندامی سەربەخۆی پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) رایگەیاند" زیاتر لە 44060 ئیمزامان داوەتە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ دامەزراندنی هەرێمی فیدرالیی بەسرا"، گوتیشی فیدرالی باشترین سیستەمی حوکمە و هەر ئەوەش بەکەڵکی بەسرا دێت. گوتیشی "دەمانەوێ لە داهاتوودا پارێزگاکانی میسان و ناسریەش بکەونە سەر هەرێمی بەسرا، بەڵام ئێستا تەنیا بەسرا دەبێ".

# پەنابەرانی کوردستان هەر لە چاوەڕوانیدا دەژین



دوو منداڵ لە کەمپی باریکە (فۆتۆ: رووداو)

**سەلام سەعدی**
**رووداو- هەولێر**

رێکخراوە داکۆکیکارەکان لەمافی مرۆڤ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە "دروستکردنی زیندانی گەورە" بۆ پەنابەران تۆمەتبار دەکەن، بەرپرسانی هەرێمی کوردستانیش بەرپرسیارێتی ئەوکەموکورتییە کە رێکخراوەکان بە "پێشێلکردنی مافی مرۆڤ" ناوی دەبەن، دەخەنە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵی عێراق کە تائێستا یاسایەکی بۆ رێکخستنی کاروباری پەنابەران دەرنەکردووە.

بەگوێرەی ئامارەکانی کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) یازدە کەمپی پەنابەران لە هەرێمی کوردستاندا هەن کە زیاتر لە 3500 خێزان تێیدا نیشتەجێن کە بەشێوەیەکی گشتی لە کوردانی رۆژهەڵات و باکوورو رۆژئاوای کوردستان پێکهاتوون و بەهۆی زۆرداری و هەلومەرجی نالەباری سیاسیەوە روویانکردووەتە هەرێمی کوردستان.

هەندێک لەو خێزانانە 15- 20 ساڵی تەمەنیان لەنێو ئەو کامپانەدا بەسەر بردووە، کەچی هێشتاش نە سیفەتێکی یاساییان وەرگرتووە، نە مافی وەرگرتنی رەگەزنامەیان هەیەو نە لەهیچ دامودەزگایەکی حکومیدا دادەمەزرێن. رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ ئەم رەوشەی پەنابەران لەهەرێمی کوردستان کە خۆی دەیان هەزار پەنابەری لە ئەوروپاو ولاتانی دیکەی رۆژئاوا هەیە، بەپێچەوانەی پرەنسیپ و پێوەرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ ناودەبەن.

عەلی کەریم، سەرۆکی ئینستیتوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، جەخت لەوە دەکاتەوە کە

### کامپەکانی پەنابەران لە کوردستان زیندانێکی گەورەن

سەرۆکی ئینستیتوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

مافی پەنابەرێتی بەپێی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤی ساڵی 1948و کۆی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی دیکە، یەکێکە لەمافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بەم پێیەش پەنابەر مافی ژیانێکی شەرافەتمەندانەی هەیە لەو شوێنەی پەنای بۆ بردووە، بەڵام وەک ئەو گوتی "لە کوردستان ئەو کامپ و ئۆردوگایانەی کە هەن، زیندانێکی گەورەن و

### UNHCR نووسینگەی سەفەر نییە خەڵک لە ولاتی دووەمەوە ببات بۆ ولاتی سێیەم

**بەرپرسێکی کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران**

پەنابەرانی ئەو کامپانە لەهەموو روویەکەوە، لە رووی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و تەنانەت لەرووی سیاسیشەوە پەراوێزخراون".

هەروەها گوتی "مرۆڤ کە لە ولاتێک دەبێتە پەنابەر مافی ئەوەی هەیە هەموو پێداویستییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکانی بۆ دابین بکرێ، کەچی لەو کامپانەی ئێرە کەمترین پێداویستی مرۆیی دابین کراوە، دانیشتوانی ئەو کامپانە لەئاستێکی هەژاری زۆر نزمدان و کەمترین یارمەتی دارایی دەدرێن".

عەلی کەریم، رەوشی نێو کامپەکانی پەنابەرانی لە هەرێمی کوردستان بە "زۆر خراپ" وەسفکردن کە "شایستەی تێدا ژیان نین و لەراستیدا زیندانی گەورەن، ئەوەش بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ پرەنسیپ و پێوەرەکانی مافی مرۆڤ ناگونجێ".

لەنێو کوردستاندا کەم نین ئەو دەنگانەی ولاتانی ئەوروپا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەی پەنابەراندا خەریکە بەیەکجاری پشت لە پەیماننامەو جاڕنامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ دەکەن، لەم چوارچێوەیەشدا هەندێک لە ولاتانی ئەوروپا دەستیان داوەتە هێشتنەوەی درێژخایەنی پەنابەران لەنێو کامپەکان و تەنانەت ناردنەوەی زۆرەملێیانەی پەنابەرانیش بۆ ولاتانی خۆیان، بەڵام بەهەمان ئەم پێودانگە، وەک رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەڵێن عێراق و هەرێمی کوردستان لەدۆخێکی زۆر خراپتردان، هەرچەندە دەستووری نوێی عێراق رێوشوێنی مامەڵەکردنی لەگەڵ پەنابەران دیاریکردووە.

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان پاساوی ئەم کەموکوڕییە بەوە دەدەنەوە کە تا ئێستا لەعێراقدا یاسایەک نییە مافی پەنابەرانی پێ رێکبخرێت، هێشتاش لەسەر ئەوە ساخ نەبوونەتەوە کە ئایا پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە یاسایەکی سەربەخۆ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەی پەنابەران دابڕێژێ یان نا.

سەرۆکی ئینستیتوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەو پاساوەی بەرپرسانی کوردستان رەتدەکاتەوە، چونکە پێیوایە یاسا نێودەوڵەتییەکان و پرەنسیپ و جاڕنامە گەردوونییەکانی مافی مرۆڤ دەبێت لەسەرووی یاسا نیشتمانییەکانەوە بن و ولاتان پێوەی پابەندبن، بەتایبەتیش ئەوانەی ئەندامن لە نەتەوەیەکگرتووەکان. گوتیشی "ئێستا لە کوردستان قەوارەیەکی فەرمی هەیەو بەپێی دەستووری عێراق پەرلەمان و دامودەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان مافی سەربەخۆ کارکردنیان هەیە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەم پێیە پەرلەمانی کوردستان مافی دەرکردنی یاسای هەیە بۆ رێکخستنی کاروباری پەنابەران"، بەڵام ئەو کێشەکە لەوەدا دەبینێ کە ئەو مەسەلەیە وەک پێویست بیری لێنەکراوەتەوە، لەکاتێکدا وەک ئەو گوتی یەکێک لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ولاتێکدا دۆخی پەنابەرانە، "بۆئەوەی پێشانی بدەی دۆخی مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکدا باشە یان خراپە 10 پێوەر هەیە کە یەکێک لەوانە دۆخی پەنابەرانە". عەلی کەریم هەروەها گوتی "بەپێی ئەو پێوەرانە بێت، بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان خراپەو شایستەی رەخنەیەکی جددیە، لەبەرئەوەشە راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان رەخنەی زۆر لە هەرێمی کوردستان دەگرن".

خەمان زرار ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان کێشەکە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە تائێستا لەعێراقدا یاسایەک نییە سیفەتی یاسایی ببەخشێتە ئەو پەنابەرانە، دەرکردنی ئەو یاسایەش بە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ دەزانێ کە بەهۆی کێشە زۆرو ئاڵۆزەکانی خۆی پێناچێت لەئایندەیەکی نزیکدا بپەرژێتە سەر بیرکردنەوە لەو بابەتە.

خەمان زرار ئاماژەی بەوەشکرد کە حکومەتی کوردستان بەهۆی هەندێ هەنگاوەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەنابەران وەک بەخشینی رەگەزنامەو ئیقامە بەهەندێک لە پەنابەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن حکومەتی بەغداوە بەرەوڕووی رەخنە بووەتەوەو داوایان لێکردوون ئەو کارانە رابگرن.

هەر لەوبارەوە محەممەد فەرەج، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کە مەسەلەی پەنابەران مەسەلەیەکی فیدراڵییەو پەیوەندی بە حکومەتی فیدراڵیی عێراقەوە هەیە، ئاماژە بەوەشدا کە ئەو پەنابەرانە لەلایەن UNەوە وەرگیراون و حکومەتی کوردستان کارئاسانیان بۆ دەکات بۆ ئەوەی بگەنە ولاتی سێیەم.

محەممەد فەرەج، هۆکاری کەمتەرخەمی بەرامبەر پەنابەران بۆ دوو شت دەگێڕێتەوە: یەکەم حکومەتی فیدراڵی وەک پێویست بەدەم ئەو کێشەیەوە نەهاتووە، دووەم لە کوردستاندا یاسایەک نییە ئەو مەسەلەیە رێکبخات.

گوتیشی "ئێمە بیرمان لێکردووەتەوە کە پێویستە یاسایەک هەبێت، جا یان دەبێت لە بەغداوە دەربچێ و لێرە کاری پێبکەین، یان ئێمە لەچوارچێوەی دەسەڵاتە هاوبەشەکانەو ئێمە لەهەرێمی کوردستان یاسایەک دەربکەین بۆ رێکخستنی کاروباری پەنابەران".

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ ئەوەشی راگەیاند کە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا ئاماژە بە بنەماکانی مەسەلەی پەنابەرێتی کراوە، بۆیە وەک ئەو گوتی "ئەگەر پرۆژەی دەستوور قبووڵ کرا، ئەوکات دەتوانین لەبەر رۆشنایی ئەو دەستوورە یاسایەک دابنێین بۆ مافی پەنابەرێتی و خۆمان لەو کێشەیە دەرباز بکەین".

بەڵام وەیسی جەلیل، بەڕێوەبەری گشتی بە وەکالەت لە بەڕێوەبەرایەتی دەرکراوان و راگوێزراوانی سەر بە وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەپێچەوانەی رای سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان، پێیوایە مەسەلەی پەنابەران لەهەموو سیستەمێکی فیدراڵیدا پەیوەندی بە حکومەتی فیدراڵەوە هەیەو دەبێت ئەو سیاسەتی تایبەت بە پەنابەران دابڕێژێ، لەوبارەوە گوتی "ئەوە لەدەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە یاسا بۆ کاروباری پەنابەران دابنێ، کە ئەو یاسایەش نەبوو ناتوانی مووچەی پەنابەر دیاری بکەیت و جۆرەکانی پەنابەر لەیەک جیابکەیتەوەو ئیلتیزاماتی حکومەت بەرامبەر پەنابەران دیاری بکەی".

### دوای دەرچوونی دەستووری هەرێمی کوردستان دەتوانین یاسایەک بۆ مافی پەنابەرێتی دابنێین

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان

پارێزەر بەیان حەمەد ساڵح لە نووسینگەی هەولێری کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان UNHCR لەم مشتومڕەی تایبەت بەچارەنووسی پەنابەراندا رایەکی دیکەی هەیەو رەخنەی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە حکومەتی کوردستان بە "رەخنەیەکی بێ بنەما" لەقەڵەم دەدات، هۆکاری ئەو رەخنانەش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە رێکخراوەکان شارەزایی تەواویان لەسەر یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مەسەلەی پەنابەری نییە.

بەیان حەمەد روونیکردەوە کە عێراق یەکێکە لەو ولاتانەی پەیماننامەی ساڵی 1951ی تایبەت بە پەنابەرانی مۆر نەکردووە، بەم پێیەش هەمان ئەو بەرپرسیارێتییەی ناکەوێتە ئەستۆ کە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو ولاتانەی پەیماننامەکەیان مۆر کردووە. رێکخراوی UNHCRیش لەو ولاتانە کاردەکات کە پەیماننامەکەیان مۆر نەکردووە.

ئەو هەڵسوڕاوەی UNHCR دانەمەزراندنی پەنابەران لە دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتدا بەپێشێلکاری مافی مرۆڤ نازانێت، چونکە وەک ئەو گوتی "بەپێی یاساکانی عێراق دامەزراندنی فەرمی پێویستی بە رەگەزنامەی عێراقی هەیەو ئەوانەی رەگەزنامەیان نییە

### حکومەتی عێراق داوای لە حکومەتی کوردستان کردووە بەخشینی ئیقامە و رەگەزنامە بە پەنابەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان رابگرێ

خەمان زرار
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

ناتوانن دابمەزرێن و وەک هاووڵاتیانی عێراقی لە ئایندەدا لە مووچەی خانەنشینی سوودمەند بن، بەڵام پەنابەران دەتوانن بە گرێبەست لە دامودەزگاکانی حکومەت یان لە کەرتی تایبەتدا کاربکەن".

بەیان حەمەد رایگەیاند کە کاری ئەوان تەنیا پاراستنی پەنابەرانەو گوتیشی "ئەو کەسەی لەولاتی خۆی بەهۆی چەوسانەوە کۆچ دەکات و دێتە ولاتی دووەم پێویستی بە پارێزگاری هەیە، ئەو کەسە دێتە UNHCR داوای مافی پەنابەری دەکات، UNHCRیش دوای موقابەلە یان قبوڵی دەکات بە پەنابەر یان نا".

هەروەها گوتی "ئەوکاتەی کە رێکخراوەکە کەسێک وەک پەنابەر دەناسێت، ئەو کەسە وەک هاووڵاتی ئەو ولاتە هەموو مافێکی دەبێت، بەڵام مەسەلەی ئەوەی کە بینێرینە ولاتی سێیەم، ئەوە نە ئەرکی ئێمەیەو نە مافی پەنابەریشە، بەڵکو ئەوە یەکێکە لە رێگەچارەکان کە ئێمە پێیدەڵێین چارەسەری هەمیشەیی بۆ ئەوانەی ناتوانن بگەڕێنەوە ولاتی خۆیان و لەولاتی دووەمیش ژیانیان لە مەترسیدایە، لەو حاڵەتەدا UNHCR ناچارە بیباتە ولاتی سێیەم، بەڵام ئەوەش تەنیا لەکاتێکدا دەکرێت کە ولاتی سێیەم ئەو کەسە قبوڵ بکات". ئەگەرنا وەک ئەو گوتی "UNHCR نووسینگەی سەفەر نییە خەڵک لە ولاتی دووەمەوە بباتە ولاتی سێیەم".

# 10 ملیۆن پارچە کەلوپەلی کۆنی کوردەواری لە ئەنتیکەخانەی هەولێردا سووتان



## "زۆر کاریگەر بووم بە سووتانی سێ پوولەکەی شێخ مەحمودی حەفید"

**رووداو-هەولێر**

لەبەرامبەر خۆڵەمێشی کەلوپەلی ناو ئەنتیکەخانە سووتاوەکەیدا لەبەر خۆرەتاوی پاییز لەسەر کورسییەکی دار دانیشتبوو لە قەڵای دێرینی هەولێر دانیشتبوو، دەیگووت "یەکەم رۆژ کە ئەنتیکەخانەکەم سووتا زۆر خەفەتبار نەبووم، بەڵام ئێستا رۆژ بەرۆژ خەفەتبارتر دەبم، چونکە کۆمەڵێک یادەوەری ئەو ئەنتیکەخانەیەم دێتەوە یاد و زۆر خەمی پێوە دەخۆم".

ئەنتیکەخانەی هەولێر، کە لەناو یەکێک لەخانووەکانی قەڵای هەولێرە، دەکەوێتە باشووری قەڵاکە، خانووی ئەنتیکەخانەکەی هەمان ئەو خانووەیە کە 52 ساڵ بەر لەئێستا خۆی (خالس یونس مستەفای خاوەنی ئەنتیکەخانەکە) تێیدا لەدایکبووە.

شەوی 9 لەسەر 2008/11/10 لە ئەنجامی شۆرتی کارەبا ئاگر لە ئەنتیکەخانەکەی هەولێر بەربوو، بەپێی قسەی خاوەنەکەی 95%ی کەلوپەلی نێو ئەنتیکەخانەکە سووتاون و بەشێک لەو کەلوپەلانە زۆر دەگمەنن و تەنیا لەناو ئەو ئەنتیکەخانەیەدا هەبوون. دوای یەک کاژێر و نیو ئینجا توانرا ئاگرەکە لەلایەن پیاوانی ئاگر کوژێنەوە کۆنترۆڵ بکرێ.بەڵام ئەو شتانەی بە ئاگر لەنێو نەچوون بەئاوی ئاگرکوژێنەوەکە لەنێوچوون، بەتایبەتی دەستنووسە مێژووییەکان.

ئەنتیکەخانەکە لە چەند بەشێک پێکهاتبوو کە بریتیبوون لە بەشی رستن و چنین، مسگەری، تابلۆ و وێنە کۆنەکان، خشڵ و جلوبەرگی ئافرەتان، چەکی کۆن، کتێبخانە.

بەپێی قسەی خاوەنی ئەنتیکەخانەکە کتێبخانەکە نزیکەی 5-6 هەزار کتێبی تێدابوو، کە بەشێکیان دەستنووس بوون "دەستنووسی زۆر دەگمەنی تێدابوو، کە مێژووەکەیان دەگەڕایەوە بۆ 500 ساڵ پێش ئێستا"، هەروەها گوتی "نزیکەی 30%ی ئەو دەستنووسانەم فەوتاون، بەڵام باشبوو بەشێکم پێشتر لەماڵەوە لەلای خۆم دانابوون".

خالیس یونس، زۆر داخبار بوو بەسووتانی ئەنتیکەخانەکەی، لەهەمانکاتیشدا دڵی خۆی بەوە دەدایەوە کە ئەرشیفێکی گەورەی کەلوپەلی کۆنی کوردەواری ماوە "سێ ئەوەندی ئەو شتانەی لێرە بوون لەماڵەوە هەمە، ئەگەر حکومەت هاوکاریم بکات، دەتوانم ئەنتیکەخانەیەکی زۆر رێکوپێکتر لەوەی پێشووتر دابنێم".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەلوپەلانەی لەنێو ئەنتیکەخانەکەیدا بوون، خالیس گوتی "تەنیا خوا دەزانێ چی تێدابوو، دەتوانم بڵێم دە ملیۆن پارچە کەلوپەلی کۆنی کوردەواری و کتێب و وێنەی مێژوویی کۆنی تێدابوو".

خالس یونس 40 ساڵە خولیای کۆکردنەوەی کەلوپەلی کۆنی کوردەواری و ئەرشیفە، کە بەملیۆنەها پارچە کەلوپەلی کۆنی کوردەواری کۆ کردووەتەوە، بەڵام زۆر بەداخە کە 10 پارچە کەلوپەلی لەماوەی تەنیا کاژێرو نیوێکدا بووە خەڵوز.

ئەو گلەیی زۆری لەپیاوانی ئاگر کوژێنەوە هەبوو کە کەمتەرخەم بوون لەکوژاندنەوەی ئاگرەکە، خالیس کە دەنگی نووسابوو گوتی "ئەوەندەی هاواری پۆلیسەکانی ئاگر کوژێنەوە بکەم دەنگم نووساوە، ئەگەر ئەوان کەمتەرخەم نەبوونایە، ئەنتیکەخانەکە بەتەواوی نەدەسووتا، سەرەتا یەک ئۆتۆمبێل هات ئەویش نەیتوانی بێتە ژوورەوە، ئۆتۆمبێلی دیکەیان هێنا سۆندەی کورت بوو، قادرمەیان پێنەبوو".



ئەنتیکەخانەی هەولێر دوای سووتانی (فۆتۆ: رووداو)

خالیس خۆی بەخاوەنی ئەو ئەنتیکەخانەیە نازانێت، دەڵێت ئەو ئەنتیکەخانەیە موڵکی هەموو کورد بوو، بەڵام زۆر داخبار بوو کە هیچ لایەنێکی حیزبی و حکومی لێی نەپرسیوەتەوە، جگە لەپارێزگاری هەولێر. لەبەرامبەر ئەوەشدا خالس گوتی "حەز دەکەم بە مانشێتێکی گەورە بنووسن سوپاسی کاک نەوزاد هادی دەکەم، کە لەکاتی ئاگر کەوتنەوەکە دڵنەوایی دامەوە، ئەوە چەند رۆژ بەسەر رووداوەکە تێپەڕیوە تاکە بەرپرس کە لێی پرسیبمەوە تەنیا پارێزگاری هەولێر بوو".

کاتێک خالیس لەخۆڵەمێشی کەلوپەلە سووتاوەکان رادەما، (رووداو) پرسیاری لێکرد کە ئاخۆ زیاتر بەسووتانی چ شتێکی ناو ئەنتیکەخانەکە خەمباربووە، گوتی "بە پلە یەک بەو سجلە دڵگرانبووم، کە ئەدیبان و رۆشنبیران و سیاسەتمەداران کە سەردانیان دەکرد یادگاری خۆیان تێدا دەنووسی، بە پلە دووەمیش بە سێ پوولەکەی شێخ مەحمودی حەفید دڵگرانبووم، چونکە من تاکە کەس بووم نوسخەی ئەسڵی ئەو سێ پوولەم هەبوو، کە لەسەری نووسرابوو حکومەتی جنوبی کوردستان".

دوای سێ شەو و رۆژ لە ئاگرتێبەربوونی ئەنتیکەخانەکەی، هەر سەیری کەلوپەلە بە خۆڵەمێش بوو و پاشماوە رەشهەڵگەڕاوەکانی ناو ئەنتیکەخانەکەی دەکرد. هەستێکی زۆر خەماوی دایگرتبوو و چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون و دەڵێت "نازانم چی بڵێم ئیحساسیش ناکات، باوەڕ بکەن تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە بووم، برادەری خۆم سەردانی کردووم نەمناسیوەتەوە، کە بەرێگادا دەڕۆم ئاگام لەخۆم نییە".



## کوردستانی

**بێشكچی:**
**PKK زۆر گەورەیە بەڵام داواكانی زۆر بچووكن**



◆ كۆمەڵناس و لێكۆڵینەڤانی نێوداری توركیا د.ئیسماعیل بێشكچی، دەڵێ "PKK هەتابڵێی بزووتنەوەیەكی گەورەیە، بەڵام داواكانی زۆر زۆر بچووكن"، بێشكچی كە پشتیوانی لە دروشمی پێشووی PKK دەكرد بۆ سەربەخۆیی كوردستان، لەو وتوێژەیدا كە لەگەڵ رۆژنامەڤان حەسەن بیلدرج ئەنجامیداوە رەخنە لە سەرۆكی PKK عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەگرێ و دەڵێ " ئۆجەلان دژی دەوڵەتبوونە كەچی رەخنە لە دەوڵەتی توركیاش ناگرێ كە ستەم لە كورد دەكات"، هەروەها دەڵێ "ئۆجەلان دەڵێ من دژی نەتەوەپەرستیی تورك و عەرەب و فارس و كوردم، بەڵام ئەوە هەڵەیە چونكە نەتەوەپەرستی كورد و ئەو نەتەوانە زۆر جیاوازە لەیەكتری".

رووداو-netkurd

# AKP لەباكووری كوردستان دەترسێ

## "ئەردۆغان دڵی كوردانی رەنجاندووە"

### موراد بۆزلاق سەرۆكی پارتی قەدەخەكراوی HADEP

**هێمن خۆشناو**
**رووداو-هەولێر**

هەرچەندە چوار مانگ ماوە بۆ هەڵبژاردنە هەرێمییەكان (شارەوانییەكان)ی توركیا، بەڵام راپرسییەكان دەریدەخەن كە پارتی داد و گەشەپێدا AKP لەشارەكانی توركیا لە پێش پارتەكانی دیكەوەیە، لەشارەكانی باكووری كوردستانیش پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی DTP لە پێش هەموو پارتەكانەوەیە .هەرچەندە پارتی ماف و ئازادییەكان HAKPAR یش، كە پارتێكی كوردییە بریاریداوە بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا بكات.

بەگوێرەی ئەو راپرسیەی هەردوو كۆمپانیای كۆنداوتەها ئەردەم ئەنجامیانداوە، لە هەڵبژاردنی داهاتووی شارەوانییەكان كە لە2008/3/29 دا لە توركیا و باكووری كوردستان دەكرێ AKP زۆرینەی دەنگەكان بەدەستدێنێت، پارتی كۆماری CHP و پارتی بزووتنەوەی میللی MHPیش بەپلەی دووەم و سێیەم دێن. AKP لەهەڵبژاردنی شارەوانییەكانی ساڵی 2004دا توانی لەكۆی 16 شارەوانی گەورە 12 شارەوانی بەدەستبێنێت، ئێستاش كار بۆ ئەوە دەكات گەورەترین شارەوانی باكووری كوردستان كە شارەوانی ئامادە لەدەستی پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی كوردیDTP دەربێنێت.

بایرام بۆزلی سەرۆكی HAKPAR كە لە كۆتایی مانگی رابردوودا لە كۆنگرەی پارتەكەیاندا بەسەرۆك هەڵبژێردرا، لەلێدوانێكدا بۆ (رووداو) پێشبینی ئەوەدەكات AKP جارێكی دیكە ببێتە پارتی یەكەمین لە توركیا و زۆربەی شارەوانییەكان بەدەستدێنێتەوە .بەڵام بایرام وای بۆ دەچێت ئەگەر پارتە كوردییەكان لەمێرسین بتوانن یەكبگرن " دەتوانن شارەوانی ئەو پارێزگایە بەدەست بێنن، چونكە ئێستا 50%ی دانیشتووانی مێرسین كوردن" .

هەر لەئەنجامی زیادبوونی ژمارەی كورد لەوشارەی توركیادا، ساڵی رابردوو چەند خۆپیشاندانێكی شۆڤێنیانە لەلایەن توركەكانەوە دژی زۆربوونی ژمارەی كورد لە مێرسین سازكران و تێیدا داوایان لە حكومەتی توركیا كرد رێ لە زیادبوونی كورد لەوشارەدا بگرێت، بە راگرتنی هاتن و زۆر منداڵبوونیان. ئەمساڵیش مێرسین یەكێكبوو لەو شارانەی كە تێیدا توركە شۆڤێنییەكان هێرشیانكردە سەر دوكان و ماڵ و قوتابییە منداڵەكانی كورد.

هەرچەندە AKP دڵنیایە لەسەركەوتنی لە شارەكانی توركیا، بەڵام بۆ شارەكانی باكووری كوردستان ترسی لێ نیشتووە، هەرچەندە ئەوە بەشێوەیەكی پێچەوانە دەربڕێ.لێدوانەكانی ئەم دواییەی ئەردۆغان دژی هاووڵاتیانی كورد زیاتر جەماوەری پارتەكەی لە شارەكانی باكووری كوردستان كەمكردەوە، كاتێك رەوایەتی دا بە هێرشە شۆڤێنییەكانی توركان دژی ماڵ و دوكان و منداڵانی كورد و گوتی " "ئارامی نەما، هاووڵاتیان بۆیان هەیە ئەگەر بتوانن خۆیان بپارێزن"،هەروەها ئەو دروشمەی دووپاتكردەوە كە توركیا وڵاتی یەك میللەت و یەك ئاڵا و یەك وڵاتە، گوتیشی ئەوەی ئاڵای توركیا بەرزنەكاتەوەو بڕوای بەو دروشمە نەبێ با لە توركیا بڕوات.

كوردیش وەڵامی ئەو لێدوانانەی ئەردۆغانیان دایەوە، ئەحمەد توركی سەرۆكی DTP ئەو لێدوانانەی وەك "فتوای كوشتنی كورد" دانان و موراد قەرەیلانی سەرۆكی كۆنسەی سەرۆكایەتی PKK یش گوتی "كورد خاكی خۆی بە جێناهێڵێ، كورد پێش هەزاران ساڵ لێرە پەیدابووەو لێرەش دەمێنێ، بەڵام تورك هەمووی هەشت سەت ساڵێكە وەك هێزێكی داگیركەر هاتوونەتە ناوچەكە و هیچ كوردێكی بەشەرەفیش ئامادەنییە ئاڵای دەوڵەتێك هەڵگرێ كە سەرەتاییترین مافەكانی نادات و كورد ئاڵای خۆیان بەرزدەكەنەوە" .هەروەها چەند نووسەرێكی توركیش ئەو لێدوانانەی ئەردۆغانیان بە "فاشیستانە" وەسفكردن.

بەڵام محەممەد مەتینەر، نووسەر و رۆژنامەنووس،كە بە رەچەڵەك كوردە و لەهەڵبژاردنی پێشوودا راوێژكاری ئەردۆغان بوو لەلێدوانێكدا بۆ (رووداو) پێداگیری لەسەر ئەوە كرد كە AKP پارتی یەكەمە چونكە پارتەكە هێزی خۆی لەسیاسەت دەگرێت و داوا دەكات كێشەی كورد لەسەر بنەما دیموكراتیەكان چارەسەر بكرێت، هەروەها پێیوایە قسەكانی سەرۆك وەزیران " كاردانەوەیەكە بەرامبەر هەڵوێستی لایەنگرانی PKKو DTP، چەمك و سیاسەتی سەرۆك وەزیر بەرامبەر بەكورد هیچ گۆڕانێكی بەسەر دانەهاتووە".

موراد بۆزلاق سەرۆكی پارتی قەدەخەكراوی HADEPیش لە لێدوانێكدا بۆ (رووداو) ئاماژەی بەوە دا كە "ئەردۆغان بەقسەكانی دڵی كوردی رەنجاندووە، ئەوەش نیشاندەدات كە كورد وەكو هەڵبژاردنی پێشوو دەنگ بە AKP نادەن".

بەمەبەستی خۆ ئامادەكردن بۆ هەڵبژاردنی شارەوانی كە بڕیارە لە 2009/3/29 لەتوركیاو باكووری كوردستان ئەنجامبدرێت، رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆك وەزیران گەشتێكی بۆ باكووری كوردستان ئەنجامدا،بەڵام بەپێچەوانەی گەشتەكانی پێشوو، ئەردۆغان رووبەڕووی نارەزایی و خۆپیشاندانی جەماوەریی گەورە بووەوە و كار گەیشتە ئەوەی پاككەرەوەكان شەقامەكان بەپیسی بەجێبهێڵن و دوكاندارانیش دەرگای دوكانەكانیان دابخەن.

مەتینەر لەبایەخی ئەو خۆپیشاندانانە كەمدەكاتەوەو پێیوایە "ئەوانەی ئەو خۆپیشاندانانە ئەنجامدەدەن و رێكدەخەن كەمینەن و لایەنگرانی PKKو DTPن و هەندێكیشیان لەژێر هەڕەشە دەچنە ناو ئەو خۆپیشاندانانە". هەروەها جەخت لەوە دەكاتەوەكە "زۆربەی گەلی كورد دوورەپەرێزە لەوخۆپیشاندانەوپێموایە لەكاتی هەڵبژاردنەكان ئەوانە زۆربەیان دەنگ بۆ AKP دەدەن".

بەڵام بایرام ئاڵتان، یاریدەدەری هاوسەرۆكی DTP پێیوایە، گلۆپی AKP، كە ئارمی AKPیە لە باكووری كوردستان دەستی بە كوژانەوە كردووە" ئیدی گەلی كورد زۆر بەباشی راستی ئەردۆغانی ناسیووە، ئەوانەی لەهەڵبژاردنی پێشووش دەنگیان پێداوە پەشیمانن، لەبەر ئەوەش ئەردۆغان دەڵێت یان ئەوەتا ئێوە حەز لەمن دەكەن یان دەبێ برۆن".

لەهەڵبژاردنەكانی رابردووDTP چەندین شارەوانی وەكو سێرت و ئاگری و وانی لەدەستدا، لەئامەدیش كە بە قەڵای DTP ناسراوە بەجیاوازییەكی زۆر كەم لە AKPی بردەوە، كار گەیشتە ئەوەی ئەردۆغان بڵێت

## زۆربەی كورد دەنگ AKP دەدەنە

محەممەد مەتینەر
راوێژكاری پێشووی ئەردۆغان

"یان ئامەد یان ئامەد" . ئێستا شەڕی هەردوو لا لەسەر شارەوانی ئامەدە.

بایرام ئاڵتان، پێیوایە ئەو بانگەشەیەی AKP لەترسی لەدەستدانی شارەوانییەكانی دیكەی باكووری كوردستانە "ئامەد قەڵایەكی پتەوە، بەو بانگەشەیە هەوڵدەدەن ئێمە بەئامەد خەریك بكەن، بۆ ئەوەی لەبایەخدان بە شارەوانییەكانی دیكە دوورمان بخەنەوە" .

راوێژكاری پێشووی سەرۆك وەزیرانی توركیا بۆ كاروباری هەڵبژاردنەكان ئاماژە بەوە دەكات" كە ئەگەر DTP ئامەد بباتەوە مانای ئەوە نییە هەموو باشووری رۆژهەڵات دەباتەوە، چونكە شارەوانی دیكە لەو ناوچەیە هەن كە گرنگیان لە شارەوانی ئامەد كەمتر نییە" .

بەگوێرەی راپرسییەكەی هەردوو كۆمپانیای كۆندا و تەها ئەردەم، لە باكووری كوردستان DTP لەپێش AKPیە، هەتا دەچێت جیاوازییەكە بەلای DTPدا دەشكێتەوە .

محەممەد مەتینەر پێیوایە ئەنجامی ئەو راپرسییە بابەتیانە نییە" ئەگەر DTP باوەڕی بەخۆی هەیە با چەكەكان بێدەنگ بكات و دەرفەت بدات هاووڵاتیان بە ئازادانە دەنگبدەن و با واز لە هەڕەشەكردن لەكەسانی ناڕازی لەهەرێمەكە بێنێت، ئەوكات دەردەكەوێت AKP زیاتر دەنگ بە دەست دێنێت یان DTP" . بەڵام سەرۆكی پارتی قەدەخەكراوی HADEP پێیوایە ئەنجامی راپرسییەكە بابەتیانەیە "هەموو دەرگاكان بەرەو رووی DTP كراونەتەوە، تەنیا ئەوە ماوە كە ئەو پارتە سوود لە هەڵەكانی رابردووی وەربگرێت" .

پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی DTP، تاوەكو ئێستا كاندیدەكانی خۆی بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەكان دیارینەكردووە، میدیاكانی توركیا وای لێكدەدەنەوە، كە DTP لەسەر كاندیدی شاری ئامەد ناكۆكی لەنێواندا هەیە،بەڵام موراد بۆزلاق بەبیانووی ئەوەی كە ئێستا لەنێو پارتەكەدا نەماوە، قسەی لەسەر ئەو مەسەلەیە نەكردو گوتی "وا چاكە سەرەتا بانگی ئەو كەسانە بكەن كە ئارەزووی خۆ كاندید كردنیان هەیە، دواتریش لەناو ئەوانەدا كاندیدی هەرە گونجاو دیاریبكەن" .

ئێستا جگە لە DTP دوو پارتی دیكەی یاسایی كورد لە توركیا هەن .بەڵام لەسەرجەم ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانی و هەرێمیانەی لەتوركیا ئەنجامدراون جگە لە لە DTP و ئەو پارتانەی كە DTP بەدرێژكراوەی ئەوان دەژمێردرێ، هیچ پارتێكی دیكەی كوردی بەشداری نەكردووە، بەڵام سەرۆكی HAKPAR بە (رووداو)ی راگەیاند كەئەوانیش بڕیاریانداوە ئەمساڵ بەشداری هەڵبژاردن بكەن.



پۆلیسی تورك بە شێوەیەكی توندوتیژ رووبەڕووی نارەزایی كورد دەبێتەوە (فۆتۆ:DIHA)

# كوردانی یاسایی لە توركیا

**رووداو-هەولێر**

ئەگەر یەكێتی ئەوروپا نەبووایە رەنگە تا ئێستاش كتێبەكەی ئەیوب دەمیر هەر لە ئەرشیفەكەیدا مابایەوەو رووناكی چاپی بەخۆیەوە نەبینیبا، ئەیوب دەڵێ "بەهۆی ئەوەی توركیا ناچار بوو لەژێر فشاری یەكێتی ئەورپا هەندێك گۆڕانكاری لەیاساكانی چاپەمەنیدا بكات، دەرفەرتم بۆ رەخسا پەرتووكەكەم چاپ بكەم".

دەڵێن پێویستی دایكی داهێنانە، ئەیوب دەمیر، نووسەری پەرتووكی (كوردانی یاسایی- Yasal Kürtler) بە لەبەر چاو گرتنی ئەو راستییە، زێدەباری ئاستەنگەكان ئەو پەرتووكەی نووسی، كە لە 584 لاپەڕە پێكهاتووەو پشت ئەستوورە بە بەڵگەنامەی مێژوویی، نێوەڕۆكەكەشی باس لە قۆناخی كاری سیاسەتی یاسایی كورد دەكات لەباكووری كوردستان. كتێبەكە كە بەزمانی توركی نووسراوە دەنگدانەوەیەكی زۆری هەبووە لەنێو میدیای توركی و تا ئێستا چەندین رۆژنامەنووس بابەتیان لەبارەیەوە نووسیوە.

نووسینی پەرتووك و لێكۆڵینەوە لەبارەی دۆزی كورد، لەتوركیا كارێكی ئاسان نییە، بەتایبەتی نووسینی پەرتووكێكی وەك ئەوەی ئەیوب دەمیر، چونكە دەمیر لەپەرتووكەكەدا زۆر بەراشكاوانە رەخنە لەسیاسەتی دەوڵەت دەگرێت و رەخنەكانیشی بەبەڵگە پشت راستدەكاتەوە .جگە لەوەی كە رەخنە لە حیزبە كوردییەكانیش دەگرێت.

ئەیوب دەمیر دەڵێت ئەگەر پرۆسەی چوونە ناو یەكێتی ئەوروپا بۆ توركیا لەئارادا نەبووایە، رێگەدان بە چاپكردنی پەرتووكەكەی زۆر زەحمەت بوو "توركیا لەژێر فشاری یەكێتی ئەوروپا ناچاربوو دەستكاری یاساكانی چاپەمەنی بكات، بەو جۆرە دەرفەتم بۆ رەخسا پەرتووكەكەم چاپ بكەم".

بەو پێیەی نووسەر ماوەیەك وەكو راوێژكار لەهەردوو پارتی كوردی باكووری كوردستان HADAP و DEHAP كاریكردووە، ئەو كار كردنەی هاندەرێكی باش بووە بۆ نووسینی كتێبەكەی و بەهۆی كاركردنی لەو دوو حیزبە زانیوەتی كێشەو كەموكوڕییەكانی پارتە كوردییە مۆڵەتدارەكان لە توركیا لەچییەوە سەرچاوەیات گرتووە "لەنزیكەوە ئاشنای كەموكرپییەكانی حیزبە كوردییە یاساییەكانی باكووری كوردستان بووم".

ئەیوب دەمیر، ئامانجی خۆی لەنووسینی ئەو كتێبە بۆ (رووداو) روونده‌كاتەوەو دەڵێت "ئامانجی من لەنووسینی ئەو پەرتووكە زیندوو هێشتنەوەی مێژووی خەباتی یاسایی كوردە لەباكووری كوردستان".

ئەوەی لەو كتێبە تێبینی دەكرێت، كتێبەكە پشت ئەستوورە بە زانیاری و بەڵگەنامەو شیكردنەوە، بۆیە ئێستا وەك كتبێكی دیكۆمێنتی لەتوركیا سەیر دەكرێت.

فەرەیدون یازار، نووسەر و سەرۆكی پارتی قەدەخەكراوی HEP، كە یەكەم حیزبی یاسایی بوو لە توركیا لە ساڵی 1991 دامەزرا و توانی بە هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی سۆسیالیست بە سەرۆكایەتی ئینونو بگاتە پەرمامان، پێیوایە "زۆربەی زانیاری و بەڵگە مێژووییەكانی ناو كتێبەكەی ئەیوب دەمیر بابەتیانەن و راستن، ئەمەش وایكردووە، كتێبە كە بایەخی خۆی هەبێت". یازار هەروەها دەڵێ"پەرتووكەكە بۆ هەموو كەس رێنوێنی و رێ نیشاندەرە، چونكە كەموكوڕییەكان و سیاسەتە ناڕاستەكانی بابەتیانە شرۆڤە كردووە".

نووسینی پەرتووكی دیكۆمێنتی ومێژوویی لەرەوشێكی نائاسایی وەكو ئەوەی لە توركیا هەیە زۆر زەحمەتە، چونكە لەلایەك هەموو شتێك دەربارەی كورد رێگە پێنەدراوە و لەلایەكەی دیكەش لەبەر ئەوەی گەلی كورد گەلێكی ژێر دەستەیە سەرچاوە و زانیاریەكانی لە دەست دانەماوە.

نووسەری ناوبراو دەڵێت كاتێك دەستی بەنووسینی ئەو پەرتووكە كرد سەرەتا زۆر هەستی بە ترس كردووە "چونكە هیچ بەڵگەیەك نەمابوو، كاتێك دەربارەی بەڵگەنامەیەك پرسیارم دەكرد زۆربەی وەڵامەكان دەیانگووت ئەو ئەرشیفەمان لە فلان شوێن حەشار دابوو، بەڵام دواتر ونبوو، یان دەیانگووت پۆلیس دەستی بەسەر داگرت". بەڵام ئەیوب كۆڵنادات "شوێن بەشوێن بەدوای بەڵگەنامەدا دەگەڕام و بە 4 ساڵ كتێبەكەم تەواو كرد".

هەرچەندە پێشتریش لەتوركیا چەندین كتێب دەربارەی كورد نووسراون، بەڵام هیچیان بەقەد كتێبی (كوردانی یاسایی)ی ئەیوب دەمیر لەنێو میدیای توركی دەنگی نەدایەوە و قسەی لەسەر نەكرا. تەنانەت هەندێك لەمیدیای توركی لەجیاتی رەخنە لێگرتن بە كێتبەكەیاندا هەڵدا. ئەمەش لەكاتێكدایە ئەو كتێبە لەنێو كوردا زۆر جێی بایەخی نییە.

تەها ئاكیۆڵ، رۆژنامەنووسی ناوداری توركیا لە بەرنامەیەكی تەلەڤزیۆنی CNN باسی لەو پەرتووكە كرد و گوتی "ئەو زانیاریانەی لەكتێبەكەدا هەن شایەنی لێكۆڵینەوەن".

هەروەها رۆژنامەنووسی نێوداری تورك، محەممەد جیڤا ئۆغلو لەگۆشەكەی خۆی لەرۆژنامەی (میللیەت)ی توركی بەرگی پەرتووكەی نیشاندابوو و گوتبووی هەرچەندە ئەو لەگەڵ هزری ئەیوب دەمیری نووسەر ناكۆكە، بەڵام"لایەنە كۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆژی پەرتووكەكەی شایەنی قسە لەسەر كردنن".

ئەیوب دەمیر پێیوایە گرنگی پێدانی میدیای توركی بە پەرتووكەكە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە "رەخنەم لە هەردوو لایەنی كوردی و توركی گرتووەو یەك لایەنانە سەیری مەسەلەكەم نەكردووە".

ئەیوب دەمیر، كە ئێستا لەباشووری كوردستان لەگەڵ كۆمپانیایەكی توركی كار دەكات، ئەو پەرتووكەی لەسەر خەرجی خۆی بەرهەم هێناوە و دەڵێت" لەبەر ئەوەی ئەو پەرتووكە بەشێوەیەكی رەخنەگرانە سەیری مێژووی خەباتی یاسایی كورد دەكات لە باكووری كوردستان، شارەوانییە كوردییەكان ئامادە نەبوون یارمەتیم بدەن". ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت كە نووسەر سەرەرای ئەو كۆسپ و زەحمەتییانەی رووبەڕووی بوونەتەوە ئامادە نەبووە لەئامانجەكانی نووسینی ئەو پەرتووكە پا شگە ز ببێتەوە.




**ئەیوب دەمیر**

– لەساڵی 1973 لەشاری چەولیك (بینگۆل) لەباكووری كوردستان لەدایكبووە.
– ساڵی 1996 بەشی هونەری و وێنەیی لە زانكۆی گازی شاری ئەنقەرە تەواو كردووە.
– ساڵی 1996 دەستی بەكاری رۆژنامەنووسی كردووە، لە چەندین رۆژنامە و تەلەڤزیۆنی كوردی كاری كردووە.
–خاوەنی سێ پەرتووكە. ئێستاش سەرقاڵی ئامادەكرنی لێكۆڵینەوەیەكی ئابووری و كۆمەڵایەتییە لەسەر باشووری كوردستان.



## کاروباری سیاسی

**مەحمود عوسمان**
**ناچێتە ناو یەکگرتنی**
**سۆسیالیست و زەحمەتکێشان**



**ڕووداو-بەغدا**

◆ دوای ئەوەی محەممەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیست بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پێیانخۆشە دکتۆر مەحمود بچێتە ناو ئەو حیزبەی لە ئەنجامی یەکگرتنی سۆسیالیست و زەحمەتکێشاندا دروستدەبێ.دکتۆر مەحمود لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند "من دەستخۆشیان لێدەکەم ئەگەر یەکبگرن، بەڵام من خۆم ناچمە ناو هیچ حیزبێکەوەو هیچ حیزبێکیش دروستناکەم و وەک کەسێکی سەربەخۆ دەمێنمەوەو باوەڕم وایە بەو شێوەی ئێستا دەتوانم زیاتر خزمەتبکەم".

# قوباد تاڵەبانی لە میکانیککارەوە بۆ سیاسەتکار

## "دڵنیام لەوەی بەڕێوەبەرایەتی داهاتووی ئەمەریکا بەباشی گوێ لە فەرمانەدەکان دەگرن لە عێراق"



**جۆرج برایسن**

باوکی سەرۆکی عێراقە و ئەگەر هەرێمە کوردییەکەی لە باکوری عێراق وڵات بووایە، ئەوا قوباد تاڵەبانی تەمەن 30 ساڵ باڵیۆزی وڵاتەکەی دەبوو.

تاڵەبانی ئەم هەفتەیە سەردانی ولایەتی ئالاسکا دەکات بۆ بەشداریکردن لە مێزگردی لیژنەی کاروباری جیهانی و لەسەر داهاتووی گەلەکەی قسە دەکات.

تاڵەبانی وەک"نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا" هیوادارە ئەو نازناوە، لەگەڵ پێوەندی پتەوی دیپلوماسی نێوان کوردستان و ئەمەریکا لەژێر ئیدارەی ئۆبامای سەرۆکی هەڵبژێردراویش هەر بەردەوام بێت، هەروەکو سەردەمی سەرۆک بوش.

ساڵ و نیوێک لەمەوپێش، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری (ئیسکوایەر)، قوباد نیگەرانی خۆی نیشاندا بەوەی کشانەوەی لەناکاوی سوپای ئەمەریکا لە عێراق، دەرئەنجامێکی کارەساتاوی بۆ خەڵکەکەی دەبێت.

### ئەی ئێستا؟

تاڵەبانی لەو بارەیەوە لە نووسینگەکەی لە واشنتن گوتی" هەمان بیروبۆچوون و هەستم هەیە، بەڵام کشانەوە چەند شێوازێکی هەیە. من لەو باوەڕەدا نیم کەس باس لە کشانەوەی لەناکاوو بەپەلە بکات، ئەوان دەیانەوێت کشانەوەکە بەرپرسیارانە، هاوسەنگ و هێمنانە بێت. دڵنیام لەوەی کە ئیدارەی داهاتوو بەباشی گوێ لە فەرماندەکانیان دەگرن کە لەعێراقدان".

ڕەنگە کەس لە کورد زیاتر ئازار و ئەشکەنجەی لەژێر دەستی سەدام و حزبی بەعس نەچێشتبێت. لە کۆتایی ساڵانی 1980 چەندین هێرشی جینۆسایدکردن کرایە سەکورد و بە سەدان گوندیان لەناوبران و زیاتر لە 50 هەزار کوردی سڤیل بوونە قوربانی، بۆیە کەس لە کوردەکان خۆشحاڵتر نەبوو بە هێرشەکانی ساڵی 2003 ی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق کە بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن.

لە دوای داگیرکردنی عێراقەوە هەرێمی کوردی لە باکوور بەرەو پێشەوە ڕۆیشتووە، لەکاتێکدا شەڕو توندوتیژی ناوەڕاست و باشووری عێراق هەموو هەواڵەکانی داگیر کردووە، تاڵەبانی لەو بارەیەوە گوتی "کوردستان ئارامترین پارچەی عێراقە. کوردستان عێراقەکەی دیکەیە".

نێزیکەی 4 ملیۆن کورد لە کوردستاندا دەژین، کە ناوچەیەکە شەش ئەوەندە لە ئۆریگن-ی ئەمەریکی گەورەترە، کە هەمان ژمارەی دانیشتووانی هەیە، ئەوان بە زمانی کوردی قسە دەکەن کە زمانێکی ئێرانییە و هەرگیزیش بەو (چارەسەر)ەی بەریتانیا خۆشحاڵ و ڕازی نەبوون کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، کوردی بە عەرەبی شیعە و سوننەوە لە کۆماری عێراقدا بەستەوە.

نێزیکەی 50 ساڵ لەمەوبەر، باوکی قوباد، جەلال تاڵەبانی، یەکێک بوو لە پێشمەرگەکانی کورد، کە لە ساڵی 1975دا حزبی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دامەزراند کە شۆڕشی چەکداری لەناوخۆی عێراقدا دەست پێکرد، پێش ئەوەی ناچار بکرێت و بەرەو سوریا هەڵبێت.

قوباد لە ئینگلتەرا گەورە بووە. لە زانکۆی کینگستن لەنێزیک شاری لەندەن کۆلێجی ئەندازیاری میکانیکی تەواو کردووە. بۆ ماوەیەکی کەم وەکو میکانیکارێک کاری کردووە. لە سەرەتای ساڵانی 2000 تاڵەبانی دەچێتە واشنتن دی سی و لەوێ دەست دەکات بە لۆبی کردن لەپێناو بەدەست هێنانی سەربەخۆیی بۆکورد.

لە هەمانکاتدا، باوکی لە سەرەتای ساڵانی 1990 گەڕاوە عێراق، هاوکاری وسەرپەرشتی ڕاپەڕینی کوردەکانی کرد. پاشان کاری لەگەڵ ئەمەریکا، بەریتانیا و تورکیا کرد بەمەبەستی شەڕراگرتن ودانوستاندن لەگەڵ سەددام حوسێن و دامەزراندنی "پەناگەی ئارام"، کە بووە هۆی دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

بەپێی ژیاننامەی جەلال تاڵەبانی کە لە سایتی یەکێتی بڵاوکراوەتەوە،وا باسی تاڵەبانی کراوە کە کەسێکی" عەلمانییەوباوەڕی بە دیموکراسی وپێکەوە ژیان ویەکسانی ومافەکانی ژنان هەیە".لە ساڵی 2005 تاڵەبانی بە سەرۆکی عێراق هەڵبژێردرا.

ئەو سەقامگیرییە سیاسی و ئارامییەی ئەمڕۆی کوردستان، کە قوباد تاڵەبانی باسی دەکات، پێناسەی تەواوی وێنەکە نییە. هەندێ جار بارودۆخ لەسەر سنوورەکانی هەرێمەکە تێکدەچێت، سوریا لە ڕۆژئاواوە، تورکیا لە باکوور وئێرانیش لە ڕۆژهەڵاتەوە، تەنانەت عێراقیش کێشە بۆ هەرێمەکە دروستدەکەن.

لەگەڵ عێراقییەکان لەسەر داهاتووی شاری کەرکووک ناکۆکن، کوردەکان بەو هیوایەن شاری کەرکووک بێتە ژێر کۆنترۆڵیان، قوباد گوتی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئاستی توندوتیژی دژی کورد لە کەرکووک کەم بووەتەوە. قوباد تاڵەبانی لەپاڵ سەرزەنشتکردنی هێرشەکانی ئەم دواییەی تورکیا و ئێران، گوتی"ئەو هێرشانە ژیانی هاووڵاتیانی ئاسایی ئەو ناوچەیە نالەبار ناکا".

### ئەی سبەینێ چی ڕوودەدات؟

تاڵەبانی لە وەڵامدا گوتی " حەزم دەکرد پێشبینیکار بم و پێت بڵێم داهاتووی ئێمە چۆن دەبێت. ئێمە ئەمەریکا بە دۆست وهاوپەیمانێکی گرینگی خۆمان دادەنێین و هیواداریشین کە لەسەر ئەو دۆستایەتییە بەردەوام بین".

**لە ڕۆژنامەی Anchorge-ی ئەمەریکی**

## محەممەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالست:

# کام ناو لای زەحمەتکێشان باشە با ئەوە بێت



**دوای سەرنەگرتنی هەوڵەکەیان لەساڵی 2005 ، جارێکیتر پرسی یەکگرتنی هەردوو حیزبی سۆسیالیست و زەحمەتکێشان نوێبووەتەوە. کە زەحمەتکێشان لەساڵی 1984 لە کەشێکی پڕ ئاڵۆزدا لە سۆسیالیست جیابووەوە. ئێستا محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست ئامادەیی نیشانداوە کە ڕازیبێت لەسەر ئەوەی قادر عەزیزی سکرتێری زەحمەتکێشان ببێتە سکرتێری ئەو حیزبە نوێیە، هەروەها لەو هەڤپەیڤینەی دا لەگەڵ (ڕووداو) ئامادەیی خۆیان نیشاندەدات بۆ ڕازیبوون بەو ناوەی لەلایەن زەحمەتکێشانەوە پێشنیاز دەکرێ.**

**ڕووداو-سلێمانی**

**ڕووداو:پرسی یەککرتنی حیزبی زەحمەتکێشان و سۆسیالست نوێبووەتەوە، تاچەند گەشبینن ئەمجارە سەربگرێت؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:** زۆر گەشبینم.

**ڕووداو:گەشبینی ئێوە بەهۆی چییەوەیە لەکاتێکدا هەندێ کەس پێیانوایە سەرناگرێت؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:**کاتی خۆی ئێمە یەک حیزب بووین، بارودۆخی ئێستاش بەشێوەیەک دەڕوات، هەلومەرجی عێراق و کوردستان و ناوچەکەش ئەوە دەخوازێت کە ئەوانەی بیروڕایان لەیەکەوە نزیکە بەیەکەوە کاربکەن، ئەمە پایەی جەماوەریشمان بەهێزتر دەکات.

**ڕووداو: قادر عەزیز دەڵێ ئێمە پێمان باشە ناوی حیزبەکە بزووتنەوەی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان بێت، ئایا ئێوە بەوناوە ڕازین؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:**هەردوولامان لەدانوستاندایین، دەمانەوێ حیزبە نوێیەکە لە شتە باشەکانی هەردووحیزبەکە پێکبێت. کام ناو لای زەحمەتکێشان باشە بائەوە بێت، یاخود لای سۆسیالست کامە باشە، دواتر کامەیان لەگەڵ هەلومەرجەکە دونیای نوێ دەگونجێت با ئەوەبێت و لەمەدا هیچ لارییەکمان نییە، بەڵام دەبێت شتێکی واقیعیانە بێت و لەگەڵ داهاتووی ئێمەدا بگونجێت.

**ڕووداو:پێتانباشە لەسەر بیروباوەڕی سۆسیال دیموکرات،بێ؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:**ڕەنگە بۆچوونی ئێمە وابێت،22 وڵاتی ئەوروپی لەلایەن حیزبی سۆسیال دیموکراتەوە بەڕێوەدەبرێن یان حیزبی دووەمن، لەپەرلەمانی ئەوروپادا ڕۆڵی بڕیاردانی سیاسییان هەیە،ئێمەش پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا بەستووە لەماوەی ڕابردوودا وەفدێکی سۆسیالست دیموکراتی ئەڵمانیا لەسلێمانی سەردانیان کردین، ئەگەر سۆسیالست دیموکرات نەبووایە سەردانیان نەدەکرین، یاخود ئەو بانگەشانەی کەئێمەیان بانگکردووە بۆ ئەڵمانیا و هۆڵەندا و دانیمارک لەسەر ڕۆشنایی ئەو پەیوەندییانە بووە، بۆیە پێمان باشە کام لەو بەرنامانەی لەگەڵ ئێستادا دەگونجێن، ئەوە هەڵبژێرین.

**ڕووداو:نیازتان هەیە دکتۆر مەحمود عوسمانیش بێننە نێو ئەو حیزبە تازەیە؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:**تائێستا ئەوەمان باس نەکردووە، لە ساڵانی 2003و 2004دا ئەوەمان باسکرد، بەڵام دکتۆر مەحمود هەرکات بێتەوە، حیزب حیزبی خۆیەتی.

**ڕووداو:بەنیازن بۆ ئەو مەبەستە قسەی لەگەڵ بکەن؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:**دەبێت لەگەڵ هاوڕێیانی زەحمەتکێشان قسە لەوبارەوە بکەین، هەرچەندە تائێستا باسمان نەکردووە.

**ڕووداو:بەنیازنین ئەوانەی لە زەحمەتکێشان و سۆسیالیستیش دابڕاون بیانگەڕێننەوە؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:**خەڵکی بێلایەن و کەسانی دیکەش هەن بانگدەکرێن، مەسەلەکەش زیادکردنی ژمارە نییە، بەڵکو لەڕووی مەعنەوی و سیاسی و جەماوەرییەوە، ئومێدی زیاتر بەخەڵکی کوردستان دەدات، ئێستا ئێمە هەردوو حیزبەکە خاوەنی پێگەو دەسەڵاتی خۆمانین و بەشدارین لەپۆستەکانی کوردستان و عێراقدا، لەدەستەی سەرۆکایەتی هەرحەوت حیزبەکە کەسەرکردایەتی کوردستان دەکات، دووانیان لە ئێمەیە، هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام تەنها بیروڕامانوایە ئەو هێزەی کە هەیە پێکەوە زیاتر خزمەت بکات و ئەو لایەنە سیاسی و کەسایەتییانەی لەڕووی ئایدۆلۆژی و فکریەوە پێکەوە دەگونجێن، پێویستە لەخانەیەکدا کۆببنەوە.

**ڕووداو:قادر عەزیز لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان گوتی قسە لەگەڵ چەند حیزبێکی دیکەش کراوە بەشداریی ئەو یەکگرتنە بکەن. دەگوترێ بەنیازن لەگەڵ دیموکراسیخوازان و حیزبی ڕزگاری قسەبکەن، ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:**تائێستا ئەوەم نەبیستووە و بابەتەکە لەنێوان سۆسیالست و زەحمەتکێشاندایە، بەڵام دوای ئەوە هەر حیزب و لایەنێک بیەوێت بێتەناو یەکگرتنەکە، دەتوانێت بێت.

**ڕووداو:گوتبووت هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەردوولا بە یەکگرتنەکە خۆشحاڵ نین، بۆچی ؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:**نەموتوە خۆشحاڵ نین، وتومە هەموویان ڕازین لەسەر یەکگرتنەکە، بەڵام ڕای جیاوازییان هەیە، کەئەوەش مافێکی سروشتی خۆیانە، بەکۆی دەنگیش بڕیاردراوە کۆبوونەوەکان بەردەوامبن.

**ڕووداو:دەگوترێ ئێوە دەتانەوێ ئەو حیزبە وەک حیزبێکی عەلمانی دژی ئیسلامییەکان پێشانبدەن؟**

**محەممەدی حاجی مەحمود:**بەپێچەوانەوە دەمانەوێت هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکان دروستبکەین، قابیلە ئێمە لەحیزبی مەسیحی و حیزبوڵلای لوبنان لەپێشتربین، کەپێکەوە دادەنیشن و تەنسیقیان هەیە. کەس بەدیلی کەس نییە، نەئێمە بەدیلی ئیسلامییەکانین، نە ئەوان بەدیلی ئێمە و یەکێتی و پارتی دەبن، لەڕووی فکریشەوە چەپ و کۆمۆنیست سەرچاوەکەیان هەڵوەشاوەتەوە کە یەکێتی سۆڤێتە، بەڵام لەدوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤێتەوە، سۆسیال دیموکراتەکان، چەپی دونیان.

# کوڕێکی سەدام 378 فەرمانبەری کورد لە کەرکووک دەردەکات

**ڕزگار کۆچەر**
**ڕووداو-کەرکووک**

سەلمان سەدام لەڕۆژێکی هەینیدا سەردانی فەرمانگەی گواستنەوەی وشکانی کەرکووک دەکات و بە یەک واژۆ 378 فەرمانبەری کورد کە بەپیشەی شوفێر لەو فەرمانگەیە دامەزراون دەردەکات، فەرمانبەرە دەرکراوەکانیش دەڵێن جگە لەمەرامی سیاسی هیچ هۆکارێک لەپشت دەرکردنیانەوە نییە.

بڕیاری دەرکردن (فصل)ی ئەو فەرمانبەرە کوردانە بە بڕیارێکی دەرچوو لە ڕۆژی 2008/10/1 بە پشت بەستن بە بڕیاری ژمارە 2089 بڕگە 3ی مادەی 37 لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960 ئەو 378 فەرمانبەرە دەرکراون، کە لیستی ناوەکانیان بەناوی ئایدن حەسەن خدر دەست پێدەکات و بەناوی تاهیر مستەفا عەبدولقادر کۆتایی دێت.

ئەو فەرمانبەرانە تووشی شۆک دەبن، کاتێک دەچن مووچەی مانگی 10 وەربگرن، بەڵام بەرپرسی فەرمانگەکەیان پێیان ڕادەگەیێنێت کە ئەوان دەرکراون، ئەوەی زیاتر جێگەی سەرسوڕمانی ئەوانە بڕیارەکە لەڕۆژی هەینی دەرچووە، کە ڕۆژی پشووە و ناکرێ بڕیاری ئیداری تێدا دەربکرێ، بۆیە زۆر بەگومانن لەو کارە.

تاریق ئیبراهیم دەرویش،نوێنەری فەرمانبەرە دەرکراوەکان، کۆمەڵێک کاخەزو دۆسیەی بەدەستەوە گرتبوو، ئەوەش وەکو بەڵگەیەک کە فایلەکانیان هیچ کەموکوڕییەکی نییە، تاریق گوتی "ماوەیەک بەر لەئێستا بیانوویان پێگرتین، گوایە فایلەکانمان کەموکوڕی هەیە، لەنێوان خۆمان پارەمان کۆکردەوەو چووینە بەغدا سەرجەم فایلەکانمان هێنا، تەنیا بۆ ئەوەی بیانوویان نەمێنێت، کەچی هەر دەریشیان کردین".

ئەو شوفێرە وەک خۆی ئاماژەی پێدا خزمەتێکی زۆری هەیە، لەسەردەمی بەعسیش بەهۆی کوردبوونەوە کێشەی بۆ دروستکراوەو دەرکراوە "ئێستا حکومەتەکەی مالیکی هەمان کارمان لەگەڵ دووبارە دەکاتەوە".

ئێستا ئەوشوفێرانە لیژنەیەکی پێنج کەسیان لەنێوان خۆیاندا هەڵبژاردووەویاداشتێکیشیان ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە. سلێمان ئیبراهیم کە ئەندامی ئەو لیژنە پێنج کەسییەیە گوتی "حکومەتی مالیکی بیانوو بەکورد دەگرێت ئەگەر نا ئێمە دەوامی خۆمان کردەوە کەچی دەریشیان کردووین".


جمهورية العراق
وزارة النقل
الشركة العامة للنقل البري
القسم الاداري

العدد:
التاريخ: ٩/ ١١/ ٢٠٠٨

امر اداري (٢٠٨٩)
بناءا على ماجاء باحكام الفقرة ٣ من المادة ٣٧ من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ١٩٦٠ المعدل
استنادا الى الصلاحيات المخولة لنا ...
١- تنهى خدمات السادة المدرجة اسماؤهم ادناه في القوائم المرفقة طيا الموظفين في فرع كركوك والتي تبدا من تسلسل (١) باسم ايدن حسن خضير وتنتهي بتسلسل (٣٧٨) باسم السيد طاهر مصطفى عبد القادر الموظفين في فرع كركوك
٢- تعتبر الفترة من ٢٠٠٨/١٠/١ ولحد تاريخ اصدار الامر اعلاه تغيب بدون راتب

سلمان صدام جاسم
المدير العام وكالة
٢٠٠٨/١١/

نسخة منه /
- فرع كركوك ...
- القسم القانوني ...
- قسم التشغيل ...
- القسم المالي
- قسم التدقيق
- الارشيف
- الملاك ...
- الاضبارة المختصة ...
- البريد الدوار

landtrans@motrans.gov.iq

کۆپییەکی بڕیارەکە

بەپێی ئەو زانیارانەی لەزاری شوفێرەکانەوە دەست (ڕووداو) کەوتووە، وەزارەتی گواستنەوەی عێراق، لە ڕۆژێکی هەینیدا کەسێکی بەناوی سەلمان سەدام بەکۆمەڵێک چەکدارەوە ڕەوانەی فەرمانگەی گواستنەوەی وشکانی کەرکووک کردووەو بەڕێوەبەری فەرمانگەکەی بە زۆری لەماڵ دەرهێناوەو بڕیارەکەی پێدەرکردووەو پێشی گوتووە دەبێ سەرجەم ئەو شوفێرە کوردانە بەغایب بنووسی و بەو بیانووەش دەریانبکەی.

ئەو شوفێرە کوردانە بەگومانەوە دەڕواننە ئەو بڕیارەو بە بڕیارێکی "شۆڤینی" دادەنێن، چونکە دەڵێن ئەو بڕیارە تەنیا شوفێرە کوردەکانی گرتووەتەوەو هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب و تورکمانی فەرمانگەکە دەرنەکراوە.

ڕۆستەم مەولود عەباس، کە یەکێکە لەشوفێرە فەسڵکراوەکان دەڵێت "تەنیا لەبەر ئەوەی کورد بووین ئێمەیان دەرکرد"،ڕۆستەم هەر بە خۆی دەپرسێ و دەڵێ "پێم ناڵێن بۆ عەرب و تورکمانەکانیان دەرنەکرد، تەنیا کوردیان دەرکرد".

ڕۆستەم بەهەناسە ساردییەوە گوتیشی "بیانووەی زۆریان پێگرتین تەنانەت پێش ئەوەی فەسڵمان بکەن گوتیان ئەوراقتان تەواو نییە دەبێت بچن بۆ بەغدا لەوێ تەواوی بکەن کە چووین بۆ بەغدا پارەمان لەم لاو لەم لا کۆکردەوە ئینجا کاتێک ئێمە ویستمان بچین موچەکەمان وەرگرین پێیان گوتین هەمووتان فەسڵ کراون".

ئەو شوفێرانە زانیاریان لەبارەی کوڕەکەی سەدام دایە (ڕووداو) و گوتیان باوکی لەبەعسییە ناسراوەکانی شاری بەغدایە و سەلمانیش ئێستا سەر بە بەرەی تەوافوقەو بە بڕیاری نوری مالیکی کراوەتە بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوەی وشکانی، هەروەها گوتیان "ئەوەی ئێستا ئەو بەڕێوەبەرە لەفەرمانگەکە ئەنجامیدەدات، خۆی لەخۆیدا کودەتایە چونکە هەمیشە بەکۆمەڵێک پاسەوانەوە لەفەرمانگەکە بڕیاری قەرەقۆشی دەردەکات بەتایبەتی دژی شوفێرانی کورد".

(ڕووداو) پەیوەندیکرد بەبەڕێوەبەری فەرمانگەی وشکانی کەرکووک، کە کەسێکی تورکمانە، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو لەسەر ئەو مەسەلەیە هیچ ڕوونکردنەوەیەک بدات.بەڵام کەسێکی نزیکی ئەو بەڕێوەبەرە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژی هەینی ئەو کەسەی لەبەغدا هاتووە ئەو بەڕێوەبەرە تورکمانەی تێر شەق کردووە، ئینجا بڕیاری فەسلکردنی ئەو شوفێرانەی بە بیانووی دەوام نەکردن پێ دەرکردووە"، گوتیشی "پێدەچێت تورکمانەکەش دەستی لەو کارەدا هەبێ، چونکە ناوی هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب و تورکمان لەناو لیستی فەسڵکراوەکاندا نییە".



## د.مستەفا زەڵمی:

# سەدام حوسێن ناوی منی کردە ژمارە 1

**سەرۆکی لێژنەی پێداچوونەوەی یاسای باری کەسی د.مستەفا زەڵمی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کەئێستا پرۆژەیەکیان لەبەردەستە دەربارەی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و هەفتەی داهاتوو دەیدەنە حکومەت. زەڵمی کە پەنجا ساڵ لە بەغدا ژیاوە، لەم هەڤپەیڤینە تایبەتییەدا باس لە سەردانێکی خۆی بۆ لای سەددام حوسێن دەکات.**

**ڕووداو-هەولێر**

**ڕووداو: چ ساڵێک چووی بۆ بەغدا؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** من ساڵی 1959بەمەبەستی خوێندن چووم بۆ بەغداو تاساڵی 2007 هەرلەوێ مامەوە.

**ڕووداو: چۆن بوو ئەوەندە لە بەغدا مایەوەو نەگەڕایەوە کوردستان بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی 1991؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** کاتی خۆی کە چوومە بەغدا بەشێکی لەبەر خوێندن بوو، بەشێکیشی لەبەر ئەوەبوو کە هەندێ کەس کێشەیان بۆ دروستدەکردم لەبەر بیربۆچوونە ئایینیەکانم، بۆیە نەمتوانی بگەڕێمەوە تا ئەوەبوو بۆ کۆنگرەیەک لە کوردستان بانگهێشتکرام و دواتر کاک نێچیرڤان بارزانیم بینی و پێیگوتم لەڕووی قانوونینیەوە پێویستییان بەمن هەیەو داوای لێکردم لێرە بمێنمەوە، منیش پێمگوت ئاواتم ئەوەیە ئەو تەمەنەی ماومە لە خزمەتکردنی کوردستان بەسەری ببەم.

**ڕووداو: زانیومانە ئێوە چەند جارێک لەلایەن سەددام حوسێنەوە خەڵاتکراون؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** کاتی خۆی من بەبێ ڕەزامەندی خۆم گواسترامەوە بۆ کۆلێجی سەددام بۆماف، 17 ساڵ لەو کۆلێجە وانەم گوتووەتەوە، بەڵام تەنها لەتەلەڤزیۆن سەدامم بینیوە. دوا خەڵاتی سەددام بۆ من ئەوەبوو لە دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار داوایانکرد کە هەرکەس بەرهەمی زانستی هەیە بینێرێ بۆ کۆشکی کۆماری، داوا لەمنیش کرا بەرهەمەکانی خۆم بنێرم، ئەوەبوو بەرهەمەکان درانە 3 لێژنە. لەنێو 500 بەرهەمدا 13 هەڵبژێردران،لەو 13 کەسە سەدام حوسێن

پێداناو گوتیان قسەکانت ڕاستن، داوام لێکردن کە ئیمزای بکەن ماددەکە هەڵەیە ئەوانیش ئیمزایان کرد وناردمانەوە بۆ کۆشکی کۆماری، دوای هەفتەیەک داوای بەدیلێکی ئەو ماددەیەیان کرد، منیش بۆم نووسین و ناردم. شەوێک سەعات 11 تەلەفۆنیان بۆکردم و گوتیان سەید ئەلرەئیس داوات دەکا، منیش زۆرم پێناخۆشبوو، گوتیان دەبێ بەیانی بێی بۆ کۆشکی کۆماری ناوەکەت لە پرسگە نووسراوە. کە ڕۆیشتم بردمیانە لای سکرتێری سەددام ودانیشتم،دوای نیو سەعات عەبد حەموودی بەڕێوەبەری نووسینگەی سەددام کە قوتابی خۆم بوو هات گوتی سەیدئەلرەیس زۆر سەلامت لێدەکات و بۆیە ناردوویەتی بەدواتدا کەبتبینێ، بەڵام کارێکی بەپەلەی بۆ هاتە پێش و بۆی نەکرا بتبینێ و گوتی سەلامی لێبکەو کۆمەڵە پارەیەکی پێدام. منیش گوتم پارەم ناوێ چونکە من بۆ پارە نەهاتووم و مووچەکەم بەشم دەکات، پێیگوتم : خۆت ومنیش تووشی کێشە مەکە سەرۆکی عەشیرەتێک هاتبووە ئێرە پارەی دایە وەرینەگرت زیندانیکرد. منیش پارەکەم وەرگرت، باشبوو خوا لوتفی کرد و سەددامم نەبینی، ئیتر هەتا سەددام ڕۆیشت تەنها لە تەلەڤزیۆن ئەوم دیتووە.

**ڕووداو: سەددام داوای لێنەکردی هیچ پۆست وپایەیەک وەربگری؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** سەددام بۆ خۆی داوای لێنەکردم، بەڵام لە ساڵی 2004 دوای ڕووخانی سەددام، لەبەغدا ئەحمەد غەفوور سامەڕایی سەرۆکی وەقفی سوننی مەلاکانی موسڵ و بەغداو فەلوجەو ڕومادی دەعوەتکردبوو لەگەڵ هەندێک مامۆستای زانکۆ، منیش دەعوەتکرابووم، لەو دەعوەتەدا سامەڕایی بە ئامادەبووانی گوت : دەزانن ئێمە بۆ ئەم دانیشتنەمان کردووە؟ شیعەکان مەرجەعییەتیان هەیە سوننەش مەرجەعی نییە، ئێمەش دەمانەوێ د.مستەفا زەڵمی هەڵبژێرین بۆ ئەوەی ببێتە مەرجیعی ئێمە وببێ بە موفتی عێراقیش. منیش زۆر سوپاسمکردن وپێمگوتن کە من نەخۆشم و زۆر پیرم وناتوانم ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرم، ڕاستییەکەی پێمخۆشبوو بیکەم، بەڵام لەترسی کوشتن نەموێرا چونکە دەیانکوشتم، بەڕاستی پێمخۆشبوو ئەو ئیشە بکەم چونکە ئەوە پۆستێکی دینییە، ئەحمەد سامەڕایی زۆری پێناخۆشبوو کە پۆستەکەم قبول نەکرد چونکە دەیگوت : فتوای هەموو کەس لە عێراق ڕەتدەکرێتەوە، بەڵام کە فتوای تۆ ڕەتناکاتەوە. بەڕاستیش وابوو، لەناو عەرەبەکان هیچ کەسێک ناڕەزایی نەبوو لەوەی من ببمە مەرجەعی سوننەو موفتی عێراق، عەرەبەکان زۆر زۆر ڕێزیان لەمن دەنا. باوەڕتان هەبێت 50 ساڵ لەبەغدابووم هیچ مەلایەکی عەرەب نە لە بەرامبەر خۆمداو نە لە پشتی خۆشم بەخراپە باسی نەکردووم. کەچی لێرە لەکوردستان قسەی ڕاست دەکەم دەچن هەڵیدەگێڕنەوە ودەیکەنە شتێکی دیکە.

**ڕووداو: جارێک باستکرد کە نامەی مەلا مستەفا بارزانیت بۆ سەید موحسین حەکیم بردووە بۆ فتوا نەدان بۆ کوشتنی کورد؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** بەڵێ لەساڵی 1964 بە ئێمەیان وت، من وعەبدولخالیق مەعروف خوا عەفووی بکات ود. محەممەد شەریف و محەممەد عەلی کە ئەویش ئیمامی جەیش بوو، کە نامەیەک ببەین بۆ موحسین حەکیم چونکە بڵاوبووەوە کە عەبدولسەلام عارف داوای لێکردبوو فتوایەک بدات کە کورد مورتەدو کافرە و هەموویان بوونەتە شیوعی

دەکات،ئینجا نامەکەمان دایە دەستی، ئەویش گوتی زۆر چاکتان کرد هاتن، چونکە ئەگەر هەتا دوو ڕۆژیتر نەهاتبان فتوام دەردەکرد بۆ سوپای عێراق کە کورد مورتەدەو کوشتنی واجبە.

**ڕووداو: باشە ئێوە پێتان نەگوت تۆ لەسەر چ بنەمایەک ئەو فتوایە دەردەکرد؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** سەید موحسین گوتی قەناعەتیان پێکردبووم هەرچی کوردە مورتەدە وبووەتە شیوعی و لەدین دەرچووە، بەڵام من پێمگوت منداڵی کورد لە نێو بێشکەدا دەکوژن و ڕەزوباخمان دەسووتێنن، ئەو پیاوەی کە لەلای سەید موحسین مابووەوە گوتی سەماحەتی سەید ئەو منداڵەش کە لەنێو بێشکەدایە ئەویش شیوعییە؟! ئەو ڕەزوباخەی دەیسووتێنن ئەویش مورتەدە؟!. خوا هەڵناگرێ ئەو پیاوەش یارمەتیداین و پشتیوانی لە قسەکانی ئێمە کرد. سەید موحسین زۆر داوای لێکردین نێوەڕۆ بمێنینەوە، بەڵام نەماینەوە چونکە بەڕاستی دەترساین، کە هاتینە دەرەوەو خوا حافیزیمان لێکرد یەکێک بەدواماندا هات و سەید موحسین هەندێک پارەی بۆ ناردبووین گوتی ئەوە بۆ خەرجی ڕێگە، ویستمان وەرینەگرین، بەڵام قبوڵی نەکرد وگوتی سەید تووڕە دەبێت ئەگەر پارەکە وەرنەگرن.

**ڕووداو: عەبدولخالیق مەعرووف کە نووسەرو ڕووناکبیرێکی ناسراوبوو و زۆر شارەزای**

محەممەد ئاکرەیی کەمرۆڤێکی زۆر بەڕێزە تا ئێستا نەمناسیبوو کەیەکترمان دیت تێگەیشتم مرۆڤێکی بەڕێزە،ئەوان ویەک دوو مەلای دیکە لەگەڵ لیژنەی قانوونی پەرلەمان دانیشتن ماددە بە ماددە خوێندمانەوەو گفتوگۆمان لەسەر کرد لەپاش لێبوونەوە گوتیان ئەو پرۆژەیە هیچ شتێکی تێدا نییە موخالیفی قورئان وسوننەتی پێغەمبەر بێت. مەلا محەممەد ئاکرەیی بە جەماعەتی پەرلەمانی گوت بەس کە پرۆژەکە دەچێتە پەرلەمان تێکی مەدەن و مەیگۆڕن. دواتر کە چووە پەرلەمان تۆزێک گۆڕانکاری تێداکرا، بەڵام ئەو گۆڕانکارییەش دژی شەریعەتی ئیسلامی نییە.

**ڕووداو: هەندێک لە ئەندامانی لیژنەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژن بوون لەوانە مەهاباد قەرەداخی وپەخشان زەنگەنە کە ئەندامی پەرلەمانە لەسەر لیستی حیزبی شیوعی،لەکاتی گفتوگۆکاندا هیچ ناڕەزاییەکیان نیشاندا بەرامبەر بەوەی کەیاساکە بەپێی شەریعەتی ئیسلام بێت؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** خۆی 5 ئافرەت لەگەڵ ئێمە لە لیژنەکە بوون، کە زۆر بەڕێز بوون و بەڕێزەوە قسەیان دەکرد وقەت هیچ قسەیەکی بێ ڕێزیان بەرامبەر ئێمەو شەریعەتی ئیسلام وقورئان وسوننەتی پێغەمبەر نەکرد، بەڵام داوای هەندێک شتیان دەکرد ئێمە دەمانگوت ئەو شتانە بەکەڵکی ئەوروپا دێن نەک ئێرە.

## لە ترسی کوشتن نەموێرا ببمە مەرجەعی سوننە و موفتی عێراق

**ئاینی ئیسلام بوو، کاتی خۆی لەسەر کتێبی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا) فتوای لەدژ درا و تیرۆرکرا، تۆ وەکو کەسێکی نزیک لە عەبدولخالیق مەعروف و وەکو شارەزایەکی ئاینی ئیسلام ڕات بەرامبەر عەبدولخالیق و تیرۆرکردنەکەی چییە؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** هەرچەندە عەبدولخالیق لە نوێژو ڕۆژوودا تۆزێک زەعیف بوو، بەڵام لەوماوەیەی من هاوڕێی بووم هیچ قسەیەکی خراپم لێنەبیست بەرامبەر بە دین، بەڵام کەهاتبووەوە هەولێر بیستم کتێبێکی دەرکردووە وباسی شافیعی کردووە، من ئاگام لە وردەکارییەکە نییە، چونکە من کتێبەکەم نەخوێندووەتەوە. دوای ئەوەی عەبدولخالیق شەهیدکرا داوام کرد کتێبەکەم بۆ بێنن، بەڵام دەستم نەکەوت. بەڕاستی عەبدولخالیق مەعروف هەتا بڵێی کەسێکی سەر ڕاستبوو، بتکوشتبا درۆیەکی نەدەکرد، کەسێکی زۆر کوردپەروەر بوو، ئەوەندەی منیش ناسیبێتم و هاتووەتە ماڵم و منیش چوومەتە ماڵیان هیچ قسەیەکم لێنەبیست کوفر بێت.

**ڕووداو: تۆ ئەو کاتە لەبەغدابووی هەواڵی کوشتنی عەبدولخالیقت چۆن پێگەیشت؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** بەداخەوە هەواڵەکەی لەکاتێکی زۆر خراپدا پێمگەیشت، من بەبۆنەی ژنهێنان بۆ کوڕەکەم خەڵکێکی زۆرم لەبەغداو سلێمانی دەعوەت کردبوو، ئەو شەوەی هەواڵەکەم بیست، بەداخەوە تا دوو ڕۆژ نەمتوانی بێم بۆپرسەکەی.

**ڕووداو: هەست دەکەین لەوەتەی گەڕایتەوە کوردستان لەهەندێک شت ناڕەحەتی؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** بەڕاستی من لەسەر داوای کاک نێچیرڤان بارزانی گەڕاومەتەوە ئەویش زۆر هاوکاری کردووم و هەرجارێک بیبینم زۆر ڕێزم لێدەنێت، بەڕاستی لەم ڕووەوە زۆر خۆشحاڵ و ئاسوودەم، بەڵام لەوە ناڕەحەت وپەستم هەندێکجار کە قسەیەک دەکەم قسەکەم بە جۆرێکیتر هەڵدەگێڕنەوەو بڵاویدەکەنەوە.

**ڕووداو: ئێوە یەکێک بوون لەوانەی ڕۆڵێکی دیارتان لە هەموارکردنی یاسای باری کەسێتیدا گێڕا، هەندێک کەس دەڵێن پرۆژەیەکی پێشکەوتووە، بەڵام زۆرکەسیش ڕەخنەی لێدەگرن بەتایبەتیش چونکە فرەژنیتان قەدەخە نەکردو هەموارکردنەکە هەر لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامدابوو؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** یەکەمجار کەداوامان لێکرا ئەو کارە بکەین گوتمان ئێمە موخالەفەی مەزهەب دەکەین بەس موخالەفەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ناکەین کە شەریعەتی ئیسلامە. ئێمە پرۆژەکەمان تەواو کرد وپێش ئەوەی بدرێتە پەرلەمان مامۆستاکان (مەلاکان) وەڵامێکیان لەسەر نووسیبوو، تۆزێک تەجاوزیان کردبووە سەر ئێمە، گەردنیان ئازاد بێت، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی لە سلێمانی د.محەممەد گەزنەیی کە دەمێکە دەیناسم لەگەڵ مامۆستا مەلا

بۆنموونە داوایانکرد فرەژنی نەمێنێ، ئێمە گوتمان فرەژنی بۆ شوێنێکە کە تەڵاقی تێدا نەبێ، مادام تەڵاق هەیە و پیاوەکە ئاسوودە نییە لەگەڵ ژنی پێشوو، ئەگەر ڕێنەدەن ژنێکی دیکە بێنێ دەچێ ژنەکەی تەڵاقدەدا وژنێکیتر دێنێ، بەڵام کاتۆلیکەکان چونکە تەڵاقیان نییە فرەژنیشیان نییە. یانی ئەندامە ئافرەتەکانی لیژنە گفتوگۆیان دەکرد، بەڵام دواجار دەگەیشتینە ڕێککەوتن و بڕیاری شتێکمان دەدا کە ناکۆک نەبێت لەگەڵ قورئان وسوننەتی پێغەمبەر.

**ڕووداو: واتە ئافرەتەکانی نێو لیژنەکەش کۆکبوون لەسەر ئەوەی هیچ شتێک لەو یاسایەدا نەبێت کە دژی شەریعەتی ئیسلامی بێت؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** بەڵێ هەموویان دەیانگوت کە ئیمانیان هەیە بەخوا و بە قورئان وپێغەمبەر و ئیسلام و دەیانگوت ئێمە داوای شتێک ناکەین کە ناکۆک بێت لەگەڵ قورئان وسوننە، بەڵام دەیانگوت بەس داوای ئەوە دەکەین ئەگەر لە مەزهەبێکدا شتێک ببێت کە خیلافی بەرژەوەندی ئێمە بێت، ئێوە پابەند مەبن بەو مەزهەبەوە.

**ڕووداو: بەڵام لە دەرەوە ناڕەزاییەکی زۆر بەرامبەر بەم هەموارکردنە هەیەو ئێستا کەمپینێک لەلایەن چەند کەسایەتییەک دژی ئەم یاسایە هەیەو دەڵێن ئەم یاسایەی دژی بنەماکانی مافی مرۆڤە؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** فەیلەسووفەکانی قانوون دەڵێن یاسای وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە دەست نادا،چونکە قانوون دەبێ لە واقیعی کۆمەڵگاکە سەرچاوە بگرێت، ئەو قانوونە بۆ خەڵکی کورد دانراوە،کوردیش 90%ی موسڵمانە. ئیدی چۆن دەبێ قانوونێکی دانیمارکی یان سویسری لە کوردستان جێبەجێی بکەی کە زۆرینەی موسڵمانە و موسڵمانیەتییەکەشی بەڕاستی و دڵسۆزیە. من پەنجا ساڵ لەناو عەرەب ژیاوم زۆر کەس نوێژ دەکاو ڕۆژوو دەگرێ،بەڵام ئیشی خراپیش دەکا، بەڵام ئەو کوردەی کەوا پابەندە بە ئایینەوە زۆر بەدڵسۆزی ئیسلامەتییەکەی دەکاو هەتا بۆشی بکرێ دژی ئیسلام ڕەفتار ناکات. ئەوانەی لەدەرەوە هێرش دەکەنە سەر ئێمە لەسەر ئەم قانوونە ئەوانە لە قانوونەکە تێنەگەیشتوون یان هەر تێناگەن.

**ڕووداو: وەک بیستوومانە پرۆژەیەکی دیکەتان بەدەستەوەیە لەسەر مەسەلەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت، ئەو پرۆژەیە چییە؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** ئەو پرۆژەیە کەئێستا لە بەردەستماندایە تازە دەستمان پێکردووە، یەکەمجار دەیخوێنینەوە تابزانین چییە، پاشان لە 2008/11/19 گفتوگۆی لەسەر دەکرێ لەلایەن لیژنەیەکەوە وبڕیارە لە 2008/11/25 بڕیاری لەسەر بدرێ. قانوونەکە دەربارەی پرسی بەزۆر بەشوودانی کچ و کچی منداڵ و ژن بە ژنی و ژن دان لەبری خوێن و

### د.مستەفا زەڵمی

- سالی 1924 لە دێی (زەڵم)ی دەڤەری شارەزوور لەدایکبووە.
- 1946 لە کۆیە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.
- 1965 کۆلێجی مافی لە بەغدا تەواو کردووە.
- 1968 ماستەری لە شەریعەتی ئیسلامی وەرگرتووە.
- دوکتۆرای لە (فیقە المقارن) و قانوون لە زانستگەی قاهیرە لە میسر وەرگرتووە.
- 1976 بووەتە مامۆستا لە کۆلێجی قانوون لە زانستگەی بەغدا.
- سەرپەرشتی پتر لە 100 دکتۆرانامەی کردووە.
- 35 پەرتووکی لە قانوون و شەریعەتدا هەیە.

توندوتیژییە بەرامبەر ژن، جا ئەوەی دژی دابو نەریت وشەریعەت بێت ئێمە نایکەین و دەستی لێنادەین، بەڵام ئەوەی موافیقی شەریعەت بێت و زوڵم لە ژن نەکات ئەوە دەکەین.

**ڕووداو: بەڵام زۆر داب و نەریتی ئێمە دژی مافەکانی ژنانن، تەنانەت لەگەڵ ئاینیش یەک ناگرنەوە؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** قسەکەت زۆر ڕاستە چونکە هەموو عورفێک ڕاست نییە، بۆ نموونە دابونەریتی ژن بەژنی پێغەمبەر نەهی لێکردووە، یان کچ بە منداڵی مارە بکرێ یان بەزۆرە ملێ مارە بکرێ، پێغەمبەر نەهی لیکردووە.

**ڕووداو: بەڵام پێغەمبەر عائیشەی لەتەمەنی 9 ساڵیدا هێناوە؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** ئەمە قیاس ناکرێتە سەر پێغەمبەر، من کتێبێکم هەیە بەناوی (حکم واحکام القران) بەنیازم چاپی بکەمەوە، لەوێدا باسم کردووە کە پێغەمبەر بۆچی ئەوژنانەی هێناوە، پێغەمبەر کە عائیشەی هێنا تەمەنی پەنجا ساڵ بوو، ئەوژنانەی هێناویەتی هەمووی بۆ بەرژەوەندی ئیسلام بووە چونکە تیرەو قەبیلەکانی ئەو ژنانە هەمووی دژی ئیسلام بوون، کەژنەکەی لێهیناون بەو هۆیەوە عەشیرەتەکە دەبوون بەموسڵمان ویارمەتی پێغەمبەریان دەدا.

**ڕووداو: لەم ساڵانەی دواییدا لە کوردستان مەسەلەی کوشتن لەسەر شەرەف زۆر پەرەی سەندووە، ئایا ئیسلام ڕێگەی بە کوشتنی ژن داوە لەسەر شەرەف؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** نەخێر بەهیچ شێوەیەک ئەوە پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە، جارێک پێغەمبەر بڕیاریدا 4 ژن وپیاو بکوژرێن ئەوکاتە ئایەت نەهاتبوو بۆ کوشتنی ئەوانە، پێغەمبەر بەگوێرەی ئەو وەزعەی ئەو کاتە هەبوو کاریکرد، پاشان قورئان بڕیاریدا ئەگەر ژنێک مێردی هەبوو زینای کرد بکوژرێ، یان پیاوەکە ژنی هەبێ وزینا بکا بکوژرێ، بەڵام لەمێژووی ئیسلامدا ئەو سزایە جێبەجێ نەبووە چونکە دەبێ 4 شاهیدی عادل هەبن وئەگەر شاهیدێک گوتی ئەم زینایە لەم سووچە کراوە ئەوەی تریش گوتی لە سووچێکیتر کراوە واتە قسەی شاهیدەکان یەک نەبوو ئەوکاتەش سزاکە جێبەجێناکرێت، چونکە زیناکردنەکە دەبێتە گومان. بۆیە لە ئیسلامدا تا ئێستا ئەو سزایە جێبەجێ نەکراوە. بۆیە کوشتنی

ئەوقاف دەناسم وپەیوەندییەکی ڕوحی هەیە لەنێوانمان وئەو زۆر ڕێزی من دەگرێ ومنیش زۆر ڕێزی ئەو دەگرم. تەنانەت دوو ڕۆژ پێش بڵاوکردنەوەی ئەم دیدارە من بانگکرابووم بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، من لەنێوان کاک نێچیرڤان و وەزیری ئەوقاف دانیشتبووم، زۆر بەگەرمی هەواڵی یەکترمان پرسی. بەڕاستی وەزیری ئەوقاف پیاوێکە زۆر دڵسۆزە بۆ کورد

## مەهاباد قەرەداخی و پەخشان زەنگەنە دەیانگوت ئێمە داوای شتێک ناکەین کە ناکۆک بێت لەگەڵ قورئان و سوننە

ورزۆریش لێهاتووە، کەسێکە توانیویەتی تەوفیق بکات لە نێوان بەرژەوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان ومەلاکان و نەیهێشتووە گرژی وپێکدادان دروست ببێت لەنێوان هەردوولا، بۆیە من بە بیرم نایێ ونازانم کەی ئەو دیدارەم کردووە.

**ڕووداو: یانی تۆ ئەو قسانەت نەکردووە کە بەرامبەر وەزیری ئەوقاف کراون؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** نەخێر ئەم قسانەم نەکردووەو بەهەڵەیەکی زۆر گەورەشی دەزانم ئەو قسانە بکرێت. من یەکسەر پەیوەندیم بەو



عەبدولخالیق مەعروف
(1935 - 1985/4/10)

## لە مێژووی ئیسلامدا کەس لەسەر زینا نەکوژراوە

ناوەکەی منی کردە ژمارە 1، ئێستاش ڕۆژنامەکانم هەیە کە ئەو هەواڵەیان تێدایە چونکە مەرسوومی کۆماری دەرچوو کە ناوی من یەکەم بوو، چونکە بەپێی نیازپاکی خۆیان منیان بەخاوەن زۆرترین بەرهەمی زانستی دانابوو لە عێراقدا، بۆیە سەدام ناوەکەی کردمە یەکەم، بەڵام من هەموو جارێ نوێژو دوعام دەکرد ودەمگوت خوایە ئەو خەڵاتەم ناوێ وکەس نەمبینێ دەستم لە ناو دەستی سەددامدا بێت. خەڵاتەکە ئۆتۆمبێلێک و7 ملیۆن دینارو مێدالیایەکی زێڕ بوو. بەڕاستی من هەموو جارێک دوعام دەکرد ئەو خەڵاتەم بە نسیب نەبێت چونکە من کەیەکەم بووم دەبێ من قسە بکەم و یەکەمجار من دەبێ بچم تەوقە لەگەڵ سەددام بکەم،ئەوەبوو خوا دوعاکەی قبوڵکردم وسەددام ڕۆیشت وخەڵاتەکەم وەرنەگرت.

**ڕووداو: هیچ جارێک سەددام بەدوایدا**



موحسین حەکیم

## موحسین حەکیم پێیگوتین ئەگەر هەتا دوو ڕۆژیتر نەهاتبان فتوام دەردەکرد بۆ سوپای عێراق کە کورد مورتەدە و کوشتنی واجبە

**نەناردی؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** ڕاستییەکەی لەساڵی 1995 قانوونێک دەرچووبوو دەربارەی باری کەسێتی، منیش یاداشتێکم نووسی بۆ سەرۆکی دیوانی کۆماری و ڕەخنەم لە ماددەیەکی قانوونەکە گرت کە دەربارەی کەسی بێسەروشوێن (مفقود) بوو، نووسیبووم کە ئەو ماددەیە هەڵەیە، ئەویش یەکسەر دابووی بە سەددام و سەددامیش داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی کردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەخنەکانی من لە قانوونەکە، ئەوەبوو لێژنەیەک لە 3 کەس پێکهات و دادگەی پێداچوونەوە ومامۆستایەکی قانوون بەناوی حەسەن زەنوون لەگەڵ من دانیشتن و منیش ڕەخنەکانم بۆ ڕوونکردنەوە و ئەوانیش دانیان

وکوشتنیان واجبە، ئێمە هەر چوارمان کە ئیمام بووین لە سوپای عێراق بەجلی مەلایەتییەوە چووین. بەڕاستی زۆر بە ترسەوە چووین، چونکە پێیان بزانیبایەن یەکسەر لە ڕێگە دەیانکوشتین، ئەوەبوو چووین بۆ لای سەید موحسین حەکیم لە نەجەف کە سی چل کەسی لە دەوروپشت بوو، پێمانگوت ئێمە بۆ ئیشێکی تایبەتی هاتووین و حەزدەکەین ئەم خەڵکەی لێرە دانیشتوون بچنە دەرەوە، ئەوەبوو هەمووی کردنە دەرەوە تەنها یەک کەس مایەوە. پێشتر ڕێککەوتبووین کە من قسە بکەم، منیش باسی ئەوەم کرد کە حکومەتی بەعس چی بە ئێمە دەکا و چۆن کشتوکاڵمان دەسووتێنێ و دێهاتەکانمان وێران دەکات و خەڵکمان دەکوژێت و زیندانمان

## عەبدولخالیق مەعرووف هەتا بڵێی کەسێکی کوردپەروەر و سەر ڕاستبوو، بتکوشتبا درۆیەکی نەدەکرد

ئافرەت لەسەر شەرەف دژی ئیسلامە، چونکە ئەو ژنەی لەسەر شەرەف دەکوژرێ دەبێ 4 شاهید هەبن بیسەلمێنن کە شتەکە ڕوویداوەو ئینجا بدرێ بە پزیشکیی توێکاری ( الطب العدلي) وبسەلمێنرێ کە سێکسی کردووە ئینجا دادگەی تایبەت بڕیاری لێبدا وسەرۆکی دەوڵەتیش ئیمزای لەسەر بکا، خۆنابێ لە خۆڕا خەڵک بکوژرێ،چونکە زۆر کچ دەکوژرێن ودوایی لە پزیشکی توێکاری دەردەکەوێ کە کچن.

**ڕووداو: لەم دواییە کێشەیەک دروستبوو لەسەر دیدارێکی ئێوە لەگەڵ گۆڤاری (ڕێگا) کە لەسەر زاری تۆ نووسرابوو شێخ محەممەد شاکەلی وەزیری ئەوقاف جاهیلە، لەمبارەیەوە چی دەڵێن؟**

**د.مستەفا زەڵمی:** من دەمێکە وەزیری

لایەنەوە کرد کە بڵاوی کردبووەوە ئەویش داوای لێبووردنی کردو گوتی شتەکە بەهەڵە بڵاوکراوەتەوە، من کوڕێکم تەحقیقی کرد دەرکەوت ئەوە پیلان وموئامەرەیەک بوو لەلایەن جەماعەتێکەوە لەدژی من کراوە، بۆ ئەوەی دوور بخرێمەوە لە خزمەتی شتێک کە پەیوەندی بەئاینەوە هەبێت. بەڕاستی من زۆر خەمباربووم بە بڵاوبوونەوەی ئەم قسانەو ئەگەر کوڕێکم بمردبا هێندە خەمباری نەدەکردم، چونکە ئەو قسانە قسەی قۆڕبوون. چونکە جگەلەوەی من ئەو قسانە ناکەم، پۆستی وەزیریش پۆستێکی سیاسییە و پۆستێکی زانستی نییە، وەزیری ئەوقاف توانای دە وەزیری هەیەو کەسێکی زۆر لێهاتووە لە بواری بەڕێوەبردنەوە و زۆر دڵسۆزی کوردیشە و بەمانای وشەش ڕۆشنبیرە.

50 هەزار ئیمزا بۆ لادانی کۆدەکرێتەوە

# دەیانەوێت بمشکێنن

## بەڕێوەبەری تەندروستیی گەرمیان



دکتۆر جەبار عەبدول نەریمان، بەڕێوەبەری تەندروستی گەرمیان

**بیلال سەعید**
**رووداو- کەلار**

بەڕێوەبەری تەندروستیی گەرمیان، رایگەیاند کە بەنیازە دەست لەکار بکێشێتەوە و، ئەو ئیمزا کۆکردنەوەی گەنجانیش بۆ گۆڕینی خۆی بە "قسەی قۆڕ" وەسفدەکات . ئەندامێکی کۆمەڵەی گەنجی سەربەخۆی گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند"5 هەزار ئیمزامان کۆکردووەتەوە بۆ گۆڕینی بەڕێوەبەری تەندروستی و گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گەرمیان لەدەربەندیخانەوە بۆ کەلار، چونکە کەلار مەرکەزی ئیدارەی گەرمیانە".

دکتۆر جەبار عەبدول نەریمان، بەڕێوەبەری تەندروستی گەرمیان، لەدیدارێکی تایبەتدا بۆ (رووداو) سەرجەم ئەو قسانەی رەتکردەوە کە لەسەر گەندەڵی و دزینی پارەی حکومەت دەکرێن لەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکەی.ئەو کە وەک خۆی دەڵێ پێش ئەوەی بکرێتە بەڕێوەبەری تەندروستی زیاتر لە 14هەزار نەشتەرگەری ئەنجامدابوو، ئێستاش دەیەوێت بەسەربەرزی لێی دەربچێت و، دەڵێت "سەرجەم ئەوشتانەی لەسەر دامودەزگاکەی من دەوترێن ئەسل و ئەساسیان نییە".

بەپێی راپۆرتێکی 74 لاپەڕەیی دیوانی چاودێری دارایی، چارەنووسی زۆر کەرەستە و شتومەکی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە وپارەی دیار نییە، ئەمە جگە لەوەی بە پێی راپۆرتەکە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە وەکو شانەی هەنگی لێهاتووە و بەشێکی زۆر لەفەرمانبەران و کاربەدەستانی سەریانکردووەتە هەنگوینەکەی.

لەگەڵ ئەوەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیکە هاتوونەتە کەلار، بەڵام تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گەرمیان هەر لەدەربەندیخانە، لەکاتێکدا کەلار مەرکەزی ئیدارەی گەرمیانە . ئەمەش یەکێکە لەو رەخنە بەردەوامانەی کە لەو بەڕێوەبەرە دەگیرێت .بەڵام دکتۆر جەبار بەهێنانەوەی چەند هۆکارێک ئەو گواستنەوەیە بەکارێکی زۆر سەخت دەبینێ، وەک سەختی گواستنەوەی کارمەندان کە نزیکەی 180 کارمەندن، نەبوونی بینای پێویست،نەبوونی کادیر لەبەڕێوەبەرایەتییەکە و چەندین هۆکاری دیکە . دکتور جەبار جگە لەمانەش ئاماژەی بەوەکرد کە کەلار هیچ بینایەکی تێدا نییە کارەبای 24 کاژێری هەبێت"بە بڕی ملیۆنان دینار دەرزی لوقاحات و هۆرمۆناتمان هەیە ئەگەر بیگوازینەوە بۆ کەلار کێ دەتوانێت کارەبایان بۆ دابین بکات، چونکە ئەگەر کارەبای بەردەوام نەبێت هەموو دەرمانەکانمان ئێکسپایەر دەبن". هەروەها گوتیشی "ماوەی 3ساڵە نەخۆشخانەی شیرەی نەقیب لەکەلار تەواو بوە کەچی بەهۆی بیکارەبایەوە نەکراوەتەوە".

بەڕێوەبەری تەندروستیی گەرمیان ئەوەی بۆ (رووداو)ئاشکراکرد کە بەنیازە لەم ماوەیەدا دەست لەکار بکێشێتەوە .دکتۆر جەبار بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی چاودێری دارایی لە رۆژنامەکاندا بە لە پشتبوونی "دەستی نادیار و مەبەستی شەخسی" وەسفکرد و گوتی"لەبەر ئەوە نییە ئیشوکارمان خراپە، بەڵکو رەنگە وەک شەخسی چارەی منیان بەدڵ نەبێت، ئەگینا لەئیشوکاردا عەیبمان نییە، پارەمان نەدزیوەو بەهەدەر نەداوە"، گوتیشی "ئەو راپۆرتەی دیوانی چاودێری هەمووی خەلەلی ئیدارییە".

سەبارەت بە ناسنامەی ئەو کەسانەی کە ئەو راپۆرتەیان بڵاوکردووەتەوە و گەیاندوویەتییە رۆژنامەکان، دکتۆر جەبار بێئاگایی خۆی لەوکەسانە راگەیاند و گوتی "نازانم ئەو خەڵکانە کێن، بەڵام خەڵک هەیە دەیەوێت بمشکێنێت".

بەهۆی هەندێک کێشەوە ناکۆکیەک کەوتە نێوان بەڕێوەبەری تەندروستی گەرمیان و قایمقامی کەلار، هەرچەندە بەڕێوەبەری تەندروستی ئەمە بە ناکۆکی وەسف ناکات، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات کە قایمقام دەستی لەکارەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی وەردەدا "کاری نەخوشخانە بەقایمقام ناکرێت،پێمگوتن ئەگەر دەتانەوێت لێمی تێکبدەن ئەوە جیایە، ئەگەر ناتانەوێت رێم بەردەن".

ناوەندی گەرمیانی رێکخراوە دیموکراتییەکان و ناوەندی چاوەڕوانی کاری هاوبەشی رێکخراوەکان و گرووپی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و کۆمەڵێک گەنج و لاوی سەربەخۆی دەڤەری گەرمیان، لە بەیاننامەیەکدا کە دانەیەکی دراوەتە (رووداو) داوا لەحکومەت و وەزارەتی تەندروستی دەکەن بەپەلە لێپێچینەوە لە گەندەڵیەکانی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گەرمیان بکات و بەڕێوەبەرەکەی بگۆڕێت. ئەو بەیاننامەیە کە ئیمزای 5 هەزار کەسی لەگەڵدایە تێیدا هاتووە"دوای هەستکردنمان بە بوونی پاشاگەردانی و هەرکەس بۆ خۆیی و کەموکوڕی و گەندەڵییەکی زۆر لەنێو بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گەرمیاندا، بۆیە لەخەمخۆریمانەوە بۆ خەڵکی ستەمدیدە و قوربانیدەری ناوچەی گەرمیان و باشترکردنی ئەورەوشە خراپەی کە تەندروستی تێیکەوتووە، داوای گۆڕینی دکتۆر جەبار و ئەو بەرپرسانەی دیکە دەکەین کە قسەیان لەسەرە و پۆستی حکومیان بەکارهێناوە بۆ گیرفان پڕکردن".

هەر لەبەیاننامەکەدا ئەوەش خراوەتە روو ئەگەر وەزارەتی تەندروستی وحکومەت تا 2008/12/1 وەڵامیان نەداتەوەو بەڵێنەکانی جێبەجێنەکات و سنوورێک بۆ گەندەڵکاران دانەنێ"هەڵوێستی مەدەنیانەی توندمان دەبێت".

لەبەرامبەر ئەو هەوڵەی داوای گۆڕینی بەڕێوەبەری تەندروستی گەرمیان، دەنگێکی پێچەوانە ئامادەیە کە داکۆکی لە دکتۆر جەبار دەکات و هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە دەستپێکردووە بۆ مانەوەی. موحسین عەبدولحەمید، بەرپرسی بەشی یاسایی لەبەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گەرمیان و ئەندامی لیژنەی کۆکردنەوەی ئیمزا بە (رووداو)ی راگەیاند"هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا لەسەرجەم بنکەو نەخۆشخانەکانی سنووری گەرمیان دەستی پێکردووە و تا ئێستا 1050 ئیمزامان کۆکردوەتەوە کە پشتگیری لەمانەوەی دکتور جەبار دەکەن".

دڵشاد ئەنوەر، یەکێک لەدامەزرێنەری کۆمەڵەی گەنجی سەربەخۆی گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە داوای دەرکردنی ئەو کەسانە دەکەین کە لەراپۆرتی دیوانی چاودیری گەندەڵیەکانیان لەسەر ساخ بووەتەوە، بەداخەوە ئێستا کۆمەڵێک خەڵکی کە تۆمەتبارن بەگەندەڵی دەستیان داوەتە کۆکردنەوەی ئیمزا لەبەر ئەوەی گۆڕینی دکتۆر جەبار لەدژی بەرژەوەندە ئەوانە".

دکتۆر جەبار دەڵێت شەخسی خۆم تاقەتی ئەوەم نییە لەرۆژنامەو لەم لاو لەولا هەڕەشە بکەم و چوار گەنج بێن و بڵێن پێنج هەزار ئیمزا لەسەر دکتور جەبار کۆکراوەتەوە "ئەم قسە قۆڕانە لای من گرنگ نین".

بەڵام بەڕێوەبەری تەندروستی گەرمیان، کە لە ژوورەکەی خۆی قسەی بۆ (رووداو) دەکرد گوتی دەیەوێت کارەکانی تەواو بکات و دەست لەکارکێشانەوەکەی خۆی پێشکێش بکات.گوتیشی ئەو سوورە لە سەر پێشکێشکردنی دەست لەکارکێشانەوەکەی " وەزیر قبولی بکات یان نا، من کارناکەم و فێریش نەکراوم بە زۆر کار بکەم". قسەکانی ئەو بەڕێوەبەرە ئاماژە بەزۆر ناکۆکی دەکات کە لەدەڤەری گەرمیاندا هەیە، بەڵام ناتوانێ راستەوخۆ باسی کێشە و ململانێکان بکات و بەردەوام خۆی بەهەق دەزانێت، ئێستا گۆڕینی بەڕێوەبەری تەندروستی گەرمیان و گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکە بۆ کەلار قسەی سەر زاری هەموو خەڵکی دەڤەری گەرمیانەو تا ئێستا نازانرێت کێ گرەوەکە دەباتەوە، گەنجان و رێکخراوەکانی گەرمیان یان دکتور جەبار.

# ناردنە دەرەوەی نەخۆش بۆ ئێران راگیرا

## ساڵانە نزیکەی 3ملیۆن دۆلار بۆ چارەسەری هاووڵاتیان لە ئێران خەرجکراوە



### راگرتنەکە بۆ ماوەیەکی کاتییە

بەرپرسی بەشی تەندروستی
نووسینگەی سەرۆکی حکومەت لە سەلاحەدین

**رووداو-هەولێر**

بەشی تەندروستی نووسینگەی سەرۆکی حکومەت ناردنە دەرەوەی نەخۆشی بۆ ئێران راگرت، بەرپرسی ئەو بەشەی نووسینگەکەش لە سەلاحەدین هەواڵەکەی پشت راستکردەوە و بە (رووداو)ی راگەیاند"ماوەی دوو هەفتەیە ناردنە دەرەوەی نەخۆشمان بۆ تاران و ورمێ راگرتووە"، بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی " ئەو راگرتنە بۆ ماوەیەکی کاتییە".

لەم بارەیەوە جەعفەر رەسول بەرپرسی نووسینگەی سەلاحەدینی بەشی تەندروستی روونیکردەوە، کە هۆکاری تەکنیکی لەپشت وەستاندنی رەوانەکردنی نەخۆشەکانەوەیە.

بەشی تەندروستیی نووسینگەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 1999دامەزراوە. بەشی تەندروستی ئەو نووسینگەیە لە چوار نووسینگە پێکهاتووە، کە بەشە سەرەکییەکەی لە سەلاحەدینە، ئەوانیتریش لە هەولێر و تاران و ورمێن. جەعفەر رەسول گوتی بەر لە دامەزراندنی بەشی تەندروستی نووسینگەکەش، سەرۆکی حکومەت یارمەتی هاووڵاتیانی داوە بۆ چارەسەرکردن" بەڵام بەکرانەوەی ئەو بەشە ئیشوکارەکان لە رووی کارگێڕی و داراییەوە پتر دامەزراوتر بوون".

رۆژانە 60تا 70هاووڵاتی سەردانی نووسینگەی سەلاحەدینیان کردووە، نەخۆشەکان بە پێی بەڵگەنامەی پزیشکیی وەردەگیرێن، دواتر فۆرمی تایبەتیان بۆ پڕ دەکرێتەوە. جەعفەر رەسول زیاتر روونیکردەوەو گوتی" سەرەتا دەنێردرێنە نووسینگەی هەولێر و لەلایەن باشترین دکتۆری تایبەت بە نەخۆشییەکە پشکنینیان بۆ دەکرێ، ئەگەر لە هەولێر چارەسەرەکەیان بۆ بکرێ، نووسینگەی هەولێر ئیشوکارەکانی ئەو نەخۆشە لە ئەستۆ دەگرێت، ئەگەر چارەسەری پێویستیشان بۆ نەکرا دەنێردرێنە ئێران".

بەپێی ئەو هەڵسەنگاندنەی جەعفەر رەسول خستییەڕوو، ئاستی پزیشکیی ئێران وەک فەرەنسایە، بۆیە نەخۆش رەوانەی ئێران دەکەن" ئاستی پزیشکیی لە ئێران لە ئاستی فەرەنسادایە، لەباری دەروونیشەوە نەخۆشەکان پتر لە ئێران هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیایی دەکەن، لەوێ تەنیا بەبینینی دکتۆرێک وازیان لێ ناهێنرێت، بەڵکو دەبێ بگاتە ئەو دڵنیاییەی کە بە یەکجارەکی چاک بووەتەوە، ئینجا دەینێرنەوە، ئەگەر پێویستیش بێ چەند جارێک رەوانە دەکرێنەوە، نەخۆش هەیە 12جار رەوانە کراوە".

بەپێی ئامارەکانی نووسینگەی تەندروستی ساڵانە دەوروبەری 1500نەخۆش لە رێگەی ئەم بەشەوە چارەسەر دەکرێن، ئێستا نزیکەی 6500نەخۆش چاوەڕوانی لا لێکردنەوەن، کە بەشێکی زۆیان پێویستیان بە چارەسەری دەرەوەی وڵاتە. زۆربەی نەخۆشییەکانیش ترسناکن، دوای چارەسەر کەسی نەخۆش لە مردن گەڕاوەتەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی شێرپەنجەی مێشک و نەخۆشی دڵیان هەبووە.

جەعفەر رەسول، بەرپرسی نووسینگەی سەلاحەدین، بودجەی ساڵانەی بەشی تەندروستی نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی خستەڕوو، کە ساڵانە لە دەوروبەری 3ملیۆن دۆلارە، لەسەرەتای ئەمساڵیشەوە تا راگرتنی ناردنە دەرەوەی نەخۆش زیاتر لە 850 نەخۆش رەوانەی ئێران کراون.

هەر نەخۆشێک کە بڕیاری رەوانەکردنی ئێرانی بۆ دەدرێت جگە لە خەرجی رێگا و مانگێک مانەوە، لەلایەن نووسینگەکانی تاران و ورمێ سەرپەرشتی دەکرێن و چاوساخیان بۆ دەکرێ، هەموو خەرجییەکانی دکتۆریش لەسەر ئەو نووسینگانەیە.

زۆرجار رەخنەی ئەوە دەگیرێ کە بۆچی لەجیاتی ناردنە دەرەوەی نەخۆش، نەخۆشخانەی پێشکەوتوو لە هەرێمی کوردستان ناکرێنەوە، بۆ کەمتەرخەرجی و چارەسەرکردنی نەخۆشەکان لە نێو کەسوکاریان. جەعفەر رەسول لەوبارەوە دەڵێ" بۆ ئێمەش چارەسەر کردن لە ناوەوەی وڵات ئاسانترە و خەرجیشی کەمتر دەوێت، کردنەوەی سەنتەری دڵ لە هەولێر زەحمەتییەکی زۆری لەسەر هەڵگرتووین، لە ساڵی 2008 نزیکەی 90نەخۆشی دڵ لەلایەن ئێمەوە رەوانەی ئەوێ کراون، بەڵام هێشتا پسپۆری بە توانا و ئامێری پێشکەوتوو بۆ چارەسەری هەندێ نەخۆشی، بە تایبەتی شێرپەنجە نەگەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان".

جەعفەر رەسول، لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (رووداو)، ئاشکرایکرد کە ئێستا بیرۆکەی دامەزراندنی نەخۆشخانەیەکی جیهانی پێشکەوتوو لە ئارادایە، بۆ ئەو نەخۆشە ترسناکانەی لە کوردستان هەن، وەک نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و دڵ، بە بڕوای ئەو گرنگی ئەو نەخۆشخانەیە لەوەدایە کە سەرمایەیەکی زۆرلەناوکوردستان دەمێنێتەوە و ناچێتە دەرەوە، هەروەها نەخۆشیش لەباری دەروونیەوە ئاسوودەتر دەبێ.

# رەغید کەنی دەرمانخانەی کەمدەرامەتەکان

## کڵێسایەک لەهەولێر دەرمان دەداتە نەخۆشان



دەرمانخانەی شەهید رەغید کەنی (فۆتۆ:رووداو)



**رەوا عەبدوڵڵا**
rawaebdalla@yahoo.com

**رووداو – هەولێر**

دەرمانخانەی کڵێسای مار قرداخ، سەروەت محەممەدی دڵخۆشکرد، چونکە نەیتوانی لەدەرمانخانەکانی هەولێر ئەو چارەسەرییە بەدەستبخات کە دکتۆر بۆ نەخۆشییەکەی نووسیبووی، کەچی دەرمانخانەی رەغید کەنی کە بەبێ بەرامبەر دەرمان دەبەخشێتە نەخۆشەکان سەروەتی لەو تەنگەژەیە رزگار کرد.

سەروەت محەممەد عیسا، 34 ساڵ، لەدوای پشکنین لەلای دکتۆری تایبەتمەند بۆی دەرکەوت نەخۆشی دەروونی درێژخایەنی هەیە کە چەندین ساڵە بەدەستییەوە دەناڵێنێت، بەڵام دوای گەڕان و دەستنەکەوتنی دەرمانەکان سەروەت بێهیوا دەگەڕێتەوە لای دکتۆرەکەی تا جۆری دەرمانەکەی بۆ بگۆڕێت، بەڵام دکتۆر سوور دەبێت لەسەر جۆری دەرمانەکەو بۆ وەرگرتنیشی ناونیشانی دەرمانخانەی رەغید کەنی خێرخوازی دەداتێ. سەروەت گوتی "بەگومانەوە لەسەر قسەی دکتۆر هەڵوەستەم کرد، چونکە هەرگیز لەو بڕوایە نەبووم لەشاری هەولێر دەرمانخانەیەکی خێرخوازی هەبێت بەبێ پارە باشترین جۆری دەرمانت پێ بدات کە لەزۆربەی دەرمانخانەکان دەست نەکەوێت".

سەروەت زۆر دڵخۆشە کە دەرمانەکەی بەبێ بەرامبەر لەو دەرمانخانەیە دەستکەوت " ویستم داوای زیاتر بکەم، پێیانگوتم پێویست بەزیادە ناکات هەموو مانگێک دەتوانی بێی دەرمانەکەت وەربگریت".

نۆرینگە و دەرمانخانەی (شەهید رەغید کەنی) دەرمانخانەیەکی خێرخوازییە و لە مانگی 10ی ساڵی رابردوو بەفەرمی لەناو کڵێسای شەهید مار قرداخی شاری هەولێر کراوەتەوە، بەناوی قەشەیەکی موسڵ ناونراوە کە پێش کردنەوەی دەرمانخانەکە لە شاری موسڵ لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە تیرۆرکرا.

هەموو کەسێک بەبێ بەرامبەر دەتوانێت رۆژانی هەینی و یەکشەممە کاژێر 4:30 سەردانی دەرمانخانەکە بکات و بەپسولەی دکتۆر دەرمانی پێویست وەربگرێت.

ئەو کڵێسایە کە لە گەڕەکی شۆڕش لەسەر رێگای شەقڵاوە و لەساڵی 2006 دروستکراوەو، قەشە رەیان پۆڵس عەتۆ قەشەی ئەم کڵێسایەیە.

سەباح عەزیز، یەکێکی دیکەیە لەو هاووڵاتیانەی دوای چاوەڕوانییەکی زۆر بۆ وەرگرتنی دەرمان رووی لەدەرمانخانەکە کردبوو، گوتی "دەرمانەکانی ئەم دەرمانخانەیە جگە لەوەی بەخۆڕایین، جۆرەکەشیان زۆر باش و باوەڕپێکراون" .سەباح گوتی دەرمانەکانی ئەو دەرمانخانەیە هەمووی دەرمانی ئەڵمانی و ئەسڵی و دوور لەساختەکارین، بۆ یە ئەو ئامادەبوو چەند رۆژێکی دیکەش چاوەڕوانی کرانەوەی ئەو دەرمانخانەیە بکات، تاوەکو دەرمانەکانی نەخۆشیەکەی لەوێ وەربگرێ.

سەباح سوپاسی ئەو کەسانەی کرد کە ئەو دەرمانخانەیان داناوەو، هیوای خواست کە دەوڵەمەندەکانی شاری هەولێریش بیر لەکردنەوەی دەرمانخانەی خێرخوازی بکەنەوە.

دکتۆر بەشار مونیر بەنی، پسپۆر لەنەخۆشیەکانی هەناو و دڵ و سنگ، یەکێکە لەو دکتۆرانەی زۆربەی جار نەخۆشەکانی بۆ وەرگرتنی دەرمان ئاراستەی ئەم دەرمانخانەیە دەکات، دەڵێت"جۆری دەرمانەکەیان زۆرباشە و بەبێ بەرامبەریش دەدەیدەنە خەڵک".

دەرمانخانەکە لەچەند ژوورێک پێکهاتووە و لەناو کابینەیەک دایە، نزیکەی هەشت دکتۆرو دەرمانسازیش خۆبەخشانە کاری تێدا دەکەن. دەرمانساز جیهان جەلال ئارام، یەکێکە لەو دەرمانسازە خۆبەخشانەی کە لەو دەرمانخانەیە کار دەکات، ئاماژەی بەوەدا هەموو کەسێک بەبێ جیاوازی رەگەز و ئاین سەردانی دەرمانخانەکە دەکەن"هەر کەسێک پێویستی بە چ جۆرە دەرمانێک بێت بەگوێرەی هەبوونی دەرمانەکە بۆی دابین دەکەین".

دەرمانخانەکە جگە لەدەرمان چارەسەری هەندێ نەخۆشی و پشکنینیشی تێدا ئەنجامدەدرێت. جیهان جەلال، لەبارەی ئەو چارەسەری وپشکنینانە گوتی"لەلایەن پزیشکە پسپۆڕەکانی دەرمانخانەکە چارەسەری هەندێ نەخۆشی دەکرێت، هەر لێرەش دەرمانیان پێدەدرێت".

دکتۆر بەشار جەمیل سائیخ، کە یەکێکە لەو دکتۆرانەی لەسەرەتای کردنەوەی دەرمانخانە و نۆرینگەکە تاوەکو ئێستا خۆبەخشانە کاری تێدا دەکات، گوتی بیرۆکەی کردنەوەی ئەم دەرمانخانەیە سەرەتا لەلایەن ئەو و چەند پزیشکێکی هاوڕێی بۆ یارمەتی نەخۆشە کەمدەرامەتەکان هاتەکایەوە. سائیخ گوتی "زۆرجار خەڵکی زۆر هەژار دەهاتن ئەو پارەیان نەبوو دەرمانی چارەسەری بۆ منداڵە نەخۆشەکانیان بکڕن، ئێمەش بیرمان لەوە کردەوە چۆن بتوانین یارمەتی ئەم خەڵکە کەمدەرامەتە بدەین". سائیخ و هاوڕێکانی پێشنیازی کردنەوەی ئەو نۆرینگەو دەرمانخانە خێرخوازییە دەخەنە بەردەم قەشەی کڵێسای مار قرداخ " ئەویش بۆچوونەکەی پەسندکردین و پێیگوتین ئەو دەتوانێت لەرێگەی هاوڕێکانی لەئەڵمانیاو نەمسا پارەی کۆمەکی کۆبکاتەوە هەر لەو وڵاتانەش بەپارەکە دەرمان بۆ دەرمانخانەکە دابین بکات".

دکتۆر بەشار ئەوەشی خستەڕوو کە رۆژانە 30 تا 50 کەس بۆ وەرگرتنی دەرمان و پشکنین سەردانیان دەکەن.

سائیخ زۆر بەدڵنیاییەوە گوتی "دەرمانەکانی ئەم دەرمانخانەیە لەباشترین جۆری دەرمانەکانی ئەڵمانیا و نەمسان، تەنانەت هەندێک جۆری دەرمانمان هەیە تا ئێستا نەهاتوونەتە عێراق و کوردستان".

شەماشە ئەنوەر حەننا مەنسور، جێگری قەشەی کڵێسای مار قرداخ دەربارەی چۆنیەتی گەیشتنی دەرمانەکان لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئاماژەی بەوەدا دەرمانەکان لەرێگەی ئاسمانییەوە مانگی جارێک یان بەدوو مانگ جارێ دەگەن "لەسەرەتادا خۆیان دەرمانەکەیان دەکڕی دەیانناردن، بەڵام دوای ئەوەی لەرێگەی دکتۆرەکانی دەرمانخانە تێبینی ئەوە کرا هەندێ جۆری دەرمان لێرە زۆر پێویست نییە، بۆیە هەوڵماندا لیستی ئەو دەرمانانەیان بۆ بنێرین کە لێرە پێویستیمان پێیانە".

ئەو شەماشەیە، روونیشیکردەوە کە دەرمانی زۆریان بۆدێت " زۆرجار لەترسی مانەوە و ماوە بەسەرچوونیان، دەیانبەخشنە نەخۆشخانە گشتییەکان".

نەخۆشێکی زۆر بۆ وەرگرتنی دەرمان سەردانی ئەو دەرمانخانەیە دەکەن، بەڵام هیچ تۆمارێکی وەرگرتنی دەرمانەکان لەم دەرمانخانەی بەرچاو ناکەوێت .دکتۆر بەشار جەمیل سائیخ ئاماژەی بەوەکرد کە هەرچەندە پێشووتر ئەو جۆرە تۆمارەیان هەبووە، بەڵام لەبەر نەبوونی کارمەندی پێویست تۆمارەکەیان هەڵگرتووە.

سندوقێکی کۆمەک لەناو دەرمانخانەکەدا بەرچاو دەکەوێت کە هاموشۆکارانی بەپێی توانا و بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە پارە دەخەنە ناو سندوقەکە. شەماشە ئەنوەر رایگەیاند پارەی ئەم سندوقە بۆ خزمەتگوزاری ناو دەرمانخانە خەرج دەکرێت،"هیچ کەس زۆری لێناکرێت پارەی بخاتە ناوەوە، بەڵام ئەو کەسانەی دەرمان وەردەگرن هەرکەس بەپێی توانای خۆی و بە ئارەزووی خۆی دەتوانێت بۆ پێشکەوتن و خزمەتی زیاتری دەرمانخانەکە بڕێک پارەی کەمی بخاتە ناوەوە".




کڵێسای شەهید مار قرداخ لە گەڕەکی شۆڕش (فۆتۆ:رووداو)

## فەرەیدوون عەبدولقادر، ئەندامی پێشوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# یەکەمجار مام جەلال هەندێ پارەی بە قەرز پێدام و کاسبیم پێکرد



فەرەیدوون عەبدولقادر

–ساڵی 1947 لەسلێمانی لەدایکبووە.
–بەکالۆریۆسی لەزانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
–ساڵی 1974 پەیوەندی بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە.
–ماوەی چەند ساڵ لە زیندانی ئەبوغرێب بووەو بە لێبوردنی گشتی ئازادبووە.
–دوای راپەرین بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی.
–ساڵی 1996 بووەتە پارێزگاری سلێمانی.
–دواپلە کە وەریگرتووە، وەزیری ناوخۆ بووە لەکابینەی د.بەرهەم.
–لەدوای رووخانی رژێمی سەدام بووەتە ئەندامی پەرلەمانی عێراق.
–ساڵی 2005 دەستی لەکارکێشاوەتەوە لە یەکێتی.

**فەرەیدوون عەبدولقادر، کە پێشتر وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ناوێکی دیاربوو لە کوردستان، ئێستا بازرگانێکی بەرچاوە، ئەو وەک بازرگان و سیاسەتکار وەڵامی پرسیارەکانی (رووداو)ی داوەتەوە:**

**هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود**

**رووداو: رۆژگارێک وەزیری ناوخۆ بوویت و ئێستاش بازرگان، ئێستا سلێمانی لە رووی بازرگانی و ئیدارییەوە چۆن دەبینی؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** دیارە لەسلێمانیدا کار وردە وردە کەم دەبێتەوە و بواری چالاکی ئابووری تەسک دەبێتەوە، ئەو رەوتەی کە لە ساڵی 2000تا2004سلێمانی بەخۆیەوە دەیبینی، ئێستا زۆر سست بووەو خەڵک بەئاسانی هەستی پێدەکات. رەنگە یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەبێ، کە ئیدارەکانی حکومەت لێرەبوون بوارێکی باشیان بۆ کاروکاسبی دروستکردبوو، بەڵام چوونیان بۆ هەولێر، زۆر کاری کردە سەر سلێمانی. سلێمانی لەچاو شارەکانی دیکە، چەپەکەو کەوتووەتە لاوە، شارەکانیتر خەڵکێکی زۆر رووی تێدەکەن. کۆیە کە بودجەیەکی زۆری سلێمانی لێ سەرفکراوەو، ئێستا لەهەولێرەوە نزیکە. لەلایەکی دیکەوە رێگاوبانەکان خراپن و خەڵک ناتوانن بەوشێوەی خۆیان دەیانەوێ، هاتووچۆی پێدا بکەن بۆ کارو کاسبی و کارەکانیان. بۆیە زۆر روونە کە دەبینین خەڵک گلەیی و گازندە دەکات و تەنانەت گلەیی لەبەڕێوەبردنی ئیشوکارەکان دەکرێت، کە مومکینە لەشارەکانی دیکەش، بەڵێندەرەکان کە ئیش وەردەگرن، هەستدەکەن ئیشوکارەکانیان سستەو زۆر گوشیوانە لە لای خۆمان. باشتر وایە بچنە ناو بازاڕ بزانن کار چۆنەو گرانی چۆن هەڵدەکشێت. لە وڵاتی ئێمە بەگشتی و لەناوچەی سلێمانی و گەرمیان بەتایبەتی، کە لەژێردەستی یەکێتی نیشتمانی بووەو ئێستاش بەبنکەی یەکێتی دادەنرێت، ئەم بودجەیە بەپێی سستەم و بەرنامە ئیشی لەسەر نەکراوە. واتە بەئاسماندا هەڵکشانی خانوو و تەلار و ڤێللاکان تاکە بنچینەکانی گەشەسەندنی ئابووری نین لەوڵاتێکدا. رەنگە ئەم شێوازە کارە، باری شارەکە گران بکات لەرووی دابینکردنی کارەبا و ئاو وهاتووچۆ، لەکاتێکدا ئەو خزمەتگوزارییانە خۆیان کەمن. من لەگەڵ زۆر لەبرادەرەکانمدا قسەم کردووە وتومە، ئەگەر لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی تووشی کێشە ببین، بایی ئەوەندە ژێرخانی ئابووریمان نەگەشاندووەتەوە کە پشتی پێ ببەستین، هیچ بیر لەوەنەکراوەتەوە. ئێستا کێشەی زۆر لەبواری تەندروستی و پەروەردە و ئاو و کارەبا و رێگەوبان هەیە.

**رووداو: واتە ئێستا کێشەکان زۆرتربوون؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** ئێستا بودجەیەکی زۆر لەبەر دەستدایە، کە ئێمە پارەی زۆرکەممان لەبەردەست بوو، بەزەحمەت دەمانتوانی پارەی کارمەندەکان بدەین، خۆ ئێستا 17%ی بودجەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستانە. هەموو بودجەکەمان ئەوکات نەدەگەیشتە 100ملیۆن دۆلار، کەچی ئیش دەکرا. لە کوردستان دەبوو یەکەم ئیش کە بیری لێبکرێتەوە چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا و دووەم ئاو بوایە. بەداخەوە هەمان پرۆژەی ئەمریکییەکان، کە لە هەولێر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاو ئەنجامیاندا، دەبوا لە سلێمانیش ئەنجامبدرێ، بەڵام ئەو سیستەم و عەقڵیەتەی کە لای ئێمە هەبوو، رێگەی لەوە گرت لەوەی لای ئێمەش پرۆژەکە ئەنجامبدەن و کێشەکە درێژەی کێشا. ئێستەش لەرێگەی رۆژنامەی (رووداو)ەوە داوا دەکەم و بەهەموو بەرپرسەکانیشم وتوە، تکایە بەو پارەیەی کە کوردستان هەیەتی، بیر لە ژێرخانی ئابووری بکەنەوە.

**رووداو: بەرپرسەکان چۆن وەڵامیان داویەتییەوە؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** حکومەت تەجروبەیەکی زۆری لەبەردەستدایە کە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بنیادنانەوە تەنها بە خۆی ناکرێت و پێویستە زەمینەسازی و هاوکاری بۆ کۆمپانیاکان بکات. حکومەت ئەوەی نەکردووە. ئەوجا وەڵامی بەرپرسان ئەوەیە کە دەڵێن خەڵک نایێت ئەوانە بکات. ئەمە راستە، چونکە پرۆژەکانی پەیوەست بە ژێرخانی ئابوورییەوە سستن و درەنگ تەواو و دەبن و خێریان کەمە، بۆیەش بازرگان پارەکەی لە بواری بازرگانی و کار لەگەڵ حکومەت بەگەڕ دەخات نەک ئەو پڕۆژانەدا.

**رووداو: ئێستا لە سلێمانی خۆنیشاندان و ناڕەزایی دەربڕینی خەڵک بووەتە دیاردەیەکی رۆژانە، هەندێک پێیانوایە زۆربونی ئەو ناڕەزاییانە پەیوەندی بە کەموکورییە زۆرەکانەوە هەیەو هەشە دەڵێن خەڵک وشیار بووەتەوە، تۆ چۆن لەمە دەڕوانی؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** من ئامارێکم لانییە تابزانم ئاستی هوشیاری خەڵک چۆنە، بەڵام دەزانم کە گەنجەکان خەریکی کۆچکردن و جێهێشتنی وڵاتن. پێموایە گیروگرفتی راستەقینە هەیە و هەم تێنەگەیاندنی خەڵکیش هەیە لەلایەن دامودەزگاکانەوە. واتە دەبێ روونیبکاتەوە کە حکومەت بۆ نموونە تەنها توانای چارەسەرکردنی30%ی کێشەکانی هەیە، واتە شەفاف بێت. پێموایە ئەگەر بەرنامەو ئەولەویاتەکانی حکومەت دیار بێت، خەڵک گلەیی کەمتر دەبێت. ئەوکاتە تێدەگات پارەی وڵاتەکەی چۆن خەرج دەکرێت و بۆکوێ دەڕوات. بەڵام ئێستا ئەو شەفافیەتە نییەو خەڵکیش بە ئاسانی لە کەموکورییەکان تێناگەیێنرێت. خەڵک ئیشەکان بەراوردی کارو بودجەی بەردەستی حکومەت دەکات. من بەش بەحاڵی خۆم زۆر حەز دەکەم خۆنیشاندان و مانگرتن گەشەبکات بەشێوەی سەلامەت و هێمن، نەک بەشێوەی تاڵانکردن و سووتاندن. وڵاتێک دەسەڵاتی مەدەنی تێدا نەبێت، زەحمەتە دڵنیابیت لەوەی کە دیموکراسی تێدا بەرقەرارەو بەشێوەیەکی باش بەڕێوە دەچێت.

**رووداو: دەگوترێت، پاشکەوتنی سلێمانی لەرووی خزمەتگوزارییەوە پەیوەندی بەململانێکانی ناوخۆی یەکێتییەوە هەیە؟**

## ئەو پرۆژە ئەمریکییەی کە بۆ ئاوی هەولێر کرا، دەبووا لە سلێمانیش ئەنجامبدرێ، بەڵام ئەو عەقڵیەتەی کە لای ئێمە هەبوو، رێگەی لەوە گرت

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** من باسی کابینەیەکی دیاریکراو ناکەم، بەڵام ئەگەر مرۆڤێکی ژیر سەیری ئەو کارانە بکات کە لەسلێمانیدا کراون، یەکەم هەڵە ئەوەیە کە سلێمانی بەشێوەیەکی واقعی و زانستی مامەڵە لەگەڵ نەخشەکەیدا ناکرێت. سلێمانی بەبێ بوونی ماستەرپلان گەشە دەکات. سلێمانی دەستێوەردانی زۆر ناشیرینی تێدایە، کە ئەو دەستێوەردانە زۆرجار خەڵکی دەڵێت بۆ مەبەستی هەڵبژاردن و شتی وایە. سلێمانی گەڕەکی وەک شێخ عەباس و هۆمەرەکوێر و کانی کوردەو کانی سپیکەو ئەمانەی بە زۆر بەسەردا فەرز کراوە. ئەرکی ئیدارەی شار ئەوەیە هەوڵبدات دیمەنی شارستانی گەشەپێبدات لەم شارەدا. تۆ ئەوەندەی رووبەری لادێنشین بهێنیت و بیلکێنی بەشارەکەوە، کاریگەری خراپ دەکاتە سەر شارەکە. ئێستا برۆ ئامارێک بێنە، بزانە ئاستی سەوزایی لەسلێمانی چەندە؟ رۆژ لەدوای رۆژ بەبڕیاری بەرپرسەکان و ناوشیاری هاووڵاتیانیش، رووبەری سەوزایی زیاتر لەناودەچێت. من جارێکیتریش دەیڵێمەوە، شار بەبێ کارەبا و ئاو و رێگەوبانی باش و ژێرخانی ئابووری، گەشە ناکات، ئەگەر بەشێوەیەکی باش نەیبەستیتەوە بەشارەکانی دیکەوە، گەشە ناکات. من گلەییم لەپلانی گەشەپێدانی ئیش و کارەکانە.

**رووداو: بۆچی و لەبەرچی وازت لەسیاسەت هێنا؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** من خۆم کەمێک یاخی بووم. من یەکەم کەسم لە یەکێتیدا ئیستیقالە بکەم و سێ جار ئیستیقالەم کردووە. هەموو کارو فەرمانەکانی خۆم بەشێوەی رێکوپێک بەڕێوەبردووەو پێش راپەرین بەرپرسی سلێمانی وگەرمیان بووم. پاش راپەرینیش، یەکەم کەس بووم نێردرام بۆ مفاوەزات لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، کە زەمینەی مفاوەزاتەکان گەشەی کرد و پاشان مام جەلال و کاک مەسعود چوون بۆ بەغدا بۆ مفاوەزات، کە دڵنیابووین ئیتر حکومەت ناتوانێ بێتەوە ناوچەکانمان داگیر بکاتەوە، ئیتر چەند کەسێک کشاینە کەنارەوە، کەمن یەکێک لەوانە بووم و کاک نەوشیروان و کاک مولازم عومەریش بوون. دوای ئەوەش کەهەستمان کرد پێویستە لەناو یەکێتیدا بین و پێویستە کاربکەین، لەسەر هاندانی مام جەلال هاتمەوە و ئیشم کردەوە. کەئیشم کردەوە، دوایین پۆست کە وەرمگرت پارێزگاری سلێمانی بوو، کاتێکیش هەستمکرد دەستم خەریکە دەبەسترێت و ناتوانم بەدەستی کراوەوە خزمەتی شارەکەم بکەم، وازم لێهێناو ئیستیقالەم کرد. دواتر بوومە وەزیری ناوخۆ و لەو کاتیش رام وابوو کە دەبێت ئیشوکارەکان بەشێوەیەکی تر بڕوات و دیسان هەرخۆم ئیستیقالەم کردو وازم هێنا.

## پرۆژەکانی حکومەت لەلای کۆمپانیاکانی ئەملا و ئەولا قۆرخکراون

لەبەر ئەوەی مەسەلەی دەستووری عێراق و مافی کورد لەدەستوور لەئارادا بوو، زۆر حەزم دەکرد لەلیژنەی دەستوور ئیش بکەم، زۆر هەوڵمدا ئیشەکانی خۆم بەباشی جێبەجێ بکەم، دوای ئەوەش کشامە دواوەو وازم هێنا.

**رووداو: ئەو کاتەی دەست لەکارکێشانەوەی خۆت دابە یەکێتی، نەکەوتبووە ئەو دۆخەی ئێستای، ئایا تۆ پێشبینی ئەو دۆخەت دەکرد کە روو لە یەکێتی بکات؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** خۆی بەڕاستی یەکێتی نیشتمانی لەتەنیشت جەماوەرو حیزبەکاندا، سەروەری گەورەی بەدەستهێناوە. خاوەنی رێکخستنێکی تێکۆشەر بووەو قوربانی زۆری داوە. لەبەر ئەوەی ئەم رۆژەی کە هاتووە، بەدەر نییە لەگیانبازی و فیداکاری زۆری یەکێتی. یەکێتی حیزبێکی کاریگەر بووە لەقۆستنەوەی هەلومەرج و دەرفەتەکان بەقازانجی گەلی کورد و شۆڕشەکەی، یەکێتی شەرەفێکی گەورەی بەردەکەوێت لەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون. ئەم ناکۆکیانە هەمیشە بەشێوەیەک لەشێوەکان هەبوونە لەناو یەکێتی و هۆکارێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئازادییەکی زۆر، لیبرالییەت، واتە بەرەڵڵایی لەناو یەکێتی دا، کە هەر کەسە بۆخۆی مەرکەزێکەو هەرکەسێک بۆخۆی قسەدەکات، خۆ ئەمانە مانای ئەوەنییە کەلەناو یەکێتیدا کێشەی جددی نییە. خۆشتان لەرۆژنامەکان دەیخوێننەوە، کاک نەوشیروان کە بەشێکە لەو مەسەلانە، کە باری سەرنجی بەوازحی وتوە و لەرۆژنامەکاندا روونیکردووەتەوە، من ئەوەندەی لەلاوە بۆم کرابێت، لەگەڵ باقی هاوڕێکانی دیکەدا هەوڵمانداوە، ئەو گرێیە خاو ببێتەوە و لەخاوبوونەوەشدا حیوار باشترین چارەسەرە بۆ گیروگرفتەکان. ئەو برادەرانەش، کە هەموویان هاوڕێی ئازیزی منن و خۆشم دەوێن، زەرەر لەو ململانێیە دەکەن و یەکێتیش لەناو خەڵک دادەبەزێت.

ئەگەرشتەکانی کاک نەوشیروان بخوێنیتەوە، ناتوانی بەپەسەندی نەزانی. من بەش بەحاڵی خۆم هیوام وایە کە لە یەکبگەن و شتەکان بەرەوپێشەوە بچن، بەڵام من بڕیارمداوە کە ئیتر کاری حیزبایەتی نەکەم. مانای ئەوەنییە کە من سیاسی نیم و خۆم وەک هەموو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بەسیاسی دەزانم، بگرە زۆر لەوان خۆم بەسیاسیتر دەزانم، دۆزی مەسەلەی میللەتەکەم پەیوەندی گەورەی بەمنەوە هەیەو لەهەموو مەسەلەیەکدا حەقم هەیە رای خۆم دەربڕم. یەکێتیش و پارتیش، لەزۆر لەموناسەبەتەکانیاندا زۆر گفتوگۆیان لەگەڵ کردووم و پرس و رایان پێکردووم. کەحیزبی نیم، هەستدەکەم کارەکانم بەباشی بەڕێوەبردووە و هەموو قۆناخەکانی پێشمەرگایەتی و قوربەسەری و شاخ و زیندانم بەسەربردووە.

**رووداو: ئەگەر تۆ داوەری بکەیت، پێتوایە گەورەبوونی ململانێکانی ناویەکێتی زیاتر لەئەستۆی کێدایە؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** ئەوە مەسیرەیەکی هەیەو مەسیرەکەی لەبەرچاوی هەموو خەڵک ئیعلان کراوە. خەڵک هەیە ئیمزای کردووەو خەڵک هەیە رای دەربڕیوەو لەم کاتەشدا رەنگە من هەقی ئەو دادوەرییەم نەبێت، چونکە من لەحیزبەکەدا وەک ئینسانێک کشاومەتە دواوە و زیاتر ئومێدی باشم هەیە. ئومێدم هەیە، ئەو شتە باشانەی کە تەرح کراون لەلایەن کاک نەوشیروانەوە گوێیان لێبگیرێت و ئەو شتە باشانەی لەلایەن برادەرەکانی دیکەوە تەرح دەکرێن، کاک نەوشیروانیش گوێیان لێ بگرێت.

**رووداو: کاتێک سیاسی دەبێتە بازرگان، بازرگانێکی چۆنی لێدەردەچێ؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** من هەر لەمنداڵییەوە کاسب بووم. ئەگەر لە هاوڕێکانی خۆم بپرسن، ئەوان دەزانن کە من لەمنداڵییەوە کارمکردووەو زۆر بەزەحمەت لەکار دابڕاوم، تەنانەت لەزیندانیش هەوڵمداوە لەکار دانەبڕێم. رۆژی واهەبووە لەزیندان، نزیکەی 12 سەعات کارم دەکرد و قوتوی موجەوهەراتم دروست دەکرد. بە زەنگیانە شتم دروستدەکرد و دەمنارد بۆ دەرەوە بۆ فرۆشتن. کاک ئەحمەدی دیاری لەبازاڕی عەسری یەکێکە لەوانەی کە من شتەکانم لەزیندانەوە بۆدەنارد و ئەویش دەیفرۆشتن، لەزیندان ئەوەندەم پەیدا کردووە، کەبەسێ موهەندیس پەیدا ناکرێت.

**رووداو: ئێستا بایەخ بەبینینی هاوڕێکانی سەردەمی منداڵیت دەدەیت، ئەوانەی بەیەکەوە کاسبیتان کردووە؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** من زۆریان دەبینمەوە لەوانەی کە زیندون. چونکە ئەگەر بە دەمی خۆم نەبێ، من عیلاقەیەکی زۆرباشم هەیە لەناو سلێمانیدا.

**رووداو: لە کاری سیاسەت و بازرگانیدا، زیاتر بە کامیان ئاسوودەتری؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** هەموو جۆرە کارێک لایەنی باشەو خراپەی خۆی هەیە، دیارە خەبات و قوربانیدان و گیانبازی، نە کارێکی ئاسانە و نەکارێکی ئەوەندە خۆشە، ئەگەر مرۆڤ ناچار نەبێ و میللەتەکەی پێویستی نەبێ.

**رووداو: کاری بازرگانی تۆ چییە، کۆنتراکت و پرۆژەی حکومی وەردەگری، یاخود بازرگانی هێنان و بردنی کەلوپەل دەکەی؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** من تا ئەم دەقیقەیە هیچ جۆرە ئیشێکم لەگەڵ حکومەت نەکردووە، واتە نە مەکتەبێک و نە نەخۆشخانەیەکم بەقۆنتەرات وەرگرتووەو نەپرۆژەیەکم وەرگرتووە، رەنگە کوڕەکەم، کە ماوەیەک کاسبی دەکردو ئێستا لەدوبەی بەڕێوەبەری دامەزراوەیەکی گەورەیە، شتێکی لەحکومەت وەرگرتبێت، ئەگینا خۆم هیچ پرۆژەیەکم لەحکومەت وەرنەگرتووە. من زیاتر سەرقاڵ بووم بەمەوادی خۆراکی و کڕین و فرۆشتنی ئەوانەوە، لەگەڵ ئێران و لوبنان و ئوردن. زۆرترین کاری من کاری خانووبەرەیە.

**رووداو: لەسیاسەت سەرمایەی بازرگانیت پەیداکرد، یاخود پارەت لە کەسانی دیکە وەرگرت، چۆن بوو؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** لەسیاسەت هیچم پەیدا نەکردووە، زیاتر لەوەی کە هەشت نۆ کەس لەخزم و کەسە ئازیزەکانی خۆم بە شەهیدبوون داوە. من بەڕاستی هەمیشە کاسب بووم و بەسەرمایەیەکی کەم دەستم پێکرد، یەکەم سەرمایەشم بەڕێز مام جەلال یارمەتیدام، سەرمایەیەکی نەقدی بە قەرز پێدام و کاسبیم پێکرد.

**رووداو: زۆر کۆمپانیا کە لە دەرەوە دێنە کوردستان دەڵێن پرۆژەکانی حکومەت و بازرگانی لەلایەن هەندێ کۆمپانیای نزیک حکومەت قۆرخکراون، خۆت کە رۆژانە لە نێو کاری بازرگانیدای ئەوە دەبینی؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** جائەوە پرسیاری دەوێ. ئەوە کۆمپانیاکانی سەربەولا ئاشکران و کۆمپانیاکانی سەربەملاش ئاشکران. کۆمپانیا حکومی و حیزبییەکان ئاشکران. چ ئیشێک هەیە کە بتوانێ بەبێ هاوکاری دەستی ئەوان بیکەیت؟ من ئێستا خۆم کرێچی ئەوانم، ئوتێلێکم وەرگرتووە بەکرێ لەکۆمپانیای

## من کرێچی کۆمپانیای نۆکانم

نۆکان، کەسیش شک نابەم ئوتێلی هەبێت و بەکرێ لێی وەربگرم.

**رووداو: هەندێ کۆمپانیا باسی ئەوە دەکەن دەبێ بەرتیل بدەن تاوەکو بتوانن پرۆژە وەربگرن، ئایا ئەوە هەیە ؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** من بەرتیل و شت نازانم، کەس ناوێرێ بەرتیل لەمن وەربگرێت. رەنگە ئەوە یەکێک لەموشکیلەکانیشم بێت کەباش ئیشوکارم بۆناچێتە پێشەوە.

**رووداو: بۆناوێرن بەرتیلت لێوەربگرن؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** نەخێر کەس ناوێرێ بەرتیلم لێ وەربگرێت.

**رووداو: ئێستا حکومەت دەڵێ لیژنەیەکم پێکهێناوە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، پێتوایە بتوانێ گەندەڵی نەمێڵێ؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** گەندەڵی دیاردەیەکە مومکینە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا سەرهەڵبدات و لە هەموو وڵاتانی دەوروپشتمان هەیە، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی فەوزایەک لەعێراقدایەو کوردستانیشی لێبەدەر نییە، هەموو کەس باسی یاسا دەکات و هێشتا یاسا بەرقەرار نەبووەو شتەکان سیستەماتیک نەبووە. ئەو فەوزایە مەجال دەدات گەندەڵی دروست ببێت. ئەو حیزبانەی لای ئێمەش رێوشوێنی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیان نییەو پێشبینیش ناکرێت ئەو رێوشوێنە بگیرێتەبەر. ئەمەش زەمینە بۆ گەندەڵی خۆش دەکات. من خۆم لەترۆپکی دەسەڵاتدا بووم لەناو یەکێتی، خەڵک هەبووە لەناو حیزبێکی ترەوە رایکردووەو گەندەڵ بووە، یەکێتی بۆئەوەی ناوچەیەکی پێ پڕبکاتەوەو شوێنێکی پێ بگرێت، قبوڵی کردووە، پارتیش هەروا. من ئێستا سلێمانی بەقوربانی ئەم کێشەیەو ئەم ململانێیە دەزانم. کاتێک هەڵبژاردن دێتە پێشەوە، چاو لەکۆمەڵێک تەجاوزات وگەندەڵی و کاری هەڵە دەپۆشرێت، تادەنگی زیاتر بهێنن. وەرگێڕانی رووی سلێمانی لەشارەوە بۆ نیمچە لادێیەک، لەپێناوی بەدەستهێنانی دەنگ بووە لەهەڵبژاردن.

**رووداو: دەگوترێ یەکێک لە هۆکارەکانی وازهێنانت لەیەکێتی ئەوەبووکە رێگری لەکاری بازرگانیت کراوە، راستە؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** زۆر حەزدەکەم حیزبەکان وایان لێبێت کە رێگە بە کاری بازرگانی سەرکردەکانیان نەدەن،بەڵام من رۆژێک لەرۆژان کەسێک شتێکی وای پێنەوتوم، من ئەوکاتەی وەزیری ناوخۆبووم، هیچ نەوعە کارێکم نەدەکرد، خەڵکی سلێمانی هەمووی شاهیدەو شەریکایەتیم لەگەڵ هیچ کەسێکی شاری سلێمانی نەبووە. بەرپرسەکان ئەگەر گلەییان لێبکرێت، گلەییان لێدەکرێت بەوەی کەشەریکایەتی یەکێک بکەن، من بەپێچەوانەوە هەموو جارێک رایەکی مەعقولم هەبووە تا واز لەئیشەکەم بێنم. وەختی خۆی لیژنەی وەزاری دروستبوو تا ئەو مەسەلەی گەڕەکی کانیسپیکەو ئەوانە بەرێگەیەکی زانستی چارەسەر بکرێن، بەڵام بەرێگەیەکیتر چارەسەر کراو منیش ئیستیقالەم کرد.

**رووداو: دەگوترێت ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ ئیدارەی گشتیی یەکێتیدا نەماوە، راستە؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** من پەیوەندیم لەگەڵ هیچ دەزگایەکی یەکێتی نەماوە، هاوڕێیەتی نەبێ.

**رووداو: ئەو کوتلەکارییەی ئێستا لە نێو یەکێتی پەیدابووە تاچەند پێوەندی بە ململانێکردن لەسەر پارە هەیە؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** بێویژدانییە ئەگەر واتەماشای بکرێت. عیلاقەی بە پارەوە نییە، بەڵکو عیلاقەی بەشەفافیەت و بەڕێوەبردنەوە هەیە، کە پارەش دەگرێتەوە. رەنگە یاداشتی ئەو چوار برادەرەتان بینیبێت کە خۆیان ئەندامی مەکتەبی سیاسین و، داوای ئەوە دەکەن شەفافیەت هەبێ لە مەسەلەی بودجەو خەرجکردن و ئەو شتانە، یەعنی شتەکان رۆشنە.

**رووداو: دەگوترێت لە رابردوودا پەیوەندییەکی باشت لەگەڵ ئێراندا هەبوو، تەنانەت دەگوترا پارەکانت دەبردە ئەوێ ئەمە تاچەند راستە؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** من لەبەر ئەوەی کاتی خۆی زیاتر مەلەفەکانی ئێران بەدەست منەوە بوون لە مەکتەبی سیاسی و، لەساڵی 1986وە ئەکتیڤترین کەسی ناو یەکێتی بووم لەمەسەلەی عیلاقەی ئێران و جگە لەوەش عیلاقەی حیزبەکانی دیکەش هەرلای من بوو. لەبەر ئەوەی من هاوڕێتییەکی باش و فراوانم هەیە لەناو ئێران و لەگەڵ بازرگان و لێپرسراوان و هاووڵاتیانی ئێرانی.

**رووداو: واتە سودت لەوپەیوەندییانە وەرگرتووە بۆ کاری بازرگانی ئێستاشت؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** من کەم لەگەڵ ئێران کارم کردووە، ئەوە تازە خەریکە لەگەڵ ئێران ئیش بکەم.

**رووداو: حیزبەکان تاچەند توانیویانە کۆنترۆڵی بازار بکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** من پێموایە یەکێک لەشتە ئەساسییەکان ئەوەیە، کە ئەم حیزبانە زۆر دەنازن بەوساڵانەی خەباتیان تێداکردووەو دەستکەوتیان بۆ میللەتەکەیان هەبووە، بەڵام ئێستا خەڵک پێویستی بەگەشەپێدانی ئابووری و بوارەکانی دیکەیە و نەوەی ئێستا هەست بەتەنگەبەری ژیان دەکات، دەبێ حیزبەکان تێبگەن لەوەی کە ئیتر ژیان لەسەر سەرمایەی کۆن چیتر برناکات و دەبێ هەوڵبدەن لەواقیعی تازەدا دەستکەوتی دیکەیان هەبێت و بەرنامەو کاری باشیان هەبێ وەک رابردوو. گلەیی خەڵک لەوێوە سەرچاوەی گرتووە.

**رووداو: بەردەوام ناڕازیت بەرامبەر کۆمپانیای نۆکان بۆچی؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** نەخێر من هیچ گلەییم لەکۆمپانیای نۆکان نییەو ناڕازیش نیم لێیان و هاوکاریشیانم، چونکە من ئێستا کرێچی ئەوانم. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی من وتومە لەشێوازی سەرمایەداری دەوڵەت ناڕازیم، هەموو ئەو شتانەی کە عیلاقەی بە حیزبە فەرمانڕەواکانەوە هەیە، بەهی دەوڵەتی دەزانم. من وا حسابی دەکەم، کە گەشەپێدانی کەرتی گشتی لەسەر حسابی کەرتی تایبەتە. سەرمایەداری دەوڵەتیش لەدونیادا شکستی خواردووە، نموونەش هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤییەت و بلۆکی سۆسیالیست، لەوڵاتانی دیکەی وەک عێراق و سوریا کە رێگەی سەرمایەداری دەوڵەتیان گرت، تەماشای حاڵی میللەتەکانیان بکە. نامەوێت وڵاتەکەم بەهەمان

## ئومێدم هەیە، گوێ لە شتە باشەکانی کاک نەوشیروان بگیرێت

تەجروبەدا بڕوات و حەزدەکەم بازاڕی ئازادی هەبێت و بایەخ بە هاوکاری کەرتی تایبەت بدات. با نۆکان و زاگرۆس و ئەمانە، بێن پرۆژەی کارەبا ئەنجامبدەن، بابێن پاڵاوگەی گەورە لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی بێگانە دابنێن و کێشەی سووتەمەنی چارەسەر ببێت. ئەوکات خەڵکیش دەستخۆشیان لێدەکات. من لەسەر شێوەی کارکردن رەخنەم هەبووە.

**رووداو: هیچ بەرپرسێک ویستوویەتی ببێتە شەریکت؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** کەس داوای لێنەکردووم.

**رووداو: هیچ یارمەتییەکی داراییت نەداوەتە کۆمپانیای وشە؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** نەخێر.

**رووداو: بە نیاز نیت رۆژنامەیەک یان تەلەفزیۆنێک دابمەزرێنی؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** نا، بەنیازی شتی وانیم.

**رووداو: دوای تێپەڕینی ئەو تەمەنە لە پێشمەرگایەتی وسیاسەت وئیدارە وبازرگانی، بەنیازنیت یاداشتەکانت بنووسیتەوە؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** زۆربەیم نووسیوەتەوە و دەشی نووسمەوە، هەرکات بەباشم زانی بڵاویان دەکەمەوە.

**رووداو: لە یاداشتەکانتدا هەموو شتەکانت باسکردووە، یان خۆت پاراستووە؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** هەموویم وەک خۆی نووسیونەتەوە، بۆیە جارێ بڵاویان ناکەمەوە.

**رووداو: لەوانەیە هێشتا حەزت لەوەبێت کە بزانیت خەڵکی سلێمانی رایان لەسەر تۆ چییە، بۆخۆت چۆن پێشبینی رای خەڵک دەکەی؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** من بەش بەحاڵی خۆم کارم کردووە بۆ ئەوەی خەڵک خۆشیان بوێم و خوشم بوێن. ماڵی کەسم داگیر نەکردووەو لەو شارەدا زۆرکەم روویداوە لەگەڵ یەکێک تووشی گیروگرفت بووبم. خەڵکیش بۆخۆی تەقیمێکی گەورەیە.

**رووداو: بۆچی لە کوردستان دانانیشیت؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** من خێزانەکەم زۆر هیلاک بووە پێمەوە و دکتۆرە، لەبەر ئەوەی کاری سیاسیم کەمبووە، ئەویش حەزدەکات پسپۆری وەربگرێ و بخوێنێ، منیش زۆر پشتیوانیم کردووەو هانیشمداوە بۆ ئەوەی بچێت خوێندنی باڵا بخوێنێ، ئێستا لەنەخۆشخانەی زانکۆی ئەردەنی دەخوێنێ و لەهەمانکاتدا تاقیکردنەوەی بۆردی عەرەبی دەدا و تاقیکردنەوەی کردووە لە لەندەن و یەک تاقیکردنەوەی ماوە و دەیەوێ بڕوانامەیەکی ئینگلستان بەدەستبێنێ، بەچڕی خەریکی خوێندنەو منداڵەکانیشم لەوێ دەخوێنن، بۆیە دەمەوێ زۆربەی کاتەکانم لەگەڵ منداڵەکانم بم.

**رووداو: واتە کە تەواو بوون دەیانهێنیتەوە سلێمانی؟**

**فەرەیدوون عەبدولقادر:** حەتمەن.



**بکوژانی لاوەند دەستگیرنەکراون**

رووداو-دیمەشق
◆ رۆژی 2008/11/12 هونەرمەندی کورد لاوەند حاجۆ لە ئەپارتمانەکەی خۆی لە دیمەشق کوژرا. لاوەند هونەرمەندێکی ناسراوی بواری شانۆی سەماکردن بوو.چەندین خەڵاتی بەناوبانگی وەگرتووەو ساڵی 1997 مێدالیای زێرینی لە ژاپۆن وەرگرت.تا ئێستا هۆکاری کوشتنەکەی دیارنییە وتاوانبارەکانیش دەستگیرنەکراون.

# رەشبینترین شێوەکاری جیهان لە کوردستانە

## رۆستەم ئاغالە" خۆزگە خاوەنی هوتێلێک بوومایە و هونەرمەند نەبام"





**برادلی هۆپ — سلێمانی**

بەرامبەر رۆستەم ئاغالە دانیشتبووم، کە شێوەکارێکی بەتوانای کوردە و سمێڵێکی رەشی هەیە، لەئەنجامدا بۆم ئاشکرا بوو کە ئاغالە نێگەتیڤترین کەسە لە هەموو ژیانمدا بینیوبێتم.

بەدرێژایی هەڤپەیڤینەکەمان،چەندین پرسیارم ئاراستە کرد، بەو هیوایەی چیرۆکێکی خۆشی لێ دروست بکەم، وەکو: هەستی هونەری لەم شوێنە ئارامەی عێراق چۆنە؟ ئایا هونەر لەنێو خۆڵەمێشەوە سەرهەڵدەداتەوە؟ لەپڕ بەهێز دەبێتەوە؟ تێکەڵی سیاسەت بووە؟.

لەگەڵ ئەوەی دەمووچاوی لە پزیشکێک دەچوو کە دەردێکی کوشندە بە نەخۆشەکەی بڵێت، ئاغالە وەڵامی دایەوە و گوتی "لەرووی هونەرییەوە، کوردستان زۆر لەدواوەیە، بۆ خەڵکی وڵاتانی دیکە هونەر شتێکی زۆر گرنگە،بەڵام لێرە پشتگوێخراوەو کەس گوێی جوانکاری وبوتیکی یۆنان یا دوورگەی سیسیلی ئیتالی دەچێت . بەڵام شێوەکارێک مووشەکێکی کۆنی سەردەمی سەدام، کە لە هێرشەکانی شاری هەڵەبجەدا بەکارهاتووە، گۆڕیووە و کردوویەتییە سێوێکی سەوز و هەروەکو تاڤگەی ئاو، ئاوی لێدێتە خوارەوە.

لەگەڵ ئەوەی بە وەڵامی یەکەمی ئاغالە ورەم دابەزی، بەڵام هەوڵمدا دەربارەی سەردانیکەرانی ئەو گەلەرییە پرسیار بکەم، ئایا خەڵک دێت؟ ئەو خەڵکەی دێن بیانین یا هاووڵاتی ناوخۆیی؟ لە وەڵامدا گوتی " کەس نایێتە ئێرە، جگە لە رۆژنامەنووسی سەیر، ئەوانیش حەز ناکەن چاوپێکەوتنم لەگەڵ بکەن، لەبەرئەوەی زۆر نێگەتیڤم".

هونەرمەندەکان ناوبانگێکی باشیان نییە، خۆزگە دەوڵەمەند بوومایە و لەسەر چیایەک هۆتێلێکم هەبووایە بۆ ئەو گەشتیارە بیانیانەی دێنە ئێرە، هەرکاتێک پێشانگەیەک دەکەمەوە، پەشیمان دەبمەوە، لەبەرئەوەی کەس هیچ پێنادا".

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، ئاغالە سەرۆکی گەلەری زاموایە، کە گەلەرییەکی پێشکەوتووی سلێمانییە، کە شارێکی کوردییە و ژمارەی دانیشتووانی 800 هەزار کەس دەبێت. ئەو گەلەرییە لەشوێنێکی جوان و شاراوەی نێو گۆڕەپانێکدایە.

دەرگای خانووەکەی گەلەری زاموا کە خاوەنەکەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی هاوسەری سەرۆک کۆماری عێراقەو پشتیوانییەکی روحی گەلەرییەکەیە. بە شتایگەری بریقەدار نەخشێنراوەو داری زەیتوون لە نێوبەردەکانی بەردەرگاکە هاتوونەتە دەرێ، لە گەلەرییەکی شتو مە کی

من زۆر بە وردی وەڵامی پرسیارەکانم لەسەر دەفتەرەکەم دەنووسیەوە و بیریشم دەکردەوە ئایا بۆچی هەندێ بابەتی چاوپێکەوتن، هەوڵێکی زۆر دەدەن چیرۆکەکانت بکوژن، بەڵام کاتێک سەرم بەرز کردەوە، بینیم خەندەیەک لە دەموچاوی ئاغالە دروست بووە، لەبەرئەوە منیش بڕیارمدا چاوپێکەوتنەکە بە رێگایەکی دیکەدا ببەم: خەڵک لەبەر هەڵسوکەوتت هیچ نازناوێکیان پێ بەخشیوویت؟

دیاربوو پرسیارەکەی پێخۆشبوو، بۆیە وەڵامی دایەوە و گوتی "بەڵێ! ناویان ناوم رۆستەمە شێت"!.

منیش پرسیارێکی دیکەم ئاراستە کرد و گوتم " دەتوانم بپرسم، ئایا خۆشحاڵیت بەوەی هونەرمەندیت؟"،کاتێک وەرگێڕەکەم پرسیارەکەمی بۆکرد بە کوردی، پێکەنینەکەی ئاغالە زیادی کرد. ناوبراو لە وەڵامدا گوتی"بێگومان نەخێر! نامەوێت ببمە هونەرمەند، ناکرێت".

پێش ئەوەی پێبکەنم، ئەو بەردەوام بوو "هونەر ژیانمە، زۆرم خۆشدەوێت، هەتا ئەگەر رقیشم لێی بێتەوە".

بۆ دواجار هەستمکرد توانیومە شتێک لە دڵی یەکێک لە گەورەترین شێوەکارەکانی کوردستاندا دەربێنم. ناوبراو قسە و کردەوەی دژ بەیەکە و بەتەواوی بێزار بووە، بەڵام لەهەمانکاتدا تەنیا دەتوانێت ئەو کارە بکات کە هەمیشە کردوویەتی.

هەموو روویەکی پرۆسەکەی ئازارچێشتنە "کاتێک وێنەدەکێشم، ناتوانم بیربکەمەوە، ئەگەر بیربکەمەوە، هەڵە دەردەچێت". ئەو هەمیشە زۆربەی تابلۆکانی فرێدەدان، تا رۆژێکیان تابلۆیەکی بەبڕی 4 هەزار دۆلار فرۆشرا "لەوکاتەوە هاوسەرەکەم رێگەنادات تابلۆ خراپەکانیشم فڕێبدەم، خراپەکان زیاتر پارە دەکەن لە باشەکانم".

لەم دواییەشدا، هاوسەرەکەی ئامۆژگاری ئاغالەی کردووە تا زیاتر سەرکەوتوو بێت" هاوسەرەکەم دەیەوێت وێنەی خەڵک بکێشم پێبکەنن و ژنەکانیش جلوبەرگیان لەبەردا بێت". بەڵام ئاغالە گوێی لە ئامۆژگارییەکە نەگرتووە، کارەکانی ئەو نادیار و سادەن. یەکێک لە تابلۆکانی، ئافرەتێکی خەیاڵاوی کوردە لەبەردەم ماڵێکدا کە پڕی دار هەنار و گوڵی رەنگاورەنگە. دەموچاوی کچەکە خەمباراوییە و وادیارە جیهانەکەی داخراوە، سەرەڕای ئەوەی لە دەشتودەرێکی کراوەدا دانیشتووە: کچێکی عاشقە، بەڵام ئیفلیجە.

تابلۆیەکی دیکە، کە لەسەرەتادا بە وێنەیەکی سادە دەبینرێت و بریتییە لە وێنەی فەرشێک، بەڵام کاتێک لێی ورد دەبیتەوە، دەبینیت شارێکە لەشێوازی شەپۆلاوی.لەبارەی ئەو تابلۆیەوە، ئاغالە گوتی"ئەم تابلۆیە لە شێوەی نەخشەیە، (دەستی بە تابلۆکەی هێنا) ئەوە شەقامەکانە، ئەوە ماڵەکانە و ئەوەش خەڵکەکەیەتی".

کە لەگەڵ ئاغالە دانیشی و لە پەرداخە بچووکەکەدا چای شیرین بخۆیەوە، ئەو هەستەت لا پەیدا دەبێت کە ئەگەر 10 ساڵی دیکە بگەڕێییەوە لای، ئەو هەر لە زاموا ماوەتەوە. ئاغالە شێوەکارێکی نەگۆڕە و لە مۆزەخانەیەک جووڵە بە تابلۆکانی دەکات کە کەس سەردانی ناکات و زۆر دووریشە لە راکێشانی هەستە هونەرییەکانی پاریس و نیویۆرک، کە بەرهەمەکانیان بە ملیۆنان دۆلار دەفرۆشرێن.

لە کۆتاییدا رۆستەم ئاغالە گوتی "هەوڵدەدەم بیریان لێنەکەمەوە، بەڕاستی حەزم دەکرد شتێکی دیکە بوومایە، بەڵام بە شەو ناخەوم و هەر وێنە دەکێشم".

**لە رۆژنامەی (The National)ی ئیماراتییەوە**

# ئاوازەکان لەچیا دەنگدەدەنەوە

## "رێگەمان پێنادرێت لە باشووری کوردستان کۆنسێرت ساز بکەین"

**محەمەد تاهیر**
**رووداو- مەخموور**

لەنێو شاخە سەخت و بەفرینەکاندا، گرووپێک لە کچان و کوڕان دەستیان داوەتە چەند ئامێرێکی موزیک و سروود بۆ هەڤاڵە گیان لە دستداوەکان دەڵێن و هەڵپەڕکێ دەکەن، ئەوان تیپی موزیکی (کۆما ئاوازێن چیا)ن و، دەیانەوێت نەک هەر شەڕ بەڵکو ئاوازەکانیشیان لەچیاکان دەنگبدەنەوە.

لەناو ئەوچیایانەدا رۆژێک ئەوان بیردەکەنەوە قوتابخانەیەکی هونەری دابمەزرێنن و بەموزیک و گۆرانی گوزارشت لەهەستی خۆیان بکەن، لەساڵی 2000 قوتابخانەی (شەهید سەفقان) دادەمەزرێنن، کە چالاکی هونەری وەک شانۆ و سینەما و موزیک پێشکێش دەکات، ئینجا ئەو قوتابخانە چیاییە لە ساڵی 2006 تیپێکی موزیک دروست دەکات بەناوی (کۆما ئاوازێن چیا) وەک ئەندامانی تیپەکە ئاماژەی پێدەکەن ناوەکە دەتوانێ باشترین وەڵام بێت بۆ ناسنامەی ژیانی ئەوان و ئاوازەکانیش لەنێو چیا سەختەکان بەموزیک لە ژیانی ئەوان دێنەدەر.

دەلیل دەمهات،کە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی ئەو تیپە، 15 ساڵە چووەتە شاخ، دەڵێت "رەهەندەکانی شۆرش تەنیا لایەنی سەربازی، ئابووری و سیاسی ناگرێتەوە، یەکێک لەو رەهەندانەی هەست و هزری سۆزی شۆرش تەواو دەکات، پێشخستنی کولتوور و هونەرە".

بەپێچەوانەی زۆربەی تیپە موزیکیەکان (کۆما ئاوازێن چیا) تیپێکی کراوەیە، واتە ژمارەی ئەندامانیان دیار نییە، هەندێکجار 6 ئەندامن و جاری واش هەیە دەگاتە 12 ئەندام، ئەمەش بە گوێرەی پێداویستییەکانە. گورسێ مەرەتو، لەدوای ساڵی 2002 وە ئەندامی تیپەکانی هونەری گەریلایە، بۆ (رووداو) گوتی"ئێمە هەموومان گەریلاین و لەسەر شاخەکانین، بەر لەهەرشتێک ئێمە سەربازین، ئەندامانی کۆما ئاوازێن چیا، وەکو سەربازێک بەکاری هونەرییەوە پەیوەستن. ئەو کەسانەی خاوەن بەهرەی هونەریش نین بۆیان هەیە لەناو تیپەکەمان جێ بگرن".

مەرەتو دەڵێت"ئەو رووداوانەی لەبەر چاومان بە زیندوویی دەمانبینین، دەمانکردنە گۆرانی. ئەمەش لەبەرهەمەکانی وەکو ئۆرەمار و داستانی زاپ و بەرهەمەکانیتر رەنگیداوەتەوە، کە لەهەموویاندا هیواو پەرۆشی و ئازادی بەدیدەکرێت، ئەو زۆری و زەحمەتی و ناخۆشیانەی بەسەرماندا تێدەپەڕن دەکەینە گۆرانی".

کارە هونەرییەکانی کۆما ئاوازێن چیا زۆرجار لەژێر تۆپبارانەکانی تورکیا و ئێران بەرهەمدەهێنرێن، ئەمەش بۆ موزیسیانەکان کارێکی دژوارە کە لەژێر دەنگی گرمەی تۆپەکان گیتار بژەنن و گۆرانی بڵێن، بەڵام ئەو حاڵەتە نەیتوانی هیچ ئەندامێک لەو تیپە دڵسارد بکاتەوە و زۆرجار لەنێو ئەشکەوتەکان بەچەند ئامێرێکی سەرەتایی کارەکانیان رادەپەڕێنن.

گورسێ مەرەتو، دەڵێت بە دوور مەگرە لەوانەیە ئێمە شەهید ببین، وەکو ئەوەی لەکاتی ئامادەکردنی کلیپی (ئۆرەمار)دا روویدا، فرۆکەکان لەکاتی وێنەگرتنی کلیپەکەدا بۆردومانیان کردین، دیسان لە ئامادەکردنی کلیپی (داستانی زاپ)یش هەمان شت دووبارە بووەوە.

دوو لەو سترانانەی کە کۆما ئاوازێن چیایان ناساند یەکەمیان سترانی (ئۆرەمار) و دووەمیشیان سترانی (داستانی زاپ)ە. شەڕی ئۆرەمار لەساڵی 2007دا لە باکووری کوردستان تێکدانی بنکەیەکی سەربازیی تورکی و بەدیلگرتنی 8 سەربازیی تورکی لێکەوتەوە، هەروەها هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەرناوچەی زاپی باشووری کوردستان بە شکستی سوپای تورکیا کۆتایی هات. سترانی (ئورەمار)، جگە لەدەنگدانەوەی لەنێو کوردانی ئەوروپا و باکووری کوردستان، لەباشووریش دەنگدانەوەی باشی دروستکرد، مەرەتو دەڵێت ئێمە لەو بڕوایەدا نەبووین بەو شێوەیە دەنگبداتەوە "بەڵام ئەمە بە پێچەوانە رەنگیدایەوە، کورد لەباکوور، باشوور، رۆژهەڵات، رۆژئاوا، ئەوروپا و لەهەرشوێنێکی جیهان دڵخۆشیان بەرامبەر ئەم گۆرانییانە دەربڕی. ئەم گۆرانیە لەهەر شوێنێک گوترایەوە، ئەزبەرکرا و لەراپەرینەکانی باکووری کوردستان گوترایەوە".

کۆما ئاوازێن چیا دوور لەداهێنانەکانی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی سەردەم بەئامێری کۆن و سەرەتایی کارەکانیان ئەنجامدەدەن. مەرەتو دەڵێت "ئێمە ئامێری مۆسیقی پێشکەوتوومان نییە، چەند هەفتەیەکی دەوێت تاوەکو گۆرانییەک بەرهەم بێنین، چونکە دەبێ پێشتر مۆلیدەی کارەبا و بەنزینمان بۆ بێنن، زەوی دەکۆڵین یان لەئەشکەوتێک کاری هونەری بەڕێوەدەبەین".

دەلیل دەمهات، ئاماژە بەوە دەکات کە دەرفەتی دەرکەوتن بە گرووپەکەیان نادرێ و تەنیا لەسێ تەلەڤزیۆنەکەیان Roj TV، MMC، Newroz TV گۆرانیەکانیان پەخش دەکرێن، دەلیل دەڵێ حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگەمان پێنادەت کۆنسێرت سازبکەین .

هەرچەندە جگە لەکەمپی پەنابەرانی باکووری کوردستان لە مەخموور، چەندین جار لەناوچە شاخاوییەکان کە بنکەی گەریلایان لێیە کۆنسێرتیان ساز کردووە و ئەمساڵیش بەشدارییان لەفیستیڤاڵی قەندیل کرد،هەندێجار بۆ رەوەندەکانیش کۆنسێرت سازدەکەن.

ئەوان خوازیارن لەهەموو یادو بۆنە نەتەوەییەکان لەگەڵ پارت و رێکخراوەکان کۆنسێرت ساز بکەن.

زەفەر یلماز، دەڵێت "چەندین جار داوامان لێکراوە لە باشووری کوردستان کۆنسێرت ساز بکەین، بەڵام بە داخەوە بەهۆی هەندێک خاڵ رێکنەکەتووین، ئێمە خوازیاربووین بە جلوبەرگی گەریلاوە کۆنسێرت ساز بکەین، بەڵام ئەمە لەلایەن دەسەڵاادارانی باشوورەوە پەسەند نەدەکرا".

زەفەر یەڵماز ئاماژەی بەدوایین کاری هونەری خۆیان کرد کە چەند بەرهەمێکیان لەبەر دەستدایە و ماوەیەک پێش ئێستاش ئەلبومێکیان بڵاوکردەوە کە 12 تراکی لەخۆگرتبوو، گوتی " ئێستا خەریکی ئامادەکردنی بەرهەمێکین لە سەر داستانی بێزەلێ".

وەک ئەوەی زۆرجار لەمیدیاکانی جیهانی ناویان دەهێنن دەلیل دەمهات، رتیدەکاتەوە کە ئەوان شەڕخواز بن، بەڵکو دەڵێت "هەست و هاواری دایکانمان بۆ ئەوەیە شەڕ رابوەستێت و خوێن نەڕژێت. ژیانێکی سەربەرز، بە ناسنامە و بەیەکەوە ژیان، داخوازی گەلی کوردە". دەمهات گوتیشی "بەرهەمەکانیشمان لەوپێناوەدان".



کۆما ئاوازێن چیا
(فۆتۆ: رووداو)

# تاراوگە



## نەزاکەت ماستەر لە BBC وەردەگرێ

رووداو- ئینگلستان

◆ لە زانستگەی شەفیلدی بەریتانی، قوتابییەکی کورد بەناوی نەزاکەت حوسێن حەمە سەعید بڕوانامەی ماستەری لەسەر ئاژانسی دەنگوباسی بەریتانی BBC وەرگرت. نەزاکەت کە رۆژنامەنووس هەڵسووراوێکی کاروباری ژنانە لە کوردستان وبەشداری لە بەرهەمهێنانی چەندین فیلمی بەڵگەنامەیی کردووە.

# کۆمەڵکوژی کوردانی دێرسم گەیشتە پایەختی ئەوروپا



هیوا عەبدوڵڵا
abdullahhiwa@yahoo.com

**رووداو-برۆکسل**

لە کۆنفرانسی (دوای 70 ساڵ دێرسم38) کە لە بارەگای پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا لە بروکسلی پایەختی بەلجیکا بەڕێوەچوو، داوای دیاریکردنی گۆڕی سەید رزا و 18 هاوەڵی و ئەو سەدان منداڵەی کرد کە لەلایەن سەربازانی تورکەوە رفێندران لەکاتی کۆمەڵکوژیی دێرسمدا.

سەرەڕای هەموو هەوڵدانەکانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بۆ رێگرتن لە ئەنجامدانی ئەو کۆنفرانسە، پاش نیوەڕۆی2008/11/13، پەرلەمانی ئەوروپا، لەسەر داوای گرووپی چەپی یەکگرتوی پەرلەمانی ئەوروپا-Gue-Ngl، کۆنفرانسێکی بە ناونیشانی (دوای 70 ساڵ دێرسم 1938) لە بارەگای ناوەندی خۆی لە بروکسێلی پایەختی بەلجیکا، بە بەشداری شایەتحاڵێک کە ئەو رووداوەی بە چاوی خۆی بینیبوو، چەندین ئەندام پەرلەمانی تورکیای سەربە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیDTP،چەندین سیاسەتڤان و کەسایەتی و رێکخراوی کوردی و جیهانی و چەند کۆمەڵەیەکی ئەرمەنی و ئاشووری،ئەنجامدا.

فەلەکناس ئوجا، تاکە ئەندامی کوردی پەرلەمانی ئەوروپا، کە بەڕێوەبەری کۆنفرانسەکە بوو، لە وتەی کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا گوتی "ئەگەر سەیری شیعرو لاوکە کۆنەکانی کوردستان و دێرسیم بکەین بۆمان روونەبێتەوە کە 70 ساڵ لەمەوبەر رژێمی تورکیا چ جۆرە کۆمەڵکوژیەکی لەو ناوچەیەدا ئەنجامداوە، زۆر گرنگە لە سەردەمێکدا کە گفتوگۆکانی ئەوروپا لەگەڵ تورکیا دەربارەی بە ئەندامبونی لە یەکێتی ئەوروپا درێژەی هەیە و دوای 70 ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو کۆمەڵکوژیەدا، بۆ جاری یەکەم لە پلاتفۆرمێکی نێونەتەوەییدا کۆنفرانسێکی بەو شێوەیە ئەنجامدەدرێ".

دێرسم (تونجەلی ) کە ویلایەتێکی باکووری کوردستانە و زۆربەی دانیشتوانی کوردی زازایی و ئاینزا عەلەوین، لەساڵی 1937 بە سەرۆکایەتی سەید رزا دێرسمی رایەڕی، بەڵام رایەرینەکە بە شێوەیەکی دڕندانە لەلایەن سوپای تورکیا بە سێدارەدانی سەید رزا و جینۆسایدکردنی دانیشتووانەکەی سەرکوتکرا. بەپێی ئامارە خەملێندراوەکان لەو کۆمەڵکوژیەدا 35 تا 40 هەزار کورد لەلایەن سوپای تورکیاوە کوژران و سەدان کۆرپەلە لەسکی دایکەکانیاندا بەنێزەی تفەنگی سەربازانی تورک کوژران و رێگەی هاتنە سەر دونیایان پێنەدرا. سەرکوتکردنی راپەرینەکە هێندە کاریگەربوو، تاوەکو سەرەتای ساڵانی شەستەکان بزووتنەوەی کوردی خامۆشکرد.چونکە هەروەک فەلەکناس ئوجا لە ئاخفتنێکیدا بۆ (رووداو) گوتی " چەمی مونزور



بەخوێنی پیر و کچ وکوڕو ژنانی دێرسم بەهۆی ئەو سەکوتکارییە خوێناوییە بۆ ماوەی چەندین رۆژ سوورهەڵگەڕابوو و خەڵتانی خوێن ببوو".

فەلەکناس ئوجا،سەبارەت ئامانجەکانی کۆنفرانسەکە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی" یەکێک لە ئامانجەکان بەبیرهێنانەوەی کۆمەڵکوژیەکەیە کە ئێستاکەش لە گۆرانی و لاوکەکانی ئەو ناوچەیە رەنگدەداتەوە، رەنگدانەوەکانی ئەو کۆمەڵکوژییە بە سەر خەڵکی ئەو ناوچەیەدا .هەروەها دەمانەوێ ئەو هەموو کۆمەڵکوژیانە بەبیر تورکیا بێنینەوە کە لە مێژوی خۆیدا ئەنجامیداون و ئەمرۆ دەیەوێ لەبیرخۆی بباتەوە". فەلەکناس دەڵێ تورکیا ئەگەر بیەوێ لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا بگاتە ئەنجام بۆ وەرگرتنی لە یەکێتی ئەوروپادا دەبێ مێژووی خۆی بەدانانان بەو کۆمەڵکوژیانەی ئەنجامیداون راست بکاتەوە، لەو بارەوە بۆ (رووداو) گوتی " تورکیا کە بەشێوەیەکی هەڵە و دوور لە راستی و زانستی مێژوویی شانازی بە رابردووی خۆی دەکات و ئەمڕۆکە لەوتوێژدایە لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، ناچارە مێژوویەکی نوێ و دوور لە چەواشەکاری بۆ خۆی بنووسێتەوە، ئەوەش لەگەڵ خۆیدا چارەسەری بۆ کێشەی کورد دێنێت و کۆتایی بە سیاسەتی نکۆڵی و لەناوبردنی گەلی کورد و گەلانی دیکە دێنێ".

سەرۆکی کۆمەڵەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دێرسیم، حەیدەر ئیشق، لە وتارێکدا کە لە ژێر ناونیشانی (پاکتاوی رەگەزی و کپکردنەوە و ئەنجامە دواییەکانیAssimilation and (Repression-The subsequent Year پێشکێشکردو باسی لە مێژووی رووداوەکە کرد، وگوتی "خۆبەدەستەوەنەدان و ملشۆڕ نەکردن تایبەتمەندییەکی خەڵکی دێرسمە، بۆیە دەوڵەتی تورکیاش لەبەر ئەو هۆیە ئەو کۆمەڵکوژییەی تێدا ئەنجامدا بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکەکەی".

لەو کۆنفرانسەدا Hans Branscheidt ئەندامی کۆمیسیۆنی مەدەنی-سڤیل ی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا، لە وتارێکیدا بەناونیشانی (رووداوەکەی دێرسیم و رێنماییەکانی مافی مرۆڤ)، داوای لە تورکیا کرد لە پێناوی ئاشتبوونەوەی نێوان کۆمەڵگەکانی تورکیا و گەشەکردنی گیانی لێبووردەیی دان بە کۆمەڵکوژییەکەی دێرسم دابنێ.

لەهەمان رۆژی بەستنی ئەو کۆنفرانسەدا، کۆنفرانسێکی دیکەش لە هەمان شوێن لەسەر کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لە تورکیا، بەرێوەچوو .کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لەساڵی 1915 هەرچەندە تاوەکو ئێستا لەلایەن چەند دەوڵەتێکەوە وەک جینۆساید دانی پێدانراوە، بەڵام دەوڵەتی تورکیا تائێستا ئەوە رەتدەکاتەوە دانی پێدا بنێ . عەلی مەحمود سەرپەرشتیاری ناوەندی (چاک) کە یەکێکبوو لەبەشدارانی کۆنفرانسەکە، ئەو کۆنفرانسەی بە "هەوڵێکی سەرەتایی، بەڵام زۆر گرنگ" هەڵسەنگاند و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی " جاری یەکەمە لە پەرلەمانی ئەوروپا کۆنفرانسێک لەسەر کۆمەڵکوژی دێرسیم دەکرێ، کە گەورەترین کۆمەڵکوژی باکووری کوردستانە لە ساڵەکانی نێوان 1936- 1938 ئەنجامدراوە، بەڵام کەمتر لە کۆمەڵکوژی ئەنفال و ئەرمەنییەکان کاری لەسەر کراوە، جگە لەوە کۆنفرانسەکە لە رۆژێکدا ئەنجامدرا کە هاوکات و هاوشوێن بوو لەگەڵ کۆنفرانسێکی ئەرمەنییەکان دەربارەی کۆمەڵکوژی گەلی ئەرمەن". عەلی مەحمود داوای لە چالاکڤانانی مافی مرۆڤی باکووری کوردستان کرد شان بەشانی رێکخراوەکەیان کاربکەن لەپێناو ناچارکردنی داگیرکەرانی کوردستان بۆ دانان بەو کۆمەڵکوژیانەی لە دژی کورد ئەنجامیانداون.

راغب زارال ئۆغلۆی چالاکڤانی مافی مرۆڤی دانیشتووی ئیستەنبوڵ، لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناونیشانی (تورکیاو رابردوو-مێژوی نکۆڵیکردن Turkey and its past-A History of Denial) پێشکێش کردو،تێیدا بەدرێژی باسی لە کوشتنی بەکۆمەڵی کورد لەلایەن تورکیاو ئەوسیاسەتەی کە دەوڵەتی تورکیا دوای ئەو کۆمەڵکوژیانە دژی کورد ئەنجامیداون کە ناوی نا" قۆناخی کۆمەڵکوژی سپی" و گوتی "تورکیا تا ئێستا بەشێوەیەک لە شێوەکان بەردەوامە لەسەر ئەو سیاسەتە".

نوێنەری دێرسم لە پەرلەمانی تورکیا، شەرەفەدین خالس، کە ئەندامێکی فراکسیۆنیDTP یە، رەخنەی لەسیاسەتی تورکیا گرت کە تاوەکو ئێستا هیچ وەڵامێکی شیاوی داواکانی ئەویان نەداوەتەوە وەک نوێنەرێکی دێرسم سەبارەت بە جینۆسایدی هەزاران مرۆڤی شارەکەی. شەرەفەدین لە وتارێکیدا بەنێونیشانی (هاوار و خنکاندن و خوێن-دێرسیم لەساڵی 1938A Scream Drowned In Blood-Đersim 1938)، سەرنجی ئامادەبووانی راکێشا و گوتی ئێمە وەک نوێنەری خەڵکی دێرسیم دوای تێپەڕبوونی 70 ساڵ بەسەر ئەو کۆمەڵکوژییەدا نیازێکی وامان نییە تورکیا تەنگاو بکەین و سەرئێشەی بۆ ساز بکەین، بەڵام نابێ تورکیا ئەو رابردووە لەبیر خۆی بباتەوە .لە وتارەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە کۆمەڵکوژییەکە بە چوار قۆناخ ئەنجامدراوە لە کۆمەڵکوژی سوور تا سپی و گوتی" باوکو دایکیان کوشتین و ئێمەیان بە منداڵی بۆ ناوچەکانی دیکەی تورکیا گواستەوە، زمان، کولتور و مێژووی خۆمان لەبیر چووەتەوە"، هەروەها گوتی "من ئێستا ئەندامی پەرلەمانی تورکیام و خەڵکی ئەو ناوچەیە دەنگیان پێداوم، ئەگەر تورکیا رێز لە پەرلەمانی خۆی دەگرێ دەبێ وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە، من پێش دوو مانگو نیو نامەیەکم پێشکێشی لایەنە پەیوەندیدارەکانی تورکیا کرد و گوتم چارەنووسی ئەو خەڵکە چی بەسەرهات؟ گۆڕەکان، پاشماوە، ئێسک و پروسکەکانیان لە کوێن؟ گوتیان بەدوای رابردوو مەکەوە، گوتم باشە گۆڕی سەید رەزا سەرۆکی راپەرینی دێرسم لە کوێیە؟ دوای دوو مانگو نیو وەڵامیان دامەوە گوتیان نازانین".

نوێنەرانی فیدراسیۆنەکانی ئەرمەنی و سوریانییەکانی تورکیا و باکووری کوردستانیش بەگوتاری پشتگیریکردن لە خەڵکی دێرسیم، بەشداریان لە کۆنفرانسەکەدا کردو داوایان لە گەلی کورد کرد شان بەشانی گەلی ئەرمەن و سوریانی و سەرجەم گەلە چەوساوەکانی ناوچە بەردەوامبن لە تێکۆشانیان بۆ وەدیهێنانی مافەکانیان.

پرۆفیسۆر و مامۆستای زانکۆی برێمەنی ئەڵمانیا prof-Ronald Monch پێی وایە نابێ تورکیا بەو شێوەیە تەماشا بکات، کە ئەنجامدانی دوو کۆنفرانس لەیەک رۆژدا لەبارەی کۆمەڵکوژی کورد و ئەرمەنەکان لە تورکیا نیشانەی توندبوونی ئەوروپایە بەرامبەری" مەسەلەکە رادیکاڵبوون نییە، بەڵام ئەوروپا دەیەوێ بەشێنەیی تورکیا بگۆڕێ، ئەگەر تورکیا بۆ ئەوە ئامادە نەبێ ناتوانێ ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا و، ئەوروپا یاری بە تورکیا ناکات و دەبێ تورکیا واز لەو قسانە بێنێ". ئەو پرۆفیسۆرە لە درێژەی لێدوانێکیدا بۆ (رووداو) داوای لە تورکیا کرد چاو لە ئەڵمانیا بکات و دان بەو کۆمەڵکوژیانە دابنێت و گوتی " ئەڵمانیاش کۆمەڵکوژی دژی جولەکەکان ئەنجامدا، بەڵام دوایی دانی پێدانا و داوای لێبووردنی لە جولەکەکانی جیهان کرد، واتە ئەوە شتێکی تایبەت نییە بە تورکیا، بەڵکو بەپێی بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان لە 1947/3/21 کۆمەڵکوژی (جێنەساید) تاوانێکی مرۆڤایەتییە، یەکێتی ئەوروپا بریتییە لە دەزگایەک کە لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ سازبووە و ناتوانێ تورکیایەک بەو شیوەیە قەبوڵ بکات، بەڵام لەوانەیە کات و دەرفەتی پێ بدات تاکو بەخۆیدا بچێتەوەو خۆی ئامادە بکات".

### داواکانی کۆنفرانس لەتورکیا و جیهان

لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا،فەلەکناس ئوجا، ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا وەک سەرۆکی دیوانی بەڕێوەبەرایەتی کۆنفرانسەکە، راگەیێندراوی کۆتایی کۆنفرانسەکەی بۆ بەشداربووان و رۆژنامەڤانان ئاشکرا کرد . کەتێیدا هاتووە : سەرباری سەرجەم کۆسپ وتەگەرە و رێگریەکانی تورکیا توانیمان بۆ جاری یەکەم لە هۆڵی پەرلەمانی ئەوروپا رووداو و زوڵمێکی مێژوویی بەبیر تورکیا و جیهان بێنینەوە، ئەو کۆنفرانسە چرایەکە رابردووی تورکیا پاکدەکاتەوەو رۆناکی دەخاتە سەر پرسی چارەسەرنەکراوی کورد لە تورکیا، تورکیایەک کە بانگەشەی ئاشتی و ناوبژیوانی ئاشتەوانی لە نێوان وڵاتانی جیهان دەکات، دەبێ سەرەتا ئاوڕێک لە رابردوو و ئێستای خۆی بداتەوە، سیاسەتی رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ پەیڕەو بکات.

فەلەکناس، باسی ئەوەی کرد کە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا هیچ شتێک نەما نەیکات بۆ رێگرتن و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامدانی ئەو کۆنفرانسە و گوتی" تەنانەت من و ئەوروپاشیان تاوانبار کرد". لە بڕگەیەکی دیکەی راگەیێنداروی کۆنفرانسەکەدا هاتووە" لەمێژووی کۆماری تورکیادا، لە ساڵی 1937- 1938 دا گەورەترین و فراوانترین جینۆساید لە ناوچەکانی دێرسیم لەلایەن کۆماری تورکیا بەشێوەیەکی نه خشه بۆ کێشرا و ئەنجامدراوە". لەو راگەیێندراوەدا ئەو پرسیارە لە حکومەتی تورکیا کراوە "گۆڕی سەید رەزا و ئەوانی دیکە لە کوێیە؟".



سەید رزا

### شایەتییەکانی دایە، کۆنفرانسەکەی هەژاند

**ژنێکی تەمەن 78 ساڵی خەڵکی دێرسم، کە لەکاتی کۆمەڵکوژییەکەدا تەمەنی 8 ساڵ بووەو بەچاوی خۆی بەشێک لە کوشتن و ئازارەکانی ئەو جینۆسایدەی بینیووەو ئێستاش لە ژێر کارییاندا دەژیت، وەک شایەت عەیانێک بەشداری لەو کۆنفرانسەدا کرد لە بارەگای پەرلەمانی ئەوروپا و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە رووداوەکانی گێڕایەوەو بەشداربووانی لەناخەوە هەژاند . ئەو ژنە کە بە (دایە) بانگ دەکرا گوتی:**

**"تەمەنم هەشت ساڵ بوو، گوندەکەمان کەوتبووە ناوچەیەکی چیایی و لە 10 ماڵ پێکهاتبوو، بەسەدان سەرباز هەڵیان کوتایە سەرمان و هەموو خانوەکانیان بەپێش چاوی ئێمەوە رووخاندن، مام و کوڕەمامەکانم ناڕەزاییان نیشاندا، بۆیەش لەبەر چاوی ئێمە هەر هەموویان کوشتن، پاشان سەگیان بەردایە تەرمەکانیان". دایە ئەو چیرۆکە دڕندانەیەشی بۆ بەشداربووان گێڕایەوە کە چۆن سەربازانی تورک لە کاتی دەستگیرکردنی ژنانی سکپڕ، شەرت و مەرج و قوماریان لەسەر نێری و مێیی کۆرپەلەی ناوسکیان دەکرد و گوتی "دوو سەرباز شەرتیان دەکرد لەسەر پاکەتێک جگەرە یان بڕێک پارە یەکێک دەیگوت ئەو منداڵەی لە سکی ئەو ژنەدایە کوڕە، ئەوەی دیکەش دەیگوت نا کچە، جا بۆ زەوق سکی ئەو ژنەیان دەدایە بەر چەقۆ و نێزەی تفەنگەکانیان و منداڵەکەیان دەردەهێنا".**

### سەرەکیترین داواکانی کۆنفرانسەکە

**1-دەبێ حکومەتی ئەنقەرە دان بە جینۆسایدی دێرسیم وەک گەورەترین جینۆسایدی دژ بە گەلی کوردی لە وڵاتەکەیدا بنێ.**

**2-لە 11- 1937دا کاتێک لە ئەلازغ، سەید رەزا، کوڕەکەی و 17 کەس لە هاوڕێکانی کە بۆ گفتوگۆ و رێککەوتن لەگەڵ تورکیا، لەلایەن حکومەتەوە بانگهێشت کرابوون و پاشان لەسێدارەدران کەس نازانێ تەرمەکانیان لە کوێیە؟ کوڕەکانیان لە کوێن؟ دەبێ لەو چوارچێوەیەدا تورکیا زانیاری تەواو بداتە کەسوکاریان.**

**3-دەبێ تورکیا چارەنووسی ئەو منداڵانە ئاشکرا بکات کە لە کاتی کۆمەڵکوژییەکەدا لەلایەن سەربازانی تورکیا رفێندران و گوێزراونەتەوە شوێنی نادیار و تا ئێستاش کەس نازانێ ژمارەیان چەندە و لە کوێن.**

**4-پێویستە تورکیا، وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، ئەمریکا و رووسیا ئەو بەڵگانە بۆ رای گشتی ئاشکرا بکەن کە تایبەتن بە کۆمەڵکوژی دێرسیم و تا ئێستا لە ئەرشیفەکانیاندا شاردوویانەتەوە.**

**5-بۆ ئەوەی تورکیا چیدیکە کۆمەڵکوژییەکان لەبیر خۆی نەباتەوە، سەرەتا یەکێتی ئەوروپا و سەرجەم دەزگا پەیوەندیدارەکان گوشار بخەنە سەر حکومەتی تورکیا تاوەکو چیدیکە بەرگری لەو مێژووە پڕ کارەساتە نەکات.**

## سزای زیندانی هەتاهەتایی بۆ بڕایەوە

# لە بەریتانیا کوردێک کچێکی پۆڵەندی دەخنکێنێت



**لیدز-بەریتانیا**

کوردێکی عێراق،کە کچەهاوڕێکەی خنکاندووە و پاشان ویستوویەتی سەری ببڕێت،بە زیندانی هەتاهەتایی حوکمدرا.

ئەبوبەکر جەباری، تەمەن 39 ساڵ، (لیدیا مۆتیلسکا)ی هەرزەکاری خنکاندو، پاشانیش ملی لە گوێوە بۆ گوێیەکەی دیکە بڕیووە .دوای ئەوەی جەباری زانیویەتی کچەکە مردووە، بە چەقۆ سنگ و سکی کچەکەی هەڵدڕیووە.

لاشەی کچە 19 ساڵییەکە، لەلایەن پۆلیسەوە لەسەر شۆستەی گەڕەکێک دۆزرایەوە و، دوای ئەوەی بە تەلەفۆن پێوەندی بە پۆلیسەوە کرا، کە ئافرەتێک هێرشی کراوەتە سەر.

دادگا بۆی دەرکەوت جەباری حەزی نەکردووە لیدیا، کە کچە مەسیحییەکی پۆڵەندی بوو، پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەژین جەبار، کە ئەویش کوردی عێراقە، ببەستێ. ئەژین لەگەڵ عەبدولبەکر لە یەک ئاپارتمانتدا دەژیان.

پاش ئەوەی چووە بەردەم دادگای شیڤیلد کراون، جەباری دانی بەتاوانەکەی دانا، کە ئەو لیدیای کوشتووە و، دادگاش بە لایەنی کەمەوە بە 18 ساڵ و نیو زیندان حوکمیدا. دادوەر ستیورت مەکێنەن بە جەباری گوتی" ئەمە مەترسیداترین کردەوەیە کە مردنت بۆ ئەوکچە هەڵبژارد و بە ناشیرنترین شێوەش نارەزامەندی خۆتت بەرامبەر بە پێوەندی خۆشەویستی ئەوکچە نیشانداوە، ئەوکوشتنە توندڕەوییەکی زۆری پێوە دیارە، بەتایبەتی مل لەتکردنی قوربانییەکە کە کارێکی یەکجار قێزەونە".

لیدیا لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 2007 هاتووەتە بەریتانیا، بەمەبەستی ئەوەی لەگەڵ دایکیدا کەناوی رێناتا مۆتلیسکایە، بژیت. لیدیا، لە چێشتخانەی کۆمپانیایەک لە باشووری شاری لیدز، کار دەدۆزێتەوە و لەوێ بۆ یەکەمجار کوڕە هاوڕێیەکی تەمەن 23 ساڵ بەناوی ئەژین دەناسێت .

ئەژین لەئاپارتمانێکدا، لەگەڵ جەباریدا دەژیا، کە ئەویش لە هەمان شوێن کاری دەکرد. پاشان ئەژین و لیدا لەو کارگەیە نامێنن و دەچنە شوێنێکی دیکە بۆ کارکردن.

پێش چەند هەفتەیەک لە مردنی، لیدا پێیوابووە دووگیانە و دەیویست منداڵەکەی بەخێو بکات.لەم بارەیەوە سایمەن مێرسن، داواکاری گشتی گوتی"یەکێک لە ئەنجامەکانی پشکنینی کوشتنی لیدیا، ئەوەیە لیدیا دووگیان نەبوو، تۆمەتبار حەزی بە پێوەندی خۆشەویستی ئەو دووانە نەکردووە، هەروەها حەزی نەکردووە لیدیا لە ئاپارتمانەکەی ئەو بخەوێت و حەزیشی نەکردووە، هاوڕێکەی پێوەندی لەگەڵ کچێکدا هەبێت کە مەسیحی پۆڵەندی (کاسۆلیک) بێت".هەروەها دادوەر، رایگەیاند یەکێک لە هۆکارەکانی سک هەڵدڕینی لیدیا لەلایەن تۆمەتبارەوە "رەنگە پیشاندانی ئەو ناحەزییە بووبێت کە بەرامبەر پێوەندییەکە و دووگیانییەکەی لیدیا هەیبوو".

جەباری دانی نا بە تاوانەکەیدا و رایگەیاند کە لەکاتی کوشتنەکەدا، تووڕەیی بەسەریدا زاڵبووە، بەڵام ئەوەی رەتکردووەتەوە کە حەزی نەکردبێ ئەو دووانە پێوەندی خۆشەویستیان هەبێت و ئەوەشی درکاندووە کە لە بیری نەماوە سک و سنگی کچەکەی هەڵدڕیبێت.

کاژێر 6:40ی ئێوارەی 2007/10/23، کاتێک لیدیا لە باس دێتە خوارەوە، بەمەبەستی دیتنی جەباری دەچێتە لای ئەو.جەباری لە پشتەوە و لە گەڕەکێکی تەسکی تاریکدا، بە پەتی تراکسوتەکەی لیدیا دەخنکێنێت، پاشان بە چەقۆ ملی لەت دەکات و سک و سنگیشی هەڵدەدڕێت.

دوو شایەت عەیان، کە لەو کاتەدا بەنێو کۆڵانەکەدا دەڕۆیشتن، پیاوێک دەبینن بەسەر ئافرەتێکەوە کە بە مل هەڵیگرتووە، پاشان ئەو دوو کەسە بە لای پیاوەکەدا تێدەپەڕن و پیاوەکەش سەری بەرز دەکاتەوە و دەڵێ"هیچ نییە".

شایاتەکان، راستەوخۆ تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەن و پاش چەند خولەکێک پۆلیس دەگاتە شوێنی رووداوەکە.

دوای تاوانەکە، جەباری دەگەڕێتەوە بۆ ئەپارتمانەکەی و لەوێ لەگەڵ ئەژین، تەماشای یاریی تۆپی پێ دەکەن، بەڵام ئەژین نیگەرانی دایدەگرێت بەوەی لیدیا دەنگوباسی نییە و دیار نەماوە. بۆ رۆژی دواتر ئەژین لەگەڵ دایکی لیدیا، سەردانی بنکەی پۆلیس دەکەن و هەواڵی دیارنەمانی لیدیا بە پۆلیس رادەگەیێنن.

جەباری سەردانی دایکی لیدیا دەکات و لە دوای ئاشکرابوونی کوشتنی لیدیاش، جەباری بەمەبەستی سەرەخۆشی گوڵ دەداتە دایکی لیدیا.

بە هۆی زانیاریدانی هەڵە بە پۆلیس دەربارەی کاتی کوشتنی لیدیا، جەباری دەستگیرکرا. لەسەروبەری دەستگیرکردنیدا، جەباری ویستوویەتی بچێتە ئوردن بەمەبەستی بینینی باوکی.

پشکنینی DNA و تۆماری مۆبایلەکەی، جەباری بە تۆمەتبار دانا، بەڵام پێش ئەوەی دادگایی بکرێت، جەباری دانی بە تاوانەکەدا نابوو.

لە دوای حوکمەکە، بیڵ شاکڵتن لە پۆلیسی لێکۆڵەرەوە گوتی" ئەمە تاوانێکی دڕندە و نەخشەبۆکێشراوبوو، هەموو ئاماژەکان، دەیسەلمێنن جەباری هەستێکی دڵپیسی هەبووە بەرامبەر پێوەندی خۆشەویستی نێوان لیدیا و هاوڕێکەی".

**و: هاوار عەبدولرەزاق**

**لە رۆژنامەی (The Yorkshire Evening Post)ی بەریتانییەوە**



## لەبەغداوە بۆماڵێکی سلێمانی

# خۆشەویستی ئەو کوڕو کچەی بە لەسێدارەدان کۆتایی دێت



ئازیز مەحمود
azizshane@yahoo.com

**رووداو- سلێمانی**

(ئـ.م) 23 ساڵ، چەندین جار ئەو قسەیەی دووبارە دەکردەوە "خۆشەویستی لێرە تاوانە"، ئەو کە لەدایکبووی شاری بەغدایە، بەو ئومێدە لەگەڵ خۆشەویستەکەی سەری خۆیان هەڵدەگرن، تا چیتر لەلایەن کەسوکارییانەوە هەڕەشەیان لێنەکرێ، بەڵام نازانن، دواجار چیرۆکی خۆشەویستییەکەیان بە سێدارەدان کۆتایی دێت.

(ئـ) دوای ئەوەی دڵی دەچێتە کوڕە دراوسێیەکەیان و، دایک و خوشکی کوڕەکەش ئاسانکاری زۆری بۆ دەکەن، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ دادەنێت، بەڵام دواجار دایک و خوشکی کوڕەکە، دەبنە کاراکتەرێکی خراپی ناو چیرۆکەکە و کێشەی زۆر بۆ ئەو دوو خۆشەویستە دروست دەکەن.

(ئە.م)، بەپێی مادەی 406 لە چاکسازی کۆمەڵایەتی دایە و خۆشەویشتەکەشی بەپێی هەمان مادە ئێستا لە زینداندایە و هەردووکیان بەتۆمەتی کوشتن بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە.

ئەو کچە عەرەبە، کە ماوەی 5 ساڵە لەزیندانی چاکسازی سلێمانییە، بە کوردییەکی زۆر رەوان قسەی دەکرد، ئەو بەر لەوەی باس لەچۆنیەتی بڕیاری لەسێدارەدانەکەی خۆی و خۆشەویستەکەی بکات، حەزیکرد باس لەچۆنیەتی پەیوەندییەکە و راکردنیان لە بەغداوە بۆ سلێمانی بکات.

ئەو کە جارجار، خۆی بەنینۆکەکانییەوە خەریک دەکرد، بەروویەکی خۆشەوە باسی لەبەسەرهاتەکەیان کردو گوتی "یەکترمان زۆر خۆشدەویست، بەڵام ماڵی خۆشەویستەکەم بوونە رێگر لەخۆشەویستییەکەمان، هەر بۆ ئەوەی خۆشەویستییەکەمان شکست بێنێت، کچێکی خزمی خۆیان بۆ کوڕەکە دانابوو تا بیهێنێت، بەڵام سەرباری رێگرییەکان ئێمە سوور بووین لەسەر خۆشەویستییەکەمان".

(ئـ) زۆر بەسەرسوڕمانەوە باس لەچیرۆکی خۆشەویستییەکەیان دەکات و دەڵێت "ئەگەر چیرۆکی خۆشەویستییەکەمان بکرێتە دراما، دڵنیام لەدرامای لەمیس و یەحیا خەفەتبارتر دەبێ و بینەری زۆرتر دەبێت". دووپاتیشیکردەوە ئەگەر خۆشەویستی لێرە تاوان نەبووایە "ئێمەش بەو رۆژە نەدەگەیشتین".

ئەو کچە و خۆشەویستەکەی زۆر هۆگری یەکن، بەجۆرێک ئەو کچە دەڵێ "پەیوەندیمان ئەوەندە پتەوبوو تا کار گەیشتە پەیوەندی جنسی و پەردەی کچێنیم لەدەستدا، دوای ئەوەش نەمتوانی لێی دوور بکەومەوە".

سەرەتای پەیوەندییەکە بۆئەوسەرەتایەکی خۆشدەبێت بەهۆی رازیبوونی ماڵی باوکی کوڕەکە، تەنانەت داوای لێدەکەن شوو بەکوڕەکەیان بکات، بەڵام زۆری پێناچێت لەبڕیارەکەیان پەشیمان دەبنەوە "دایکی و خوشکەکانی سەرەتا حەزیان دەکرد من شووی پێبکەم، بەڵام دوایی کچێکی خزمی خۆیان بۆ دۆزییەوە".

کەسوکاری کوڕەکە هەر بەوەش ناوەستن بەڵکو کێشە دەخەنە ناو ماڵی کچەکەش"هەر کاتێک لەگەڵ ئەو کوڕە بچووبامە دەرەوە، ئەوان دەچوون لەماڵی باوکم شکاتیان دەکرد، کە دەگەڕامەوە کەسوکارەکەم لێیاندەدام".

ئەو کچە تووشی سەرسوڕمان دەبێ کاتێک دەبیستێ خۆشەویستەکەی بەناچاری بڕیاری داوە کچە خزمەکەیان مارە بکات "چونکە ئەو پەردەی کچێنی لێ تێکدابووم". دوای ئەوە بڕیاردەدات،خۆی بە خۆفڕێدانە خوارەوە لەسەربانی ماڵەوەیان خۆی بکوژێت، بەڵام کەسوکاری رێی لێدەگرن.

رازیبوونی کوڕەکە بە مارەکردنی کچە خزمەکەیان کۆتایی بەچیرۆکەکەیان ناهێنێت، بەڵکو دووبارە چیرۆکی خۆشەویستییەکە دەستپێدەکاتەوە، کوڕەکە سوور دەبێت لەسەر خۆشەویستییەکەی جارانی، بەڵام دیسان ماڵەوەیان رێگر دەبن، بۆیە بڕیار دەدات ماڵ بە جێبهێڵێت و بۆ ماوەی دوو ساڵ خۆی دەشارێتەوە. ئەو کچە حوکمدراوە دەڵێت "من دەمزانی لەکوێیە، بەڵام پێمنەدەگوتن، دوایی ئەوان کەوتنە بیانو و دەیانگوت تۆ کوڕەکەی ئێمەت شاردووەتەوە".

کاتێک کوڕەکە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، دووبارە کەسوکاری فشاری زۆری بۆ دێنن، تا دەسگیرانەکەی بگوازێتەوە، بەڵام دووبارە ماڵەوە جێدێڵێت بەبێ ئەوەی خۆشەویستەکەشی ئاگادار بکاتەوە. "ئەمجارە منی ئاگادار نەکردەوە لەرۆیشتنەکەی، بۆیە دەترسام وازم لێبێنێ، جگە لەوەش ماڵمان لەو گەڕەکە نەماو دەترسام ماڵەکەمان نەدۆزێتەوە".

دوای ماوەیەک دابڕان،کوڕەکە ماڵەکەیان دەدۆزێتەوەو خۆشەویستەکەی دەچێتە ماڵیان و داوای بینینی خۆشەویستەکەی دەکات، بەڵام برای کە لە ماڵ دەبێت و هەوڵی کوشتنی دەدات، چونکە بەهۆی کێشە بۆنانەوەکانی ماڵی باوکیەوە ناچاربوون لە گەڕەکەکەی پێشوویان باربکەن. پاڕانەوەی کچەکە تا دەگاتە قاچ ماچکردنی براکەی، وادەکات براکەی واز لە خۆشەویستەکەی بێنێت" پاشان کەسوکارم رازیبوون تەنیا بۆ ماوەی پێنج دەقیقە قسەم لەگەڵ بکات، بەو مەرجەی دایکم و خوشکەکانم لە ژوورەوە بن. ئەو زۆر بە دەنگێکی نزم پێیگوتم دەبێ رابکەین، چونکە ماڵی ئەوان رێگە نادەن بیهێنێت".

بەوشێوەیە پلانی راکردن دادەڕێژن و دوای دوو هەفتە شاری بەغدا بەرەو سلێمانی بەجێدێڵن.

ئەوان دوای ئەوەی دەزانن کەسوکاریان بەدوایانەوەن، ترسی ئەوەیان لێدەنیشێت ناویان درابێتە بازگەکان، بۆیە ناسنامەی ساختە دەردەهێنن و ناو و تەمەنی خۆیان دەگۆڕن، کچەکە کە ناوە ئەسڵییەکەی (ز) تەمەنی 18 ساڵە، دەیکاتە (ئـ) و تەمەنەکەشی دەکاتە 26 ساڵ، دواجار ئەو تەمەن گەورەکردنەش بڕیاری لەسێدارەدانی بۆبەدوادا دێت "ئەگەر تەمەنی خۆم گەورە نەکردایە، بڕیاری لەسێدارەدان نەیدەگرتمەوە".

ئەو کچە عەرەبە لەنێو ئەو زیندانەی سلێمانیدا دەڵێ "لێرە کەس نییە داکۆکیم لێبکات، هەرچەندە تەمەنە ئەسڵییەکەی خۆشم هێناوە، بەڵام هیچ لەمەسەلەکە نەگۆڕاوە، نە ئەوەیە لەسێدارەم بدەن نە حوکمەکەم کەمبکەنەوە".

لەگەڵ گەیشتنیان بۆ سلێمانی ئەو دوو خۆشەویستە وێڵ و سەرگەردانە بەدوای پەناگەیەکدا دەگەڕێن تێیدا پشوو بدەن، دواجار تووشی کەسێک دەبن، بەڵێنیان پێدەدات لەماڵەکەی خۆی ژوورێکیان پێبدات، بەڵام وەک ئەو کچە ئاماژەی پێدا، ئەوان سەرەتا لەنیازی ئەو کەسە تێنەگەیشتن "کە شەو داهات هەستام ئاو بخۆمەوە بینیم خاوەن ماڵ لەبەردەم ژوورەکەمان وەستاوە بانگی کردم گوتی وەرە خوارەوە بخەوە، لەسەرەوە سەرمات دەبێت، دیار بوو مەبەستی خۆی هەبوو، منیش رازی نەبووم، دواتر رایکێشام و منیش هاوارم کرد، یەکسەر خۆشەویستەکەم وەئاگا هات، بووە شەڕمان، هەر لەوێ خاوەن ماڵەکە کوژرا".

ئێستا ئەو کچە و خۆشەویستەکەی، کە ماوەی پێنج ساڵە لەزیندانی چاکسازی سلێمانیدان و بەتاوانی کوشتنی خاوەن ماڵەکە، بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە.

سەرەڕای چاوەڕانییەکی کوشندە، کە ئەنجام ئەو چاوەڕوانییە مەرگی خۆی و خۆشەویستەکەی بەدوا دادێت، ئەو کچە زۆربەی کات پێدەکەنێت و تاکە ئامانجیشی ئەوەیە جارێکی دیکە خۆشەویستەکەی ببینێتەوە و دەڵێ "لەوێ رامانکرد و نەمانزانی لێرەش ئاوامان بەسەردێت".

# "تابان بووە قوربانی کەمتەرخەمییەکان"



سۆران بەهائەددین
Soran2025@yahoo.com

**رووداو-بنەسڵاوە**

ئەوکاتەی تابان ئاگری تێبەربوو چوار منداڵە بچووکەکەی نەیانوێرابوو فریای دایکیان بکەون. تابان هەر چۆنێک بێ هاتبووە دەرەوەو خۆی خستبووە ئەو حەوزە ئاوەی کە لەنێو حەوشەکەیاندابوو. بەبڕوای محەممەدی برای تابان ئەو حەوزە لاشەی خوشکەکەی ژەهراوی کرد"چونکە ئاوەکەی ناوی پیس بوو".

لەگەڵ وەرگرتنی مووچەی هەر مانگێکدا، تابان بەشێک لەپارەکەی بۆ کڕینی زێڕ تەرخاندەکرد تا لەکاتی پێویستدا فریای بکەوێت، بەڵام ئەم مانگە جیا لەمانگەکانی دیکە لەگەڵ وەرگرتنی مووچەکەی هەر ئەورۆژە لەناو چێشتخانەی ماڵەکەیاندا سووتا.

تابان فەخرەدین، 31ساڵ، کە دایکی 4منداڵە، رۆژی 2008/10/29 لەناو ماڵەکەی خۆی لەو کاتەی چێشت لێدەنێت، بەهۆی تەقینی سۆندەی غازەوە ئاگری تێپەردەبێت، دوای شەش رۆژ مانەوە لەنەخۆشخانە لەبەر زۆری رێژەی سووتانەکەی کە 53%بوو، رۆژی 2008/11/3 گیان لەدەستدەدات.

بەپێی ئاماری لێژنەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی مێینە، لەوەزارەتی مافی مرۆڤ، کە سەرچاوەی ئامارەکەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژییە لەوەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، لەماوەی 9 مانگی رابردوودا لەهەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان 234 ژن سووتاون ( لەهەولێر 115ژن، سلێمانی 86 ژن و دهۆکیش 33 ژن).

تابان سێ ساڵە کارمەندی نەخۆشخانەی فێرکاری هەولێرە، لەکۆتایی مانگی رابردوو کاتێک مووچەی وەرگرت لەگەڵ هاوڕێیەکانی باسی لەوە دەکرد بەو پارەیە چی دەکڕێت، بەڵام هەر ئەو ئێوارەیە لەچێشتخانەی ماڵەکەیدا ئاگری تێبەر دەبێت، هەموو ئاواتەکانی لەگەڵ سووتانەکەی دەبنە خەڵوز.

دوای مردنی تابان دەنگۆیەکی زۆر بڵاوبووەوە کە تابان خۆی سووتاندووە لەداخی ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر، ئامادە نەبوونە بیگوازنەوە نەخۆشخانەیەکی بنەسڵاوە، چونکە تابان زۆر داوای گواستنەوەی کردبوو.

دەلیلە دەمۆ یوسف، سەرۆکی پەستیاران لەنەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر رەتیکردەوە ئەو ژنە لەداخی ئەوان خۆی سووتاندبێت، بەپێچەوانەوە پێیوابوو تابان لەوپەڕی ئاسوودەیی دابووە "لێرە زۆر ئاسوودە بوو، بەئۆتۆمبێلی نەخۆشخانە هاتووچۆی دەکرد".

هەندێک لەفەرمانبەرەکانی نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری گلەییان لەزۆری دەوامەکەیان دەکرد،کە بەپێچەوانەی فەرمانگەکانی دیکە ئەوان هەفتەی 6رۆژ دەوام دەکەن. یەکێک لەکارمەندەکان کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت ئاماژەی بەوەدا بەهۆی ئەو دەوامە زۆرەی هەیانە فریای کاری ماڵەوە ناکەون و گوتی "تابان کەسی لەماڵ نەبوو کاری بۆ بکات، ویستویەتی پەلە بکات بۆ ئامادەکردنی خواردن بۆ منداڵەکانی،بۆیە ئەوەی بەسەرهات".

تابان تا ئەو ئێوارەیەی لەنەخۆشخانە دەمرێت، توانای قسەکردنی هەبووە، بەسەرهاتەکەی بۆ هەموو خزم و هاوڕێیەکانی گێڕاوەتەوە، هەر خۆی ئیفادەی پۆلیسی داوە، کە بەهۆی تەقینی سۆندەی غازەوە سووتاوە.

محەممەد فەخرەدینی برای تابان، کە ریشی بۆ مەرگی خوشکەکەی هێشتبووەوە، باسی لەوە دەکرد لەو کاتەی تابان ویستویەتی چا لێ بنێت ژوورەکە لەغاز پەنگاوەتەوە، بۆیە لەگەڵداگیرساندنی دەنکە شقارتەیەک وەکتەقینەوە ئاگر بەرزبووەتەوە. ئەو کاتەی تابان دەسووتێت مێردەکەی لەکەرکووک دەبێت و منداڵەکانی کە تەمەنیان بچووکە، نەوێراون فریای دایکیان بکەون. تابان هەر چونێک بێ هاتبووە دەرەوەو خۆی خستبووە ئەو حەوزە ئاوەی کە لەنێو حەوشەکەیاندابوو. بەبڕوای محەممەد ئەو حەوزە لاشەی خوشکەکەی ژەهراوی کردووە "چونکە ئاوەکەی ناوی پیس بوو".





تابان و ناندینەکە کە تێیدا سووتا

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی مافی مرۆڤ
لێژنەی بەدواداچوونی توندو تیژی دژی مێینە
سەرچاوەکان: بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندو تیژی لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ
ئامارەکانی کووشتن و سووتانی مێینە بۆ نۆ مانگی 2008

| مانگەکان | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوشتن | سووتان | کوشتن | سووتان | کوشتن | سووتان | کوشتن | سووتان |
| مانگی 1 | 4 | 6 | - | 2 | 4 | 10 | 8 | 18 |
| مانگی 2 | 8 | 24 | 3 | 4 | - | 1 | 11 | 29 |
| مانگی 3 | 2 | 18 | 1 | 13 | - | 1 | 3 | 32 |
| مانگی 4 | 2 | 14 | 5 | 12 | 2 | 1 | 9 | 27 |
| مانگی 5 | 10 | 12 | 4 | 15 | - | 2 | 14 | 29 |
| مانگی 6 | 6 | 4 | 2 | 10 | 3 | 1 | 11 | 15 |
| مانگی 7 | 5 | 18 | 6 | 18 | 3 | 3 | 14 | 39 |
| مانگی 8 | 3 | 11 | 6 | 7 | 1 | 5 | 10 | 23 |
| مانگی 9 | 7 | 8 | 7 | 5 | 5 | 9 | 19 | 22 |
| کۆی گشتی | 47 | 115 | 34 | 86 | 18 | 33 | 99 | 234 |

2008/11/11

کەمال فەخرەدین، برای تابان بەخەمبارییەوە باسی لەژیانی خوشکەکەی کرد کە زۆر دڵی بە دونیا خۆشبووەو هەموو مانگێک بەشێک لەمووچەکەی بۆ زێڕکڕین تەرخاندەکرد تاوەکو هەم بۆ جوانی، هەم لەکاتی پێویستی دا بەکەڵکی بێت. براکەی وەک پێداگیرییەک لەسەر سوتان نەک خۆ سووتاندنی تابان دەڵێت "تابان دەیگوت ئەوانەی خۆیان دەسووتێنن نەئەقڵیان هەیە و نە ئیمان".

ئەوەی زیاتر تابان تووشی شڵەژان و تێکچوونی باری دەروونی دەکات، بینینی وێنەی خۆیبووە لە ئاوێنەدا، بەپێی قسەکانی کەمال تابان زۆر ترساوە کاتێک خۆی لەئاوێنەدا بینیوە "باری دەروونی تێکچووبوو، بڕوای بەوە نەمابوو کە جارێکیتر بژیت، نازانم نەخۆشخانە بۆ رێگەی بەخەڵکی داوە ئاوێنە بێننە ژوورەوە". گوتیشی"ئەو رۆژەی تابان سەیری ئاوێنەی کرد گوتی کاژێر 7ی ئێوارە دەمرم، شایەتمانی هێناو بێهۆش بوو، دواتر مرد".

بەپێی قسەکانی بەهار عەبدولقادر، کە ئامۆزای تابانە و، لەگەڵ تابان کارمەندی نەخۆشخانە بوو،نیوەڕۆی پێش سووتانی تابان لە نەخۆشخانە پێکەوە پیاسەیان کردووەو، تابان باسی مووچەکەی کردووە کە چی پێدەکڕێت "هەر قسەیەکی نهێنی هەبوایە، بەمنی دەگوت، زۆر یەکترمان خۆشدەویست، ئەو رۆژە هەر پێدەکەنی".

محەممەد دەیویست بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی خوشکەکەی ئامۆژگاری خەڵکانی دیکە بکات "غاز ئێستا وەک قومبەلەیە، هەموویان بەرەو ئیکسپایەری رۆیشتوون، زۆربەیان دەرزیەکانیان تەواو نییە، ئێستا بۆنە پیسەکەیشی تێناکەن بۆیە هەست بەوە ناکەیت، کە غازەکە لێی دەچێت، پێویستە حکومەت هەوڵی چارەسەری بدات". هەروەها ئامۆژگاری ژنان دەکات ئەگەر سۆندەی غازەکەیان رەقبوو پێویستە بیگۆڕن و دەرگای چێشتخانە دانەخرێت لەکاتی کارکردندا.

فەخرەدین محەممەد باوکی تابان، بۆ مەرگی کچەکەی زۆر خۆڕاگر بوو،دەیگوت دیارە تەمەنەکەی هەر ئەوەندە بووە، تابان لەنەخۆشخانە بەباوکی گوتووە یەخەی کەس مەگرن، خۆم وام لێهاتووە "تابان چۆن خۆی دەسووتێنێت، گاڵتەی بەوانە دەهات کە خۆیان دەسووتاند، دەیگوت ئەی لە دوارۆژ چی دەکەن؟".

بەمەرگی تابان، شیرازەی ماڵەکەی تێکچوو کە 15ساڵە، لەگەڵ عەدنان عەزیز ژیانی هاوسەری پێکەوە نابوو. عەدنان کاریگەری مەرگی خێزانەکەی بەسیمایەوە دیار بوو، لەو رۆژەوە کە تابان سووتاوە عەدنان دڵی نایێت بچێتە ناو ئەو خانووەی تێیدا پێکەوە ژیاون. ئەو رۆژەی (رووداو) قسەی لەگەڵ دەکرد بەخزمێکی دەگوت ماڵەکەی بگوازێتەوە خانوویەکی دیکە. عەدنان کە لەبەر گریان قسەی بۆ نەدەکرا تەنیا گوتی "پێم خۆش بوو خۆم بمرم نەک تابان، چونکە کەس نییە جێگەی تابانم بۆ بگرێتەوە".

محەممەد وێرای ئەوەی زۆر دڵگران بوو بە مەرگی ناوادەی خوشکەکەی لەهەمانکاتیشدا گلەیی لەئیدارەی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی هەبوو و گوتی "2-3 کەسی سووتاویان لەژوورێک داناوە، ئەوانە کە یەکتری دەبینن، باری دەروونیان تێکدەچێت، نەخۆشخانەکە باخچەیەکی نییە بۆ دڵکرانەوەی نەخۆش".

بەر لەوەی (رووداو) ماڵی تابان جێبهێڵێت، محەممەدی برای گوتی لەبیرتان نەچێت "تابان قوربانی کەمتەرخەمییەکانە".



**ئامۆژگاری برای تابان بۆ ئافرەتان و رەخنەی لە حکومەت**

- لەکاتی چێشت لێنان دەرگای مەتبەخ دامەخەن.
- هەر کە هەستتان کرد سۆندەی غازەکە رەقبووە بیگۆڕن.
- قنینە غازەکان زۆریەیان دەرزییان تەواو نییە و ئێستا بۆنە ناخۆشەکەشی تێناکرێت بۆیە هەست بە لێچوونی ناکرێت، حکومەت دەبێ ئەو کەموکوڕیانە چارەسەر بکات.



# کچێک دەبێتە قوربانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی براکەی

**رووداو-سۆران**

بەپێی وتەی سەرچاوەیەک، کاتێک (ە) گومان لە (ب)ی هاوسەری و دایکی چوار منداڵی دەکات، کە پەیوەندیی ژێر بەژێری لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هەیە، شەوێکیان مۆبایلەکەی خۆی لەلا جێدێڵێت و دەیخاتە سەر ریکۆرد، هەر ئەوە شەوە (ب) پەیوەندی بە (م) دەکات ئەو کوڕەی کە خۆشی دەوێت، خۆشەویستەکەی هەست بەوە دەکات کە دەنگی تۆمار دەکرێ، پێیدەڵێت برۆ بۆ لای یەکێک ئەو دەنگانەت بۆ بسڕێتەوە، بەڵام (ب) فریا ناکەوێت و کار لەکار دەترازێ و مێردەکەی بەسەردا دێتەوە. هەرچەندە تاوەکو ئێستا راستی ئەوە نەسەلماوەو هەر گومانە، بەڵام بووە سەرەتای ئەو کێشەیەی کە ماوەیەک لەمەوبەر لەگوندی قەسرێ روویداو، سەرئەنجام کچێک و ژنێک بوونە قوربانی سولحی عەشایری ئەو کێشەیە.

دوای ئەو رووداوەی تەلەفۆن، هەشت کەس لە بنەماڵەی مێردی ژنەکە، هەر بەو شەوە لە گوندی وەرتێوە دەچنە شارۆچکەی قەسرێ و هەڵدەکوتنە سەر ماڵی کوڕەکە و بەبیانووی ئەوەی کە ئاسایشن ماڵەکە دەپشکنن و پاشانیش کوڕەکەو خوشکێکی بەناوی (ک) لەگەڵ خۆیان دەبەن، پاش ئەوەی زۆر لە کوڕەکە دەدەن، لەسەر پردی حافیز لەنێوان وەرتێ و قەسرێ فرێی دەدەن و کچەکەش لەگەڵ خۆیان دەبەنە وەرتێ.

دانیشتوویەکی گوندی وەرتێ، کە تاکە کەسی وەرتێ بوو قسەی بۆ (رووداو) کرد، بەو مەرجەی ناوی نەهێنرێ گوتی "لەیەکەم دانیشتندا بەشێک لە خەڵکی وەرتێ لەگەڵ ئەوەبوون ژنەکە و کوڕەکە بکوژرێن، بەڵام هەندێکیان لەگەڵ ئەو رایەدا نەبوون، چونکە دەیانگوت بەڵگەیەکی تەواو لەبەر دەستدا نییە، بیسەلمێنێت ئەو کوڕو ژنە حەز لە یەکتر دەکەن".

دانیشتنەکە بەبێ ئەنجام کۆتایی دێت، بەڵام هەر ئەو شەوە بنەماڵەی هاوسەری ژنەکە، بڕیاری تۆڵەکردنەوە دەدەن، بۆیە کاژێر 2ی دوای نیوەشەو هەشت کەسیان بەجلی سەربازی هەڵدەکوتنە سەر ماڵی کوڕەکە لەشارۆچکەی قەسرێ و خۆی و خوشکێکی16 ساڵانی بەناوی (ک) دەڕفێنن، دوای ئەوەی لێدانێکی باش لەکوڕەکە دەدەن لەسەر پردی حافیز فرێیدەدەن و خوشکەکەشی لەگەڵ خۆیان دەهێنن.

دوای ئەوە هەردوو بنەماڵە بۆچارەسەرکردنی کێشەکە پێکەوە دادەنیشن، سەرچاوەکەی گوندی وەرتێ گوتی "هەرچی وەرتییەکان بوون دەیانگوت ژنەکە تەڵاق دەدەین و دەبێ کوڕەکە مارەیبکاتەوەو کچەکەشتان لەیەکێک لەکوڕەکانی خۆمان مارە دەکەین، بەڵام قەسرێییەکان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون، کوڕەکەیان ژنەکە مارە بکاتەوە، دەیانگوت ئەوە کچەکەتان لایە با بۆ خۆتان بێت و لەکێی مارە دەکەن کەیفی خۆتانە".

لەو نێوەشدا قوربانییەکە کچێکە کە پێوەندی بە کێشەکەوە نییە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە پەرلەمانی کوردستان تازە لە هەمووارکردنی یاسای باری کەسێتی بووەتەوە، کەبەپێی ئەو یاسا هەموارکراوە، هەرکەسێک ئافرەتێک بە زۆر مارەبکات یاخود لە دەرەوەی دادگا مارەی بکات سزا دەدرێت.

هەردوو بنەماڵەکە، لە ئەنجامی ئەو سولحە عەشایرییەدا دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە کچەکە (ک) لە مێردی (ب) مارە بکرێت و (ب)یش دوای تەڵاقدان لە کوڕەکەی قەسرێ مارە بکرێ. ئەو هاووڵاتییەی گوندی وەرتێ لەبارەی ئەو رێککەوتنە گوتی "نە (ک) لەگەڵ ئەوەدابوو لە (ە) مارە بکرێت، نە (م)یش رازی بوو (ب) مارەبکات، بەڵام شتەکەیان بە فشار قبوڵکرد".

لە کۆی ئەو هەشت چەکدارەی هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵەکەی قەسرێ، دوویان پێشمەرگەی فەرماندەی هەڵگورد بوون. هەڵگورد خدر، فەرماندەی فەرماندەیی هەڵگوردی پێشمەرگەی پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێستا ئەو دوو پێشمەرگەیە دەستگیر کراون و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە و دواتریش رادەستی دادگایان دەکەین، بەڵام 6 پێشمەرگەکەی دیکە خەڵکی رانیە بوون و ئێمە نایانناسین".

ئەو دوو بنەماڵەیە بەبێ ئەوەی پەنا ببەنە بەر دادگا یان مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبەکان، کێشەکەیان لەنێوان خۆیاندا بەوشێوەیە چارەسەرکرد. حەدۆ کەریم، بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لقی 10ی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی "ئەوان لقیان لەو کێشەیە ئاگادار نەکردووەتەوە، خۆیان کێشەکەیان چارەسەر کردووە". گوتیشی "لەبەر ئەوەی یەکێک لەبنەماڵەکان بەچەکەوە هەڵیکوتاوەتە سەر بنەماڵەکەی دیکە، بۆیە بەرپرسی لق ئاگاداری هەر یەک لەفەرماندەیی هەڵگورد و پۆلیس و ئاسایشی سۆرانی کردووە، بەدواداچوونی رووداوەکە بکەن و ئەنجامدەرانی ئەو کارە دەستگیربکەن".

هادی رەسول، کە برای کچ و کوڕە رفێنراوەکەی قەسرێیە باسی لەوە کرد کە ئەوانەی هەڵیانکوتاوەتە سەرماڵەکەیان بەناوی ئاسایش و بەبیانوی پشکنینی ماڵەکەیان کارەکەیان ئەنجامداوە "ئەوان بەجلوبەرگی سەربازی و بەناوی ئاسایشەوە هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی ئێمە بەبیانووی ئەوەی کە پشکنینێکی گشتی هەیە، دوای پشکنین گوتیان ئەو کوڕو کچە لەگەڵ خۆمان دەبەین بۆ لێکۆڵینەوە، لەو سەردەمەشدا کەس دەسەڵاتی کۆمەڵێک چەکداری نییە، دواتریش ئەوان بەناوی حکومەت و دەسەڵاتەوە ماڵەکەی ئێمەیان کۆنترۆڵکرد".

هادی بەهەموو شێوەیەک رەتیکردەوە کە براکەی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ژنەدا هەبووبێ و گوتی "ئەوە تەنیا تۆمەتە بۆ براکەم دروستکراوە، زۆر لەخزمان و دراوسێیەکانی خۆشیان ئەو کارە بەتۆمەت ناو دەبەن، چونکە ئەمڕۆ هیچ کەس نییە لەناموسی خۆی خۆشبێت، تەنانەت ژنەکەش دەڵێت ئەوە بوختانە بەمن کراوە". گوتیشی " ئەو کابرایە چەندین جاری دیکە ژنەکەی رەوانەی ماڵە بابی کردووەتەوە بەبیانووی ئەوەی کە پێی رازی نییە و خۆشی ناوێ، ئەو کارەی کردیان تەنیا رێگا خۆشکردنێک بووە بۆ ئەوەی ئەو ژنە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە".

ئەوەی بووەتە مایەی نیگەرانبوونی هادی، رفاندنی خوشکەکەیەتی و دواتریش مارەکردنی لەمێردی (ب)، هادی گوتی "ئەوان ناڵێن ئەو کوڕە تاوانی کردووە، فەرموون با کوڕەکە بکوژن، چ پەیوەندییان بە خوشکی منەوە هەیە خۆ ئەو تاوانی نەکردووە"

سەبارەت بەرازیبوونی خوشکەکەشی بەو مێرد کردنە هادی گوتی "پێدەچێ ئەو ماوەیەی لەلای ئەوان دەستبەسەر بووە هەڕەشەیان لێکردبێ کە کەسوکاری دەکوژن بۆیە رازیبووە، هەرچەندە لەسولحە عەشایرییەکە ئەوە نەبووە کە (ک) لە (ە) مارە بکرێ، بەڵام هەر وەکو خۆیان باسی دەکەن لە 5 گەنج کە بۆی دیاریکراوە شوو بەیەکێکیان بکات، (ە)ی هەڵبژاردووە، بەڵام ئەوە دوورە لەراستی".

# ژنانی سلێمانی ساج و پەرەمێز دەدەنەوە پیاو



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**رووداو- سلێمانی**

شنۆ دەڵێ، وردە وردە پیاو قەناعەت پێدەکەین کاری چێشتخانەش بکات و، فریشتە محەممەدی تەمەن 52ساڵیش، کە بەدەستێکی دەنکە قەزوانی تەسبیحەکەی ملی دەجووڵێنێ، پێیوایە ژنی ئێستا هەر بیر لەتەمبەڵی دەکاتەوە. شنۆ سەعید کە هێشتا لەبەهاری تەمەنیدایە دڵخۆشە بەوەی کە ماوەی چوارساڵە یەک لە کارە هەرە قورسەکانی کەیبانوویێتی ماڵی لەکۆڵ بووەتەوە، کە ئەویش دانیشتنە لەبەرامبەر ساج و پەرەمێز. شنۆ وایدەبینێ، بێویژدانی ناکات ئەگەر بڵێت"خۆزگە پیاو جلیشی لەگەڵ بشۆردینایە".

ئێستا زۆربەی پیاوانی سلێمانی، وەک شەماڵ، نان دەکڕن و ژنانیش پێیانوایە کە بەو کرانەوەیەی پیاو، بارێکی قورس سەرشانیانی نەماوە. پرۆفیسۆرێکی بواری ئابووریش پاشەکشەکردنی ژن لەنانکردن دەگێڕێتەوە بۆباشبوونی باری ئابووری و کەمبوونەوەی کەیبانووەکانی ماڵ، بەهۆی بەشدارییان لەخوێندن و کاری دەزگا حکومییەکاندا.

سەلام محەممەد، 26ساڵ، هەموو بەیانییەک کاژێر حەوت لەژێر بەتانیەوە بۆ ریزی نان دەردەپەڕێت و لەهەموو کاروبارەکانی رۆژیشدا، زیاتر رقی لەو ریزبەستنە دەبێتەوە" ریزی نان بەوبەیانییە زووە وەک تەدریبی عەسکەرییە". سەلام بەپێکەنینەوە ئەرکێکی دیکەش وەبیر دێنێتەوەو دەڵێ "ئەی ئاوگرتن بۆ ناڵێی ؟!1"، دەوامی هاوسەرەکەی هەندێک جار تووشی ئاوگرتنیشی دەکات.

فریشتە محەممەد، دەڵێ "پیاوی ئێستا گوێ بەهیچ نادات و بەهەموو شێوەیەک کار لەگەڵ ژنەکەی دەکات لەماڵەوە". ئەو سەردەمی گەنجێتی خۆی بەبیردێنێتەوەو دەڵێ ژنی ئێستا نیوەی ئیشەکانی ماڵ ناکات "سەردەمی ئێمە پیاو کە دەهاتە ماڵەوە هەقی هیچی نەبوو تا رۆژی دواتر دەرۆشتە دەرەوە".

پرۆفیسۆر محەممەد رەئوف، مامۆستای بەشی ئابووری زانکۆی سلێمانی،ئەو گۆڕانە بە هۆکارە ئابوورییەکان دەبەستێتەوەو دەڵێ " سێ هۆکاری سەرەکی لەپشت دوور کەوتنەوەی ژنەوەن لەنان کردن و هەندێک ئیشی ناوماڵ، کەئەوانیش :باشتر بوونی باری ئابووری خەڵک، کەمبوونەوەی کەیبانووە ژنەکانی ماڵ و کرانەوەی خەڵکە". گوتیشی بەرزبوونەوەی باری ئابووری وادەکات خواردنی زیاتر بکەونە ناو ژەمەکانەوەو نان کەمتر بەکاربێت.



ژنێک سەمون لە پیاوێک دەکڕێت (فۆتۆ:رووداو)

بەپێی ئامارێکی مەڵبەندی چاودێری تەندروستی سلێمانی،ژمارەی نانەواخانە و فڕنییەکانی سەمون لەنێو شاری سلێمانیدا بەشێویەکی زۆر زیادیان کردووە. بەپێی ئەو ئامارە کە بە تایبەت دراوەتە (رووداو)، ئێستا 466 نانەواخانەو 164فرنی سەمون لەنێو شاری سلێمانیدا هەن. کە هەمووشیان تەنیا پیاوەکان کاری تێدا دەکەن و لەماوەی دەمانگی ئەمساڵدا 134نانەواخانەو فرنی نوێ کراونەتەوە، کە 82یان نانەواخانەو 52شیان فرنی سەمونن.

سوارە محەممەد، 22ساڵە لە دوکانەکەی لە بازاڕی بەلەدیە کۆنەکەی شاری سلێمانی کەلوپەلەکانی نانکردن دەفرۆشێ. سوارە نایشارێتەوە کەلەئێستادا تەنها موشتەری قەزاو ناحیەکانی بەدەستەوە ماوە"بازاڕمان 85%دابەزیوەو کەس ساج و پنە ناکڕێت". سوارە وتیشی"ئێستا لەهەرگەڕەکێک یەک نانکەری لێیە، بەشی هەموو گەڕەکەکە نان دەکات و کەسیش تاقەتی نەماوە نان بکات".

هیوا تەمەنی 24ساڵەو ماوەی ساڵێکە تاکسی لێدەخوڕێ، ئەو رۆژانە 1000دینار دەداتە نان و هاوسەرەکەشی ژنی ماڵەوەیە. هیوا دەڵێ"ژنی ئێستا هەمووی بە چاولێکەری کاردەکەن ".هیوا دەڵێ ئەو نانکڕینە باری سەرشانی خەڵکی هەژار گرانتر دەکات.

"دیارە فرۆشتنی نان زیاتر بووەو ریزەکانی نانکڕین قەرەباڵغتر بوون". ئاوات قادر وەستای نانەواخانەیە و رۆژانە لەبەرامبەر کرێی 50 هەزار دینار، 2000نان دەخاتە بەردەستی کڕیارەکان. ئەو وەستایە دەڵێ "ئێستا وەستای نانەوا کەمبووە، بەهۆی زۆربونی خواست لەسەر نان و زۆربونی نانەواخانە لە گەڕەکەکاندا ".

سوارە محەممەد، کە ساڵانێک لەمەوبەر رۆژانە چەند کەسێک روویان لەدووکانەکەی دەکرد بۆ کڕینی کەلوپەلەکانی نانکردن، ئێستا ناچار بووە لە بەردەم دوکانەکەیدا مێزێک وردەواڵەش دابنێت، چونکە وەک خۆی دەڵێ ئێستا بەهۆی ئەوەی ژنانی قەزاو ناحیەکانیش کەمتر نان دەکەن کڕیارەکانیان هەر بەیەکجاری کەمبوونەتەوە.

## عومەری کوڕی ئوسامە بن لادن:

# باوکم تیرۆریست نییە

**رووداو-ئاژانسەکان**

دوای ئەوەی خاکی میسری جێهێشت، عومەر بن لادن کوڕی سەرۆکی رێکخراوی قاعیدە ئوسامە بن لادن رایگەیاند، کە ئەو لە حکومەتی میسر زویر نییە و خەڵکی ئەو وڵاتەشی خۆشدەوێ چونکە"یەک ساڵ لە نێویاندا ژیاوم و جگە لە خێر و خۆشی هیچی دیکەم لێ نەبینیون".

زینە سەباح، کە هاووڵاتییەکی بەریتانییە و بە رەچەڵەک لە بنەماڵەی میرانی کوێتە، ئێستا دووەمین ژنی عومەر بن لادنە، دەڵێ ئێستا ئەوان لە هوتێلێکی قەتەردا دەژین و بە نیازن ستۆدیۆ یان شوقەیەکی بچووک بە کرێ بگرن، بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان لەو وڵاتەدا.

مانگی رابردوو ئیسپانیا رازی نەبوو مافی پەنابەرێتی بداتە عومەر بن لادن،لەبەر ئەوەی وەک حکومەتی ئیسپانیا رایگەیاند، عومەر لە میسردا هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە. لە لایەکی دیکەوە بەریتانیاش لە مانگی نیسانی رابردوودا ئامادە نەبوو ئەو مافەی پێبدات،لەترسی گۆبەند و تەنگژە لێکەوتنەوە.

چەند رۆژنامەیەکی میسری بڵاویان کردەوە کە عومەر هەر لەگەڵ چوونەوەی بۆ میسر لە لایەن ئاسایشی ئەو وڵاتەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا،چونکە میسرئەوەی بەسووکایەتی بۆ خۆی لە قەڵەمدا کە عومەر بن لادن لە چەندین دەوڵەت داوای مافی پەنابەریی کرد، چونکە وەک رۆژنامەکان بڵاویانکردەوە ئەو زۆر ئازادانە و دوور لە هەر جۆرە مەترسییەک لە میسر ژیاوە.

کوڕەکەی بن لادن لاوێکی گەنم رەنگی تەمەن 27 ساڵە، پانتۆڵی جینزلەبەر دەکات و قژێکی درێژیشی هەیە کە بەسەر شانیدا شۆڕ بووەتەوە، بە خۆی و هاوسەرە بەریتانییەکەی، وڵات بە وڵات دەگەڕێن و دەیانەوێ کونجێکی ئارامیان دەست بکەوێ. زۆر کەس پێیوایە ئوسامە بن لادنی باوکی هۆی ئەو نائارامییەیە کە دنیای تەنیوەتەوە،کەچی کوڕەکەیشی داوای مافی پەنابەری لەو وڵاتانە دەکات کە ئوسامە بن لادن بە کافرستانیان دادەنێت.

هەرچەندە عومەر بن لادن لەگەڵ باوکیدا ئەفغانستان و سوودانیش گەڕاوە، هەر لە تەمەنی منداڵیشەوە فێری شەڕ کراوە، بەڵام عومەر ئێستا دەڵێ باوەڕی بە شەڕ و چەکداری نییە. ئەو لە ساڵی 2000وە باوکی نەدیوە، لە پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەریش بۆ سەر ئەمریکا،بە نامەیەک رەخنەی لە ئوسامەی باوکی گرت و پێیگووت"بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانت بە دوای هۆکاری دیکەدا بگەڕێ، ئەو بۆمب و چەکانە کارێکی راست نین کە بەرەو ڕووی هەر کەسێکیان دەکەیتەوە".

عومەر دەڵێ " شانازی بە ناوی بن لادنەوە دەکەم، لە روانگەی منیشەوە باوکم تیرۆریست نییە، کاتێک باوکم شەڕی دژ بە یەکێتی سۆڤیەتی دەکرد بە پاڵەوانیان دادەنا،بۆیەش کارێکی دووفاقییە ئەگەر ئەمڕۆ بڵێین تیرۆریستە". عومەر کە چوارەمین کوڕی ئوسامە بن لادنە و بە دڵداری ژنی هێناوە، دەڵێ باوکم داکۆکی لە موسڵمانان دەکات و کوڕەکانی بن لادنیش، تیرۆریست نین.

عومەر بۆ یەکەمجار، لە نزیک ئەهرامەکانی میسر زینە سەباح،52 ساڵ، دەبینێ. زینە هاووڵاتییەکی بەریتانییە و ناوە ئینگلیزییەکەی (جین فیلیکس براون)ە، بە رەچەڵەک خەڵکی کوێتە، یەکسەر عاشقی دەبێت و پاشان بە پێی شەریعەتی ئیسلام مارەی دەکات. جین (زینە سەباح) بەر لە عومەر بن لادن، پێنج شووی دیکەی کردووە، لەو پێنج شووە سێ کوڕی هەیە. زینە، دەڵێ باوکی لە ساڵی 1946 هاتووەتە بەریتانیا.

کاری سەیر لە ژیانی عومەر و جین ئەوەیە کە بە نیازن بە (منداڵدانی بەدیل) منداڵیان ببێت، واتە لە هێلکۆکە و تۆوی خۆیان، بەڵام لە نێو منداڵدانی ژنێکی دیکەدا، منداڵ دروست بکەن. بەڵام کۆڕی فیقهی لە شاری مەککە بەکرێدان یان بەخشینی منداڵدان و بەگشتی ئەو جۆرە منداڵ دروستکردنەی حەرامکردووە.

ئوسامە بن لادن کە بە یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی سعودیە دەژمێردرا و ئێستا داواکراوی ژمارە یەکی ئەمریکایە، بەپێی قسەی عومەری کوڕی حەزی لە هونەرە و بەتایبەتیش فیلمەکانی عادل ئیمام و دەڵێ "ئەو زۆر حەزی لە عادل ئیمامە و زۆر بە دیارییەوە پێدەکەنێ، هەروەها گوێ لە گۆرانییەکانی عەبدولحەلیم حافزیش رادەگرێت".

عومەر بن لادن دەڵێ"من بە نیازم بە شێوەیەکی رەسمی زینە بکەمە ژنی خۆم، لەم رووەوە بەڵگەنامەی پێویستم پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار کردووە". سەبارەت بەوەی جین لەو گەورەترە و کەسێکی کریستیانە، عومەر روونیدەکاتەوە کە جین لە بنەڕەتدا موسڵمانە و لە نەوەی میرانی کوێتە .بەڵام عومەر جگە لەجین ژنێکی دیکەی گەنجی هەیە و کوڕێکیشی لێی هەیە بەناوی ئەحمەد.

زینە کە دوای ژیانی لەگەڵ عومەر حەزناکات چیتر بە جین ناوی بهێندرێ دەڵێ"زۆر پەستم بەوەی رۆژنامەکانی بەریتانیا هەر بە جین براون ناوم دێنن، لە کاتێکدا ناوی سەر پاسپۆرتەکەم زینە سەباحە". لە وەڵامی ئەوەی چۆن کوڕی کەسێکی خۆشویستووە کە بە گەورەترین تیرۆریستی جیهان ناسراوە، ئەو دەڵێ"لەبەر یەک شتی زۆر روون و رەوان، چونکە عومەر کەسێکی رووخۆش و هەست ناسک و سادە و هێمنە". هەروەها دەڵێ ئەو قسانەی لەبارەی بن لادنەوە دەکرێن شەرت نییە راست بن، بەڵکو تۆمەتبار هەتا تۆمەتەکەی لەسەر نەسەپێ هەر بێ تاوانە!.



### ژنەکانی بن لادن

**نەجوا غانم:** یەکەمین ژنی بن لادنە، لە عەلەوییەکانی سووریایە و خەڵکی پارێزگای لازقیەیە. تەمەنی 17 ساڵان بووە کە بن لادن گواستوویەتییەوە، پێشی دەگوترێ (ئوم عەبدوڵلا).

**ئوم عەلی:** بە گوێرەی قسەی جەمال خەلیفە کە زاوای بن لادنە، لە بنەماڵەی شەریفە، کاتێک بن لادن لە سوودان بوو داوای تەڵاقی لێکرد، چونکە نەیدەویست ژیانی قورس و زەحمەت لەگەڵ مێردەکەی بەسەر ببات، ئەویش قسەی نەشکاند و تەڵاقیدا و لەگەڵ عەلیی کوڕی و کچەکەی گەڕانەوە سعوودیە.

**ئوم خالید:** خوشکی یەکێک لە هاوەڵانی بن لادنە و دکتۆرای لە شەریعەتی ئیسلامدا هەیە. لەگەڵ بن لادن لە ئەفغانستاندا ژیانی بەسەر دەبرد.

**ئوم حەمزە:** لە بنەماڵەی سابیرە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی عەرەبیدا هەیە، ئەویش لەگەڵ بن لادنی مێردی لە ئەفغانستاندا دەژیا.

**ئەمەل سەدداح:** بچووکترین ژنی ئوسامەیە و خەڵکی یەمەنە. تەمەنی 17 ساڵان بوو کە لە ساڵی 2000دا شووی بە بن لادن کرد.

### کوڕەکانی بن لادن

بن لادن 11 کوڕی هەیە کە 9یان لە ئەفغانستانن.

**عەبدوڵلا:** کوڕی گەورەی بن لادنە لە نەجوایە، کە یەکەمین ژنی بن لادنە و لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو لەدایکبووە. لە ساڵی 1995دا لە سوودان باوکی جێهێشت و گەڕایەوە سعوودیە، چونکە حەزی بە ژیانی سەختی ئەوێ نەبوو.

**عەبدولڕەحمان:** کوڕێکی دیکەی ئوسامەیە لە نەجوای ژنی، ئێستا لەگەڵ دایکی لە دیمەشق دەژی.

**عومەر:** تەمەنی لە سەرووی بیست ساڵیدایە، ئەویش وەک عەبدوڵلای برای لە سعوودیە دەژی.

**محەممەد:** لە کانوونی دووەمی 2001دا کچی ئەبو حەفسی میسریی لە قەندەهار گواستەوە.

**خالید و حەمزە:** دوو کوڕی دیکەی بن لادنن. زانیارییەکی ئەتۆ لەبارەیانەوە لەبەر دەستدا نییە.

**سەعد:** ئەمیشیان کوڕی نەجوا غانمە، بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ئێراندا لە ژیانی ئیقامەی جەبریدایە. بە لای هەندێ کەسەوە کەسایەتییەکی گرنگی ئەلقاعیدەیە، کۆمپیوتەر بەکار دەهێنێ و ئینگلیزییەکی زۆر چاک دەزانێت.

**عەلی:** ساڵی 1984 لەدایکبووە.

**عوسمان:** پاسەوانی باوکی بوو، لە هێرشەکەی سەر تۆرا بۆرا لەگەڵ ئەیمەنی زەواهیری پێکەوە ڕزگاریان بوو.



عومەر بن لادن و زینە سەباحی هاوسەری

## فرێدریک مالم، ئەندامی پەرلەمانی سوێد:

# سیمای کورد لەسوێد ئێستا لە جاران باشترە

**فرێدریک مالم ئەندامی پەرلەمانی سوێد لە فراکسیۆ حیزبی لیبراڵ. تەمەنی31 ساڵە و هەفتەی رابردوو گەیشتە هەولێر، ئەوەش سێیەم جاربوو سەردانی باشووری کوردستان بکات. هاوسەری فرێدریک ناوی گوڵانە ئاڤجییە و خەڵکی ناوچەی وانی باکووری کوردستانە، منداڵێکیشیان هەیە بە ناوی "کێڤن". لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کوردانی نیشتەجێی سوێد و پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد :**

**ڕووداو– هەولێر**



**ڕووداو: لەڕێگەی بایەخدانت بە کورد گوڵانت ناسی، یان لە ڕێگەی ئەوەوە کوردت ناسی؟**

**فرێدریک مالم:** لە ڕێگەی سیاسەتەوە هاوسەرکەم ناسی، ئەویش هەر کاری سیاسی دەکات، هەندێ کەس پێیانوایە من بەهۆی ئەوەوە تێکەڵی کێشەی کورد بووم، لە ڕاستیدا بەهۆی باسی کوردەوە تێکەڵاویمان پەیداکرد و گفتوگۆ لە نێوانمان دروستبوو. بەڵام ئەگەر هاوسەرەکەم تورک یان عەرەبیش بوایە من کوردم هەر خۆشدەویست.

**ڕووداو: کەی ئاشنای کێشەی کورد بووی؟**

**فرێدریک مالم:** ئاشنابوونەکەم بە کێشەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی نەوەتەکان، لە کاتی ڕاپەڕینی 1991 لە تەلەڤزیۆن کۆچی بە کۆمەڵی کوردمان بینی، هەروەها لە تورکیاش دوای چۆڵکردنی گوندەکان بەهۆی شەڕ و چوونیان بۆ شارەکان، دواتر کە شەڕی داگیرکردنی عێراق ڕوویدا ئاشنایەتییەکی باشم لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی نیشتەجێی سوید پەیدا کرد، هەر هەموویان پشتگیریان لەشەڕەکە دەکرد و دەیانگووت"کورد زیندووە".

**ڕووداو: سەردانی ئەمجارەتان بۆ چ مەبەستێکە؟**

**فرێدریک مالم:** ئەمجارە لەگەڵ شاندێکی پێنج کەسی هاتووین بۆ عێراق، سەردانی بەغدامان کرد، کە باڵیۆزی سوێدیشمان لە عێراق لەگەڵ دابوو، سەردانەکە تایبەت بوو بە پرۆسەی گەڕاندنەوەی باڵیۆزخانەی عێراق لە عەممانەوە بۆ بەغدا. دوای شەڕی عێراق باڵیۆزخانەکەمان تەنیا یەک پاسەوانی بەناوی عەلی لێ مایەوە، ستافی باڵیۆزخانەکە چوونە عەممان، ئێستا سەرقاڵی گەڕاندنەوەی باڵیۆزخانەکەین بۆ بەغدا. هەرچەندە هیچ بڕیارێک نەدراوە بۆ کردنەوەی ئۆفیسی باڵیۆزخانەی سوێد لە کوردستان، بەڵام ئومێدەوارم لە داهاتوودا کارێکی لەم جۆرە بکرێت. پێموایە دەبێ ئێمە

### نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرێکی لێهاتووە،بەڵام زۆربەی خەڵکی دەوروبەری بەتەمەنن

کارەکانمان لە سروشتی کۆمەکی مرۆییەوە بگۆڕین،ئێمە پێویستیمان بە گفتوگۆی سیاسیانەیە، دەبێ پەیوەندی بازرگانیش دروست بکەین، ئەگەر لە من بپرسن بۆ؟ دەڵێم ئەمڕۆ کوردستان و عێراق کێشەی پارەیان نییە، بەڵکو کێشەکە خۆی لە کەمتەرخەمی لە بوارەکانی سیاسەت و مافی مرۆڤ و نەبوونی دامەزراوە مەدەنییەکاندا دەبینێتەوە.

**ڕووداو: لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر کوردی هەڵگری هەڵاتینامەی سوێدی پۆستی کاریگەریان هەیە و کاربەدەستن وەک لۆبییەکی سوێدی لە ڕاگەیاندنەکانی سوێد باسکراون، بۆچی ئەم لایەنە ناقۆزنەوە و پەلە لە کردنەوەی نووسینگەیەکی باڵیۆزخانەی سوێد ناکەنەوە وەک چۆن ڕووسیا و بەریتانیا و ئەڵمانیا کردیان؟**

**فرێدریک مالم:** نازانم ئاخۆ لوبی سوێدی هەیە یان نا، بەڵام هەموو جارێک کە هاتوومەتە کوردستان بە سوێدی قسەم کردووە و،خەڵکانێکی زۆر بە پیرمەوە هاتوون و بە زمانی خۆم قسەیان لەگەڵ کردووم. وەک دیارە خەڵکێکی زۆر هەن دەتوانن بەم زمانە قسە بکەن، ئەوان لە سوێد ژیاون و ئێستا گەڕاونەتەوە کوردستان، بەڵام دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکەم کە حکومەتی سوێدی و زۆربەی هاووڵاتیانی سوێد دژی شەڕی عێراق بوون، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتکارانی سوێد دوودڵ بوون لە کردنەوەی باڵیۆزخانەکەمان لە بەغدا، هەروەها بۆ کردنەوەی کۆنسوڵخانەش لە کوردستان هەمان شت لە ئارادایە، چونکە بۆچوونێکی وا هەبوو بە کردنەوەی باڵیۆزخانەکەمان ڕەوایەتیمان بەم شەڕە دەدا، کە جۆرج بوش بەرپای کرد. ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە، ئەوانەی دژی شەڕەکە بوون ئێستا لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان بە بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لێرە ماونەتەوە و لە کۆی 18 پارێزگای عێراق، دۆسێیەی ئەمنی 13پارێزگا دراوەتەوە دەست عێراقییەکان .بە بڕوای من ئێستا کاتی خۆیەتی. هەندێ وڵات پێش ئێمە کەوتوون، هاتنی ئێمەی ڕۆژئاواییش کارێکی باشە، بەڵام بە بیرێکی داگیرکەرانە نا، بەڵکو بۆ هاوکاری، کە سوود بە هەردوولامان بگەیێنێت.

**ڕووداو:چۆن دەڕواننە ئەو سیاسەتەی کورد، کە بۆ پەیوەندی زیاتر گرەو لە سەر ئەمریکا دەکەن، نەک ئەوروپا؟**

**فرێدریک مالم:** ئەمریکاییەکان ئێوەیان لە دەستی سەدام حوسێن ڕزگار کرد، ئێمە ئەوەمان نەکردووە، هەربۆیە کورد بە دڵنیایی ئەم کارە دەکات، مافێکی خۆتانە کە تاکە هاوپەیمانتان ئەمریکایە، بەڵام بۆ مەودایەکی دوور یەکێتی ئەوروپا هەمان گرینگی ئەمریکای دەبێت. بۆ نموونە ئەگەر تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، سنووری یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ عێراق ئەو شاخانەی سەرەوەن، کە لەلایەن هیچ لایەنێکەوە کۆنترۆڵ نەکراون، من نازانم ئەمریکا 5 یان 50 ساڵ لێرە دەمێنێتەوە، بەڵام لەوە دڵنیام کە تورکیا تا 50هەزار ساڵیتر وەک دراوسێی ئێوە دەمێنێتەوە، بەهەمان شێوە ئێرانیش، بۆیە ناکرێ تاکە هاوپەیمانتان ئەمریکا بێت، چونکە ڕۆژێک دادێت بە جێتان دەهێڵێت.

**ڕووداو: جموجۆڵی کورد لەسەر ئاستی ئەوروپا و، سوێد بە تایبەتی چۆن دەبینی ؟**

**فرێدریک مالم:** کوردێکی زۆر لە سوێد دەژین، ئەوان هەرهەموویان وەک باڵیۆزێک کار دەکەن، حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسینگەیەکی بۆ کاروباری وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا هەیە، کە لە ستۆکهۆڵمە، هەروەها باڵیۆزی عێراق لە سوێد کوردە و سەر بە یەکێتییە، بەڵام دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا هەوڵبدات و لە ڕووی دیپلۆماسییەوە کاری باشتر بکات، دەبێ کار بکات بۆ پێگەیاندنی دیپلۆماتکاری گەنج، دەبێ ئەوکاتیش ئەو گەنجانە خزمەت بە حکومەت و وڵات بکەن، نەک بەو پارتەی دەستنیشانی کردوون.

**ڕووداو: هەستت بەم لایەنە کردووە؟**

**فرێدریک مالم:** بەڵێ پارتە سیاسییەکان دەستێکی باڵایان لە نێو کۆمەڵگەدا هەیە، من دەزانم کە ئەوان چەکداریان هەیە و دەیان ساڵ لەم شاخانەدا شەڕیان دژی سوپای عێراق کردووە، بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژی ئایندەیە، داهاتووی کوردستانیش شەڕی گەریلایی نییە لە شاخەکاندا، دەبێ داهاتوویەکی دیموکراتی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بنیات بنرێ. ئەوانەی بە تەمەنن وەڵامی پرسیارەکانی داهاتوویان پێ نییە، دەبێ وەبەرهێنانێکی زۆر بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی گەنجی هوشیار بکرێ.

**ڕووداو: تۆ لە لیژنەی فێرکردنی لە پەرلەمانی سوێد، چ سەرنجێکت لەبارەی سیستەمی فێرکردن هەیە لە کوردستان؟**

**فرێدریک مالم:** بەبڕوای من سیستەمی فێرکردنی هەرێمی کوردستان پێویستی بە ریفۆرمە، دەبێ خوێندکارانی کورد بنێردرێنە سوێد یان ئەو وڵاتانەی کۆنسوڵخانەیان لێرە هەیە، بۆ ئەوەی زانیاری تازە فێر ببن و لەگەڵ خۆیانی بێننەوە، سیستەمی خوێندنی ئێرە لە سەردەمەکانی پێشتر بۆ شوشتنەوەی مێشکی قوتابیان و بە عەرەبکردنیان بووە، لێرەدا دەبێ خەڵکێکی گەنج و هۆشیار و زیرەک بێننە گۆڕەپانەکە، دەبێ سەرلەبەری کۆمەڵگا پۆلێن بکرێتەوە، خەڵکی نەخوێندەوار دوور بخرێنەوە، خەڵکێکیش هەن لە تەمەنی 40و 50و60ساڵیدان و نەخوێندەوارن، زۆر گرنگە ئەوانە فێری خوێندن بکرێن و هۆشیار بکرێنەوە و لە پرۆسەی پۆلێنکردنەوەی کۆمەڵگا بەشدار بکرێن، کە ئەمەش بەرزکردنەوەی ئاستی هەموو کۆمەڵگە دەگەیێنێت.

**ڕووداو: بەڵام سەرۆکی حکومەتی کوردستان گەنجە؟**

**فرێدریک مالم:** بەڵێ ساڵی ڕابردوو نێچیرڤان بارزانیم بینی و ئەو بابەتەشم لەگەڵ باسکرد، پێموایە سەرۆک وەزیرانێکی لێهاتووە و خاوەن وزەیەکی باشە،بەڵام زۆربەی ئەو خەڵکەی دەوروبەری خەڵکێکی بەتەمەنن، جا بۆیە ناکرێ تەواوی ئەرکەکان لە سەر شانی کەسایەتییەکی گرینگ کۆبکرێنەوە.

**ڕووداو: چەند کەیسێکی ژنکوژی لە سوێد ناوبانگی کوردیان وەک کۆمەڵگەیەکی ژنکوژ خستە پێش چاو، تا چەند ئەو بۆچوونە لە نێوەندەکانی سوێددا ماوە لەسەر کورد؟**

**فرێدریک مالم:** مافی هەموو تاکێک لە کۆمەڵگەدا گرنگە، من نازانم ئەم کێشەیە لێرە تا چەند گرنگە، نازانم لە ساڵێکدا 10 یان 1000ئافرەت لەسەر ناموس دەکوژرێن، من ئامارێکی دروستم لانییە، بەڵام ئەگەر لە ساڵێکدا تەنیا یەک ئافرەتیش بکوژرێت هە زۆرە، چونکە ئەم کارە قبوڵ ناکرێت،



ئەگەر هاوسەرەکەم تورک یان عەرەبیش بووایە کوردم هەر خۆشدەویست

فردریک مالم

گوڵان ئاڤجی هاوسەری فردریک مالم

ئەوەی گرنگیشە بۆ ئەم لایەنە کێشەی کوشتنی ئافرەتان بە تەنیا بە کوردەوە پەیوەست نییە، بەڵکو ئەمە کێشەیەکە پەیوەندی بە تێکڕای ناوچەکەوە هەیە، لە عێراق و فەڵەستین و ئەفگانستان و چەندەها شوێنی دیکە هەیە، ئەوەش گرێدراوی فەرهەنگ و ئاینە،کاتێکی زۆریشی پێویستە تا ئەو فەرهەنگە دەگۆڕدرێت. سیمای کورد ئێستا لە جاران باشترە، دوو ڕووداو هەبوون، یەکێکیان کوشتنی پێلا ئەترۆشی بوو، دوای ئەوەی دەیهێننەوە دهۆک و دەیکوژن، دووەمیشیان فاتیمە شاهیندال بوو، کە خەڵکی باکووری کوردستان بوو، تا ئێستا هیچ کوردێکم لە سوید نەبینیوە پشتگیری لەم کارە ناڕەوایە بکات، من هەموو کوردەکانم نەبینیوە، بەڵام دڵنیام کوردێکی یەکجار زۆر دژی ئەم کردەوەیەن، ئەم کێشەیەش ڕیشەیەکی قووڵی هەیە، پەیوەندی بە بڕیاری کچانەوە هەیە لە کاتی مێردکردن، کە ئاخۆ خۆیان بڕیار دەدەن، یان کەسێکیتر. کچ هەیە بە منداڵی لە تەمەنی 8ساڵی بە شوو دراوە، ئیتر ئەوان لە هەلومەرجێکی نوێدا تووشی گیروگرفت دەبن، وێڕای ئەمەش کەشوهەوای کوردستان لەچاو ساڵانی پێشتر بە شێوەیەکی باش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

**ڕووداو: هاوکات لەگەڵ سەردانی تۆ پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی یاسایەکی نوێیە بۆ باشترکردنی یاسای باری کەسی، چۆن دەڕوانییە ئەم هەنگاوە؟**

**فرێدریک مالم:** بەبڕوای من باش نییە پیاوێک دوو ژنی هەبێت، ئێمە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا بەم شێوەیە ڕەفتار ناکەین، وێڕای ئەوەی پەرلەمان تا قۆناخی کۆتایی نەچووە، بەڵام ئەم یاسایە تۆزێک باشترە، ئەگەر لە پەرلەمانی ئێرە بووام دەنگم بە یاسا تازەکە دەدا و باوەڕم بە یەکسانی پیاو ژن هەیە، بڕوام بە یاسای عەشیرەت و شەریعەت نییە، هەستدەکەم زۆربەی سیاسەتکارانی کورد دوودڵن، چونکە ئەگەر فشار ببەن، ئەوا ئیسلامییەکان هەڵوێستێکی توند وەردەگرن، هەربۆیە دەیانەوێت باڵانسەکە ڕابگرن.

**ڕووداو:ڕەوشی باکووری کوردستان چۆن دەبینی؟**

**فرێدریک مالم:** ئاگاداری باروودۆخی ئەوێشم، پێموایە تەنیا یەک ڕێگە بۆ چارەسەرکردن هەیە، ئەویش ڕێگەی سیاسییە، مەبەستم لەو ڕێگە سیاسیەش ئەوەیە کە دەبێ کورد مافی قسەکردن بە زمانی خۆیان هەبێ و بە فەرمی لە دەستوور دان بە مافەکانی بنرێت و مافی خۆیانە یادی نەورۆز بکەنەوە وشەی نەورۆز بەپیتی Wبنووسن و نەک بە پیتی V .بەڵام دامەزراوەکانی تورکیا بە تایبەتی دەزگای سوپا ڕاستییەکان تەنیا بە ئەقلیەتی خۆیان دەبینن، وای دەخەنەڕوو کە تەنیا کێشەیەک لە تورکیا هەیە ئەویش کێشەی PKKیە و بە تیرۆریستی ناو دەبەن. لە کاتێکدا 15ملیۆن کورد بە شێوەیەکی سیستماتێک دەچەوسێنرێنەوە، بۆردومانی ئێستای چیای قەندیلیش یەکخستنی ڕێگەچارەی دیپلۆماسییە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی بە قەندیلەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کەرکوکەوە هەیە.

# پۆل پۆت سەرکردەی حیزب و دیکتاتۆر



**و. لە سوێدییەوە: حەکیم کاکەوەیس**

پۆل پۆت 18ی مایسی ساڵی 1925 بە ناوی (سالوت سار)ەوە هاتووەتە دنیاوە. 1998/4/15 مردووە.

پۆل پۆت یەکێک بوو لە خراپترین دیکتاتۆرەکانی جیهان و خوێنی ملیۆنان مرۆڤی لە ئەستۆدایە. بە هاوکاری گریلاکان (خمێرە سوورەکان) لە ساڵی 1975ەوە تا ساڵی 1979 دەسەڵاتی کەمبۆدیای لە دەستدابوو.

پۆل پۆت ساڵی 1949 لە پاریس خوێندکار بوو و لە بری خوێندن، ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم سەرنجی ڕاکێشا. ئاوها لەگەڵ نێزیکترین هاوەڵی خۆی خییو سامفان دا، پارتی کۆمۆنستی خمێر (خمێرە سوورەکان)ی دامەزراند.

پۆل پۆت و خمێرە سوورەکانی ساڵی 1975 توانییان لە کەمبۆدیا، دوای ئەوەی ئەمەریکا وڵاتەکەی بەجێهێشت، دەسەڵات بە دەستەوە بگرن و ئەو حکوومەتە بەکرێگیراوەی کە بە چڕی گوندەکانی بۆمباران کردبوو بە تەنها مایەوە.

ئیدی خراپترین شەڕی قڕکردن لە جیهاندا دەستی پێکرد. ئایدۆلۆژیای پۆل پۆت لەوەدا چڕ کرابووەوە کە دەبێ کەمبۆدیا پشت بە خۆی ببەستێ و خۆی بژێنێ و میللەت وەک وەرزێر لە کۆمەڵگای دەشتودەردا بژی. بیرۆکەکە ئەوەبوو بگەڕێنەوە بۆ ساڵی سفر و لەوێوە کۆمەڵگە بنیات بنرێتەوە، بەڵام لە سەر بنەمای مارکسیزم. لەو مەسەلەیەدا، ڕۆشنبیران و بۆرژواکان هەڕەشە بوون، چونکە لە لایەکەوە بەرهەڵستکار بوون بۆ گێڕانەوەی میلی سەعات بەرەو 2000 ساڵ پێشتر، لە لایەکی دیکەشەوە تا خەڵکی وەک مارکسستی باش پەروەردە بکەن. ئەوانە، تاقیب دەکران و لەلایەن خمێرە توندڕەوەکانەوە دڕندانە دەکوژران. ئەوەندە بەس بوو کەسێک چاویلکەی لە چاو بوایە تا وەک ڕۆشنبیر سەیر بکرایە. فنۆم پێن کە ژمارەی دانیشتوانی لە زیادبوونێکی خێرادابوو، بە هۆی بۆردوومانی ئەمەریکاوە، کە تاقیبی سەربازانی ڤیتکۆنگیان دەکرد، لە دانیشتوان چۆڵکراو خەڵکەکە بەرەو گوند ڕەویان پێکرا تا سەرلەنوێ لە قوتابخانەی وەرزێریدا بخوێنن.

خمێرە سوورەکان بنکەیەکی ئەشکەنجەدان و لەناوبرنیان لە فنۆمپینی پایتەختدا دامەزراند، کە بە تاول سلێنگ یا گردی داری ژەهراوی، ناوی ڕۆیشتبوو. قوتابخانەیەک لە ژێر فەرمانی خیا سامپان دروستکرایەوە کە هەموو کەرەسەیەکی ئەشکەنجەدانی تێدا بوو، هەروەها فڕن و گۆڕی بەکۆمەڵیش. 20000 مرۆڤ لە تاول سلینگ کوژران. هەر یەکێک لە قوربانیەکان، بەرەوڕوو وێنەیان دەگیرا و فایلیان لە سەر شێوەی ئەشکەنجە بۆ دەکرایەوە. هەندێ بنەما لە تابلۆیەکدا نووسرابوون، ئەگەر قسە بدەیتە بەر قسە، تەوژمی زیاتری کارەبات بۆ دێ. حیزب هەمیشە ڕاستە.

یەک دوو ملیۆن مرۆڤ یا کوژران یا لە برساندا مردن.

ساڵی 1979 نەگونجان لە ناو خمێرە سوورەکاندا پەیدا بوو، هەندێ کەس کەوتنە باری دوودڵییەوە، دەبێ پۆل پۆت دەستی لەگەڵ دوژمنی دەرەکیدا نەبێ تا هێزەکان یەکبخا. بڕیارێکی گێلانەی دا و بە گژ ڤێتنامێکدا چووەوە، کە تاقیکردنەوەی شەڕی زۆر بوو، تا ئەو ناوچە کەمبۆدییانە وەربگرێتەوە کە لەدەست چووبوون. ڤێتنامیەکان، بە بێ سەرهێشە وەڵامیان دایەوە و ئەنجام داگیرکردنی کەمبۆدیا و وەدەرنانی پۆل پۆت و خمێرە سوورەکان بوو.

ئەوجا نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا و چین بوونە لایەنگری ڕژێمی پۆل پۆت. لەگەڵ ئەوەشدا ڤێتنامیەکان ڕژێمێکی نوێیان دامەزراند، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان هەر خمێرە سوورەکانی بە سەرکردەی کەمبۆدیا دەناسی. ئەمەریکا و چین بە چەک و پارە پشتی خمێرە سوورەکانیان دەگرت تا بتوانن ڤێتنامیەکان وەدەر بنێن. ئەم دوو لایەنە لەوە دەترسان کە دوژمنەکەیان ڤێتنامێکی گەورە پێکبێنێ.

ساڵی 1989 هانۆی توانای مانەوەی لە کەمبۆدیادا نەما، چونکە ماوەی دە ساڵ بە تەنها لەگەڵ ئەو گریلایانەدا شەڕی دەکرد کە ئەمەریکا و چین پشتگیرییان دەکردن. لە سەر ئەوەشەوە، جەنگ وای لێهات مەسرەفی یەکجار زۆر بێ و خەڵکی ڤێتنامیش بێزار ببوون. زۆر نێزیک بوو خمێرە سوورەکان دەسەڵات لەو حکوومەتە هاوپەیمانە وەربگرنەوە کە هێزەکەی زۆر لاواز بوو. شەڕی ناوخۆی خمێرە سوورەکان بووە هۆی سەرنەکەوتنیان. کاتێک ڤێتنام چووە دەرەوە، یارمەتی ئەمەریکا و چینیش وەستا و گریلاکان بەرەو جەنگەڵەکان هەڵاتن.

16 / 11 / 1989 نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی بۆ چارەسەرێک دا بەپێی ئەو بڕیارە خمێرە سوورەکان لە حکوومەتی ئایندەدا جێیان بکرێتەوە. 124 دەنگ بەڵێ بوو و 17 دەنگ دژ بوو، 12ش دەنگیان نەدا.

1997/6/25 خمێرە سوورەکان دادگایەکیان بۆ پۆل پۆتی کۆنە سەرکردەی خۆیان دانا، ئەوەش ڕەنگە بۆ خۆدەربازکردن بووبێ. حوکمەکە ئەوە بوو تا مردن لە ماڵەکەی خۆیدا نیشتەجێ بێ.

1998 پۆل پۆت مرد و لە جەنگەڵەکەدا مۆمرێژ کرا.

### کاردانەوەکانی سوێد

ڕەفتاری پۆل پۆت و خمێرە سوورەکان لەو دەمەدا لایەنگریی چەپی سوێدی بە دەست هێنابوو. (پ ئۆ ئینکڤیست) (1) لە (ئێکسپرێسن)ی 1975/5/15دا نووسیبووی: قەحپەخانەکە چۆڵکرا و گسکدان بەردەوامە (2). تەنها گەوادەکانیش ئەوەیان پێ ناخۆشە.

یان میردال (3)، ساڵی 1978 دوای سەردانێکی بۆ ئەو وڵاتە، لە (فیف بەرەی کەلەپوور)دا ڕایگەیاند کە دادپەروەری دەستباڵایە و هەموو کەس دەزانێ کە شەڕی وەرزێران و شەڕی ڕزگاری توندوتیژ دەبن، هەرگیز ئەشکەم بۆ چارەنووسی لادەران و هاوکاریکەرانی دەرەکی هەڵنەڕشت. لە کەمبۆدیای نێوان دوو جەنگدا (1979) دەڵێ: بۆچوونی جۆراوجۆر لە سەر ئەوەش هەبوو کە پێی دەگوترا کارکردن بە منداڵان. مەسەلە هەر ئەوە نەبوو من - وەک خەڵکانی دی - مەبەستم ئەوە بوو کە باسکردنی کارکردن بە منداڵان هۆیەکەی ئەوە بوو کە خمێرەکان سیمایەکی نائاسایی گەنجانە "منداڵانە"یان هەیە.

کاتێک ئۆلوف پاڵمە (4)ساڵی 1975 سەردانی دیکتاتۆری کوبا، فیدل کاسترۆی کرد، پێکەوە کۆمینتارێکیان مۆر کرد، خۆشحاڵی خۆیان بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کەمبۆدیا دەربڕی، بەوەش تاجیان خستە سەر قسەکەیان. بە لای ئەو بەڕێزانەوە دەسەڵاتوەرگرتنی پۆڵ پۆت سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی گەل خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدا.

### ئۆلوف پالمە

بێرگیتە داڵ (5) لەوەش زۆرتر ڕۆیشت و هەموو ئەو هەواڵە ناحەزانەی بە درۆ خستەوە کە لە کەمبۆدیاوە دەگەیشتن، بە "درۆ یا پڕوپاگەندە" لە قەڵەمی دەدان. نەشیدەتوانی ئەوانە پشتڕاست بکاتەوە چونکە کەس نەیدەتوانی سەفەری ئەو وڵاتە بکا، بەڵام خۆی لەوە حاڵی ببوو کە "زەحمەتە کات هەبێ پێشوازی لە خەڵک بکەن لە کاتێکدا ئەو هەموو کێشانەیان هەبێ و دەبێ چارەسەریان بکەن".

### بیرگیتە دال

بێرگیتە داڵ، ئێستا خۆی لەو قسانەی خۆی دەبوێرێ.

لە کاتی هێرشی ڤێتنامدا هانس بلیکس گوتی: "ئەو داگیرکردنە دەرەکییە هەڕەشەیە لە سەر بەرژەوەندی هەموو نەتەوە بچووکەکان، حکوومەتی سوێدی دژی داگیرکردنی سەربازانەی دەرەکییە لە کەمبۆدیا و پێیوایە دەستدرێژیکردنە بۆ سەر بنەماکانی نەتەوە یەکگرتووەکان".

### پەراوێزەکان

1-نووسەرێکی چەپڕەوی سویدییە و خاوەنی چەندین کتێبە. (Per Olov Enquist)

2- پایتەختی کەمبۆدیایە، کە چۆڵکرا. (فنۆم پێن)ی مەبەستی

3- یان میردال نووسەرێکی چەپڕەوی سویدییە.

4- (Olof Palme) سەرەکوەزیرانی سوید بوو و سەر بە سۆسیال دیموکراتەکان بوو، ساڵی 1986 کوژرا.

5- (Birgitta Dahl) ژنێکی سەر بە سۆسیال دیموکراتەکانی سوید بوو و ماوەیەک سەرۆکی پەرلەمان بوو.

سەرچاوە: susning.nu/Pol_Pot

## بڕیاربوو بەسێ مانگ تەواو بکرێن

# 8 مانگە 12 ملیۆن دۆلار بۆ دروستکردنی 200 هۆڵی خوێندن لەزانکۆکانی کوردستان تەرخانکراوە



**ڕووداو-هەولێر**

ماوەی هەشت مانگە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان 12 ملیۆن دۆلاری بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا تەرخانکردووە بەمەبەستی دروستکردنی 300 هۆڵی خوێندن بۆ زانکۆکانی کوردستان و، دەبوایە لەماوەی 3 مانگدا دروست بکرێن، بەڵام تا ئێستا هیچ هۆڵێک تەواو نەبووە.

ساڵێک پێش ئێستا لەکۆبونەوەیەکی لیژنەی خوێندنی باڵا و پەروەردەی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵادا، د.ئیدریس هادی، وەزیری خوێندنی باڵا ڕایگەیاند کە بەرنامەیان هەیە زۆر بەخێرایی 300 هۆڵ لەماوەی سێ مانگدا دروستبکەن، بۆ ئەو مەبەستەش کۆمپانیایەک لە دوبەیەوە دێت.

نازناز محەممەد، سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند دروستکردنی ئەو 300 هۆڵە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نەبوونی شوێن بوو" ئەو کێشەیە نەک ساڵی ڕابردوو چارەسەرنەکرا، بەڵکو ئەمساڵیش هەر چارەسەر نەکراوە"، سەرۆکی ئەو لیژنەیەی پەرلەمان گوتیشی "ئەگەر ئەو 300 هۆڵە دروستبکرابان گرفتی 3000 قوتابی چارەسەر دەکرد".

بەهۆی کەمی هۆڵی خوێندن لەزانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان، ئەمساڵ 9992 قوتابی دەرچووی ئامادەیی لەزانکۆ و پەیمانگاکان وەرنەگیران، جگە لەوەش گرفتی کەمی هۆڵ کێشەی بۆ قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆش دروستکردووەو وایکردووە زۆربەی بەش و کۆلیژەکان ڕۆژانی پشوویان جیاواز بێت.

ناز ناز محەممەد، ئەوە ناشارێتەوە کە درەنگ پارە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا تەرخانکرا، بۆ دروستکردنی ئەو 300 هۆڵە "ئاگاداربووین ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی تاڕادەیەک درەنگ ڕەزامەندیان لەسەر دابینکردنی پارەکەدا، بەڵام نزیکەی هەشت مانگە 12 ملیۆن دۆلاریان بۆ تەرخانکراوە" و تائێستاکە هۆڵەکان دروستنەکراون.

بەپێی گوتەی ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان تائێستا چەندین جار بەدواداچون بۆ ئەو 300 هۆڵی خوێندنە کراوە"چەندینجار وەزیری خوێندنی باڵامان بانگکردووەو بەزارەکی قسەمان لەگەڵ کردووە، بەڵام هەفتەی ڕابردوو بەداواکارییەکی فەرمی پێمانگوت، دەبێت بەبەڵگەوە ئەمڕۆ بۆمان بهێنێ چەند هۆڵتان دروستکردووە".

نازناز محەممەد ئەوەش دەخاتەڕوو کە تائێستا هیچ هۆڵێکیان نەبینیوە کە بڵێن ئەم 12 ملیۆنەی تێدا خەرجکراوە.

د.ئیدریس هادی، وەزیری خوێندنی باڵای کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەکی ئیماراتیدا گرێبەستیان کرد بێت "لەگەڵ کۆمپانیایەی ئەمریکی تەکساسی ڕێککەوتوین و کۆمپانیاکە تەکنەلۆژیایەکی نوێیان هێناوە".

بەپێی گوتەی د.ئیدریس هادی نزیکەی مانگێکە هەموو پێداویستییەکان بۆ دروستکردنی ئەو هۆڵانە هێنراون" ئەوانەی قەزاکانمان دەسپێکردووەو 40%یان تەواو بوون".

لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا لە پەرلەمان، گوتی 300 هۆڵی خوێندنە، بەڵام د.ئیدریس هادی دەڵێت"پەنجا یەکەیە و هەر یەکەیەکی چوار هۆڵە"، واتە 200 هۆڵی خوێندنە.

> **ئەو کێشەیە نەک ساڵی ڕابردوو چارەسەرنەکرا، بەڵکو ئەمساڵیش هەر چارەسەر نەکراوە، ئەگەر ئەو 300 هۆڵە دروستکرابان گرفتی 3000 قوتابی چارەسەر دەکرد**
>
> سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان

# گرفتی قوتابییە وەرنەگیراوەکان یەکلا دەکرێتەوە



د.ئیدریس هادی و دڵشاد عەبدولڕەحمان

(فۆتۆ:ڕووداو)

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو-هەولێر**

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند لەهیچ شوێنێکی دونیادا نییە 10 هەزار قوتابی بەرەڵڵا بکرێنە سەر شەقام و وەزیری خوێندنی باڵاش ڕۆژی 2008/11/12 پێش چوونی بۆ نێو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان گوتی ئەمڕۆ بەدەستی بەتاڵ ناچێتە پەرلەمان "چارەسەری گرفتەکەمان پێیە".

بەهۆی وەرنەگیرانی 9992 دەرچووی ئامادەیی لەزانکۆ و پەیمانگاکان، پەرلەمانی کوردستان هەردوو وەزیری خوێندنی باڵاو پەروەردەی بانگکرد و بڕیارە ئەمڕۆش بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە هەردوو وەزیر بچنەوە پەرلەمانی کوردستان.

د.ئیدریس هادی، وەزیری خوێندنی باڵای کوردستان، ڕایگەیاند جیاواز لەساڵانی دیکە هەوڵدراوە ژمارەیەکی زۆری قوتابیان لەپەیمانگای تەکنیکییەکان وەربگیرێت "43%ی قوتابیانمان لەپەیمانگای تەکنیکی وەرگرتووەو 57%یش لەزانکۆکان".

کەمترین ڕێژەی نمرەی قوتابیان کە ئەمساڵ لەزانکۆ و پەیمانگان وەرگیرا55% بوو بۆ بەشی زانستی و 65%بوو بۆ بەشی وێژەیی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی 500 قوتابی زانستی و 9500 قوتابی بەشی وێژەیی لەهیچ زانکۆ و پەیمانگەیەک وەرنەگیرێن.

### سەرچاوەی گرفتەکە

ساڵی ڕابردوو 27 هەزار دەرچووی ئامادەیی لەزانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان وەرگیران، بەڵام ئەمساڵ ژمارەکە بۆ 21 هەزار کەمبووەتەوە. وەزیری خوێندنی باڵا هۆکارێکی سەرەکی پەیدابوونی گرفتەکەی بۆ داخستنی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان گەڕاندەوە کە ساڵی ڕابردوو لەلایەن وەزارەتی پەروەردە داخران. کە توانای وەرگرتنی 4500 قوتیابیان هەبوو.

بەپشت بەستن بەبڕیارەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی لەئایاری 2007 دا، بڕیاری داخستنی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان درا، لەکۆی 13 پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان ساڵی ڕابردوو 5 پەیمانگا داخران و ئەمساڵیش ئەوانی دیکە داخران. د.ئیدریس هادی دەڵێت" ئەو پەیمانگایانە بەزیادکردنەوە 6000بۆ 6500 قوتابیان وەردەگرت، ئەو ژمارەی کەئێستا ماوەتەوە ئەوەیە کە پێشووتر لەپەیمانگاکانی مامۆستایان وەردەگیران".

د.دڵشاد عەبدولڕەحمان، وەزیری پەروەردەی حکومەتی کوردستان، سورە لەسەر ئەوەی کەبڕیاری داخستنی پەیمانگاکان بڕیارێکی زانستی بووە "ئەو پەیمانگایانە کاتی خۆی بۆ پێگەیاندنی مامۆستای قۆناخی سەرەتایی دامەزراون".

وەزیری پەروەردە، هۆکاری داخستنی ئەو پەیمانگانە بۆ (ڕووداو) ڕووندەکاتەوەو دەڵێت"تووشی هەڵئاوسانێکی زۆر بووین لەژمارەی مامۆستایانی یەک بۆ شەش، مامۆستایەکی زۆرمان هەیەو خراپ دابەشکراوە".

### ساڵی ئایندە گرفتەکە گەورەتر دەبێ

ساڵ بەساڵ ژمارەی دەرچووانی ئامادەیی لەزیادبووندایە، ئەگەر پلانێکی ستراتیژی بۆ دانەنرێت گرفتەکە گەورەتر دەبێت.

ساڵی 2003 - 2004 نزیکەی 10528 قوتابی وێژەیی و 12983 قوتابی زانستی بەشداری تاقیکردنەوەکانیان کرد، بەڵام لەساڵی2007-2008 دا 33553 قوتابی وێژەیی و 24120 قوتابی زانستی بەشداری تاقیکردنەوەکانیان کردو.هەروەک وەزیری خوێندنی باڵا گوتی 37 هەزاریان دەرچوون.

یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی کە بۆ ساڵی ئاینده دەبێتە هۆی زۆربوونی ژمارەی دەرچووانی قۆناخی ئامادەیی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابییانە کە ئەمساڵ لەپۆلی شەشی ئامادەیی خۆیان هێشتوەتەوە،د.ئیدریس هادی، دەڵێت"ساڵێکی دیکە گرفتەکە گەورە تر دەبێت، ئەمساڵ قوتابی دەیزانی کە نمرەی کەم بێت وەرناگیرێت، بۆیە زیاتر لە 20 هەزار قوتابی ئامادەیی خۆی هێشتووەتەوە".

ئارام ئەنوەر، 19 ساڵ، دانیشتوی قەزای دەربەندیخان، کە بە ڕێژەی سەتی 62 ئەمساڵ لە بەشی وێژەیی دەرچووەو وەرنەگیراوە، نیگەرانە لەئایندەی خۆی ودەڵێت "ئەگەر لەهیچ شوێنێک وەرنەگیرێم بەبێ کاری چیبکەم،ئەگەر حکومەت ناتوانێ هەموو دەرچووانی ئامادەیی وەربگرێت با هەندێک لە ئامادەییەکان دابخات، بۆ ئەوەی هەندێ قوتابی هەر لەسەرەتاوە نەخوێنن".

د. ئیدریس هادی، دەڵێ لەهیچ شوێنێکی دونیادانییە هەمووکەس لەزانکۆوپەیمانگاکان وەربگیرێت و ئەوەش کەئێستا وەرگیراوە پاش هەوڵێکی زۆرە" توانای وەرگرتنمان سەرەتا 14 هەزار قوتابی بوو، بەڵام دوای چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران کردمانە 21 هەزار".هەروەها وەزیری پەروەردەش لە پەرلەمان پرسیاری کرد ئایا سیاسەتی حکومەت ئەوەیە هەموو دەرچوانی ئامادەیی وەربگرێت؟ گوتی ئەگەر سیاسەتەکەی ئەوەیە دەبێ پێدواویستییەکانی وەرگرتنیشیان ئامادەبکات.

لەکاتی دانیشتنی پەرلەماندا بەشێکی زۆری پەرلەمانتاران وەزارەتی خوێندنی باڵایان بەکەمتەرخەم زانی لەچارەسەر کردنی گرفتەکەدا.بەڵام د.ئیدریس، هەوڵەکانی خۆیانی بۆ وەرگرتنی ژمارەیەکی زیاتری قوتابیان خستەڕوو"بەشی ئێواران کە بڕیاربوو دابخرێت لەزانکۆکان، دامانەخستن، پەیمانگاکانیشمان کردووەتە دوو دەوامی ئێواران و بەیانیان، هەروەها ساڵی ڕابردووش چەندین کۆلیژ و بەشی تازەمان کردەوە".

نازنازمحەممەد، سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵاو پەروەردە لەپەرلەمانی کوردستان، ئەوەی ڕەتکردەوە کە تەنها هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردە بەرپرس بن لەو گرفتە. نازناز، دەڵێت "حکومەتی کوردستان بەتێکڕا دەبێت بیر لەچارەسەر بکاتەوە و ئالییەتی کارا بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابیان کەساڵ بەساڵ زیاد دەکات".

لیژنەی پەرەوەردەو خوێندنی باڵا بانگی هەر پێنج وەزیری دارایی، پلاندانان، کاروباری کۆمەڵایەتی، پەرورەدەو خوێندنی باڵای کرد بوو بۆ دانیشتنی ڕۆژی 2008/11/12ی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام تەنیا وەزیری خوێندنی باڵاو پەروەردە ئامادە بوون. نازناز، دەڵێت"دەبوایە کۆمەڵێک وەزارەتی وەک پلاندانان و دارایی و کاروکاروباری کۆمەڵایەتیش ئامادەبوونایە، چونکە کاتێک وەزارەتی پەروەردە پەیمانگایەک دادەخات دەبێت بەدیلی دیکە هەبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو گرفتە".

### ناوەندی وەرگرتن و هەڵەی گەورە

بەشێک لەپەرلەمانتارانی کوردستان پێیانوایە هەندێک هەڵە لەناوەندی وەرگرتنی قوتابیاندا هەیە و مافی بەشێکی قوتابیانی خواردووە.

سۆزان شەهاب، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ڕەخنەی ئەوەی ئاراستەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان کرد کە لەهەندێک بەش 15 قوتابی و لەهەندێک بەش 9 قوتابی وەرگیراوە"لەدەربەندیخان بە 8 بەشی پەیمانگای تەکنیکی 9 قوتابی وەرگیراوە لەبەشی کشتوکاڵی کەلار3 قوتابی وەرگیراوەو پێویستە پێداچونەوە بەوەرگرتنی قوتابیاندا بکرێت لەو بەشانەدا".

سۆزان شەهاب، هەندێک هەڵەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیانی بەکارەسات ناوبرد "خوێندکار هەیە 94ی هەیە، هەیە 92ی هەیە ناوی لەهیچ جێگەیەک نەهاتووەتەوە، بەڕێوەبەری وەرگرتنی ناوەندی لەوەزارەتی پەروەردە، بەئێمەی ڕاگەیاند کە ناوی سێ قوتابخانە نەچووەتە ناو تۆمارگای گشتییەوە".

### کۆلێژە ئەهلییەکان مەرجی زانستیان نییە

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی بەشێک لەگرفتی ئەو 10 هەزار قوتابییە پێشنیاریکرد کە ئەو کوڕە شەهیدانەی دەچن لە کۆلێژە ئەهلییەکان دەخوێنن، حکومەت پارەی خوێندنیان بۆ بدات و هاوکاری قوتابیانی کەمدەرامەتیش بکات.

د.شوکریە ڕەسوڵ، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، پشت بەستنی بەو کۆلێژە ئەهلیانە، بەکارێکی نادروست ناوبرد گوتی"کۆلێژە ئەهلییەکانیش پێویستیان بەنمرەیە، ئەمە جگە لەوەی چەند پەرلەمانتارێک چووینە یەکێک لەکۆلێژە ئەهلییەکان تووشی شۆک بووین، چونکە هیچ مەرجێکی کۆلێژی ئەهلی تێدا نییە".

ئەو پەرلەمانتارە پێشنیاری ئەوەی کرد کە بتواندرێت سود لەکۆلێژی پۆلیس وەربگیرێت "نزیکەی 4 هەزار قوتابی دەگرێت و بەتاڵە".

کەمال کەرکوکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ (ڕووداو) ڕەخنەی زۆری لەو کەسانە گرت کە دەڵێن لەهیچ شوێنێکی دونیادا هەموو قوتابیان لەزانکۆو پەیمانگا وەرناگیرێت و ئێمەش سەیری ئەوان دەکەین "دونیا جیاوازە لەگەڵ ئێمەدا، لەهیچ شوێنێکی دونیاشدا 10 هەزار قوتابی بەرەڵا ناکرێنە سەر شەقام".

د.کەمال، ئەو گوتەی بەهەڵە ناوبرد کەدەڵێت قوتابیان خۆیان بەرپرسن و دەبێت خۆیان ماندووبکەن "وەزیرەکان و حکومەت و پەرلەمان بەرپرسن قوتابی قوڕبەسەر خوێندویەتی چیبکات، ماڵ هەیە 10 کەس لەژوورێکدان قوتابیش نەیتوانیوە بخوێنێ تاوانی نەکردووە".

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕەخنەی لە بێ پلانی وەزارەتەکان گرت "وەزارەتێک دەبێت بزانێت چەند قوتابی هەیەو چەند دەردەچێت چەند زانکۆو پەیمانگای هەیە و چەند قوتابی وەردەگرێت، نابێت لەناکاو دووچاری نەکسە ببیت و بلێیت 9992 قوتابی زیادە چی لێبکەم".



لەو لێدوانەیدا بۆ (ڕووداو) د.کەمال کەرکوکی، بەڵێنی بەقوتابیان دا کە ڕێگە چارەیەکی گونجاویان بۆ بدۆزنەوە "وەک خۆیان لەپشت کارەکانیان دەڕۆم و ئومێدم هەیە بەهەر شێوەیەک بێت هەندێک ڕێگەیان بۆ بدۆزینەوە".

بڕیارە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ هەردوو وەزیری پەروەردەو خوێندنی باڵادا ڕێگاکانی چارەسەرکردن بەخەنەڕوو. د.ئیدریس هادی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "قوتابیان دڵنیابن لەدانیشتنی ئەمڕۆدا بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێینەوەو چارەسەرمان پێیەو هیواداریین چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە بکەین".

### پێشنیازەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا

- وەرگرتنی بەشێک لەو قوتابیانە لەکۆلێژە ئەهلییەکان.
- هەوڵبدرێت ژمارەیەکی زیاتر لەپەیمانگا تەکنیکییەکان وەربگیرێن.
- پەیوەندی بەوەزیری خوێندنی باڵای عێراق کراوە، بۆ وەرگرتنی بەشێک لەو قوتابیانە.
- وەرگرتنی بەشێک لەو قوتابیانە لەخولی سەربازی.
- کردنەوەی خولی پیشەیی بۆ بەشێک لەو قوتابیانە.



### پێشنیازەکانی پەرلەمان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە

- پێداچوونەوە بەوەرگرتنی قوتابیاندا بکرێت، تا ڕێژەیەکی زیاتر وەربگیرێن.
- کردنەوەی پەیمانگا داخراوەکان و داخستنیان لەساڵی ئایندەدا.
- وەرگرتنی ئەو قوتابیانەی کە ئارەزوو دەکەن لەزانکۆو پەیمانگانی عێراق بخوێنن.
- وەرگرتنی هەندێک لەو قوتابییانە لەکۆلیژە ئەهلییەکان، ئەوانەی کوڕە شەهیدن حکومەت پارەیان بۆ بدات، ئەوانەشی کەمدرامەتن حکومەت هاوکاریان بکات.
- کردنەوەی خولی پیشەیی
- ژمارەیەک لەو 10هەزار قوتابییە لەخولی پۆلیس و سەربازی وەربگیرێن.

# با سێ وەزیری کوردستان دەست لەکاربکێشنەوە

لە وڵاتە دیموکراتییە پێشکەووتووەکاندا،هەر بڕیارێک بە راوێژی پسپۆرانی بوارەکە دەردەچێ، بەڵام هەر کە جێبەجێکردنی بڕیارەکە بووە هۆی دروستکردنی قەیران بۆ خەڵک و دەوڵەت و دەنگی ناڕەزایی لە دژی بڕیارەکە بەرزبووەوە، ئەوا وەزیرەکە یا لایەنی پەیوەندار کە بڕیارەکەی دەرکردووە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی رادەگەیێنێ یاخود بڕیارەکە هەڵدەوەشێنێتەوە. دەست لەکارکێشانەوەی وەزیرەکەش لەپێناو هاتنی کەسێکی دیکەدا دەبێ کە بتوانێ کێشەکە چارەسەر بکات.

بەڵام لە کوردستانەکەی لەمەڕ خۆمان، کە لەنێوەندە بڕیاربەدەستەکان بانگەشەی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسا و ئازادییەکان دەکرێت، هێشتا نەمانبینیوە وەزیرێک یا بەرپرسێک ئەگەر بووبێتە هۆی دروستبوونی گەورەترین کێشە وقەیرانیش دەست لەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاندبێت یا هەر هیچ نەبێت داوای لێبووردنێک لە گەل و نەتەوەکەی کردبێت. بەڵکو زیاتر خۆیان بە کورسییەکانیان چەسپاندووەو زۆر بێ باکانە و بێ گوێدانە رای گشتی جەماوەر لە پۆست وپلە وپایەکانیان ماونەتەوەو جێگەکەیان بە کۆمەڵێک لە خزم و برازا و ئامۆزا و خالۆزا و پورزا و ماڵە خەزوران مەحکەم کردووە.


هەردوو وەزیری خوێندنی باڵا و پەروەردە لە دانیشتنی پەرلەمان تایبەت بەکێشەی قوتابیان (فۆتۆ:ڕووداو)

لەوانەیە هیچ لایەنێکی پێوەندیدار ئەو بابەتەی من نەخوێنێتەوە و پشتگوێیبخەن، بەڵام نووسینەکە بۆ من دەبێتە ئاسوودەکردنێکی ویژدانی. ئەو قەیرانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دروست بووە بەهۆی وەرنەگیرانی 10هەزار قوتابی و خوێندکاری دەرچووی ئەمساڵی ئامادەیی لە هیچ کۆلیژ و پەیمانگەیەک، بەپێی بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ ناوەندی وەرگرتن کە دەرچووانی بەشی وێژەیی ئەگە رێژەی نمرەکانیان لە 65% و بەشی زانستیش لە 55% کەمتربێ وەرنەگیرێن، دروستبوو. دروستبوونی ئەم قەیرانە بەپلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان ئینجا وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی پلان دانان، بۆیە بەرای من پێویستە هەر 3 وەزیرە بەڕێزەکە دەست لە کار بکێشنەوە، یاخود سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوایان لێبکات دەست لە کار بکێشنەوە.

چونکە ئەو قەیرانە لە ئەنجامی دەرکردنی بڕیارەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دروست بوو، ئەم بڕیارەی وەزارەتی خوێندنی باڵاش درێژەپێدەری بڕیاری ساڵی رابردووی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستانە کە لە دژی خواست و ئارەزوو و ئاواتەکانی خوێندکار و قوتابیانی هەرێمی کوردستانە دەرچوو، کاتێک بە بڕیارێک داخستنی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی راگەیاند بە بیانووی ئەوەی دوو ساڵ خوێندن کەمە بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان،ئەوەش کێشەی وەرنەگرتنی قوتابیانی لەمساڵدا لێکەوتەوە. بەتایبەتیش کە وەزیری پەروەردە ئەو دەنگۆیە هیوابەخشەی بەو 10 هەزار قوتابییە هەڵوەشاندەوە کاتێک لەو رۆژانەدا دەنگۆی سەرلەنوێ کردنەوەی پەیمانگاکانی مەڵبەندیی مامۆستایانی رەتکردەوەو گوتی" داخستنی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان بڕیاری کۆتاییە و کردنەوەیان مەحاڵە". بۆیە پێویستە وەزیری پەروەردەش دەست لە کار کێشانەوەی خۆی رابگەیێنێت، وەزارەتی پلان دانانیش دیارە هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆی نەبووە بۆ سەرهەڵنەدانی ئەم قەیرانە یان لەوانەیە هەر ئاگاداری ئەو بڕیارە نەبووبێت کە ئەمەش کارەساتە کە وەزارەتی پلان دانان رۆڵی نەبووبێ لە دەرکردنی ئەو بڕیارە، کەواتە لە هەردوو حاڵەتدا دەبێ وەزیری پلان دانان دەست لەکار بکێشێتەوە.

لەبەرئەوقەیرانە دەست لە کارکێشانەوەی ئەم سێ وەزیرە بەڕێزە بە پەسند دەزانم، بۆ ئەوەی کەسانی دیکە بێن چارەسەرێکی لۆژیکیانە بۆ ئەو قەیرانە بدۆزنەوە و ئایندەی ئەو چەند هەزار گەنج و لاوە لەبەرچاو بگرن و حکومەتیش لە قەیرانەکە رزگار بکەن. بەوەش ئەو سێ وەزیرە دەتوانن ببنە پێشەنگی باشی دیموکراسی لە کوردستان.

**دلێر زەخۆک — شەقلاوە**

## سەرۆکی حکومەتی کوردستان
# چارەیەک لە پڕۆژە وەرزشییەکانی سۆران بکە

ئەوەی ئێستا سەردانی شاری سۆران بکات،پێشڤەچوونە بەرچاوەکەی دەبینێ لە هەموو بوارەکاندا، جگە لە بواری وەرزشی، ئەوەش بووەتە جێگەی مەترسی سەرجەم وەرزشکارانی دەڤەری سۆران. بەپارەیەکی خەیاڵی یاریگە و هۆڵی داخراوی وەرزشی لە هەر یەک لە شارەکانی سۆران و رواندز و چۆمان دروستکراون، جگە لەدروستکرانی مەلەوانگەی داخراو لە سۆران و رواندز، کەچی هەموو ئەو هۆڵ و یاریگایانە دەیان کەموکورتیان تێدایە و، بۆ بەڕێوەچوونی یارییە فەرمییەکان ناشێن و هیچ سوودێکشیان بە وەرزش ویانە وەرزشییەکان نەگەیاندووە. ئەوەی سەیری ئەو پڕۆژانە بکات دڵنیام دەڵێت ئەنجامدەرانیان خەڵکانی دژ بە وەرزشی دەڤەرەکە و کوردستانن، هەرچەندە مەلەوانگەی رواندز تا رادەیەک سوودی لێ وەر دەگیرێت، بەڵام مەلەوانگەی سۆران ئەوە زیاتر لە چوار ساڵە بە نیوەچڵی بەجێماوەو کەس نازانێت بەڵێندەری پڕۆژەکە لە کام سوچی ئەم کوردستانەیە،لەکاتێکدا بەپێی زانیارییەکان هەمووخەرجییەکانی پڕۆژەکەشی وەرگرتووە. یاریگەکەکانی سۆران و رواندز وچۆمانیش هیچیان نەک بۆ یارییەکانی فەرمی ناشێن، بەڵکو بۆ مەشقکردنیش گونجاونین. لە ساڵی 2006 لە سەر داواکاری وەزیری وەرزش و لاوان کەشفی کەموکورتییەکانی یاریگای (سۆران و رواندز)مان بۆ وەزیر برد، لە مانگی دەی ساڵی 2007یش خۆم و دوو برادەری دیکە سەردانی پارێزگاری هەولێرمان کرد بۆ هەمان مەبەست، دوای چەند رۆژێک لیژنەیەکی نارد و پێیان راگەیاندین کە لە سەرەتایی ساڵی 2008 دەست دەکرێت بەچاککردنیان، بەڵام بەداخەوە هیچ نەکراوە! هۆڵەکانیش حاڵیان لە حاڵی یاریگەکان ئەگەر خراپتر نەبێت بێشک باشتر نییە.

جێگەی داخە دەیان ملیۆن دۆلار لە پرۆژەیەک خەرج بکرێت و هیچ سوودێکیشی نەبێت، لە هەمانکاتدا لایەنی پەیوەندیداریش لێپرسینەوە لەوکەسانە نەکات کە سامانی حکومەت بەم شێوەیە بە هەدەردەدەن، بۆیە داواکارم لە بەرێزتان چارەیەک لە وەرزشی دەڤەری سۆران بکەن، تاکو کەموکورتیەکانی وەرزشی چارەسەر بکرێن و جوانیەکانی بواری وەرزشیش وەک جوانیەکانی دیکەی شاری سۆران خۆیان پشانبدەن، داخوازیشم لە بەرێزتان وەک چۆن واتکردووە دەیان کۆمپانیا بێن بۆ دروستکردنی پڕۆژەی هەمە چەشن لە کوردستان، کۆمپانیایەکی تایبەتیش بە بواری وەرزش بێنی بۆ کوردستان بۆ دروستکردنی یاریگە وهۆڵی داخراوی وەرزشی بەشێوەیەکی دروست، تاکو لە بە هەدەردانی سامان و داهاتی حکومەت لەوبوارەدا رزگارمان بێت.

**جەلال سەعید**
**سۆران**

# گەندەڵی ئەوقاف مەترسی سەلەفیبوون لە گەرمیان بەهێزدەکات

سەرەتای کێشەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف لەگەرمیان لەوێوە دەستیان پێکرد کە وەرگرتنی لێپرسراوێتی و گرتنەدەستی کاروباری مەلاکان لە گەرمیاندا بەپێی ناسراوی ونزیکی و خۆ بەڕێوەبردن بووە نەک بەپێی شیاوی کەسەکە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر جار مامۆستای ئاینی باش سڵی کردووەتەوە لەوەی نزیکی کاری ئەوقاف وحکومەت بێتەوە، چونکە لەناو خەڵکدا بەچاوی کەسانی بێ عیلم و عەمەل هەروەها کەسانی ماستاوچی و هەلپەرست سەیری ئەو کەسانە کراوە کە نزیکی ئەو شوێنانە دەبنەوە، هەروەها لەلایەکی دیکەوە بووەتە هۆی ئەوەی مەلاکانی سەر بە حیزبە ئیسلامییەکان هەلەکە بقۆزنەوە و لەسەر حیسابی ئەم بارودۆخە پێگەی خۆیان لەناو جەماوەر قایم بکەن کە کاریان لەسەر بە قوربانیکردنی کاری مەلایەتی کردووە لەپێناوی سیاسەتی حیزبەکانیاندا،کە ئەمەش گەورەترین جۆری گەندەڵییە لەم بوارەدا.

هەروەها لەئەنجامی گەندەڵییەکانی ئەوقاف لەلای ئێمە ستەمێکی زۆر لە مامۆستایانی ئایینی کراوە بۆنموونە فەرمانبەری ئەوقاف هەیە ژنی ماڵەوەیە یان کچە و لە ماڵی باوکیەتی، چونکە لەزووەوە تەعینە ومووچەی باش وەردەگرێت .لەکاتێکدا تاکو ئێستا هیچ ژنێک نەبینراوە لەمزگەوتەکانی لای ئێمەدا خزمەت بکات، نەک هەر ئەمە بەڵکو بەدیلێکیش لە جێگەی ژنەکەی یان خوشکەکەی یان دایکی لەمزگەوت کاری نەکردووە. ئەمە لەکاتێکدایە کە مامۆستای ئاینی واهەیە چەند ساڵە مامۆستایە پێنج فەرزە ئیمامەت و وتاری هەینیشی هەیە،بەڵام هێشتا دانەمەزراوە یان تەنها ساڵێک ودووساڵ خزمەتی هەیە ومووچەکەی بەشی خۆی و منداڵەکانی ناکات،لەهەمانکاتدا گەنجی وا هەیە هێشتا قوتابیە، بەڵام چەندەها ساڵ خزمەتی هەیە و دەوامیش ناکات و فریان بەسەر مەلایەتییەوە نییە، بەڵام بە ئیمام و خەتیب دامەزراون. بەڕادەیەک زۆر جار خەڵکی دەڵێن ئەوقاف بووەتە فەوجە جاشایەتییەکانی جاران، ئەو چەند مزگەوتەی کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن لە سەری مانگدا ریزی مووچە وەرگرتنیان زۆر درێژە.

لەلایەکیترەوە ئەم شپرزەیی وگەندەڵییە بووەتە هۆی یارمەتیدان و پەرەسەندنی فیکری بەناو سەلەفی کە تائەوپەڕی سنوور مەترسیدارە بۆ رەوشی ئایین لەکوردستاندا، چونکە ئەوەندە ئایین تەسک وجمود دەکات هیچ بەهایەک بۆ مرونەت و نەرم ونیانی و ئیجتهادی زانا بەڕێزەکان ناهێڵێتەوە وهیچ کاتێک لەگەڵ ڕێڕەو و ئیجتهادی زانایانی ئێمەدا ناگونجێت و لێدانێکە لەسیمای رەسەنی مەلای کوردەواری. ئێستە لای ئێمە کار لەسەر گەورەکردنەوەی ئەم فیکرە دەکرێت، تیرێکە و دوو نیشانی پێشکێنراوە، یەکەم قەناعەت بەدەسەڵاتی سیاسی دەکرێت کە بۆ دژایەتیکردنی حیزبە ئیسلامییەکان فیکری سەلەفی بەکاردەهێنرێت، دووەم کەئەسڵی مەبەستەکەیە بۆ دژایەتیکردنی بەناو سۆفییەکانە . ئەنجامی ئەمەش بەداخەوە ئێستا لەلای ئێمە کار لەسەرناشیرینکردن و زڕاندنی ناو وسیمای سۆفی و رێگەی تەسەوف دەکرێت، ئەو ڕێڕەوەی کە دڵسۆزی بۆخودا پاشان بۆ نەتەوەو نیشتمان خەسڵەتیان بووە لەمێژوودا و گەلەکەشمان زۆر قەرزاری ئەم رێڕەوەیە لە شۆڕش وئەدەبیات وئەخلاقیاتی کۆمەڵگەدا . هەرچەندە ئێستا کەسانێک هەن بە ناوی بێناوەرۆکەوە ئیدیعای تەسەوف دەکەن و رەنگە لە ژێر ئەو دێوجامەیەشدا شەڕی ئەوقافی گەرمیانیان کردبێت، بەڵام بەداخەوە ئەمانە ئەهلی تەسەوف نین و مەبەستیان لەو کارانەش بۆ خودا نییە بەڵکو بۆ وەرگرتنی کورسی و دەسەڵاتە.

وەزیری ئەوقاف کارێکی باشی کردووە بۆ بەرە و پێشبردنی وەزارەتەکەی، لەچاو کابینەکانی دیکە، وەزارەتی ئەوقاف گۆڕانی ئیجابیانەی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەم بەرە و پێشچوونانە زیاتر پشکی شێری بەر پایتەخت کەوتووە، ئەوەندەی من ئاگادار بم لەوێ مامۆستای ئاینی حەسانەی خۆیان هەیە و هیچ پێویستی بە پەنابردن بۆ لق و مەڵبەند و کۆمیتە حیزبییەکان نییە چونکە مامۆستای ئاینی، وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی کوردستان دەیپارێزێت. چارەسەریش بۆ ئەم شتە بەبڕوای من پێکهێنانی لیژنەیەکە لەمامۆستایانی ناو وناوبانگ ڕووناک،دوور لە هەڵپەی حیزبی،ئەم لیژنەیە ئەوقافی ئێرە بەڕێوەبەرن و بەدواداچوونێکی باش بەناوی فەرمانبەرەکاندا بکەن و مافی خوراوی مامۆستایان بگێرنەوەو کەسانی شیاو لە شوێنی شیاوی خۆیان دابنێن. ئەم لیژنەیەش راستە وخۆ پەیوەندییان بەوەزارەتەوە هەبێت وهیچ فشار و هەڕەشەیەکی ئەملا ولایان لەسەر نەبێت .

**مەلایەکی گەرمیانی**

## بۆ وەزارەتا پەروەردێ
# پەروەردا زاخۆ مافێ من دخۆت

ل سالا-2004 2007ێ ئەز ماموستایێ هونەرێ بووم ل قوتابخانا کارێز ل زاخۆ، ل هاڤێنا 2007ێ بۆ من داخوازنامەیەک ژ زانکویا (خییکس) یا ئۆکرانی هات ل ڤی دەمێ من دەست ب درستکرنا کارێن خوە کر ب شێوەیەکێ یاسایێ.

ل وەختێ نزیکبوونا چۆنا من بۆ دەرڤە من داخواز ژ رێڤەبەرێ پەروەردا زاخۆ محەممەد خالد کر مۆلەتێ بدەنە من بۆ ماوێ 4 سالان، ب مەرەما خواندنێ ل ئۆکرانیا، پشتی تەلەفۆنا رێڤەبەرەکی گشتی کری داخواز ژ من کر ئەز بۆ خوە داخازنامەیەکێ بنڤیسم و، من ئەو داخازنامە برە دەف رێڤەبەری و ئیمزا خوە ل سەر کر و ل بەشێ خۆیەتی دناڤ فایلەکی دا هات را کرن، ناڤبرێ رازیبوو بێ مووچە مۆلەتێ بدەت من. دەمێ ئەز ل زانکۆیی ل ئۆکرانیا برایێ من تەلەفونا من کر و گۆت تویێ هاتی (فصل)کرن ژلایی پەروەردێ ڤە، من کورسەکێ زمانی ل وێ وەلاتی ب دوماهیک ئینا بوو و دا ل زانکۆیێ خوینم، بەلێ ئەز نەچار بووم ڤەگەرێم دا جارەکا دی کارێن خوە درست بکەم. لێ من دا خواز کر ژ پەروەردا زاخۆ ئەڤ کێشە بهێت جارەسەکرن، بەلێ وان پیتە ب ڤێ چەندی نەکر، من داخواز ژ رێڤەبەریا گشتی کر ل دهۆکێ و وەزارەتا پەروەردێ لی هەر دوو ئالیان داخواز ژ من کر ئەز داخازنامێ بینم ئەوا ریڤەبەرێ پەروەردێ ئیمزا ل سەر کری، من داخواز ژ پەروەردێ کر ڤێ داخازنامێ بدەنە من، بەلێ وان هەر جار ب بهانەیەکێ خوە ژ ڤێ چەندی ڤە دزییە.

ئەڤجا ئەز داخواز ژ وەزارتا پەروەردێ دکەم ب شیوەیەکی عادلانە چارەسەریا ڤێ ئاریشێ بکەت.

**بەیار محەممەد یەحیا**
**مامۆستا ل زاخۆ**

وەڵام و بە دواداچوونی خوێنەران
rudaw@rudaw.net

# موستەشارە نەک سەرۆک عەشیرەت

سەرم سوڕما کاتێک مانشێتکی ژمارەی رابردووی رۆژنامەی (ڕووداو)م کەوتە پێش چاو، نووسرابوو"شێخ ڕووناک سەرۆک عەشیرەتی داودە" .شێخ ڕووناک هەرگیز سەرۆک عەشیرەتی داودە نەبووە و، ئەو کوردپەروەرانەی خاوەن سەدان شەهید و داستانی شۆرش و بەرخودانن، ئەوی موستەشاری دەست سوور بە خوێنی دەیان کەسی بێ گۆناح بە سەرۆک عەشیرەتی نازانن و ناشبێت بەناوی خەڵکی داودەی ئەنفالکراوەوە قسە بکات . ناو لێنانەکە کاتی سەدامی گۆڕ بە گۆڕ بوو بۆ هەڵخەڵەتاندن و ناشرینکردنی ناوی عەشیرەتەکان،ئەوەش بۆ سەرۆک جاشەکان دەرفەتێکی باش بوو تاکو ناوبانگ دەربکەن، بۆیە شێخ ڕووناکیش بە ناوی عەشیرەتی داودەوە فەوجی جاشایەتی وەرگرت، کەواتە حیزبی بەعسی رووخاو کردوویەتی بە سەرۆک عەشیرەت نەک خەڵکی عەشیرەتی داودە. لەبەرئەوە شێخ ڕووناک تەنانەت نازانێت عەشیرەتی داودە هەر لە چیش پێکهاتووە. بەڵام خەڵکی عەشیرەتی داودە باش دەزانن شێخ ڕووناک چی بووە وچی دەرهەقی خەڵکی گەرمیان کردووە. شێخ ڕووناک موستەشاری فەوجی138 بووەو هەرگیز رۆژێک لە رۆژان بە قەت سۆی دەرزیەک بەرژەوەندی کوردی نەویستووە و هەمیشە ئەڵقە لە گوێی دەسەڵاتی سەدام بووە، گشت ناوچەکانی گەرمیان شاهیدن کە شێخ ڕووناک بەو پەڕی دڵسۆزییەوە شالاوی ئەنفالی ئەنجامداوە . لە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال شێخ ڕووناک وەک پاڵەوانی ئەنفال لە گەڵ زۆر مستەشار (نوط الشجاعة)ی وەرگرت. ناوبراو چونکە فرچکی بە جاشایەتی و خیانەت گرتووە وا ئێستاکەش دیسانەوە لە پێش چاوی سەدان دایکە شەهیدو کەسوکاری پاشماوەی ئەنفال، شەرم دای ناگرێت ولەجیاتی ئارەقی شەرمەزاری و خیانەت بسڕێتەوە، داوای کردنەوەی فەوجی جاشایەتی دەکات ئەمەش بەڵگەیەکی روون و بەرچاوە کە ناوبراو ناتوانێت دەست لە خیانەت هەڵگرێت . ئەگەرنا دەبێت چ شتێک ناوبراو ناچار بکات جاشایەتی بکات؟. ناوبراو لە و چاوپێکەوتنەدا دەڵێت : (لەدوای راپەرین بەرانبەر بە وەرگرتنەوەی ماڵ و سەروەتم لە کەرکووک عزەت دووری داوای لێکردووم خۆم بکەم بە عەرەب)، توخوا خەڵکینە کەسێک خۆی بکات بە مستەشارو سەری کوڕە کورد پەلبدات و لە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی سڵ نەکات و بەناوی پاڵەوانی ئەنفال مەدالیای ئازایەتی لەلایەن سەدامی خوێنمژ وەرگرێت ئایا کامیان زەحمەتترە نەتەوە گۆڕین یان ئەنفالکردن؟!.


شێخ ڕووناک، سەرۆکی عەشیرەتی داودە:
ئەگەر کورد بەشداری لەکردنەوەی فەوجی ئیسناد نەکات عەرەب و تورکمان کەرکووک کۆنتڕۆڵ دەکەن
شێخ ڕووناک
پارتی و یەکێتی رازی نین فەوجی ئیسناد ناکەنەوە

لە راستیدا وانییە چونکە جەنابت، نەتتوانی سوود لە و لێبووردنە گشتییە وەرگرێت کە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بۆ تۆ و گشت ئەو کەسانەی دەرکردو دیسانەکە خۆت فرێدایەوە باوشی دەسەڵاتی بەعس و دووبارە داوای فەوجی جاشایەتیت کردەوە . دواتریش شێخ ڕووناک بە هۆی بازرگانیکردن بە مەوادی بێهۆشکەر و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستگیرکرا و دواتر بەربوو . لە کۆتاییدا دا بەبیر شێخ ڕووناک دەهێنمەوە کە نیوەی عەشیرەتی داودە لە دێهاتەکان بەر شالاوی ئەنفال کەوتن، باشە ئەگەر شێخ ڕووناک سەرۆک عەشیرەتی داودە بووە، بۆچی نەیتوانی یەک کەسیش قوتاربکات ؟ دەبێت سەرکردایەتی کوردستان هەرگیز دەرفەت بە ئەنفالچی و خاینەتکاران نەداتەوە جارێکیتر خۆیان رێک بخەنەوە و ئازاری میللەتەکەمان بدەن، بەڵکو دەبێت بەپێی ئەوخیانەتانانەی کردوویانە سزابدرێن.

**نەوزاد فوئاد**
Nazadlawan@yahoo.com



# وەڵامێک بۆ نووسەرێکی شەپڕێو

ئێمە وەک بەشی راگەیاندنی (هاوکار گرووپ)ی ناوەندی هەولێر. بەدڵخۆشییەوە ئاماژە و ئیکسپلانەیشن بە بابەتێتی نووسەری بەڕێز (گۆران محەممەد)دەدەین کە لە ژێر ناونیشانی (کوردی شەپڕێو) ئاماژەی پێکرابوو گوایە ئەم کاپشنەی لە ژێر پرۆژەی هونەری (جەنگی ئەربێلا) لە سەنتەری هەولێر نووسراوە هەڵەیە و دواتر لە بارەی پەیوەندییەکانی ئەم جەنگە بە کوردەوە ناوبراو وتویەتی: ئەم جەنگە هیچ پەیوەندی بەکوردەوە نییە. ئەمە سەر باری ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکی تۆکمەی لەژێر دەستدا نەبووە و زۆر بێمنەتانە کوردی بە شەپڕێو شوبهاندووە. دیارە ئەمە کێشەی بەڕێزیانە و دواتر بەرپرسی رۆژنامەکەتان دەبووایە ئاگاداری ئەم بابەتەی بەڕێزی بووایە کە وتوویەتی (جەنگی ئەربێلا) لە نێوان ئەلیکسەندەر و داریۆشی سێهەم نەبووە. کە دڵنیاتان دەکەمەوە، بەشێکی زۆری منداڵانی ئەم شارە ئەمە دەزانن و ناوی ئەلیکسەندەریشیان بیستووە و لە مێژووش ئاماژەی زۆری پێکراوە لە سەرچاوە کوردییەکان.

لەگەڵ رێزماندا

**بەرپرسی راگەیاندنی**
**هاوکار گرووپ**



## ئەمەریکییەکان لەهەولێر هەڵدەپەڕن

**ڕووداو- هەولێر**

◆ ڕێکخراوی (American Voices) دووەمین فێستیڤاڵی سەماو موزیکی ئەمریکی لە شاری هەولێر ساز دەکات.
بڕیارە لەهاوینی ساڵی داهاتوودا ڕێکخراوی (ئەمریکان ڤۆیسس) بەهاوکاری ژمارەیەک مامۆستای زانکۆکانی ئەمریکاو باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغداو وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان، دووەمین فێستیڤاڵی سەماو موزیکی ئەمریکی لە شاری هەولێر ساز بکرێت.

### 85 گۆرانیبێژی باکوور:

# چیتر بەشداری هیچ ئاهەنگێکی باشووری کوردستان ناکەین

**ڕووداو- فورات نیوز**

85 گۆرانیبێژ و هونەرمەند لەلێدوانێکی هاوبەشدا وەک نارەزایەتی دەربڕینێک لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی کوردستان بڕیاریاندا بەشداری هیچ ئاهەنگێک لەباشوری کوردستان نەبن وتا وەڵامێکی روونیان نەدرێتەوە، ئەم ئابلۆقەیە ناشکێنن.

لەراگەیێنراوێکدا کە لەئاژانسی (فورات)دا بڵاوبووەتەوە، ئەو 85 هونەرمەندە کە نزیکن لەPKK، ڕادەگەیەنن ئەوان ناڕازین لەسیاسەتەکانی حکومەتی کوردستان لەبەرامبەر ڕێگەنەدان بەو هونەرمەندانە بۆ ناو خاکی کوردستان و گەڕاندنەوەیان لەفرۆکەخانەوە.

ئەو هونەرمەندانە کە لەناویاندا کەسانێکی وەک ئارام تیگران، گولستان، جانێ، سەیدخان، خەلیل خەمگین، دینۆ و دیار بەدیدەکرێن دەڵێن ئەوان چاوەڕێی وڵامێکی بەپەلەی حکومەتی کوردستانن.


گولستان


دیار


جانێ

لەبەیاننامەکەدا وێڕای ئەوەی بەتووندی ڕەخنە لە حکومەتی کوردستان دەگرن، ئاماژە بەفشارو و زۆری وڵاتانی داگیرکەر بەتایبەت تورکیا و سوریا بۆ سەر هونەرمەندان و گەلی کورد دەکرێت و بەدووریشی نازانن کە هاتوچۆی ئەم دواییەی وەفدەکانی تورکیا بۆ عێراق ئەم فشارەی هێنابێتە گۆڕێ.

هەندێک لە هونەرمەندانی دیکەی واژۆکەری ڕاگەیێنراوەکە "شەمدین، جەواد مەروانی، ئەیلەم، بەسەر شاهین، سۆسن، خەمگین بیرهات، ڕۆتیندا، کاوە، جۆمەرد، زنار سۆزدار، زۆزان، پەیوان، شیار مونزور، حەکیم سەفکان، ئامەلە، مەردان، مەمۆ، یاسین"ن.

### هونەرمەندی کوردی نێوداری سوێدی نیشتی ستێرک:

# هاوڕێکانم پێم دەڵێن دایکە تێرێزا


ناو: نیشتی ستێرک
تەمەن: 30 ساڵ
لە ستۆکهۆڵم دەژی
خێزان: دایک و باوک و سێ خوشک و برا
پیشە: هوونەرمەندی کۆمیکەر / کۆمیدی

**ڕووداو- Hennes**
**ئیلهامهێنەری ساڵی 2008**

بۆچی ئەو هەڵبژێردراوە: نیشتی پیشنای دەدات کە دەکرێت خەوەکان بێنە دی.

نیشتی تەمەنی پێنج ساڵان بوو کە خێزانەکەی لە کوردستانەوە کۆچیانکردە وڵاتی سوێد. بەهێزترین بیرەوەری ئەو کە لە سەر کوردستان ماویەتی، باپیرەیەتی کە هەمیشە پێیدەگوت"بەدوای رووناکیدا بگەڕێ، چونکە بەو کارە هەموو شتێک دەستەبەر دەبێت".

وشەکانی باپیرەیی و ئەو زانیارییە هەمیشەییانە کە هەیبوون لەسەر ئەوانەی کە بەجێمابوون، ئەوانەی کە کۆچیان نەکرد، هەروەها ئەو ژیانە زەحمەتەی کە تێیدا دەژیان، وایان لە نیشتی کرد کە هەتا بیری برپکات بەبیریان بێنێتەوە." خەوی یارمەتیدانی منداڵان لە وڵاتە کۆنەکەم، هەر لە منداڵییەوە لە ناخمدا بوو".

ئەمساڵ ئەو خەوەی هێنایە دی کاتێک دامەزراوەی (وەقف) ماڵی ستێرکی کردەوە، وەکو هەنگاوی یەکەم بۆ کردنەوەی خانەیەکی منداڵان لە شاری دیاربەکر لە باکووری کوردستان. نیشتی توانی ئەو کارە ئەنجامبدا، ئەگەرچی ئەو نەبوو بە دوکتۆر و نەبوو بە پارێزەریش.

نیشتی بە سوێدییەکی شکستە لاسایی باوکی دەکاتەوە:" ببە ئەکتەر، ئاخر تۆ لە ماتماتیکدا خراپیت و پێویست ناکات ببی بە دوکتۆر".

-مامۆستاکەیشم پێیدەگوتم:"لەگەڵ ئەوەیشدا تۆ دەتوانیت یارمەتیدەر بیت، ئەگەر بەهرەدار بیت و پارەیەکی باش پەیدا بکەی، تۆ ئەو شتە بکە کە تێیدا باشیت و ئەوکاتە خەونەکانیشت دێنە دی".

- من تێگەیشتم کە مامۆستاکەم راست دەکات. من کە خوێن ببینم دەبورێمەوە! بەڵام من زەحیری دەمم هەبوو لە کاتە خۆشەکاندا.

ئەو چاوەڕێی ئەوەی نەکرد کە سەرەتا ببێتە ملیۆنێر، لە جیاتی ئەوە بەشێک لەو کۆمەکەی کە بۆ کارەکانی وەریدەگرێت لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا بەشی دەکات.

- هاورێکانم بە دایکە تێرێزا ناوم دەبەن! من ناتوانم هەموو دنیا رزگاربکەم، بەڵام دەتوانم چەند کەسێک رزگار بکەم. من لە ڕێگای پەسندانەکانمەوە شەست هەزار (نزیکەی هەشت هەزار دۆلار) کرۆنم پەیدا کرد.

ئەوە سەرەرای ئەوەی کە نیشتی کتێبی دوومی بە چاپ گەیاندووە بە ناوی "هەتا خوا بیەوێت و سمت و قنگ بەباشی بمێننەوە". ئەو ناوەشی لە قسەیەکی نیلس پۆپە (ئەکتەر و کۆمیدییەکی بەناوبانگی سوێدە لە لە ساڵی 1966 لە دایکبووە) وەگرتووە کاتێک لێیان پرسی بوو هەتا کەی بەردەوام دەبێت.

- من خۆم نە منداڵ دروست دەکەم و نە شوو دەکەم. بەڵام هەموو کەسێک لە ژیانیدا ئەرکێکی لەسەر شانە، ئەوەی من ئەوەیە کە خەڵک بێنمە پێکەنین و گریان، ئێوارە دوای ئێوارە. نیلس پۆپەیش خۆشەویست (ئایدۆڵ)، سەنەم — بتی منە.

# 350 هەزار گوڵی دەوێ



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ژنێکی ئێران بۆ ئەوەی لەهاوسەرەکەی جیا بێتەوە، وەک مارەیی داوای 350 هەزار چڵ گوڵی کرد.

هاوسەری ئەو ژنە دوای ئەوەی بانگهێشتی دادگاکراوە، ئامادە نەبووە ئەو جۆرە مارەییە بۆ ژنەکە دابین بکات.

ئەو پیاوە گەنجە لەبەردەم دادگادا گوتی "من و هاوسەرەکەم پێنج ساڵ لەمەوبەر پێکەوە هاوسەرگیریمان کردووە، لەو کاتەشدا هاوسەرەکەم لەگەڵ ئەوەی کە بنەماڵەکەی ناڕازی بوون، داوای 350 هەزار چڵە گوڵی وەک مارەیی لەمن کردووە، بەڵام چونکە هاوسەرەکەمم خۆش دەویست، منیش بەمەرجەکەی رازی بووم". ئەو پیاوە لەوتەکەیدا لەبەردەم دادگادا گوتیشی "لەئێستادا بەهۆی دەستخستنە ناوەوەی بنەماڵەکەیان کە هۆکاری سەرەکی داواکاری جیابوونەوەی خێزانەکەمە، بۆیە ئەو مەرجەی جێبەجێ ناکەم، ئەگەریش بخرێمە زیندانەوە". ژنەکەش لای خۆیەوە بەدادوەری گوت "هەر لەسەرەتاوە پێکهێنانی ئەو ژیانە هاوبەشە هەڵەبوو، چونکە بنەماڵەی هاوسەرەکەم زۆر دەوڵەمەندنو لەبەر ئەوەی کە منیش لەبنەماڵەیەکی مامناوەندیم، بەدەیان جار سووکایەتیان بەخۆموبنەماڵەکەمکردووە، بۆیە بەردەوامبوونی ژیان لەگەڵ هاوسەرەکەمدا، بووەتە شتێکی ئەستەمو ناتوانم درێژە بەژیان بدەم". دادوەری دۆسیەکە دوای مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەو کێشەیەو ئامادەنەبوونی پیاوەکە لەجێبەجێکردنی مافی ژنەکە، ڕاستەوخۆ ڕەوانەی زیندانی کردووە.

# ئۆباما ئیمامی مەهدی گەڕاندەوە

**ڕووداو- العربیه**

باراک ئۆباما سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەبێتە هۆکاری گەڕانەوەی ئیمامی دوانزەیەمی شیعەکان کە بەئیمام مەهدی چاوەڕوانکراو ناو دەبرێت.

بەشی فارسی ماڵپەری ئەلعەرەبیە بڵاویکردووەتەوە، لەچەند هەفتەی رابردوودا چەندین کەسایەتیو کۆمەڵێکی زۆر لەخەڵکی ئێران خۆشحاڵیی خۆیان لەئەگەریی بوون بە سەرۆکی ئەمریکا و ئێستاش بە دەستهێنانی پۆستی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە لەلایەن ئۆباماوە دەربڕیوە، ئەوەش لەپێناو ئەوەی بەهاتنە سەرکاری ئۆباماو گرتنە دەستی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لەلایەن ئەو کەسە ڕەش پێستەوە، ئیمامی دوانزەیەمینی شیعەکان، ئیمام مەهدی دەگەڕێتەوە.



ئەو کەسایەتییە شیعانە بۆچوونەکەیان لەوەوە وەرگرتووە کە لەکتێبی "بحار الانوار" ی محەمەد باقر مەجلسی (1627-1700م)ی کە تێیدا باس لە قسەیەکی ئیمامی عەلی دەکات و لەزاری ناوبراوەوە گەڕانەوەی ئیمام محەممەدی مەهدی پەیوەستە بەهاتنە سەر کاری کەسێکی ڕەش پێست و ئەسمەر لەوڵاتانی ڕۆژئاوا.

بە پێی ئەو فەرموودەیەی ئیمام عەلی کە لەو کتێبەدا هاتووەو باس لەوە کراوە، پێش هاتنەوەو خۆ دەرخستنی ئیمام مەهدی، پیاوێکی ڕەشو باڵا بەرز لەڕۆژئاوادا دەبێتە فەرماندەی گەورەترین سوپا لەجیهاندا.

هەندێک ڕۆژنامەو راگەیاندنی ئێران وێرای ئاماژە بەو قسەیە، هاتنە سەرکاری ئۆبامایان بەو شێوەیە لێکداوەتەوە، چونکە ناوی باوکی ئۆباما حوسێنە، بۆیە دەتوانین ناوی باراک حوسێن ئۆباما بەو شێوەیە لێکبدرێتەوە.

وشەی "باراک" لەزمانی سەواحیلی ئەفریقاییی بەمانای (موبارک)ی عەرەبی واتا پیرۆز دێ، بۆیە "ئیمام مەهدی"بە لەهاتنە سەر کاری ئەو خۆشحاڵ دەبێت، هەروەها چونکە لەزمانی فارسیدا ئۆباما (اوباما = او با ماست) واتە ئەو لەگەڵ ئێمەیە مەبەست لە (ئێرانییەکان)ە،بۆیەئەوە بووەتەهۆیخۆشحاڵیەکی لەرادەبەدەری باوەڕدارانی ئاینی شیعە لەئێراندا و چاوەڕوانی گەڕانەوەی هەرچی زووتری ئیمام مەهدی دەکەن.

# جوانترین کچۆڵەی دنیا رووسە

**ڕووداو- ئینروزا**

کچێکی 7 ساڵانی رووسی بە شاجوانی منداڵانی جیهان هەڵبژێردرا.

کچە رووسی یەکترینا یاتسنکۆی تەمەن 7 ساڵە دوای ئەوەی لە پێشبڕکێی شاجوانی منداڵان لە رووسیا بەشداریکرد، بە بچووکترین شاجوانی ساڵی 2008ی جیهان هەڵبژێردرا.



یەکترینای تەمەن 7 ساڵ دوای ئەوەی بەشداری پێشبڕکێی شاجوانی منداڵانی جیهان لە مۆسکۆی رووسیا کرد، کە زیاتر لە 250 کچ بەشداریان تێدا کردبوو و تەمەنیان لە 7 تا 9 ساڵ بوو، یەکترینا بە جوانترین کچۆڵەی دنیا هەڵبژێردراو بووە شاجوانی منداڵانی جیهان لەساڵی 2008.



# کۆرنیکۆڤا مێردی ناوێ

**ڕووداو- تهانیوز**

ئانا کۆرنیکۆڤای یاریزانی بەنێوبانگی تۆپی تێنسی رووسیا لەبڕیارێکی چاوەڕوان نەکراودا داوای لەئێنریک ئیگلیسیاسی گۆرانیبێژیبەنێوبانگی ئیسپانی کرد پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجام نەدرێت.

ئەو بڕیارەی کۆرنیکۆڤا بووەتە هۆی تووڕەبوونی ئیگلیسیاس بەتایبەت کە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە، کەلوپەلەکانی لەبەردەم دەرگای ماڵەکەیدا کۆکرابووەوە کە ئاماژەیەک بووە بۆ بڕیارەکەی کۆرنیکۆڤا، ئیگلیسیاس لەوبارەیەوە گوتی "لەم دواییانەدا، ئانا پێی راگەیاندووم کە چیتر ناتوانێت بەردەوام بێت لەسەر ئەو پرۆژەیەی نێوانمانو باشتر وایە هاوڕێیەتییەکی بەتین لەنێوانماندا دروست بکەین، لەجیاتی ئەنجامدانی هاوسەرگیری".

هەندێک ئەو کارەی ئانا بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە لە دوو هەفتەی رابردوودا ئانا خۆی بۆ پۆستی حیزبێکی رووسی کاندید کردووەو چاوەڕواندەکرێ ببێتە ئەندامێکی پایە بەرزی ئەو حیزبە رووسیە، بۆیە پرۆژەی شووکردنەکەی هەڵوەشاندووەتەوە.

# ژنێکی کورد وەشاخەکانی نیپاڵ هەڵدەگەڕێ

**ڕووداو- ئیرنا**

ژنێکی بۆکانی توانی لووتکەیەکی 7058 مەتری سەرکەوتووانە ببڕێت و بەمجۆرە ژمارەیەکی پێوانەیی لەناو ژنانی کورددا تۆمار بکات.

روقیە سەعدە بەیەکەمین شاخەوانی کورد دەناسرێت، ئەم سەرکەوتنەی لەزنجیرە چیاکانی نیپال بەدەستهێنا. ئەم ژنە وەرزشوانە لەبارەی سەرکەوتنەکەیەوە رایگەیاند "سەرکەوتنەکە بەهۆی درێژی ڕێگاکان و کەمبوونی هەوا بەشێوەی ئالْپی ئەنجامدرا و لەکۆی 8 کەسی تیمی ژنانی ئێران تەنها 3 کەس توانیان سەرکەون.

روقیە سەعدە تا ئێستا بەسەر زۆر چیای بەنێوبانگ و جوارجۆری کوردستان و ئێراندا سەرکەوتووە.

# بەختی ڕووداو

## کاوڕ
Mar 21-Apr 19

خۆشیەکانت دابەشی خەمەکانت بکە و بە ئاسوودەیی بژی و کەمێک بیر لە رابردووت بکەوە و ئەوەی دەتەوێ بەمزووانە بە دەستی دەهێنیت، ئەگەر کەسێکی لێبووردە بێت.

## تەرازوو
Sep 23-Oct 23

تووشی گرفتێک بوویە ناتوانی چارەسەری بکەی، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە تەنها پەنا بۆ خوای خۆت ببە، چونکە تەنها ئەو دەتوانێت لەو کێشە گەورەیە رزگارت بکات.

## گا
Apr 20-May 20

ژیانت پڕ خەمە و بۆ لابردنی ئەم خەمانە پێویستە ژیانی خۆت بگۆری و هەوڵبدە سەرنجی ئەو کەسە بۆلای خۆت رابکێشی کە دڵتی بردووە، پێویستە کەمێکیش بە تەنیا بیر بکەیتەوە.

## دووپشک
Oct 24-Nov 21

کەسانێک هەن ماوەیەکە بیر لەتێکدانی ئامانجەکانت دەکەنەوە، ئەوانە پێشتریش ئازارو زیانیان بە تۆ گەیاندووە، لەڕێگە هاوڕێیەکت ئەو پیلانەی ئەو کەسانە ئاشکراو پوچەڵ دەکەیتەوە.

## جمک
May 21-Jun 21

ژیان مانایەکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لە یەکێک لەو مانایانە پێویستە زۆر هەوڵ بدەی تاوەکو لەماناکەی تێبگەی و چاک بیر لە ژیانی داهاتووشت بکەوە ئەگینا سەرکەوتوو نابیت.

## کەوان
Nov 22-Dec 21

ڕۆژی چوارشەممە بۆ تۆ ڕۆژێکی پڕ لە شادی و ئاسوودەییە، هەوڵبدە ئەو خۆشییە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت دابەش بکەیت، هەروەها ئەم هەفتەیە باری داراییت بەرەو خراپی دەچێت.

## قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

لە ئەمڕۆوە ژیانت بە باشی بەڕێوە دەچێت چیتر تووشی گرفت نابیت چونکە ئەم مانگە مانگێکی پر لە خۆشیە، کەواتە تۆ دڵی ئەو کەسانە خۆش بکە کە دڵت خۆش دەکەن.

## کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

خەم و کێشەی تۆ زۆرە هەوڵبدە خۆت رزگار بکەی لەم کێشانە ئەگینا تووشی گرفتێکی گەورەتر دەبیت، پێویستە لەم هەفتەیە سەفەرێکی چەند ڕۆژی ئەنجام بدەیت تاکو مێشکت دەحەسێتەوە.

## شێر
Jul 23-Aug 22

ئەم هەفتەیە خۆشترین هەفتەیە بۆ تۆ هەوڵبدە خەمەکانت بروێنییەوەو لە کێشەو گرفتەکان خۆت دوور بخەوە، ئەگەر دەتەوێ ژیانێکی ئاسوودەت هەبێ پێویستە راوێژ لەگەڵ کەسانی بەئەزموون بکەی.

## سەتڵ
Jan 20– Feb 18

بەمزووانە هەواڵێکی خۆشت لەشوێنێکی دوورەوە پێدەگات، تەنانەت ئەو هەواڵە دەبێتە هۆی ئەوەی ژیانت بۆ ژیانێکی باشتر بگۆڕێ، بۆ ئەوەش تەنیا هەوڵ و ماندووبوونێکی کەمی دەوێت.

## گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

هەوڵبدە و تێبکۆشە بۆ ئەو ئامانجانەی لەمێشکتدایە، لەوماوەیە یەکێک لە ئامانجەکانت دێنەدی، بەڵام کەسانێکیش هەن کە تۆ دەتوانی ئامانجیان بێنیە دی، کەواتە هەرچی لەدەستت دێت بۆیان ئەنجام بدە.

## نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

باری داراییت بەرەو باشی دەچێت، بەڵام پێویستە دوای ئەوەی باری داراییت باش بوو، یەکەمجار ئەو قەرزانەی هەتە بیاندەیتەوە تاکو دووبارە توشی قەرزداری نەبیت.

# بە بەڵگەوە رەخنە بگرن



د. سەپان
sapanov@hotmail.com

هەموو رۆژنامەنووسێک لە جیهان ماف و ئەرکی خۆی هەیە. ئەگەر رۆژنامەنووس کورد بێ و لە کوردستان بژی، لەبەر بارودۆخی سیاسی ناوچە و دەوروبەر لەوانەیە مافی کەمتر بێ و ئەرکیشی زۆرتر. یەک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانیش بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر و بەهێزکردنی وڵاتپارێزی – پەتریۆتیزم. دەبێ ئەو هەستە بە روونی لە نووسینەکانیدا بەدی بکرێ، لە بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی رەنگبداتەوە و لە رادیۆش ببیسترێ. ئەو شێوە کارکردنە لەوانەیە بۆ هەموو رۆژنامەنووسێک ئاسان نەبێ، بەڵام پێویست و ئەرکێکی سەرشانییەتی.

پروپاگەندە کردن بۆ گەل و وڵات، بەرزکردنەوەی هەستی وڵاتپارێزی لە رۆژنامەگەری لە تەواوی جیهان، شتێکی شاراوە و نوێ نییە .هەرچەندە لەبەر توورەیی هەندێک لە رۆژنامەنووسانی کورد لە حکومەت و سەرکردایەتی، لەوانەیە کەمێک بەرچاویان رەش بووبێت و بەجۆری دیکە یان بە هەڵە بیر لەو گوتارەی ئێمە بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەش ئەو جۆرە رۆژنامەنووسانە لە راستیدا نازانن، لە وڵاتانی دیکەی جیهان چۆن کار لەسەر راگەیاندن دەکرێ و چۆن بۆ بەرژەوەندی وڵاتی خۆیان بەکاری دەهێنن. حکومەتەکان، بۆ وەرگرتنی پشتگیری وڵاتانی دیکە یان جەماوەری خۆیان لە هەندێک پرسیاری گرنگ و چارەنووسساز، وردە درۆش ئەگەر پێویست بکات دەیکەن، بۆئەوەی پشتگیری زۆرینەی خەڵک بۆلای پرسیارە گرنگ و چارەنووسسازەکە وەدەست بێنن. ئەم شێوە کارکردنە لە زمانی راگەیاندن پێی دەگوترێ: "راگەیاندنی ئاراستەکراو" و لە هەموو دەوڵەتانی جیهانیش لەکاتی پێویست پەیرەو دەکرێ، هەر بۆ نموونە: لە وڵاتی سوێد هەوڵدەدرا، سیستێمی سۆسیالیست و یەکێتی سۆڤییێت، بە سیستێمێکی مەترسیدار و ترسناک بۆ سەر کۆمەڵگای خۆیان نیشانبدەن. رۆژنامەنووسانیان بەردەوام ریپۆرتاژی چەواشەیان لەسەر یەکێتی سۆڤییێت نیشانی بینەرانی خۆیان دەدا و لە ئەنجامدا، بەراستیش زۆرینەی خەڵک دژ بە کۆمۆنیزم و یەکێتی سۆڤییێت بوون، یەکێتی سۆڤییێتیش، تا بۆیکرابا، درۆی لەسەر وڵاتانی رۆژئاوا بڵاودەکردەوە.

بەناوی هەبوونی چەکی کیمیاوی لە ئێراق و چەواشەکردنی راستییەکان، زۆرینەی خەڵک پشتگیری لە سیاسەتی جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمەریکا کرد. شەڕ دژی تیرۆر، دژی رژێمی ئێراق دەست پێکرا و دواتریش ئەو چەکە لە ئێراق نەدۆزرایەوە کە ئەمریکا بەدوایدا دەگەڕا.

پێش ئەو هێرشەی ئەمریکا و لە ساڵی 1991 و سەردەمی جۆرج بوشی باوک، کەمپانیایەکی زۆر کاریگەر بۆ دروستکردنی رای گشتی، لەسەر هێرشەکەی رژێمی سەدام دژ بە وڵاتانی کوێت و عەرەبستانی سعودی دەستی پێکرد. بۆ ئەو مەبەستە، کچێکی منداڵ لە باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک باران فرمێسکی لەچاو دەهاتەخوار، گوایە لەشکری ئێراق خزم وکەسی کوشتووە. دواتر ئاشکرا بوو، ئەو کیژە منداڵەی دەگریا، کیژی سەفیری کوێت بوو لە ئەمریکا و هەر هەمووشی تەمسیل بوو کردی، لەگەڵ ئەوەش بە فرمێسکی چاوی، رای زۆرینەی وڵاتانی جیهانی بۆلای خۆ راکێشا و هەموویان پشتگیرییان لە ئازادکردنی کوێت کرد.

وڵاتانی ئازادیخواز و پێشکەوتوو ئەو جۆرە چەکەی سەرەوە بۆ بەرژەوندی خۆیان بەکار دەهێنن، کەچی کورد لێی بێبەشە و ئەوەی گوتارێکی وڵاتپارێزانە لەسەر کارە باشەکانی حکومەت، پەرلەمان یان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بنووسێ بە خۆفرۆش لەلایەن هاوپیشەکانییەوە ناوی دەبرێ. کورد نەیتوانیوە راگەیاندن وەک چەک بۆخۆی بەکار بێنێ، بۆ ئەوەی ئەگەر لە داهاتووی نزیک داوای جیابوونەوە بکات، را و پشتگیری زۆرینەی وڵاتانی جیهانی هەبێت. کورد ئەنفالکرا و وڵاتەکەشی وێرانکرا، بەڵام نەیتوانی فیلمی دەکومێنتی لەسەر دروست بکات و بۆ راکێشانی پشتیوانی رای گشتی بۆ دۆزەکەی سودیان لێوەربگرێ، هێشتا نەیتوانیوە، ئەو هەموو ئێش و ئازارەی خۆی نیشانی جیهان بدات. سیاسەتکارانی کورد لەو بڕوایەدان، بۆ تەواوی گرفتەکان و گەیاندنی دەنگی خۆیان، باشترین رێگا بەستنی کۆنفرانسە ئەمەش وانییە و زۆر دوورە لە راستییەوە.

کورد لە دوای پەنجا ساڵ، خەباتی بۆ شاری کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکە، کەچی تا ئێستاش نەیتوانیوە بە یەک فیلمی دەکومێنتی یان بەرنامەی تەلەڤزیۆنی، رای کەرکووکییەکان وەک خۆی، کە هەیە بگەیێنێتە جەماوەری کورد و ئێراق و جیهان. بەڕای سیاسەتکارانی کورد، هەموو شتەکان لەسەر مێز چارەسەر دەکرێن، نازانن بۆ دانیشتن لەسەر ئەو مێزە، پشتگیری جەماوەری پێوستە، ئەویش تەنیا بەهۆی مێدیاوە دەستدەکەوێ.

ئەگەر نموونەیەکی دیکەی زیندی بەر لە چەند ساڵێک بهێنینەوە دەبینین، پاش رووخانی یەکێتی سۆڤییێت، بۆ دەرچوونی بۆریس یەلتسن لە هەڵبژاردنەکان وەک سەرۆک کۆماری رووسیا، یەک گرووپی پسپۆر لە ئەمریکا هات و سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی یەلتسنی کرد .ئەوان بەرنامەیان بۆ یەلتسن دانا و ئەنجامی سەرکەوتنەکەیشمان بینی . ئەگەر ئەو ئەمریکیانە نەچووبانە یارمەتی یەلتسن، لەوانەبوو ئێستا سەرلەنوێ سیستێمی سۆڤییێتی لە رووسیا پەیڕەو بکرایەوە.

ئێستا دەزانین، کاریگەری راگەیاندن بۆ وەدەستهێنانی رای گشتی چەند پێویستە، بەتایبەتیش لەوکاتەی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵات و لەدەستدانی بەشێک یان پارچەیەک لە وڵات هەیە، هیچ شەرمی تێدانییە، بۆ چارە و پشتیوانی لە پرسیاری گرنگ، داوای یارمەتی لە کەسانی پسپۆر لە دەرەوەی وڵات بکرێ. ئەگەر کەسانی سیاسی یان حکومەت لەو وڵاتەی خۆمان، ئەو بەرنامە یان فیلمانە بەڕادان نەدەن، دەبێ ببێتە ئەرکی رۆژنامەنووس لەگەڵ سەرنووسەر و بەڕێوەبەرەکانی دەزگاکانی راگەیاندن ئەو کارە گرنگە بکەن.

رۆژنامەنووسانی کورد، دەبێ بزانن و تێبگەن ژیانی ئێستا ژیانی نوێیە و لە مێژووی هەموو لایەکمان لاپەڕەی تازە کراوەتەوە. لەو ژیانە نوێیە و لاپەڕە تازەیەش شوێنی پاڕانەوە و نووزینەوە بەهیچ شێوەیەک نابێتەوە. نابێ بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن و رادیۆ لەگەڵ لاپەڕەکانی رۆژنامە و گۆڤار بەو نووسینانە پڕبکرێنەوە: حکومەت یارمەتیمان نادا، خانوومان ناداتێ، زەویمان ناداتێ، نازانین چ بکەین.. با رەخنە لە حکومەت بگیرێ، بەڵام رەخنە بە بەڵگە، رەخنە لەسەر گەندەڵی دزی، دەوڵەمەندبوونی بەرپرسان بەرێگەی ناقانونی. لەسەر خراپی کار و بەرنامەکانی حکومەت، نەک تەواوی راگەیاندن بەکار بهێندرێ بۆئەوەی گوایە فڵانە بەرپرس دزە و بەردەوام کارەبای هەیە. دەبێ رۆژنامەنووسی کورد، هەست بە بەرپرسێتی خۆی بەرامبەر بە گەل و نیشتیمان بکات، یارمەتی بدا، ئەو ژیانە ناخۆشەی هەیەتی هەرنەبێ کەمێک بۆی ئاسان بکات، نەک بەهۆی راپۆرتە نیوە راستەکانی، بینەر و خوێنەر و بیسەر چەواشە بکات و سەریان لێ بشێوێنێ و نەزانن راستییەکان لەکوێن و چۆن ئەمجارە خۆیان لەو قۆرتە نوێیە رزگار بکەن، ئەوەیە ئەرکی رۆژنامەنووسی راستەقینەی کورد لەو قۆناخە مێژووییەی ئێستادا.

# ئەردۆغان بە ئۆباما دەڵێ شەڕانگێز مەبە



مستەفا شەفیق–ئەڵمانیا
gare2005@hotmail.de

سەرۆک وەزیری تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان، هەفتەی رابردوو لە دیمانەیەکیدا لەگەل رۆژنامەی نیویۆرک تایمز، پەیامیکی ئاراستەی سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی هیشتان دەست بە کارنەبووی ئەمریکا باراک ئۆباما کرد .نێوەرۆکی پەیامەکە ئەم دوو وشەیە بوو"بەڕیز ئۆباما نێوچەوانت بەرزبێت،بەڵام شەڕانگێز مەبە" . بەم دوو وشەیە ئەردۆغان دەخوازێت بڵێت جۆرج بوش شەڕانگێز بوو بە ویستی ئێمە نەبوو، تکایە ئۆباما تۆ شەڕانگێز مەبە. ئەوە ئامۆژگاریەکی خراپ نییە، بەڵام خۆزگە خەڵکانێکی دیکە ئەم ئامۆژگاریەیان دەکرد نەک ئەردۆغان. وابزانم ئەوەشیان فێلبازیەک بوو پێش ئەوەی ئۆباما بە ئەردۆغان و تورکیا بڵێت واز لەشەڕ بێنن، ئەردۆغان دەستپیشخەرییەکەی خستە دەست خۆی، بەڵام ئەردۆغان لەبیری چووە کە تەنانەت ناوەکەی خۆیشی هەر واتای شەڕخوازی دەگەیێنیت. ئەردۆغان، واتە هەر وەکو سەرباز لە دایکبوو.

بەدرێژایی مێژوو دەوڵەتی تورکیا بە شەڕانگێز و شەڕخوازی ناوی دەرکردووە، بەڵام کاربەدەستانی تورکیا هەمیشە خۆیان وەکو ئاشتیخوازو مرۆڤ دۆست نیشاندەدەن. مەلا ئەردۆغانیش بە ئۆباما دەڵێت ئەوەی ئێمە دەیکەین تۆ مەیکە ئەوەی پێتدەڵیم ئەویان بکە. لەوانەشە ئەردۆغان لەوە بترسێت شەڕ لە جیهاندا کۆتایی بێت و خۆی و سوپا ملیۆنیەکەی بێ ئیش بمێننەوە، بۆیەش بیەوێ بەو پەیامە بڵێ شەڕ گەرم بکە .بڕواناکەم لەم جیهانەدا هیچ دەوڵەتێک بە ئەندازەی تورکیا شەڕانگێز بێت، تەنانەت ئەمریکاش کە ئەمڕۆ ناوی بەشەڕانگیزی دەرکردووە، بە ئەندازەی تورکیا شانازی بە شەڕو سەربازەوە ناکات. رۆژانە ئەردۆغان و کاربەدەستانی تورکیا هەڕەشەی شەڕ لە دەوروبەر و تەنانەت هاوولاتیانی مەدەنی ناوخۆش دەکەن،هەرکەسیک مل بۆ خواستیان شۆڕ نەکات بە زمانی شەڕ قسەی لەگەڵ دەکەن.کەچی ئەو ئامۆژگاریەی ئەردۆغان کە پێویستە لە خۆی بکات لەخەڵکی دیکەی دەکات. هەرکەسێک تۆزیک تورکیا و کاراکتەری دەسەڵاتدارانی تورکیا بناسێت، باش دەزانێت ئەو هێزەی لەدەست ئەمریکادایە ئەگەر لەدەست تورکیاو ئەردۆغاندا بوایە دونیایان دەسووتاند و پرسیان بە کەس نەدەکرد،لەگەل ئەوەش داوا لە خەڵکی دەکەن تا شەرانگیز مەبن!.

تورکیایەک کە هێشتان لەناوخۆ گەورەترین شەڕ و لە گەل وڵاتانی دەورووبەریش چەندین کیشەی هەیەو،سەرۆک وەزیرانی ئەم وڵاتەش تا ئێستا چارەسەرێکی ئاشتیانەی بەکردەوە نەبووە .تەنانەت هەر پێش چەند رۆژێک لە سەردانەکەیدا بۆ شارەکانی باکووری کوردستان هەر هەڕەشەی شەڕی لە خەڵکی کرد . لەماوەی دەسەڵاتی ئەردۆگان سەرباری کیشەی کورد ئەم رۆژانە لەبەر جیاکاری ئایینی راپەڕینی عەلەوییەکانیش کەوتووەتە رۆژەڤی تورکیا و، پێش چەند رۆژێک دەیان هەزار عەلەوی لەئەنقەرەی پایتەختی تورکیا راپەڕین و خۆنیشاندانیان کرد.لە وڵاتێکی وا پڕ کێشەدا،کە هیشتا تاکە ناوەندی هێزو بریاری هەر سەربازو میتۆدی سەربازییە، چۆن سەرۆک وەزیرانی ئەم وڵاتە شەرم ناکات، داوای شەڕانگێز نەبوون لەخەڵکی دیکە بکات.

هەلبژاردنی ئۆباما بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا لەهەموو جیهان بە پێشکەوتنیکی ئەرێنی و سەرکەوتنی دیموکراسی هەلسەنگێندرا .بە هیوای نەمانی جیاکاری رەگەزی و رەنگ لە گەورەترین وڵاتی جیهان. بەڵام لە هەمان ئەوکاتەدا هەزاران عەلەوی لە بەر جیاکاری ئایینی و ئاینزایی لە حکومەتەکەی ئەردۆغان راپەڕین. لە دەوڵەتێکی وەک تورکیای پڕ لە جیاکاری نەتەوەیی و ئایینی و ئاینزایی و شەڕ، زۆر شەرمە سەرۆک وەزیرەکەی ئەو چەواشەکارییە بکات بەسەر واقیعی وڵاتەکەیدا بازبدات و ئامۆژگاری خەڵک بکات . ئەگەر ئەردۆغان ئەو ئامۆژگاریەی لە ئۆبامای دەکات بەخۆی پێڕەوی بکات، وڵاتەکەی دەبێتە وڵاتێکی پێشکەوتوو، ئەو ملیۆنان دۆلارەی بۆ شەڕ دەچن دەبنە خۆراکی منداڵە برسیەکانی کۆڵانەکانی ئەنقەرە و دیاربەکر.

# لەکاتی هەڵبژاردن باسی پرسی کورد دەکەن و دوایی بێدەنگ دەبن

## هێڵە سیاسیەکانی ئەردۆغان دەربارەی کێشەی کورد و PKK



حەسەن جەمال

لەوانەیە لەم وڵاتە سەربازەکان لە هەموو دەزگایەکی دیکە زیاتر بزانن چۆن سیاسەت دەکەن. لە هەندێک بواردا " هێڵی سوور دەکێشن"، دواتر خۆیان لە کونجکێک مات دەکەن و سەیر دەکەن، ئەگەر حکوومەتەکان لە چوارچێوەی سنوورەکانیان یاری بکەن، بێدەنگی دەنوێنن. بەڵام کاتێک بینیان هێڵە گشتیەکانیان دەبەزێندرێن، دەنگیان بەرزدەکەنەوەو، بە بەکارهێنانی ئەو کارتە جیاوازانەی لەبەر دەستیاندایە دەکەونە هەوڵ وتەقەلا .ئەوکات سوپاش لەبەرامبەر حکوومەت سیاسەتێکی بەرامبەر پیادە دەکات. بۆ هەموو رەوشێک "پلانێک" یان هەیە یان دەیانبێت. هەندێکیان توند و هەندێکیان نەرم. هەندێکیان بە داخراوی و لە پشت دەرگاوە، هەندێکی دیکەشیان لەبەردەم دەزگاکانی میدیا و ئەگەر پێویست بکات" شەرێکی دەروونی" بەهەموو لق و پۆپەکانی پەیرەو دەکەن.

هەندێکیان زۆر بێ بەزەیانە پەیرەوی دەکەن، بەکورتی، سوپا، هەموو دەسەڵاتە نوێکانی سەبارەت بە "مەسەلەی کورد" بەلای خۆی رادەکێشێت. لەم بوارەدا لێهاتوون، بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتن بە دەستدێنن.

لە ساڵی 1991 کاتێک سلێمان دەمیرال سەرۆک وەزیران بوو، باسی لە" راستی کورد" بنەماکانی پاریس و مافە گەردوونیەکانی مرۆڤ و دەستوورێکی نوێ" دەکرد و، جۆش و خرۆشێکی گەورەو زۆری لەنێو رای گشتی دیموکراتی دا خولقاند. پاشان لەبیری چوو.

لەو کاتەدا، پەرلەمانتاری پارتی دەمیرال خوالێخۆشبوو جۆشکون کراجە، کە وابڵاودەکرایەوە کە نزیکی سوپایە، پێیگوتم" دەستەواژەی، راستی کورد، مێشکی زۆر کەسی تێکدا، راست نەبوو. بەڵام دوای ئەوەی سوپا دەمیرالی ئاگادار کردەوە، جارێکیتر ئەو دەستەواژەیەی بەکارنەهێنایەوە".

سیاسەتمەدارەکان چۆن ناچار دەکرێن ئەو رێگایە بگرنەبەر؟یان کێ ئەوان دەهێنێتە سەر ئەم رێگایە؟بێگومان سوپا.

دەمیرال لە ساڵانی هەشتاکان تاوەکو کۆتایی ساڵانی 1990، وەکو ئەردۆغان لە ساڵانی 2000 چەند ساڵێک بڕیاری قەدەخەکردنی سیاسەتی بەسەردا سەپێنرا. کاتێک هاتە سەر سندوقی دەنگدان، وەکو ئەردۆغان باسی لە "دەستوورێکی نوێ" نەکرد . دیسان ئەردۆغان لە مانگی ئابی 2005 لە سەردانەکەیدا بۆ ئامەد بە هێنانە زمانی "راستی کورد" باشووری رۆژهەڵات خرۆشاند. ئینجا قۆناخێکی هاوتای دەمیرال دەستی پێکرد. تانسۆ چیللەر کە جێگای دەمیرالی گرتەوە لەو جیاوازتر نەبوو. کاتێک لە هاوینی 1993 هاتە سەر کورسی سەرۆک وەزیران باسی لە "مۆدێلی باسک" و مافەکانی مرۆڤ کرد. دواتریش لەبیری کرد.

محەممەد ئاغارلەوبارەیەوە زۆربەباشی دەزانێت، کاتێک دەستەواژەیDYP +دەسەڵات = سوپای بەکارهێنا، واتە تەسلیمی سوپا بوو.

بەم شێوەیە دەوڵەتی قووڵ لە باشووری رۆژهەڵات تیرۆری بەهێز کردو، دەستی خۆی هاویشتە ناو زلکاوی ژەهراوی"سوسورلوک".

بەم شێوەیە ناخۆشی هاتنەپێش، ئاشتی و ئارامی کەوتە دواوە .ناوی ئەم قۆناخەش ئاشکرایە: قۆناخی چیللەر.

ئێستا پێویستە بپرسین: ئایا ئەمڕۆ ئەردۆغان لەکام قۆناخ دایە؟

ئەردۆغان لە زۆر بۆنەی سیاسیدا، نموونەی قۆناخی ئۆزال بیردێنێتەوە. بە تایبەتی سەبارەت بە ئابووری، خۆگونجاندن لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا و پەیوەندییەکانی سڤیل–سوپا و، خۆی بە نزیک لە بیروبۆچوونەکانی ئۆزال دەژمێرێت .

کاتێک سەرۆک وەزیر لە ساڵی 2005 لە ئامەد گوتی" کێشەی کورد کێشەی ئێمەیە، لەو لایەنەوە ئێمە وەکو دەوڵەت هەڵەمان کردووە"، وەکو قۆناخی ئۆزال گەیشتە خالی ترۆپکی لوتکە.بەڵام ئاشکرایە ئەویش دواتر ئەو رێگایەی نەگرتەبەر.

وەکو بەر لە ئێستا باسم لە یەڵماز کرد کە باسی لە مۆدێلی دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکرد، دواتر هێشتا ئەو قسانەی تەواو نەکردبوو رێگایەکی پێچەوانەی ئەو رێگایەی گرتە بەر، ئەردۆغانیش بەهەمان شێوە.

ئەو تایبەتمەندییە ئاراستە خوارانە، لە سەردەمی سەرۆک ئەرکان ئیلکەر باشبوغ زیاتر دەرکەوتن. ئەردۆغان وەکو قۆناخی دەمیرال و چیللەر خۆی تەسلیمی سوپا کردووە و هێماکانی ئەمەش هەنگاو بە هەنگاو ئاشکرا دەبن .

لێدوانەکانی دوایی ئەردۆغان سەبارەت بەو هاووڵاتیەی لە دژی خۆپیشاندەران تاپڕی بەکارهێنابوو زۆر ترسناکە. ئەوە رێگا لەبەردەم بێ یاسایی دەکاتەوە، ئەم لێدوانەی ئەردۆغان نە شایەنی دیموکراسییە و نەشایانی یاسایە.

وادیارە ئیلکەر باشبوغ پاشا لە هاوپیشەکانی پێش خۆی باشتر ئەو یاریە دەکات و هەستیاریارانەتر ئەنجامیدەدات. حکوومەتی ئەردۆغان لەبەرامبەر میدیا بەکار دەهێنێت و رایدەکێشتە ناو " زۆر بە لێهاتووانە پەلکێشی دەکات بۆ ناو ئەو هێڵەی کە سوپا نەخشەی بۆ کێشاوە".

ئێستا پێویستە پرسیار بکەین: ئایا ئەردۆغان تاوەکو ئێستا قۆناغی دەمیرال پەیڕەو دەکات؟ یان پەلکێشکراوەتە ناو قۆناغی چیللەر؟

لە رۆژنامەی Zaman ی تورکییەوە
2008/11/6

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# کوردی فشەکەر

بە فشەکەری دەڵێن: هۆلاکۆ، لە هەولێر لووتی بەر عارد کەوتووە. هۆلاکۆ خان (1217ز – 1265ز) بە گوێرەی گێڕانەوەکان، یەکێک بووە لە دڵڕەقترین سەرکردە سەربازییەکانی دونیا، هەڵبەت، یەکێکیش بووە لە بلیمەتترینیان. خانمەکەشی (تەقز خاتوون) هەر چەشنی خۆی، ژنێکی ئاسنین بووە و هەردووکیان کارێکیان بە ئوممەتی ئیسلام، لە سەردەمی خۆیاندا کردووە، با، بە دەواری شەڕی نەکردووە. ئەو، بە شارستانی فارس زۆر سەرسام بووە، دامەزرێنەری سەردەمی (خان)ەکان بووە. هۆلاکۆ تەخت و تاراجی (موستەعسم باللە)ی دوا خەلیفەی عەباسییەکانی تێکدا و دەڵێن هۆلاکۆ، خەلیفەی لە ناو فەرشێکدا پێچاوەتەوە و هێندەی دارکاریی کردووە تا گیانی دەرچووە. ئا ئەمە هۆلاکۆ بووە، کەچی هەندێ کورد بەفشەکەری دەڵێن هۆلاکۆ ئا لەم هەولێرەی حازری، بەزیوە. ئینتەرنێت خۆش بێت، گەڕان بە دوای هەر زانیارییەکدا چەند دەقیقەیەکی بەسە، کەچی یەک هەفتە گەڕام بۆ سەرچاوەیەکی مێژوویی کە باسی هەولێری هۆلاکۆ بەزێنی تێدا بێت، دواجار بۆم دەرکەوت کە تەنیا یەک سەرچاوەی مێژوویی هەیە باسی هاتنی هۆلاکۆ بۆ هەولێر و بەزینی لە سەر دەستی کورد تێدایە، ئەو سەرچاوە مێژووییە، گۆرانییەکی (لالۆ رەنجدەر)ە. تۆ تەماشا بکە، کورد دەیەوێ مێژووی خۆی بە فۆلکلۆر و گۆرانی دروست بکات. مێژووی خەڵکی بە شمشێر و رووباری خوێن و هەزارەها بەرهەمی رووناکبیری و زانستی نووسراوەتەوە، مێژووی ئێمەش بە بەند و باڵۆرە.

کورد بە درێژایی مێژوو، ون و بێ ناونیشانە. لەوەتەی هەیە خۆی بە داستان و مێژووی خەڵکی دیکە و نەتەوەی دیکەوە هەڵدەواسێ، ئاخر چونکە خۆی هیچی نەبووە شایەنی باس بێت، بۆیە ناچار درۆی بۆ خۆی و خەڵکی کردووە و هەر خۆشی باوەڕی بە درۆیەکانی خۆی کردووە. کورد ئەگەر لە سەردەمی زێڕینیدا دوو لەتە ئیمارەتی شەپرێوی هەبووبێ، ئەمیان چاڵی بۆ ئەوی دیکەیان هەڵکەنیوە و یەکترییان لەناوبردووە. کوامەتا تەخت و تەلاری کورد، کوانێ هونەری تەلارسازیی و بیناسازیی و پاشماوەی مێژوویی کورد؟ ئاخر کورد ئەگەر لە سەردەمێکی زۆر کۆنیشدا نا، هەندێ ئیمارەت و میمارەتی شەپرێوی هەبووبێ، ئەوەندە دواکەوتوو، پریمیتیڤ و بێ کولتوور و نەخوێندەوار بوون، بە هەموو مێژووی ئیمارەتەکانی کورد، نموونەیەکی تەلارسازیی یان هەر نا، دیوەخانێک نادۆزیتەوە، شایەنی ئەوە بێت 10 دەقیقە بە دیارییەوە، وەک شوێنەوارێک بوەستی.

هەبوو و نەبوو، هەندێ بەرەشڕ و بێشکە و بلوێر و سەماوەر و تیرۆگی نانکردن بوو، ئەویش لە قەڵا بە شۆرتی کارەبای کوردی سووتا. ئیتر هۆلاکۆ لەکوێ و کورد لە کوێ؟ جەنگیز خان و خوسرەو خان لە کوێ و کورد لە کوێ؟ هۆنینەوەی چیرۆکی ناڕاست، ئەگەر شکۆیەکیش دروست بکات، شکۆمەندییەکی ساختە دەبێت، وەک ئەوەی ئێستا هەیە.

پەیامی ڕووداو

# گیول خەریکی پەشیمانکردنەوەی بایدنە

کاتێک سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەسەرەتای ئەو مانگەدا ئافەرینی لەو هاووڵاتییە تورکە کرد کە بە تاپڕەکەی خۆی ڕووبەڕووی خۆپێشاندانێکی کورد لە تورکیا بووەوە،ئیدی ئەو قسەیەی زانای کۆمەڵناس د.ئیسماعیل بێشکچی بەسەر ئەردۆغانیشدا ڕاست کەوتەوە، کە دەڵێ سەرۆک کۆمار و حکومەتەکانی تورک هەر یەک لێدوانی ئەرێنی لەسەر هاتنە سەرکاریان بۆ سەرگەرمکردن لەبارەی کێشەی کوردەوە دەدەن و ئینجا سوپا چاویان لێ سوور دەکاتەوەو دەگەڕێنەوە سەر بنەچەی خۆیان.

تورکیا، کە پێیخۆشە پاڵێوراوی حیزبەکەی جۆرج بوشی ڕق هەڵگر لە ڕێنەدانی تورکیا بە بەکارهێنانی خاکەکەی بۆ هێرشکردنە سەر ڕژێمی سەدام دەرنەچوو، لە هەمانکاتدا لە سروشتی دیموکراتەکان لە بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ و بەڵێنی ئۆباما لە داننان بە جینۆسایدی ئەرمەن لە تورکیا دەترسێ، ئەردۆغان دوای ئەوەی لەکاتی دەرچوونیدا داوای لێکرد بەڵێنەکانی کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن جێبەجێنەکات لە دوایین پەیامیدا بۆ ئۆباما ئامۆژگاری کرد کە شەڕانگێز نەبێت.

عەبدوڵڵا گیول، کە لە یەک کاتدا سەرۆک کۆماری تورکیا و مامۆستای سیاسی ئەردۆغانیشە،ئەویش هەوڵەکانی خۆی لەگەڵ جۆو بایدنی جێگری سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ئەمریکا خستووەتە گەڕ بۆ پەشیمانکردنەوەی لە پرۆژەکەی خۆی لە دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدراڵی شیعی و سوننی و کوردی. کە بوونی بایدنی خاوەنی ئەو پرۆژەیە دڵی کوردی بە سەرکەوتنی ئۆباما خۆشکرد و دەنگی کوردانی ئەمریکای بۆ دیموکراتەکان ڕاکێشا.

سەرۆک کۆماری تورکیا کە ئێستا خۆشحاڵە بە ڕەوشی کەرکووک، ئەویش بەهۆی مراندنی بەکردەوەی مادەی 140 و دواخستنی چارەسەری کێشەی کەرکووک، کە تورکیا داوایدەکرد بۆ ماوەی 10 ساڵ بێت، ئێستا چاوی تورکیا لە دوو ئامانجی دیکەی دژی باشووری کوردستانە: بێهێزکردنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی دەستووری ئێستای عێراق، کە سەرکردایەتی سیاسی کورد بە باشترین گرێبەستی هاوبەشیی کورد لە حکومەتی عێراقدا تەماشای دەکات. ئەحمەد داود ئۆغلۆی ڕاوێژکاری سیاسی ئەردۆغان کە دوو مانگ پێش ئێستا ئەو ئامانجەی تورکیای بەروونی لە ئەمریکا باسکرد، عەبدوڵڵا گیولیش لەم ڕۆژانەدا لەکاتی پێشوازیکردنی لە ڕۆژنامەنووسی عێراقی سەعد بەزاز پێیگوتبوو تورکیا تەنیا لە ڕێگەی "حکومەتی ناوەندیی بەغداوە" گفتوگۆ لەگەڵ پێکهاتەکانی عێراق دەکات.

سیاسەتی تورکیا بەرامبەر باشووری کوردستان کە بریتییە لە: ڕێنەدان بە گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، هەڵوەشاندنەوەی دەستووری عێراق کە لەسەر بنچینەی فیدراڵی دانراوە. ئەگەر وەک تورکیا دەیەوێ بتوانێ زێڕینترین قۆناخی کورد، بەهۆی بێ شەڕی براکوژیی کورد، تێکبدات ئەوا سەردەکەوێت و ئەو سێ ئامانجەی دێتەدی، ئەگەر کوردیش بتوانێ بەهێزی خۆی لە کوردستان و بەغدا بۆ مانەوەی پێگە سیاسییەکەی لە ئاستی جیهانیدا بپارێزێ و کەرکووک وەربگرێتەوە ئەوا سەرکەوتوو حسێبە.

**ئاکۆ محەممەد**




# ئەردۆغان دەیەوێت هەولێر بخاتە ژێر چەپۆکی بەغدا



عارف زێرەڤان–سوێد
zerevan@nefel.com

سەرۆک وەزیری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ئەم ڕۆژانەی دوایی لەسەر یەک و لەچەند بۆنەیەکی جیاوازدا لە باکووری کوردستان و تورکیا گوتی ئەو کوردەی حەز لەئاڵای تورک و دەوڵەتی تورکیا ناکات با بچێتە ئەو شوێنەی کە ئەو حەزی لێیەتی . ئەو قسە هێتلەریانەی ئەردۆغان، قسەی نازیانن و تەنیا گوزارشت لە کین و ڕکابەرییە حیزبیەکەی لە بەرامبەر PKK و DTP ناکات.

تورکیا وەکو ڕێکخەر و هاندەری بەهێزکردنی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیی بەغدا، دەزانێ کە سەرۆک وەزیری عێراق نوری مالیکی چۆن هەموو ڕۆژ پلانێکی نوێی خۆی لە بەرامبەر باشووری کوردستان جێبەجێدەکات. هەر هەنگاوێکی نوێی عێراق، کەئەنجوومەنی ئیسناد نموونەی دواییەتی، جەسارەت دەداتە تورکیا کە هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر گەلی کورد لە باکووری کوردستان دژوارتر بکات، لەبەر ئەوەش ئەردۆغان کە هیوای دیموکراسیکردنی تورکیا و چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە باکوور لێدەکرا، بەیەکجاری سیاسەتی خۆی گۆڕی و هەڵوێستێکی فاشیانەی وەرگرت.

کارێکی ژیرانە نییە کە سەرۆک وەزیری وڵاتێک هەستێت بە هەندێک لە هاووڵاتیانی وڵاتەکەی بڵێت: "کاتێک ئێمە کەوتینە سەر ڕێگا شتێکمان گوت. گوتمان یەک میللەت، یەک ئاڵا، یەک وڵات و یەک دەوڵەت. ئایا کەس هەیە لەدژی ئەمە بێت؟ ئایا کەس دەتوانێت بڵێت ( نەخێر بۆ یەک میللەت) یان (نەخێر ئێمە یەک ئاڵا قەبوڵ ناکەین؟) ئەگەر ئەوان ( کورد) حەز لەوە ناکەن با بفەرموون بچنە ئەو شوێنەی کە حەزی لێدەکەن".

ئەو دەستەواژە نەژادپەرستی و هیتلەریانەی سەرۆک وەزیری تورکیا بوونە هۆی ئەوەی زۆربەی لیبراڵ و دیموکراتخوازەکانی تورکیا بێ هیوابن لە ئەردۆغان، تاوەکو کار گەیشتە ئەوەی پشتیوانانی AKP ئەوانەی وەک ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی (میللیەت) حەسەن جەماڵ، ناچار بێت بە ئاشکرا ڕەخنە لە ئەرۆدغان بگرێت و ئەو قسانەی بە قسەی نازیەکانی ئەڵمانیا بچوێنێت.

دروست لەوکاتەدا کە تورکیا هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی کوردستان خۆشبکات و زۆر بە ئاشکرا دەڵێ ئامانجیان ئەوەیە فشار و زۆر بخەنە سەر حکوومەتی کوردستان بۆ ئەوەی شەڕی PKK بکات. حکوومەتی کوردستان لە پرۆسەی خۆشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا، دەکەوێتە ناو ڕەوشێک کە بیەوێت یان نا ڕووبەڕووی PKK ببێتەوە.

کێشەی PKK بە شێکی بچووکە لە پەیوەندییە فرەلایەنەکانی کوردستان و تورکیای. لەوانەیە حکوومەتی کوردستان لەبەرامبەر حکوومەتی نوری مالیکی و ئێران، نزیکبوونەوەی خۆی لە تورکیا وەکو کارتێکی بەهێزبوون حساب بکات، بۆیەش سەبارەت بە کێشەی PKK لەوانەیە kompromîsekê سازش لەگەڵ تورکیا بکات. نیشانەکانی ئەمەش لە ئێستاوە دیارن و ئیدی میدیای PDK و YNK هەواڵی ئەرێنی سەبارەت بە PKK بڵاوناکەنەوە.

پەیوەندییەکانی کوردستان و تورکیا هێشتا لە قۆناخی سەرەتاییدان و مرۆڤ نازانێت چ ئەنجامێکیان لێ دەردەکەوێت. سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی لە گەشتەکەی بۆ ئەمەریکا لە واشنتن نەیویست باسی PKK و پەیوەندی لەگەڵ تورکیا بکات و گوتی تاوەکو کوردستان و تورکیا ڕێکنەکەون ئەو نایەوێت بۆ ڕاگەیاندن باس لەو مەسەلەیە بکات.

کوردستان و ئەمەریکا ئەزموونێکی زۆریان لەگەڵ تورکیا هەیە، کورد و ئەمریکی دەزانن کە تورکیا زۆرجار پابەندی سۆز و بەڵێنەکانی نابێت و، هەموو جار لایەنی بەرامبەری خۆی بێ ئومێد کردووە و ڕێگەیەکی دیکە هەڵدەبژێرێت.

ئینجا ئەگەر مرۆڤ سەیری سیاسەتی تورکیا لە بەرامبەر کوردی باکوور بکات، هیچ ئاماژەیەکی خێردار بۆ پەیوەندییەکی باش لەگەڵ حکوومەتی کوردستان پێوە نابینێ و، زۆر مومکینە کە جارێکیتر تورک کورد هیواشکەست بکەنەوە.

گرووپی لێکۆڵینەوەی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان لە 13ی ئەم مانگەدا ڕاپۆرێکی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کوردستان و تورکیا بڵاوکردەوە و باسی لە ئەگەری "ناکۆکی" یان "هاوکاری" دەکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە لە تورکیا دوو هەڵوێستی جیاواز هەن÷1 هێزە نەتەوەپەرست و کەمالیستەکان لەگەڵ سوپا خوازیارن باشووری کوردستان گەمارۆبدەن و بخنکێنن ÷2 حکوومەتی AKP و هەندێک لایەنیتر خوازیارن لە ڕێگەی دانوستان، پەیوەندییەکانی حکوومەتی کوردستان لە بەغدا نزیک بکەنەوەو ڕێنەدەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێت و نەهێڵن فیدراڵییەکی بە دەسەڵات و بەهێز بێتەکایەوە. لە هەمانکاتدا هێزە دیالۆگخوازەکان خوازیارن کە حکوومەتی کوردستان شەڕ لەگەڵ PKK بکات.

واتە سیاسەتی هەر دوولایەکەی دەوڵەتی تورک لاوازکردنی دەسەڵاتی باشوور و، لەنێوبردنی پلانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ڕێگرتنە لە هێنانەکایەی فیدراڵییەتێکی بە دەسەڵات . هەڵوێستی نوری مالیکی بەرامبەری کوردستانیش هێزی خۆی نەک تەنیا لە ئێران بەڵکو لە تورکیاشەوە وەردەگرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی و دیالۆگ شتێکی باشە و پێویستە حکوومەتی کوردستان خۆی لە دانوستانەکان نەداتە پاش. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کوردستان چۆن دەتوانێ بەبێ ئەوەی کوردانی باکوور ئازار بدات لە ناو ئەم پرۆسەیە دەردەچێت. ئامانجی تورکیا بەهێز کردنی هەولێر نییە لەبەرامبەر بەغدا، بەڵکو بندەستکردنی هەولێرە. ئەردۆغان کە لەگەڵ کوردانی باکوور ئاشتەوایی نییە، پێویستە کوردانی باشووریش هیوایەکی گەورەیان پێنەبێت.

# بەفەرمیکردنی پیاوسالاری



ئەحمەد میراودەلی– کەنەدا
mirawdaly@hotmail.com

مرۆڤ، لە زۆر وڵاتی پێشکەوتوودا "یاسای کێ بەهێزترە" ی لەگۆڕناوە، وەلێ کاتێک دێتە سەر مەسەلەی ژنان، لەوەدەچێ نەخۆش بین و نەتوانین وەلای بنێین. بەزۆر و کەمەوە، ئەو یاسایەی" کێ بەهێزترە" ئامرازی ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی ژنانە. لە بەر ئەوەی، هیچ جیاوازییەکی دیکەی سرووشتی لەنێوان توخمەکاندا نێر و مێ نییە. بیرمەندی ئینگلیزی، جۆن ستیوارت میڵ (1806 – 1873) لە سەردەمی خۆیدا، داکۆکی لەوە کردووە کە، لەبەر ئەوەی ئێمە شارەزای سرووشتی، ژن، نین، هیچ بنەمایەکمان نییە بۆ ئەوەی جیاوازی سۆشیاڵیان لەگەڵدا، لەسەر جیاوازی سرووشتیی نەسەلمێندراو، پیادە بکەین.

میڵ دەپرسێ : ئێمەی پیاو؛ چۆن دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە، هەموو تواناکانی ژنانمان بینیوەو تێگەیشتووین کە، توانای ئەوان، لەوەی ئێمە کەمترە، لەکاتێکدا ئازادییەکی ئەوتۆیان نەبووە هەموو تواناکانی خۆیان بخەنە کار ؟ پرسیاری بەندەش ئەوەیە، ئێمەی پیاو، ئەگەر لە توانای ژنان ناترسین، بۆ لێ ناگەڕێین کێبڕکێمان لەگەڵدا بکەن، لە هەموو بوارەکاندا، وەک سەرخێزان بۆ نموونە؟

جۆن میڵ؛ لەسەر پرسی ژنان، زۆر پرسیاری لە کۆمەڵگەکەی خۆی کردووە، زۆریشیان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، وەڵام دراونەتەوە. وەلێ ئەو پرسیارەی کە، ستیوارت میڵ، ویستوویێتی بیکەین بێ پێشوەخت بڕیاردان لەسەری، ئەوەیە کە، ژنان، چ دەکەن لە بوارەکانی ڕامیاری و بازرگانیدا، لەبوارەکانی زانست و هونەردا، ئەگەر دەرگایان بە ڕوودا واڵا بکرێت ؟ چ شێوەیەکی هاوسەرگیری خۆی لەبەردەم داواکاریی پیشە جیاوازەکاندا ڕادەگرێ ؟ بێ گومان، میڵ، ئێمەی خستۆتە سەر دووڕیانی پرسیارگەلێک. وەلێ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، کە زۆرینەی ئیسلامێکی تێنەگەیشتووە لە خودی ئیسلام، گرنگترین پرسیار دەربارەی شێوەی هاوسەرگیرییەکەیە، لە کاتی هاوتایی دەسەڵاتی نێر و مێی خێزاندا بە پێی یاسا. بروادارێکی ئاین " ڕەنگە ڕاستتربێت بڵێین، پیاوسالاریک" لەخۆی دەپرسێ، چۆن لەژێر سێبەری ئازادی تاکی نێو خێزاندا، پێکەوە ژیان دەچێتە سەر و پلان بۆ ئایندەیان دادەنێن ؟ ڕەنگە سێکیولاریستی وڵاتانی دواکەوتووش بپرسن، چۆن ئازادی تاکە کەس دەتوانێ خۆی لەگەڵ نەریتە باوەکاندا بگونجێنێ و ڕێگە بۆ نەوەکانی ئایندە خۆش بکات و لە سێبەری ئەو ئازادییەدا، منداڵەکانیان پلانی ژیان بۆخۆیان داڕێژن.

ئەم پرسیارانە لە شوێنی خۆیاندا دەبوون، ئەگەر لە یەکەم جارەوە سەپاندنی دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ژناندا، ئەنجامی هۆشەکی کۆمەڵگە بووبێت، دوای پیادەکردن و بەراوردکردنی یاسای بنەڕەتی constitution ی جیاواز لەو کۆمەڵگەیەدا، وەک فەرمانڕەوایی ژنان بەسەر پیاواندا، هاوتایی لەنێوان هەردوولایاندا و فەرمانڕەواییەکی هاوبەش......هتد. ئەگەر بە تاقیکردنەوە ئەوە سەلمێندرابێت کە لەو جۆرە ڕێکخستنەدا، ملکەچی و گوێڕایەڵی لایەک بۆ لایەکی دیکەیان، بووەتە مایەی شادمانی و بەختەوەری هەردوولایان، ئەوا دیسانەوە وەک هەر یاسایەکی دیکە بۆ ئەو سەردەمە گونجاو بووە و مەرج نییە بۆ کاتی ئێستا یان ئایندە، بگونجێت. جا کە ئێمە دەزانین ئەو سیستێمەی ئێستا ڕەچاوکراوە و، توخمە لاوازەکەی کردووەتە ژێردەستەی توخمە بەهێزەکەیان" مێ ژێردەستەی نێر" کەواتە پێوەندییەکە هاوشێوەی پێوەندی نێوان کۆیلە و خاوەن کۆیلەیە و ڕەوا نییە.

ستیوارت میڵ دەربارەی پرسی ژنان، نووسیویێتی " خاوەن کۆیلە، تەنها خزمەتی لە کۆیلەکەی دەوێ. وەلێ ئەمڕۆ جۆرێکی دیکەی ژێردەستە هەیە کە خاوەنەکەی داوای زۆر زیاتری لێی هەیە. پیاو تەنها ملکەچی ژنی ناوێت، بەڵکو سۆزیشی لێدەوێت، هەموو پیاوێک ئارەزووی ئەوە دەکا کە نزیکترین ژن لێیەوە، ئارەزوومەندانە کۆیلەی بێت، لەبەر ئەوەش هەموو شتێکیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ئاوەزیان داگیر بکەن" 1

وەک ئاگادارین " هەتا ئەم زووانەش" لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا و لە کوردستاندا هەتا ئێستاش، هەر لەسەردەمێکی زووی منداڵییەوە ژنان بەوە ڕاهێندراون و ڕادەهێندرێن کە جوانترین ڕەوشت بۆ ژنان، ئەوەی پێچەوانەی پیاوانە " نابێ ویستی خۆی هەبێت، نابێ خۆی میری خۆی بێت. دەبێ ملکەچ و ژێردەستەبێت". هەموو مۆڕالە ئاینییەکانیش، بە ژنان دەڵێن، کە دەبێ بە تەواوی خۆیان لەبیر بکەن و، بۆ ئەوانی دیکە بژین و هیچ ژیانێکیان نەبێ لە مەیل زیاتر بۆ ئەوانی دیکە، کە مەبەست مێرد و منداڵەکانییەتی. مۆڕاڵی ئاینی، بەتایبەتیش مۆڕاڵی ئیسلام، ژن بە مرۆڤ نازانێ و لە ئاینەکاندا، ژن، ئەفرێندراوێکە بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ و خزمەتی پیاو، بە دامرکاندنی ئارەزووە سێکسیەکەشیەوە. لەبەر ئەوەش نابێ بە سەیری بزانین لە سیستێمێکدا شەریعەی ئیسلامی کردبێتە سەرچاوەی یاسا، ژن لە هەموو بوارەکاندا بکاتە ژێردەستەی پیاو. نابێ لامان سەیربێت، کاتێک ئەندامێکی پارلەمانەکەمان دەڵێ " شەرع شەرمی نییە، پیاو بە ئەمری خوا، لە ژن چالاکترە لە سێکسدا، زۆربەی ژنان سستن لە پێوەندییە سێکسییەکاندا، بۆیە ئێمە پێمان باشە، پیاو لە ژنێ زیاتری هەبێت." نازانم ئەو پارلەمانتارە بەڕێزە، لەسەر چ بنەمایەکی زانستی و بگرە ئاینیش، پیاو بە چالاکتر دەزانێ و خۆی لێکردووینە پسپۆڕی سێکسیۆلۆجی ؟ خۆ ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، لە قورئانیشدا، شتێکی وەهام بەر چاو نەکەوتووە. بە بڕوای بەندە ئەو پارلەمانتارەو هاوبیرەکانی، نموونەیەکی تەواوی بۆچوونەکەی 'مارک توێن" ن کە دەڵێ ئێستا، نموونەی ئەو پیاوانەمان هەیە، بیرلە دەسەڵات دەکەنەوە. ئەوان هەندێ ڕاستی تایبەت لە خۆیاندا دەبینن. بۆ نموونە؛ لەهەموو ژیانیاندا، ڕۆژێک نابینن بتوانن تینوێتی' سێکس' ی یەک ژن دامرکێنن، لە هەمان کاتیشدا، ژنێک نییە لەگەڵ دە پیاودا بیخەنە جێگاوە، نەتوانێ هەموویان لە پەلوپۆ نەخات. ئەفرێنەر، ژنی بۆ یەک پیاو پەرژین کردووە ئێستا ئەگەر تۆ، یان هەر کەسێکی هۆشمەند، بە ڕەوایی و دادپەروەرانە، پێوەندییەکانی لەنێوان نێرو مێیدا ڕیکبخستبایەتەوە، دەبوو 'حەرەمێک' لە پەنجا پیاو، بدات بە یەک ژن. ئەی نەدەبوو وەها بکرایە ؟ وەلێ بەڵێنی ئەوەت پێ دەدەم ئەو بوونەوەرەی کە، خاوەنی مۆمە بێ تواناکەیە، بە تەواوی پێچەوانەکەی ڕەچاوکردووە. "مارک توێن" 2

دیسانەوە جێگەی خۆیەتی بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئاوەزی ئەو پارلەمێنتارەو هاوبیرەکانی، ئاماژە بۆ لێکۆڵینەوەی دکتۆر، مارک شلێین، شارەزای بواری پزیشکیی لە نێوەندی پزیشکی' سانفرانسیسکۆ' لە کالیفۆرنیا بکەم کە، چەندین لێکۆڵینەوەی سەرکەوتوو و جۆراوجۆرو بایەخداری لە بوارە جیاوازەکانی پزیشکیدا هەیە. یەکێک لە لێکۆڵینەوە گرنگەکانی، دەربارەی هۆکاری بە کۆیلەکردنی ژنانە، لە ڕوانگەی زانستی پزیشکییەوە. شلێین؛ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی، لە کتێبێکدا بەناوی' جنس و کات و دەسەڵات' لەساڵی 2003 دا بڵاوکردۆتەوە. شلێین، لە کتێبەکەیدا زانستانە بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە چۆن، ڕێژەی نزمی ئاسن لە خوێنی ژناندا، بەهۆی بەربوونی خوێنی مانگانەو منداڵبوونەوە، بووەتە هۆکاری کۆیلەیی ژنان. نەک بە ئەمری خودا، وەک ئەو پارلەمانتارە تەئویلی بۆ دەکات. لە هەمان کاتیشدا، شلێین لە لێکۆڵینەوەکەیدا سەلماندوویێتی کە، ژن، بیست ئەوەندەی پیاو توانای سێکسی هەیە. ئیدی با ئەو ژنە پارلەمانتار و ئەو چەند ژنەی خۆپیشاندانیان کرد بۆ پشتیوانی فرە ژنی، با باش بزانن، کە کەس بڕوایان پێ ناکات و هەموو کەسێکیش دەزانێ کە خۆشیان بە کەرتە پیاوێک ڕازی نین، ئیدی پێویستیش ناکات ببنە جاشی پیاوان، دژی توخمەکەی خۆیان.

ئەگەر پیاو زۆرداری بەسەر ژندا نەبێ، کام ئەقڵ بڕوادەکات پیاو بتوانێ ژن وەها ڕابێنێ کە هەموو توانای لەپێناو ئاسوودەیی و چێژی ئەودا بخاتە گەڕ، هێچ شتێکیش نەکات بێ ڕەزامەندی ئەو؟ ئەم هەڵسوکەوتە سەپێنراوەی کۆمەڵگەی پیاوسالار، بەسەر ژندا، وای لە پیاو کردووە نزیکترین مێینە لێیەوە، کەهاوسەرەکەی خۆیەتی، نەناسێ. دیسانەوە ئاماژە بۆ وتەیەکی دیکەی، ستیوارت میڵ، دەکەمەوە کە دەڵێ " ئەگەر پیاو لە ژنێک تێگەیشت، مانای ئەوە نییە کە لە ژنێکی دیکەش تێگەیشتووە. خۆ ئەگەر لە ژنانی توێژاڵێکی کۆمەڵگەیەکیش گەیشتبێت، مانای ئەوە نییە، لەژنانی توێژاڵەکانی دیکە یان وڵاتانی دیکە گەیشتووە. خۆ ئەگەر لە هەمووشیان تێگەیشتبێ، ئەوا هەر لە ژنانی سەردەمێکی تایبەت تێگەیشتووە." شەریعەی ئیسلام کە لەسەر تیۆلۆجایەکی چواردە سەتە لەمەوبەر داڕێژراوە، ئەگەر بۆ کاتی خۆشی ڕەوایی لەخۆگرتبێ، ئەوا ئەوڕۆ هیچ ڕەواییەکی نییە، داخوازی ژیان و خواست و ویستەکانی مرۆڤی ئەوڕۆ، زۆر جیاوازن لەوەی سەتەیەک لەمەو بەر، جا چجای چواردە سەتە.

ئەو زانیاریانەی پیاوی ڕۆژهەڵاتی لەسەر ژن هەیەتی، زانیارییەکی زۆر کەمە، بەتایبەتیش لەکۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێویندا کە کولتووری ئیسلام، باڵادەستە. بۆیەشە هەتا ئەو کاتەی ژنان خۆیان نەتوانن ئەوەی دەیانەوێ بیڵێن، هەر یاسایەک دەربارەی مافی کەسایەتیان دابڕێژرێ، یاسایەک دەبێ پڕ لە کەموکوڕی. بە تایبەتیش لە پارلەمانێکدا کە زۆرینەی زۆری پیاوە و لە دووڕیانی عەلمانی و ناعەلمانیدا سەری لێ شێواوە.

فرە ژنی لەماڵوێرانی زیاتر بۆ خانەوادە دەوڵەمەندەکانیش، چ خاسییەکی هەبووە، هەوێ دژی هەوێ دەکارێ و ماڵی مێردی وێران دەکات، برا، ورگی زڕبرای لەسەر دوو پوڵ یان بستێک زەوی دەدڕێ. .... و هتد. پاساوەکانی پشتگیری فرە ژنیش، وەک چارەسەرێک بۆ ڕێژەی زۆری ژنان و قەیرە کچان، قێزەوندترین پاساون. وەک ئەوەی کاکی خاوەن مۆمە سیسەکە، ئەگەر بیەوێ ژنی دووەم بهێنێ، دەچێ بەشوێن کچە قەیرەو بێوەژنی خاوەن هەتیودا دەگەڕێ و لە ڕێی خوادا مارەیان دەکات. بەمەش دەیەوێ مەبەستە گڵاوەکەی بشارێتەوە کە، خۆی بۆ کیژێکی ناسک و جوان، مات داوە.

پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان بەندێکی تایبەتی تێدا هەبوو و بەپێی ڕۆژ، دەیگۆڕی. لە هەندێ سەردەمدا بەم شێوەیە دادەڕێژرا " سوود لە تیۆری زانستی وەردەگرین" کە مەبەست تیۆری مارکسی لینینی بوو. لە هەندێ سەردەمیشدا دەگۆڕدرا بۆ " سوود لە تیۆرییە زانستییەکان وەردەگرین" بێگومان ئەمەیان بۆ ڕازیکردنی بەرەی ڕۆژئاوابوو لەسەردەمی شەڕی سارد دا. ئێستا نازانم پارتی کامیانی لە پرۆگرامدایە. وەلێ هەرکامێکیان بگرین، پرۆگرامێکی سێکیولارە. جا کە بڕیاری فرەژنی بە 39 ئەرێنی بەرامبەر بە 35 نەرێیی، پەسەند کراو، کە هەندێ کەس دەڵێ دەنگی 30 ئەندام پارلەمانی لیستی سەوز نەرێ بووبێت، ئەوە ناگەیێنێ کە دەنگی ئەندام پارلەمانانی لیستی زەرد، هەمووی ئەرێ بووە؟

سەرۆک وەزیرانی کوردستانیش، لە دانیشتنێکدا لەگەڵ زانایانی ئیسلامدا فەرمووی" هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا نییە بە هیچ شێوەیەک هیچ خاڵ و برگەیەکی یاسای باری کەسیێتی، دژی دەقی قورئانی پیرۆز و شەرعییەت و مافی مرۆڤ بێت". لە کۆتاییدا دەڵێم؛ یاسای باشتر نایەتە کایەوە، هەتا کەسانێکی زۆر لە ئارادا نەبن کە سۆزی ویژدانییان، لەو یاسایەی هەیە جوانتر نەبێت. بۆ ڕووسووری کوردان و حکومەتەکەشمان لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، هیوادارم، سەرۆکی کوردستان، پرۆژە یاسای ستەمکاری فرە ژنی، ڕەتکاتەوە و واژووی لەسەر نەکات.

سەرچاوەکان:

1.....p 6 --Sex, Leonard Shlain time
1- John Stuart Mill, On Liberty and the Subject of Women......p 148

# مالیکی لاسایی سەدام دەکاتەوە



**رووداو-ماڵپەڕی مالیکی**

لە هەنگاوێکی دیکەی لاساییکردنەوەی سەددام حوسێندا، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق داوایکرد هەر پارێزگەیەکی عێراق رۆژێکی تایبەتی خۆی هەبێت وبەو بۆنەیەوە ئاهەنگ بگێڕێت .

رۆژی 2008/11/15 سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ئاهەنگی رۆژی بەغدادا گوتی " بەغدا پایتەختی دنیا بووەو هەرواش دەمێنێتەوە،هیوادارم پارێزگاکانی تری عێراقیش وەک بەغدا رۆژێکی تایبەتی خۆیان هەبێت بۆ ئاهەنگ گێڕان وپێداچوونەوەی کاروانی ئاوەدانکردنەوە" .لە سەردەمی بەعسدا هەر پارێزگەیەکی عێراق رۆژێکی تایبەتی هەبوو، ئەو رۆژەش پشووی فەرمی بوو، کە ببووە مایەی گاڵتەو نوکتە لای خەڵکی عێراق.

# نیشتی نەبووە دکتۆر



**رووداو-ستۆکهۆڵم**

هونەرمەندی کۆمێدیانی بەناوبانگی کورد نیشتی ستێرک بووە بابەتی بەرگی گۆڤاری Hennes کە یەکێکە لەبەناوبانگترین گۆڤارەکانی سوێد و بە "ئیلهامهێنەری ساڵی 2008" دانرا .

نیشتی تەمەن 30 خەڵکی باکووری کوردستانەو لەتەمەنی پێنج ساڵییەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی کۆچی کردووە بۆ سوێد، لەو دیدارەدا کە گۆڤاری هێنس لەگەڵی کردووە نیشتی قسەیەکی باوکی دەگێڕێتەوە کە پێیگوتووە :" ببە ئەکتەر، ئاخر تۆ لە ماتماتیکدا خراپیت و پێویست ناکات ببی بە دکتۆر" .

# گۆران فرە مورتاحە



**رووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی سێ وەزیر و 9 پەرلەمانتاری کوردستان بڕیاریاندا بە بایسکل هاتووچۆ بکەن، نووسەرە بەردەوام و تایبەتەکەی (رووداو) گۆران محەممەد گوتی "من پێش ئەوانە بڕیارمدا بایسکل لێبخورم، تائێستاش هەر بە بایسکل هاتووچۆ دەکەم، بەڵام چونکە من وەزیر نیم کەس باسم ناکات"، سەبارەت بە هۆی هاتووچۆکردنیشی بە پاسکیل گوتی "چونکە ژینگەی کوردستان پیسەو نامەوێ پیستری بکەم" . هەروەها دەڵێ "لەسەر بایسکل سەحەتم خۆشترەو مورتاحترم، لەوەتەی بە بایسکیلش هاتووچۆ دەکەم تەمبەلیم نەماوە، زۆر بەئاسانتریش دەگەمە شوێنەکان" .

گۆران محەممەد وەکو خۆی دەڵێ رۆژانە بە بایسکل دەچێتە دەوامەکەی "هەر رۆژێک کەشوهەوا خۆش بێ، بەبایسکل دەچمە دەوام و دەگەڕێمەوە ماڵ، هەرچەندە ئۆتۆمبێلێکی مۆدیل 2008یشم هەیە" .


Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی** : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997

**دیزاین** : عەبدوڵڵا رەفیق - بەختیار مستەفا - ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات ناونیشان: هەولێر-بەرامبەر نیوستی

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 0750 488 5696


# "مووچەی پێشمەرگە ئەوەندە زیاد دەبێت مامۆستاو دکتۆریش دەبنە پێشمەرگە"

**تایبەت بە رووداو**

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پێشمەرگە بە (رووداو)ی راگەیاند کە پێشنیازی زیادکردنی مووچەی پێشمەرگە دراوەتە ئەنجوومەنی وەزیران، بریکاری وەزیری پێشمەرگەش دەڵی ژیانی پێشمەرگە خۆشدەبێ و دەڵێ، مووچەی پێشمەرگە ئەوەندە زیاد دەبێ مامۆستاودکتۆریش واز لە پیشەکانیان دێنن و دەبنە پێشمەرگە.



هەر لەو بارەوە مستەفا سەید قادر، جێگری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی، جەختی لەسەر زیادکردنی مووچەی پێشمەرگە کردەوەو بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەگەر لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بێت، بۆ ساڵی ئایندە مووچەو ژیانی پێشمەرگە لەساڵانی دیکە باشتر دەکەین" . گوتیشی بڕیاربوو ئەمساڵ ئەوە"لەبودجەی سەرۆک وەزیرانی عێراق جێبەجێبکرێت، بەڵام ئەویش نەکرا" .بۆیەش بودجەی پێشمەرگە لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان دراوە .

بڕی 14 ملیار دۆلار، لەبودجەی گشتیی عێراق و هاوکاریی ئەمریکا بۆ بودجەی بەرگریی عێراق تەرخانکرا، بەڵام بەغدا ئامادەنەبوو 17%ی ئەو بودجەیە بداتە هەرێمی کوردستان، بەهۆی رێکنەکەوتن لەسەر ژمارەی پێشمەرگە، کە لە دەستووری عێراق دا وەک "پاسەوانانی هەرێم —پێشمەرگە" دانیان پێدانراوە . مستەفا سەید قادر گوتی هۆکاری کەمی مووچەی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەنەبوونی بەغدا بۆ دانی ئەو بەشە لە بودجە بە هێزی پێشمەرگە .

بەڵام گوتی تا ئێستاش "لەگەڵ عێراقییەکاندا لەگفتوگۆدایـن" . گوتی ئێستاش گرفتی دارایی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستکردنی سوپای یەکگرتووی کوردستان "پارە مەرجێکی بنچینەیە و سوپا بەپارە دروستدەبێت، بودجەی وەزارەتی بەرگری عێراقی سیادییە، پێشمەرگەش بەوە دەتوانێ هێزێکی باش دروستبکات" .

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پێشمەرگە بە (رووداو)ی راگەیاند، لەکاتی دروستکردنی لیژنەکان بۆ یەکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەو لیژنەیەی کەکاروباری مووچەی لەبەردەستدا بوو، پێشنیازی کردووە کە مووچەی پێشمەرگە زیادبکرێت و بەپێی ئەو پێشنیازانەش کە دراوەتە ئەنجوومەنی وەزیران، داواکراوە مووچەی پێشمەرگەیەکی ئاسایی لە 450 هەزار دینار کەمتر نەبێ .

مستەفا سەید قادر، ئاماژە بەکەمی موچەی پێشمەرگە دەدات و دەڵێ "مووچەی هێزی پێشمەرگە بەتایبەت لیواکانی سەر بەفەرماندەیی گشتی زۆر کەمە بەبەراورد بەفەرمانبەران، مووچەی مانگانەی پلەی خوارەوە 200 هەزار دینارە" .

ئەنوەری حاجی عوسمان، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر، لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) رایگەیاند کە لە چوارچێوەی یەکگرتنی وەزارەتی پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی، رێککەوتوون کە مووچەی پێشمەرگە زیادبکرێ و، لەوبارەوە لەگەڵ حکومەتی عێراقیش رێککەوتوون و گوتیشی "ئەمەش دوور نییەو نزیکە" .

سەبارەت بەرادەی زیادکردنەکەش دەڵێت" دڵنیام مووچەی پێشمەرگە ئەوەندە زیاد دەکات،مامۆستاو دکتۆر واز لەپیشەکەیان دێنن و دەبنە پێشمەرگە" .

# پارە بەردیش نەرم دەکا

**رەوا عەبدوڵڵا**

**رووداو-هەولێر**

وا بڕیار بوو مامۆستایانی کوردستان لە 2008/11/11 مانگرتنێکی سەرتاسەری بۆ گەڕاندنەوەی دەرماڵە 125 هەزارییەکە رابگەینن، بەڵام دوای ئەوەی بڕیار درابڕی 75 هەزار دینار بۆ پلەکانی 7 و 8 خەرجبکرێت، وازیان لەمانگرتن هێنا .

عەففان نەقشبەندی، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران، رێککەوتن مامۆستایان واز لەمانگرتن بهێنن، لەبەرامبەردا ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر ئەوەدا کە ئەو مامۆستایانەی لە پلەکانی 7 و 8 دان لە7/1 وە بڕی 75 هەزار دیناریان بۆ خەرج بکرێت بۆ پلەکانی 5 و 6 یش بڕیارە لیژنەیەک پێکبهێنرێت، بەڵام تا ئێستا لیژنەکە پێکنەهاتووە" .

سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان راشیگەیاند "بڕیار دراوە 125 هەزار دینارەکە ئەو دوو مانگە نەبڕدرێت، ئەوەی وەریشگیراوەتەوە لیژنەیەک بۆ گەڕاندنەوەی دادەنرێت" .

# کڵێسا دەردت دەرمان دەکا

**رووداو- هەولێر**

کڵێسایەک لە هەولێر بە خۆڕایی دەرمان دەبەخشێتە نەخۆشەکان.

کڵێسای شەهید مارقرداخ لە هەولێر دەرمانخانەیەکی بەناوی (رەغد کەنی) کردووەتەوەو بە بێ بەرامبەریش دەرمان دەداتە نەخۆشەکان. نۆڕینگەودەرمانخانەی شەهیدرەغیدکەنی کە لەنێو کڵێسای شەهید مارقرداخە، دەرمانخانەیەکی خێرخوازییەولەمانگی 10 ساڵی 2007 کراوەتەوە و بەناوی قەشەیەکی موسڵەوە ناونراوە کەلە موسڵ بەدەستی ئیسلامییەکانەوە تیرۆرکراوە .

شەماشە ئەنوەر حەننا جێگری قەشەی کڵێسای شەهید مارقرداخ لەلێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند کە زۆربەی دەرمانەکان بیانین و مانگێ جارێک یا دوومانگ جارێک بە رێگەی ئاسمانییەوە دەگەن" .


**لەمبارەیەوە راپۆرتێک لە لاپەڕە (8)بخوێننەوە**





# حەیوان باشترە لە کارەبا

**رووداو-سۆران**

رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران بەهاوکاری کۆمەڵەی سۆران بۆ پەککەوتان،1 تانکی ئاو، مولیدەیەکی کارەبا،1 تەباخ،1سۆپا و 4 بەتانی دەداتە 100 خێزانی دۆڵی باڵەییان و سمیلان، کە لەرەمەزاندا بەهۆی لافاوەوە زەرەرمەندبوون، بەڵام ئەوان داوا دەکەن لەجیاتی تانکی و سۆپا ئاژەڵیان بدرێتێ.

پیرۆت ئەحمەد برایم، کە خەڵکی گوندی مەمکانی سەر بەناحیەی سەنگەسەرە و برایەکیشی بەنێوی محەممەد هەر بەهۆی لافاوەکەوە گیانی لەدەستداوە، داوا لەحکومەت دەکات بە مەڕوماڵات قەرەبوویان بکاتەوە" .ئێمە رەوەندین وئاژەڵمان لەنێو چووە لەلافاوەکەدا، نەک کەلوپەلی نێو ماڵ"، پیرۆت گوتیشی "تا 75 دەگەینە سۆران هەزار دینارمان لە رێگا دەچێت بۆ وەرگرتنی قەرەبووکردنەوەکە، کەچی وەکو پێویستیش نییە" .



# حکومەت گران دەفرۆشێ

**رووداو—سلێمانی**

چواردە باڵەخانە لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی کوردستان لەهەڵەبجە دروستکراون، بەڵام لەبەر گرانی هاووڵاتییان نایانکڕن.

فوئاد ساڵح، قایمقامی هەڵەبجە بە (رووداو)ی راگەیاند "نرخی شوقەکان گرانن، بۆیە هاووڵاتییان فۆرمی کڕین پڕ ناکەنەوە" .

قایمقامی هەڵەبجەی شەهید گوتیشی "داوامان لەوەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن کرد کەمێک نرخی شوقەکان کەم بکرێتەوە، بەڵام هێشتا خەڵکی توانای کڕینی ئەو شوققانەیان نییە" بۆیە "بڕیارمانداوە بیانکەینە بەشی ناوخۆیی بۆ قوتابییان و فەرمانگەی حکومی" . ئەو 14 باڵەخانەیە کە هەر یەکەیان لە 12 یەکەی نیشتەجێبوون پێکدێت، ماوەی ساڵێکە لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دروستکراون.

# فەقێ تەیران بۆ ئینگلیزان هەڵپەڕی

**رووداو-مەخموور**

تیپی سێرکی Bomcukha Circus کە تیپێکی بەریتانییە لەرۆژانی رابردوودا چەند نمایشێکی سێرکی لەکەمپی مەخموور پێشکەشکرد، ئەوانیش بەشایی و هەڵپەڕکێی کوردی وەڵامیان دانەوە .

تیپی Bomcukha Circus لە 6 کەس پێکهاتووەو تایبەتە بەسێرک و بۆ ماوەی دوو رۆژ لەماڵی گەل لەکەمپی پەنابەرانی بکووری کوردستان مەخمور بەرهەمەکانی خۆی نمایش کرد . دانیشتووانی کەمپی مەخموریش بۆ ناساندنی کولتورو دابونەریتی کوردەواری بەو تیپە بەریتانییە، چەند نمایشێکی هەڵپەڕکێی کوردیان پێشکەش کرد، کە لەلایەن تیپی فەقێ تەیران رێکخرابوو. دوای دوور رۆژ نمایشکردن لەکەمپی مەخموور تیپی Bomcukha Circus بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانیان، روویان لەشارەکانی کوردستان کرد.

# تابلۆی ژمارەی ئۆتومبێلەکانی عێراق دەگۆڕدرێن

**رووداو- نیوزماتیک**

بەڕێوەبەری هاتووچۆی بەغدا- کەرخ رایگەیاند مانگی ئاداری داهاتوو دەست بە گۆڕینی تابلۆ و ژمارەی ئۆتومبێلەکانی عێراق دەکرێت، چ کۆنەکان یان ئەوانەی لە 2003 بە دواوە بۆ عێراق هێندراون.

لیوا هیشام عەبدولرەزاق، بەڕێوەبەری هاتووچۆی بەغدا روونیکردەوە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بۆندێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی مۆر کردووە بۆ کڕینی چەند ئامێرێکی تایبەت بە دروستکردنی تابلۆ و ژمارەی ئۆتۆمبێل، ئاشکراشی کرد ئەو ئامێرانە لەچەند رۆژی داهاتوودا دەگەنە عێراق بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆ دەست بە گۆڕینی تابلۆکان بکات، هەر بە قسەی ئەو دەزگاکانی هاتووچۆ دەست بە"دەرکردنی مۆڵەتی شوفێری و ساڵیانە (سنوی) تایبەت بە هەر ئۆتومبێلێک دەکرێت" .

بەڕێوەبەری هاتووچۆی بەغدا -کەرخ گوتیشی "بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی عێراق بەردەوامە لەسیکرابکردنی ئەو ئۆتومبێلانەی مۆدێلیان لەخوار 1990ەوەیە، هەروەها بوار بە تۆمارکردنی ئەو ئۆتومبێلانەی مۆدێلیان لە 2006 بەرەو ژوورە دەدات، بە مەرجێک خاوەن ئۆتومبیلی تازە، کۆنە ئۆتومبیلێک بکاتە قوربانی و ژمارە کۆنەکەی لەئۆتومبێلە تازەکەی خۆی بدات" .

ژمارەی ئەو ئۆتومبێلە بەکار هاتووانەی لە 2003 بە دواوە هێندراونەتە عێراقەوە دەگاتە یەک ملیۆن ئۆتومبێل، زۆربەشیان لەرێگای ئوردن و سووریاوە هاتوونەتە نێو عێراقەوە، زۆربەشیان بەر لەساڵی 1990 دروستکراون، کە سەرەنجام حکومەتی عێراق ناچار بوو بڕیارێک دەربکات و تێیدا هێنانی ئۆتومبێلی تەمەن سێ ساڵ بەرەو ژوور قەدەخە بکات.

# مەلا ئەردۆغان قسەی خۆش دەکا




فۆتۆ: AFP

**رووداو-DIHA**

ناوەندی کولتوری میزۆپۆتامیا بەنمایشکردنی شانۆگەری نەخۆشخانەی زمانی کوردی، رەخنەی لەو سیاسەتمەدارە کوردانەی باکووری کوردستان گرت کە زمانی کوردی نازانن.

شانۆگەرییەکە لەنووسین و دەرهێنانی شیرین هارهار بوو، لەشێوەی نەخۆشخانەیەک رێکخرابوو، کە چەند سەرۆک شارەوانییەکی کورد و پەرلەمانتارو بەرپرسی دەزگا مەدەنییە کوردییەکان سەردانیان دەکرد و بە زمانێکی نیوە کوردی و نیوە تورکی قسەیان دەکرد.

بەشێکی شانۆگەرییەکە رەخنە گرتن بوو لەقسەکانی ئەردۆغان کە لەچۆلەمێرگ گوتبووی "یان حەز لە من بکە یان بڕۆ" هارهار گوتی "ئەو کەسەی پێویستە لەو وڵاتە بڕوات سەرۆک وەزیرانە" .


داشکان %40

پێشانگەی کتێبی ئاراس

پێشانگەی کتێبی ئاراس لە رۆژی (١٨)ی مانگەوە تا (٢٧)ی مانگ لە هۆڵی گەلەریی کوردستان لە هەولێر بەردەوام دەبێ.

دەزگای ئاراس لەم پێشانگەیەدا زیاتر لە (١٠٠) ناونیشانی تازەتان پێشکێش دەکات وێڕای ناونیشانەکانی پێشوو کە خۆی لە (٥٠٠) ناونیشان دەدات.

تکایە لە یادی مەکەن کتێب باشترین هاوەڵی ژیانە بەتایبەتیش کتێبی ئاراس: بابەتی گرینگ، زمانی پاراو، رێنووسی یەکگرتوو، دەرهێنانی هونەریی سەرنجڕاکێش و کاغەزی نایاب. وێڕای هەمووشی: نرخی هەرزان.

رۆژی سێشەممە لە سەعات ١٠,٣٠ی سەرلەبەیانییەوە پێشانگەی کتێبی ئاراس بەردەوام دەبێ تا ٢٠٠٨/١١/٢٧. بەیانی و ئێوارە لە گەلەریی کوردستان (هۆڵی میدیا) لە هەولێر.

دووپاتی دەکەینەوە

ئاراس پەرینەوەیە بەرەو سەرفرازی